# واتە

1

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

ئاب ٢٠١٠

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

aras@araspress.com هەگبەی ئەلیکترۆنی
www.araspublishers.com وارگەی ئینتەرنێت
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب

ڕاوێژکار: ئەحمەد تاقانە

سەرنووسیار: یوسف لەتیف

جێگری سەرنووسیار: سەباح ئیسماعیل

بەڕێوەبەری نووسیاری: چنوور نامیق

نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم

هەڵەبژێری: تریسکە ئەحمەد

# واتە کۆواری چمکەکانی سەردەمە

بەدران ئەحمەد حەبیب

کۆواری واتە کۆوارێکە بایەخ بەپرس و چەمکەیلی سەردەمییانە دەدا. ئێمە لە دەستەی نووسیارانی کۆوارەکەدا، هەندێک ناونیشانمان لەژێرەوە نووسیوە کە دەشێ بڵێین کەمێکن لە زۆر، دەتوانین دەیانی تریش ڕیز بکەین. لەم ژمارە یەکەمەدا داوا لە وەرگێڕان و بنووسانی کورد دەکەین لەبارەی ئەو تایتلانەوە بابەتمان بۆ ئامادە بکەن یان بنووسن یان وەربگێڕن. مەرجە کە دەبێ بابەتەکان بەپێز و ئاست بەرز بن بۆ ئەوەی شوێنی خۆیان لەسەر لاپەڕەکانی (واتە)دا بکەنەوە. ئامانجی ئێمە ئەوەیە (واتە) ببێ بەکۆوارێکی پێشڕۆی دەگمەن لە کوردستان.

ئەو پرسانەی ئێمە لەسەریان دەوەستین ئەمانەن:

چمکی دیموکراسی، گلۆبالیزم، تۆلەرانس و پێوەندیی نێوان ئاینگەل. پێوەندی یان ململانەی نێوان نەتەوەگەل. مافەیلی مرۆڤ. مافەیلی منداڵ. چەوساندنەوەی ژن. گێژەن و تەنگژەی ئابووری. ململانەی سیاسی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان عەرەب و جودا، ململانەی ئێران و ئیسرائیل. گۆڕانەیل لە تورکیا و بایەخدانی ئەو وڵاتە بەپرسەیلی ئیسلام و عەرەب. کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەدا. کێشەی نەتەوەگەلی بندەستی تر. پارتە سیاسییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست. چمکی ئیسلامی سیاسی، تەڤگەری ئیسلامی بناوانگر. سەرنجدانەوە لە کەلەپووری کوردی. شرۆڤەکردنی مێژووی کوردستان و ناوچەکە بەچاوی سەردەمییانە. ئەدەبی هاوسەردەمی دنیا. کێشە ئەدەبییەکان و ئەڤرانگەلی بنووسانی ناسراوی ئەم سەردەمە. کورد و ئەدەبی بیانی. زانست و تەکنۆلۆجیا. شۆڕشی تەکنیکی. هەڵکشانی ڕۆڵی ئەمەریکا لەپاش یازدەی ئەیلوولی ٢٠٠٠ەوە. تیرۆر و ڕەنگدانەوەی لە گۆڕانە سیاسییەکانی دنیادا. مافەیلی تاک. ئۆپۆزسیۆن و ئەرک و مافەکانی.

دیموکراسی لە کوردستان. ڕماندنی ڕێژیمی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە و دەسەڵاتی ئەمەریکا لە عێراق لە دوای ئەوە. ململانەی سیاسی لە عێراق. دیموکراسی لە عێراق. شەڕی تایەفی لە عێراق. پرسی مادەی ١٤٠. کەرکووک و چارەنووسی. بەیەکەوە ژیان لە کەرکووک. بێکاری و هەژاری لە کۆمەڵگەی کوردستان. گەندەڵی و هۆیەلی و شێوازی چارەسەرکردنی. ئازادیی میدیا. ڕای گشتی لە کوردستان و عێراق. بیرۆکراسی و کارگێڕی. شێوازی کارگێڕانی سەردەمیانە. ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی تەکنیک لە کارگێڕیدا. ژینگە و سەدان تایتلی تر. ئێوە دەتوانن لەبارەی ئەو پرس و چمکانەوە بابەتمان بۆ وەربگێڕن لە زمانەیلی ئەوروپایی، یان زمانەیلی دەوروپشتی خۆمانەوە.

بێگومان ڕێی دوور لە هەنگاوی بچووکەوە دەست پێ دەکا. ئێمە ناتوانین لە ژمارەیەک و دوان و سیاندا تەواوی ئەو ئامانجە بپێکین کە لە پێش چاوی خۆمانمان داناوە، بەڵام وەک دەڵێن "دنیا بەئاوات دەخورێ". ئاواتی ئێمە ئەوەیە ئەو پرسە هاوسەردەمییانەی کە لە بەرەوە ئاماژکەمان پێ دان لە بیر و ڕوانگە و سەرەتاگەی جیاجیاوە "بدرێنە بەر مەدی نەزەر" تا ئێمەش لەم دنیا پێشکەوتووە وەگەڕکەوتووەدا شتێکی شایەن حاڵی ببین و بتوانین ڕێی بەدێیی لە ژیانی ئەم چاخ و دەورەدا بکەین.

زۆر لە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە لەلایەن کارمەندانی ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس (ئاکانیوز)ەوە وەرگەڕاون یان ئامادە کراون، لەگەڵ چەند بابەتی چەند نووسیارێک کە لەم ماوەیەدا سەردانی دەزگای ئاراسیان کرد و باسی کۆوارەکەمان لەگەڵدا کردنەوە. ئەوانیش بەسوپاسەوە بابەتیان پێ داین.

بەهیواین لەم ژمارەیەوە، وەرگێڕ و بنووسان هاوکاریمان بکەن و کۆواری واتە بکەن بەکۆواری خۆیان. دەوڵەمەندی بکەن و بەرەوپێشی ببەن تاکو دەکەوێتە سەر ڕێچکەی ڕاست و دروستی خۆی. ئیتر با لە ڕێی واتەوە واتەیەکی باشتر بدەین بەژیان.

هەواڵنامەی کێبر

# دوژمنكاریی ئێران
# بۆ سەر هەرێمی كوردستان - عێراق*

د. مونزیر ئەلفەزڵ

هەواڵنامەی كتێب

١– مافی میللەت و چارەسەری ئاشتیخوازانە

ئەزموونە مێژووییەكان دەریان خستووە، ناكرێ مافی نەتەوەییی میللەتان ڕەت بكرێتەوە، هەروەها ناشبێ بەفیڕۆ بڕوا، پێوەرە نوێیەكان لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا (لە وەختی هەڵوەشانەوەی ڕێژیمە تۆتالیتارییەكانی وەكو یوگسلافیا و یەكەتیی سۆڤێت) لەسەر ڕێز لێگرتنی مافەكانی مرۆڤ بنیات نراون، وەكو مافە نەتەوەیی و سیاسی و ڕۆشنبیری و مێژووییەكانی گەلان، ئیدی قەبارەی هەر چەندێك بێت، گەورە بێت یاخۆ بچووك، هەروەها ئیتر سەروەریی ڕەهای وڵاتان نەماوە، بگرە پرانسیپی خۆتێوەردانی نێودەوڵەتی كاریگەریی خۆی هەیە بۆ پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و ڕێگرتن لە چەوساندنەوەی گەلان، ئەمەش لە زۆر شوێنی دنیادا ڕووی داوە.

لەلایەكی ترەوە، خوێندنەوەی مێژوو و ڕەوتی ڕووداوەكان دەریان خست، كە چارەسەری گرفتی نێوان وڵاتان، یاخۆ نێوان میللەتانی یەك وڵات هەرگیز لە ڕێگەی نواندنی هێزەوە نایەتە دی، بگرە لە ڕێگەی دیالۆگ و ڕێزگرتنی ئەم مافانەوە دەبێت، كە ڕاگەیاندنی جیهانیی مافی مرۆڤ و ئەو ڕێككەوتنانەی پێوەندییان بەو بابەتەوە هەن بناغەیان بۆ دانا، بۆیە لەسەر وڵاتان و كۆمەڵگەكانە پێوەی پێوەند بن و گوێڕایەڵی بن، تاكو مرۆڤەكان بەئاشتییانە و ئاسوودە بژین، چونكە مرۆڤایەتی بەدەست شەڕەوە ماڵوێرانیی زۆری بینی و جگە لە كارەساتی زیاتر و ئێش و ئازار و دەردەسەری هیچی جێ نەهێشت.

---

* وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

کەچی زۆرێک لە وڵاتان هێشتانەکینێ بنەمای یاسای نێودەوڵەتی و پێوەرە مرۆییەکانی مافی میللەتان پێشێل دەکەن و تاوانی دژ بەمافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدەن. یەکێک لەو وڵاتانەش ئێرانی ژێر سایەی دەسەڵاتی تۆتالیتاری نەتەوەیی _ مەزهەبییە. ئەوەتانێ گشت ڕووداوەکان ئاماژە بەبوونی ڕەفتارێکی میتۆدی دەکەن لە ئەنجامدانی پێشێلکردنی بەرچاو لە یاسای نێودەوڵەتی و دژ بەمافی مرۆڤ لەنێو ئێراندا و دژ بەوڵاتانی دراوسێ بەتایبەتیش عێراق. لە کاتێکدا پێویستە پێوەندیی نێوان وڵاتان لەسەر بناغەی دراوسێیەتی و ڕێزگرتن لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بێت، نەخوازە دوای ساڵانی وشکی شەڕی نێوان دوو وڵاتی دراوسێ، کە کۆمەڵێک پێوەندی درێژی مێژوویی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، ئەم شەڕوانە بەملیۆنان قوربانییان لە کوشتی و بریندار و نەخۆشیی دەروونی و بەبادانی پارە و پووڵیان لە پاش خۆیان جێ هێشت. زۆری تریش لە برینی قورس، کە تا ئێستا سارێژ نەبوونەتەوە. داخۆ ئێران پەند لە ڕووداوەکانی مێژوو وەردەگرێ؟ ئەی ئاخۆ هەندێک لە وڵاتانی دراوسێ پەند لەم ئەزموونە مێژووییانە وەردەگرن؟

٢- ئێران لە ئاریشەی ناخۆییەوە بۆ ڕەفتاری شەڕانگێزیی دەرەکی

بەر لە چەند مانگێکی کەم، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێزەکانی سنووریی خۆی بردە پێش بۆ داگیرکردنی بیری ژمارە ٤ لە کێلگەی فەکەی سنووریی لە پارێزگەی عیمارەی خوارووی عێراق و ئاڵای ئێرانی لەسەر بەرز کردەوە، ئەمەش لەژێر تیشکی بروبیانووی پووچ و بێ ماناوە، کە گوزارشت لە حەزی شەڕانگێزیی حکوومەتی ئێرانی دەکا.

دوای زنجیرەیەک لە نارەزایی دەربڕین هێزەکانی بۆ سنووری نێودەوڵەتی کشاندەوە، ئێران تاکو ئەم ساتەش لە دیارکردنی سنووری نێوان خۆی و عێراق هەڵدێ، ئەمەش بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی ژمارە ٥٩٨، کە لە ساڵی ١٩٨٨دا بەپێی ڕێککەوتننامەی جەزایر دەرچووە، کە لە نێوان ڕێژیمی لەناوچوو و حکوومەتی شای ئێراندا ئیمزا کرا، وێڕای ئەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەفیڕۆدانی سەروەریی نیشتمانی و دەست لێ هەڵگرتنی سەدامی لە بەشێک لە ئاوی دەریای عەرەبی بۆ شای ئێران لە ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥دا لەخۆ گرتبوو.

هۆی ئەم ڕاکردنە یاخۆ پێچوپەنایەش دەگەڕێتەوە بۆ تەماعکارییە فراوانخوازییەکەی ئێران و ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە شەڕانگێزە، کە سەرەڕای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و دەسەڵاتی سەدام ڕێزی نە لە یاسای نێودەوڵەتی و نە لە بنەماکانی دراوسێیەتی گرتووە، ئەمەش نیشانەی نیازخراپی و ئاڵۆزی دروستکردنە لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، کە پەروەندەکەی پڕە لە پێشێلکردن و پێ درێژی دژ بەمافەکانی مرۆڤ و دژ بەداوونەریت و یاسا نێودەوڵەتییەکان.

لەگەڵ ئەمەشدا دەسەڵاتدارانی ئێرانی کۆنترۆڵی ئاوی ڕووباری کاروونیان کردووە و کاری نارەوای وایان کردووە بوونەتە شیمانەی زیان پێ گەیاندن بەپشکی عێراق لەو ئاوانەی ناوچەکانی

خوارووی عێراق، کە زۆربەی زۆریان لەو دانیشتوانانەن، کە بۆ بژێویی ژیانیان پشتیان بەکشتوکاڵ بەستووە و بەلای ئەوانەوە ئاو سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ خۆیان و گاوگۆتاڵیان، چونکە سەرچاوەی ژیانە. وا دیارە ئێران ئاو وەکو چەکێک بۆ ئازاردانی عێراقییەکان بەکار دەهێنێ، ساڵی ١٩٦٩ زانکۆی بەسرە یەکپارچە لە ئاودا نوقم بوو، ئەمەش لە سۆنگەی کاری بەئەنقەستی ئێرانەوە، ئەوە بوو بەهۆی ئەم کارە ناڕەوایەوە خوێندن وەستا و زیانێکی زۆریش بەزانکۆکە کەوت. ئاخۆ ئەم کارانە و زۆری تریش لە سەدان پێشێلکاریی دژ بەعێراق و عێراقییەکان و دژ بەکوردستان نیشانەی نیازپاکیی لایەنی ئێرانین؟

ئێمە دەزانین پرۆسەی هاوئاهەنگیی ئەمنی لە نێوان ئێران و تورکیادا هەیە بۆ لێدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ناوچەکانی کوردستاندا، لەو شوێنانەی گەلی کورد لە ئێران و تورکیا بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان خەبات دەکەن. چارەسەرە سەربازییەکان تەنیا کێشەکان ئاڵۆزتر دەکەن و بەشداری ناکەن لە چارەسەرکردنیدا نەخوازە یەکلاییکردنەوەی سەربازی چ لە دەڤەرە سەختەکانی ئێران بێت یاخۆ لە تورکیا، کە پڕ لە دارستان و چیان و بەئاسانی دەستیان پێیاندا ڕاناگا، کارێکی نەکردەیە.

ئەگەر ئەمە حاڵی خوارووی عێراق بێت، ئەوا ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران هەمان ڕەفتار لە بەشی باکوریشدا پیادە دەکا. ماوە نا ماوەیەک هێزەکانی ئێران بەبیانووی بوونی گەریلاکانی سەر بەحزبی (پژاک) لە چیای قەندیل، بۆردمانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

بەر لە چەند ڕۆژێک هێزە سەربازییەکانی ئێران هاوکات لەگەڵ تۆپبارانکردنی خاکی هەرێمی کوردستان ناوچە سنوورییەکانیان بەزاند و هەندێک دەڤەریان داگیر کرد و بەقووڵی ٣ کیلۆمەتر لەناو سنووری نێودەوڵەتیی فەرمیی عێراق هاتنە ژوورێ و پێگەی سەربازییان تێدا دامەزراند، ئەمەش پێشێلکردنی سەروەریی عێراقە و دەستدرێژیکردنە بۆ سەر هەرێمی کوردستان _ عێراق، بەمەش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سڤیل بەبێ هۆ بەرکەوتن و زیان بەگیان و ماڵ و موڵک و مەزراکانیان گەیشت، کە بووە هۆی ئاوارەبوونی سەدان خێزان لەو ناوچانەدا و چەندان خانوو و قوتابخانە و پرد وێران بوون. ئێران لەم هێرشە سەربازی و ڕمان و تێکدان و کوشتنی خەڵکی سڤیلە و ئاوارەکردنیان لە ماڵی خۆیان لە کوردستانی عێراقدا چ سوودێک دەبینێ؟

حکوومەتی فیدراڵی و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ناڕەزاییی زۆریان دەربڕی، لە ٨ی حوزەیرانی ٢٠١٠دا پەرلەمانی کوردستان – عێراق کۆبووەوە و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەو دانیشتنەدا بەتوندی ئیدانەی ئەو سنووربڕینانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان کرد، کە چەند ڕۆژێکە ئەنجامی دەدات لە بۆردمانکردنی خەستی گوند و خێوەتی هاووڵاتییانی کوردستان، بەتایبەت لە دەڤەرێن (پشدەر و چۆمان و سیدەکان)، هەروەها ئەندامانی پەرلەمان داوایان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد پاڵپشتیی زیاتری زیان لێ کەوتووان و ئاوارەکان بکا و یارمەتییەکانیش لەسەر ئاستی حکوومەتی فیدراڵی بێت، وەزارەتی

دەرەوەی عێراق پرۆتستۆی دژ بەم دوژمنکارییە بەردەوامە بەرز کردەوە، وەزیری دەرەوەی عێراق ڕێزدار هۆشیار زێباری ڕۆژی سێشەم ٢٠١٠/٦/٨ لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی (مەنوچەهر موتەکی) نیگەرانیی زۆر و قووڵی حکومەتی عێراقی پێ ڕاگەیاند لە بەردەوامبوونی تۆپبارانکدنی ڕۆژانەی ناوچە و گوندە سنوورییەکانی هەولێر و سلێمانی و تۆمارکردنی جووڵەی سەربازیی ئێرانی لەناو سنووری عێراقدا. هەروەها بەڕێز وەزیری دەرەوە لە ڕوانگەی پێوەندیی برایەتی و دراوسێتییەوە داوای کرد ئەو تۆپبارانە بوەستێنرێ و سنوورێک بۆ جووڵە سەربازییەکان لەسەر هێڵی سنووریی نێودەوڵەتیی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێدا دابنرێ و ڕێز لە سەروەری و یەکەتیی خاکەکەی بنرێ.

٣- ناڕەزایی دەربڕین دژ بەدوژمنکاریی ئێرانی

ئەو دوژمنکارییەی ئێران، کارێکی ناڕەوایە و لەسەر هەر کەسێکە، کە بڕوای بەئاشتی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی هەیە ناڕەزایی لە بەرابەردا دەربڕێ و دژی بوەستێ، لەبەر ئەمە داوا دەکەین ئەو هێزە سەربازییانەی ئێران، کە هەندێک شوێنی سنووریی هەرێمی کوردستانیان داگیر کردووە، بکشێنەوە و قەرەبووی سەرجەم زیان لێکەوتووان بکرێ، لەوانەی ئازار بەڕۆح ماڵ و موڵکیان گەیشتووە و ئەم پێشێلکارییانە ڕابگیرێ، کە دژ بەبنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و دراوسێتین. هەروەها هیواداریین ئێران کێشە ناوخۆییەکانی خۆی لە ڕێگەی دروستکردنی کێشە لەگەڵ دراوسێکانیدا هەناردەی دەرەوە نەکا. داواکاریشین کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێن و دوور بن لە توندوتیژی و دان بە مافی نەتەوەیی میللەتاندا بنێت، کە بەدەست پەراوێزخستن و زوڵم و جیاوازی بەهۆی نەتەوە یاخۆ ئاین یا مەزهەب یان بەهەر هۆیەکی ترەوە بێت، دەناڵێنن.

هەروەها ئومێدەوارین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتییەکانی خۆی لە ئەستۆ بگرێ و بەشدار بێت لە ڕاگرتنی ئەو دوژمنکارییەی گەیشتووەتە ڕادەیەکی ناپەسند، چونکە بەردەوامبوونی تۆپباران و داگیرکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە هەڕەشە لە ئاسایش و ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەکە دەکا، کە تاڵاوی زۆری بەدەست شەڕەوە بینی.

بەم بۆنەیەوە پێویستە سوپاس و ڕێزی بێ پایانم بۆ هەڵوێستی بیرمەندی عەرەب دوکتۆر شاکر نابولسی ڕابگەیەنم، کە پێش ڕۆشنبیرە عەرەبەکان کەوت لە ناڕەزایی دەربڕین دژ بەو دوژمنکارییەی بەرابەر کوردستان ـ عێراق دەکرێ، ئومێدمان وابوو ڕێزدار عەمرو مووسا و یەکەتیی پارێزەرانی عەرەب و یەکەتیی ڕۆژنامەوانانی عەرەب و گەلێک لەو وڵاتانەی خوازیاری ئاشتین و ئەو دەزگایانەی بایەخ بەمافی مرۆڤ و ڕێزگرتنی یاسا دەدەن، ناڕەزاییی خۆیان دژ بەم دوژمنکارییە بەردەوامە ڕابگەیەنن، کە لە بریی خۆشەویستی و ئاشتی و گفتوگۆ ئاڵۆزی دەخوڵقێنێ و ئازار دەگەیەنێت و ڕق و توندوتیژی بڵاو دەکاتەوە.

# کورد لە عێراق
# لە نێوان فیدراڵی و کۆنفیدراڵیدا

د. مارف عومەر گوڵ

مێژووی عێراق، لە دروستبوونیەوە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، دیارە و پڕە لە ناعەدالەتی و زوڵم و زۆر، بە تایبەتی حکوومەتی عێراق لە بەرانبەر کورددا داپلۆسێنەر بووە و بەردەوامیش کوردی وەکو مەترسی زانیوە لەسەر عێراق و داهاتووی.

لە دوایساڵی ۲۰۰۳دا، کە ڕێژیمی بەعس کەوت، ئیتر عێراق چووە قۆناغێکی ترەوە. لە بیرمان نەچێت، حکوومەتی هەرێمی کورستان، هەر لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە ساڵی ۱۹۹۲ چارەنووسی کوردستانی لە عێراقدا، لەسەر سیستەمی فیدراڵی دیاری کرد، چونکە فیدراڵی بۆ وڵاتانی فرە نەتەوە یەکێکە لە چارەسەرە گونجاو و سەرکەوتووەکان، بۆ ڕێزگرتنی مافی ئەوانەی لە ناوخۆی وڵاتەکەدا، غەدریان لێ کراوە.

دەستووری تازەی عێراق، چ یاسای قۆناغی گواستنەوە ساڵی ۲۰۰٤ و یان دەستووری هەمیشەیی ساڵی ۲۰۰۵ هەردووکیان عێراق وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی دیاری دەکەن. ئەوەتا دەستووری ساڵی ۲۰۰۵ لە بەندی یەکەمیدا دەڵێت: "کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی سەربەخۆیە، سەروەریی تەواوی هەیە و سیستەمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری، پەرلەمانی، دیموکراسییە و ئەم دەستوورە زەمانەتی یەکەتیی عێراق دەکا".

ئێستا وا ناوەڕاستی ساڵی ۲۰۱۰یە و لە عێراقدا تەنیا هەر هەرێمی کوردستان هەیە، پێداگرتنێکی زۆریش هەیە و داوای گۆڕانکاری دەکەن لە دەستووردا، بە تایبەتیش ئەوانەی مەبەستیانە دەستوور وا بگۆڕن کە سیستەمی فیدراڵی لە دەستووردا نەمێنێت، زۆر هەوڵ دەدەن بۆ ئەو مەبەستە. بۆ ئەوەی عێراق بە تەواویی ببێ بە دەوڵەتێکی فیدراڵی پێویستە هەم هەرێمی تر هەبن و هەم پەرلەمانیش ببێت بە دوو ئەنجوومەن. هەتاکو ئێستا هەر ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە. بەندی ٤٨ی دەستووری ساڵی ۲۰۰۵ ئەوە دیاری دەکات کە، پەرلەمانی فیدراڵی لە ئەنجوومەنی

نوێنەران و ئەنجوومەنی فیدراڵی پێکدێت. هەر بۆ هەمان مەبەست بەندی ٦٥ی دەستوور دەڵێت، کە (ئەنجوومەنێکی یاسادانان پێک دێت بەناوی (ئەنجوومەنی فیدراڵی). نوێنەرانی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کە لە چوارچێوەی هەرێمدا رێک نەخراون دەگرێتە خۆی، پێکهێنانی و مەرجی ئەندامێتی و پسپۆرییەکانی و هەر شتێک کە پێوەندیی پێوە هەبێت بە یاسایەک ڕێک دەخرێت کە بە زۆربەی ٣/٢ دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دادەنرێت. پێویستە ئەوە بڵێین تاکو ئێستا ئەم یاسایە دەرنەچووە.

کەواتە، ئەم خولەی پەرلەمان ئەو ئەرکەی لەسەرە کار بکات بۆ دەرکردنی ئەو یاسایە و لەلایەکی ترەوە لە بواری کاریشدا، هەوڵ بدرێ بۆ پێکهێنانی هەرێمی تر لە عێراقدا.

بەڵام پرسیارێک بەم جۆرە دروست دەبێ: ئاخۆ عێراق هەر بە هەرێمی کوردستان و کۆمەڵێک پارێزگا دەبێتە دەوڵەتی فیدراڵی؟ ئەگەر وایە پێویستە سنووری هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت، ئەمەش ناکرێت هەتاکو چارەنووسی بەندی ١٤٠ی دەستوور یەکلایی نەکرێتەوە. ئەگەر لە هەرێمێک زیاتریش لە عێراقدا هەبێت هەر پێوستە سنوری هەرێمەکان دیاری بکرێت. ئەوەی رەوشی ئاڵۆزیی عێراق و دەستێوەردانی دەرەکی و ناکۆکییەکانی ناوخۆ بەوردی بخوێنێتەوە، پرسیارێکی تری بۆ دروست دەبێ: عێراق چی بەسەر دێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سێ ئەگەر هەیە:

یەکەم: ئەگەری جێبەجێکردنی سیستەمی فیدراڵی.

دووەم: ئەگەری گەڕانەوە بۆ سیستەمی ناوەندی، ئەمەیان کورد ڕازی ناکا و هەڵوێستی تری دەبێت.

سێیەم: ئەگەری جیابوونەوەی کورد.

خاڵی سێیەم، دوو ڕێگەی لە بەردەمدایە:

١- کوردستان بخرێتە ژێر چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکو قۆناغی گواستنەوە، لە شێوەی کۆسۆڤۆ.

٢- کوردستان ببێ بەدەوڵەتێک و لەگەڵ عێراقدا یەکەتییەکی کۆنفیدراڵی دروست بکەن.

بۆ تێگەیشتن لە یەکەتیی کۆنفیدراڵی پێویستە لە شێوەی فیدراڵی و کۆنفیدراڵی تێ بگەین.

سیستەمی فیدراڵی: دەوڵەتی فیدراڵی بەگوێرەی دەستووری پەرلەمانی فیدراڵ پێک دێت کە دەوڵەتەکە لە چەند بەشێک پێک دێت، یان هەرێم یان ویلایەت یا هەر ناوێکی تری هەبێ. بۆ نموونە: پێکهاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی، لە ئەمەریکا پێیان دەوترێت ویلایەت، لە سویسرا پێیان دەوترێ کانتون، لە عێراق بە گوێرەی دەستوور ناونراوە هەرێمەکان و پارێزگای رێک نەخراو لە هەرێمدا.

لە سیستەمی فیدراڵیدا، حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمەکان هەیە و هەریەکە و

هەواڵنامەی کتێب

هەرسێ دەسەڵاتەکەیشی هەیە (یاسادانان و راپەڕاندن و دادوەری)، هەر حکوومەتە و دەستووری خۆیشی هەیە. پێوەندییەکانی دەرەوە لە ڕێگەی حکوومەتی فیدراڵییەوە رێک دەخرێت و هەرێمەکان بەگوێرەی تایبەتمەندیی خۆیان دەسەڵاتیان بۆ دیاری دەکرێ.

یەک ناسنامە و یەک پارە لە سەرانسەری وڵاتدا دەبێت. هەریەکە لە هەرێمەکان دەست لە هەندێک دەسەڵاتەکانی خۆیان بۆ حکوومەتی فیدراڵی هەڵدەگرن.

سیستەمی کۆنفیدراڵی: ئەم سیستەمە بە گوێرەی ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆ یان زیاتر رێک دەخرێت. ئەو یەکەتییەی کە پێی دەوترێت (یەکەتیی کۆنفیدراڵی) نابێتە دەوڵەتێک لە سەرووی دەوڵەتەکانی ئەندامەوە، بگرە کۆمەڵێک بەرژەوەندی و هۆکاری هاوبەش ئەو دەوڵەتانە لەو یەکەتییەدا کۆ دەکاتەوە. هەر دەوڵەتە و سەربەخۆیی خۆی هەیە و سیستەم و سەرۆک و حکوومەتی تایبەت بەخۆی هەیە. هیچ یەکێکیان ملکەچی ئەوی تریان نین و دەست لە دەسەڵاتەکانی خۆیان هەڵناگرن. هەر دەوڵەتە و ناسنامە و پارە و ئاڵای خۆی هەیە جیاوازن لە یەکتر.

ئێستا کورد لە تاقیکردنەوەی فیدراڵیدایە لە عێراقدا، لە ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ٢٠١٠، حەوت ساڵە نە عێراق ئارام دەبێتەوە و نە مەسەلەی کوردیش لە عێراقدا چارەسەری تەواو کراوە، بەردەوام کورد لە کێشەدایە لەگەڵ عێراقدا، هەمان کێشەکانی جاران لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە هەن هەتاکو ئێستا بەردەوامن، بەڵام هەلومەرجی ئێستا شەڕی یاسایی و دیپلۆماسی و گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشتییانەیە، نەک شەڕی چەکداری.

کەواتە، کورد لە عێراقدا بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی. دیارە ئەگەر عێراق نەچێتە سەر ئەو ڕێگەیەی کە بۆ مانەوەی خۆی، پێویستە ڕووبەڕووی هەموو دەنگ و هاوارێکی شۆڤێنستانە ببێتەوە و لەگەڵ کورد کێشەکانی یەکلایی بکاتەوە.

مەسەلەی کورد، ئێستا لە قۆناغێکی گرینگ و سەرکەوتوودایە لەسەر سێ ئاست:

١- لەسەر ئاستی ناوخۆ، هیچ گەڕانەوە و پاشگەزبوونەوە و پاشەکشەیەک قبووڵ ناکرێ. ئێستا نەوەیەک لە کوردستاندا پێ گەیشتووە، ئەگەر لە ساڵی ١٩٨٠وە تاکو ساڵی ١٩٩١ کە دەکاتە ١١ ساڵ کە تەمەنی یازدە ساڵانە هێشتا بە تەواوی تێکەڵی هەلومەرجی سیاسی نەبووە و لەوێوە حکوومەتی کوردستان پێک هاتووە و ئیتر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقی بەسەرەوە نەبووە. لە دوای ئەوەش تاکو ٢٠١٠ کە دەکاتە (٣٠) ساڵ، ئەم نەوەیە گەڕانەوە بۆ دواوە قبووڵ ناکات و سەرکردایەتیی کوردیش بە تەواویی هەستی بەو ڕاستییە کردووە.

٢- لەسەر ئاستی ناوچەکە، دەوڵەتانی ناوچەکە و دەوروبەر جارێکی تر ناتوانن وەکو رابردوو رەفتار لەگەڵ مەسەلەی کورددا بکەن، چونکە جیهانی تازەی دوای شەڕی ساردی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و سەردەمی تەکنۆلۆجیا و جیهانگیری و ئابووریی ئازاد، هەموو سنوورەکانی پێشێل

کردووە و ناتوانرێت بە سیاسەت و عەقڵیەتی رابردوو رەفتار لەگەڵ مەسەلەیەکی پێگەیشتوودا بکرێ.

٣- لەسەر ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتی، ئەم ئاستە رۆڵی ئەمەریکا و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی زۆر دەرخستووە لە کێشە و رووداوەکانی جیهاندا، بە تایبەتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە روویان داوە و رۆڵی گرینگیان تێیدا بینیوە، لە بواری مافی مرۆڤ، تەکنولۆجیا، ئابووری و پەرەپێدان، هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش، لەگەڵ کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تازەی نێودەوڵەتیدا مەسەلەی کوردیش پشکێکی دیار و بەرچاوی لە عێراق و ناوچەکە و جیهاندا بەرکەوتووە. بەتایبەتی لە دوای کەوتنی رژێمی بەعس و پێوەندییەکانی کورد بە ناوخۆ و دەوروبەر و وڵاتانی جیهانەوە.

نابێت لێرەدا دوو خاڵی زۆر گرینگ لە بیر بچێ:

یەکەم: رەوشی ئاشتی لە کوردستاندا.

دووەم: پێشکەوتنی ئابووری و پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی کورد و دەرەوە.

ئەم دوو فاکتەرە، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ژمارەیەک لە دەوڵەتانی بەلای خۆیدا راکێشاوە، بەتایبەتی کۆمپانیا زەبەلاح و دەسترۆیشتووەکان، دیارترین پێوەندیش لەم دواییەدا، رۆژی ١٥/٦/٢٠١٠ سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاداشتێکی هاوکاریی لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فەرەنسادا ئیمزا کردووە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەرەنسادا.

ئا لێرەوە، ئەگەر عێراق فریای خۆی نەکەوێ و سیستەمی فیدراڵی بە تەواوی جێبەجێ نەکا، ئەوا عێراق لە بەردەم هەلومەرجێکی تر و جیاوازدا دەبێت، کە مەسەلەی کورد بابەتی سەرەکیی ئەو هەلومەرجە جیاوازەیە.

# جیاوازیی نێوان خێڵی عەرەب و خێڵی کورد لە ڕووی سیاسییەوە

حەمەفەریق حەسەن

خێڵی عەرەب و خێڵی کورد لە ڕووی ژیانی ڕۆژانە، شەڕوشۆڕی نێوان خێڵەکان، گوێڕایەڵی بۆ سەرخێڵ و ڕوانینیان بۆ دۆزی زۆر و ترشوتاڵانی، بەڕادەیەکی زۆر چوونیەکن. بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە جیاوازیی زۆریان لە نێواندا هەیە. وەلێ بەهاتنی ئاینی ئیسلام، وەرچەرخانی مێژوویی و بنەڕەتی لە ئەرکی خێڵەکانی عەرەبدا هاتە ئاراوە. ئەوی ڕاستی بێ، ئەوە خێڵە چۆڵگەردەکانی (بەدو) بیاواننشین بوون، نزیکەی پازدە سەدەیەک لەمەوبەر ئاینی ئیسلامیان گەیاندە ئەم کوردستانە و ئێمەیشیان پێمل کرد. هەمان ئەو خێلانەیش بوون، بە هێزی ئەسپی خۆشبەز و شمشێرە باریکەکانیان ئیسلامیان گەیاندە ئاسیای گچکە و ئێران و دواتر، دوورتر بەرەو ڕۆژئاوایان برد، تاکو گەیاندیانە ئەوپەڕی باکوری ئەفریقیاش. ئەو خێڵە چۆڵگەردانە تا پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، لە پەراوێزی مێژوودا بوون. وەلێ دواترێ هەر ئەوان بوون ئاینەکەیان لە باکوری ئەفریقیایشەوە پەڕاندەوە بەری ئەوروپا و لە ئیسپانیادا جێگیر بوون. نووسەری دانیمارکی (پۆلسن) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (بەدوەکان) دەڵێ:

"لە ساڵی ٦٣٢ زاین بەدواوە، ئیسلام بەرەو خۆرئاوای نیمچە دوورگەی عەرەب کشا و (بەدو)ی عەرەب توانییان خێڵە (بەربەر)ە ڕەوەندەکان لە جێی خۆیان، واتە لە بیاوانەکانی ئەفریقیا هەڵبکەنن و خۆیان جێیان بگرنەوە... بڕوانە: بەدوەکان، فلیمینگ مادسن پۆلسن.. ل/ ٥".

لە پای چی و بە چ نیازێک خێڵەکانی عەرەب، پشتیان کردە بتپەرستی و چوونە خزمەتی ئەم ئاینە نوێیەوە؟ پۆڵسن کەم و زۆر بەلای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا نەچووە، یان هەر نەیویستووە باسی بکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە: وەک چۆن ئاینی ئیسلام بەمەبەستی بە خێرایی پەلهاوێشتن و بڵاوکردنەوەی بەدنیادا، سوودی لە سروشتی خێڵ بینی، خێڵیش دووجا سوودی لەم ئاینە نوێیە بینی. چونکە ئەم ئاینە نوێیە بە بەرفراوانی دەروازەی (غەزو)ی بە ڕووی جیهاندا بۆ خستنە

سەرپشت و بۆیشی حەلاڵ کردن. ئاشکرایە خێڵی دەمارگیر هەردەم توندوتیژی بەرهەم دێنێت، وەلێ ئیسلام بەوەی خێڵی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئیتر ئەم توندوتیژییەی لە فۆرمێکی نوێدا و بەسوودی خۆی هەناردەی دەرێی نیمچە دوورگەی عەرەب کرد و هەتا ماوەیەکیش لە قەڵەمڕەوی خۆی دووری خستەوە.

بەر لە هاتنی ئیسلام خیڵی عەرەب پڕکێشیی ئەوەی نەکردووە لە قەڵەمڕەوی فارس و کورد و ڕۆم و... هتد ڕاووڕووت و تالانی بکات و ژن و کچیشیان بەتالان (سبی) ببات. بگرە ئەوان تەنیا ڕێیان بە کاروانەکانی نێو خودی نیمچە دوورگەی عەرەب دەگرت. خێڵەکان تەنیا هەڵیان دەکوتایە سەر یەکتری و غەزووی یەکودوویان دەکرد. بەم پێیە، ئەو دەمە دەستکەوتی (غنیمە) کەم و سنوورداریشیان هەبوو. چونکە هەڵکەوتەی خودی نیمچە دوورگەی عەرەب کڕین و قاقڕە. جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەرزەمینی وڵاتی فارس و کورد و ڕۆمی خاوەن ساماندا هەیە.

بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام، شەڕوانی خێڵ، بۆی هەبوو کیژ و ژنە عەرەبی لە غەزوودا بەدیلگیراو (سبی)، بکاتە کەنیزە (جاریە)ی خۆی. وەلێ بەهاتنی ئیسلام، ئیتر بە سەدان خێڵی عەرەب کە پێشتر شیر و تیریان لەیەک دەسوو، شمشێرە باریک و ئەسپە خۆشبەزەکانیان خستە پاڵ یەک و لەژێر ناونیشانی پیرۆز و شکۆداری ئاینی ئیسلامدا، ڕوویان لە دەرێی نیمچە دوورگەی عەرەب کرد. توانییان غەزووی وڵاتان و گەلانی دوورەدەست بکەن و هەر لەم ڕێگەیەیشەوە ژێرخانی ئابووریی خۆیان چەندان جار بەهێزتر و دەوڵەمەندتر بکەن. هەروەک ژێرخانی ئابووریی دەوڵەتی خەلافەتیشیان دەوڵەمەند کرد.

ئەوان توانییان لە دەرێی ڕێوڕەسمی مارەبڕین و هاوسەرکارییەوە، دەیان کیژۆڵەی کورد و فارس و قیبتی و... تاد بەکەنیزە بکەن. لە بازاڕی کۆیلەدا دەیانفرۆشتن و بازرگانیشیان پێوە دەکردن. لەو مێژووە بەدواوە ئیتر بەدەیان هەزار کیژی، دەیان نەتەوەی تریش بوونە کەنیزە و نیچیری ڕاویان. ئەوەی لە خۆشیان زیاد بووایە، بەتایبەتی لە باکوری ئەفریقیاوە بە کاروان، لە پاڵ ماڵ و سامانی تردا بەرەو بیاوانی نیمچە دوورگەی عەرەب، وەک دەستکەوتی شەڕ، بەڕێیان دەکرد.

ئەلجابری، پێی وایە: "دەوڵەتی عەرەبی لەسەر دوو بناغەی ناکۆک دامەزراوە: ئاین، کە خەڵکی یەک دەخات، دەمارگیری، کە دووبەرەکی دەنێتەوە.. ئاین ئەو ڕۆژە دەمارگیرییەکانی یەکخست، کاتێک بەهۆی (فتوحات)ەوە دەستکەوتی زۆری شەڕی هەبوو. دەمارگیرییەکانیش ئەو ڕۆژە دووبەرەکییان نایەوە کاتێ کە هەڵمەتەکانی (فتوحات) وەستان... یەکەتیی دین و دەوڵەت لەسەر بناغەی ئابووریی غەزوو چێ بووبوو، کە پشتی بە غەزووی بەرفراوان و دەستکەوتی زۆر و زەبەندە دەبەست، کە هەر لە سەرەتاوە ژێرخانگەل و سەرخانگەلی نوێی پێکەوە خوڵقاند... بڕوانە: محمد عابد الجابري، البادية مركز الثقل في التأريخ العربي كله! ٩- ١٢- ٢٠٠٨"

لێرەدا بەندە لەگەڵ ڕای ئەلجابریدا نیم. کاتێک ئەو تەواوی ئەو شەڕانە بە(فتوحات) ناو دەبات. دەشێ ئەلجابری بۆ گەلێکی بتپەرست ئەم زاراوەیە بەکار بەرێ. وەلێ یەک لە باری گەلی کورد، ئەم زاراوەیە ناجۆر و ناڕەوایشە، چونکە پێش هاتنی ئیسلام کورد گەلێکی بتپەرست نەبوو. بگرە خاوەنی ئاینی پیرۆزی خۆی بووە و خواپەرست و یەکتاپەرست بووە. لێرەدا جێی وتنە دوکتۆر محەمەد عابید ئەلجابری بۆ خۆیشی، وەک نەتەوە، سەر بەگەلی بەربەرە کە خاوەنی ڕاستەقینەی باکوری ئەفریقیایە. ئەمازیغەکانیش پێش هاتنی ئاینی ئیسلام کریستیان بوون، نەک بتپەرست!

سەبارەت بەڕۆڵی خەتەرناکی خێڵە عەرەب، ئەلجابری لە هەمان وتاردا نووسیوێتی: "کاتێکیش فتوحات وەستا. واتە کاتێک دەستکەوتەکانی شەڕ (غنائم) وەستان و باج و خەراج چکیان کرد، ئیدی غەزووی دەرەکی (جیهاد) هەڵگەڕایەوە بۆ غەزووی ناوەکی. ئیدی ملانێیەکە بووە ملانێی دەمارگیری/ ئابووری..."

پێشتریش کەسوکاری پەیامبەری ئیسلام، (محەمەد)ی منداڵیان ڕەوانەی نێو خێڵەکانی بیاوان کردبوو تاکو لە نزیکەوە ئاشنایەتی لە کولتووری خێڵدا پەیدا بکات. دواتریش لە سەردەمی فتوحاتدا هەر خێڵەکانی (بەدو) بوون، کە ئیسلامیان گەیاندە بنی دنیا.. هەر بەدوەکان بوون دواتر، بەکردەوە چەندان دەوڵەتیان دروست کرد.

ئیسلام، سەرەتا وەک ئاینێک بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بەدیار کەوت. جیاوازیی لە نێوان خێڵ و نەتەوەکاندا نەدەکرد. لەژێر دروشمی (ئومەتی ئیسلام)دا بەیەک چاو سەیری هەموویانی دەکرد. دەستپێک، توانی هەتا ماوەیەک، دەمارگیریی (تعصب) خێڵ لغاو بکات، بەڵام ئاینی ئیسلام نەیتوانی خێڵ و سیستەمی خێڵایەتی بسڕێتەوە. یارانی محەمەد (صحابە) کە بەسەدان کادیری شارەزا و قەدرگران بوون، وڵاتیان بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە بەڕێوە دەبرد.

هەر ئەوانیش بڕبڕەی پشتی فەرمانڕەواییی دەورانی (خەلیفەکانی ڕاشیدین) بوون. وەلێ بەونبوونی ئەو نەوەیە، لە نوێ ماکی دەمارگیری و ناکۆکیی خەفەکراوی نێوان خێڵ و بەرەبابە نەیارەکان، وەک تیراوێ جارێکی تر سەری هەڵدایەوە. ئەو ناکۆکیانە گەلێک شەڕی خوێناویشیان لێ کەوتەوە. دواتر چەندان دەوڵەتی خێڵ و بەرەباب لەو قەڵەمڕەوەدا چێ بوون و گەلێک تایەفەی ئاینییش لەسەر حیسابی ئیسلام سەریان هەڵدا. جارێکی تر خێڵ بەوپەڕی هێزەوە هاتەوە نێو جەنگەی کایە و ملانێکان و سەری مەیدانی گرتەوە.

د. عیمادەدین خەلیل، لە کتێبەکەیدا دەڵێ: "لەنێو جەنگەی ڕووداوەکاندا، لە تافی بەرەنگاریی سەختی دەوڵەتی ئیسلامیدا لە بەرامبەر ئیمپراتۆریا گەورەکانی هاوچەرخی خۆیدا لە وڵاتانی فارس و ڕۆم، خێڵی (ئەعراب)، کە لە زۆمەکانیاندا لە بیاوان نوقمی جەهالەت و دەمارگیری بوون، بواریان بۆ ڕەخسا بە فراوانی بێنە نێو ریزەکانی سوپای (فتوحات)ەوە کە لە تەک بەرتەسکبوونەوەی ڕۆڵی یارانی محەمەددا، بەهۆی چوونە نێو تەمەن و شەهیدبوونیانە بەژمارەی

زۆر هاوکات بوو... بڕوانە: مدخل الي الحضارة الإسلامية، ص١٦٤/"

بەگەڕانەوەی ڕۆڵی خێڵەکانی (ئەعراب)ی بیابانشین کە نەخوێندەوار و دەمارگیر بوون، گوزەرانیشیان لەسەر داهاتی غەزوو بەڕێوە دەچوو، (وەک مێژوونووسەکانی عەرەب خۆیان ناویان لێ ناون و باسیان دەکەن) ئیدی توانییان چەندان دەوڵەت چێ بکەن کە پڕانی ئەوان ناوی خێڵ و بنەماڵەکانیان هەڵگرتبوو لە بریی ناوی ئیسلام. د. عیمادەدین خەلیل دەڵێ: "... لەبەر ئەم هۆیانە، هەر دەبێت فیتنە بەرپا ببێت و خەلافەت بڕووخێ و لە جێگەی وی دەسەڵاتی خێڵ و دەمارگیری و خۆپەرستی و بێدادی بێتە ئاراوە.. مدخل الی الحضارة الإسلامية، ص/١٦٥"

(ئال سعوود) بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتووی نیشتەجێی بیاوانی (نەجد) بوون. بەهاوکاریی خێڵە بەدوەکانی ئەو بیاوانەو شان بەشانی ڕێبازی وەهابی توانییان بەشێکی پان و بەرینی (نیمچە دوورگەی عەرەب) لە قەبارەیەکی سیاسیدا یەک بخەن و بیخەنە ژێر باڵی خۆیانەوە و دەوڵەتی خێڵ لەوێ چێ بکەن. وەک دەبینن، ئەمڕۆ ئەو شانشینە بەحوکمی پێگە ئاینییەکەی بەلایەک و ئابووریی بەهێزی بەلایەکی تر، چ لە نێو عەرەب خۆیاندا و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا، ئۆرتێکی بەرچاوی هەیە.

بەڵێ، ئەو شانشینە خاوەن ئۆرتەی کە سەرپەرشتیی پیرۆزترین مەڵبەند لەلای موسڵمانانی دنیا دەکات، دەستکردی خێڵە (بەدو) ی عارەبە. ئەگەرچی ئەو هەرێمە لە ڕاستیدا ناوی وڵاتی عەرەب، یان نیشتمانی عەرەبی هەڵگرتبوو، بەڵام (ئال سعوود) هاتن ناوی بنەماڵەکەی خۆیانیان پێوە لکاند و کردوویانە بە(شانشینی عەرەبی سعودی).

سەرنج لە ئالیکاریی نێوان ڕێبازی (محەمەد بن عەبدولوەهاب)ی ڕابەری ئاینی و خێڵی (ئال سعوود) بدە، بزانە چلۆن ئاین بووەتە پاڵپشتی خێڵ، بۆ چێکردن و پتەو داڕشتنی بناغەی دەوڵەت! (پۆلسن) وەهابییەت بە ئایدیۆلۆجیای ئەو شانشینە دەزانێ، کە خێڵی بەدو دایان مەزراندووە و لە دنیاشدا هەر بەناوی شانشینی (ئال سعوود)ەوە ناوبانگی ڕۆیشتووە.

هەر ئەم خێڵە بیاوانگەردانەیش بوون کە میرنشینەکانی عەرەبی وەک: "رأس الخيمة، أم القيوين، عجمان، الفجيرة، شارقة، دبي، أبو ظبي"یان چێ کرد.. دواتر، لە حەفتایەکانی سەدەی بیستەمدا، میرێکی دووربین و دنیادیوەیان بەناوی (شێخ زاید بن سلطان آل نهيان) کە بە نازناوەکەیدا، واتە (آل نهيان)، دیارە سەر بە بەرەبابێکی دیاریکراوە، توانی تەواوی ئەم میرنشینە گچکە و پەرتوبڵاوانە لە یەک قەبارەی سیاسیدا بەناوی (میرنشینەکانی عەرەبی یەکگرتوو) کۆ بکاتەوە و ببێتە ئەو سەنتەرە بازرگانی و گەشتوگوزارییە گرینگەی کە ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا بێ وێنەیە. تۆ هەروا سەرنج لە ئالیکاریی نێوان خێڵ و سەرخێڵەکانی عەرەب بدە، بزانە چۆن توانیویانە فیدراسیۆنی نێوان خێڵەکان چێ بکەن!

شەڕی جیهانیی یەکەم بە کەوتنی ئیمپراتۆریای ئالی عوسمان بەکۆتا هات. لەم ڕووداوە

مەزنەیشدا دیسان، خێڵە عەرەبەکان ڕۆڵی گرینگیان لە دەرکردنی پاشماوەکانی سوپای عوسمانی و بنیاتنانی چەند شانشینێکی عەرەبیدا بینی. ئەفسەرێکی ئینگلیز، بەناوی (تۆماس ئیدوارد لۆرانس ١٨٨٨–١٩٣٥) لە سوپای بەریتانیادا پلەی (لەفتینانت کۆلۆنێل/ موقەدەم)ی هەبوو، دواتر بە (لۆرانسی عەرەب) ناسرا، ڕۆڵێکی گرینگی لە سەرکردایەتی و هەڵخراندنی ئەو هێزە عەرەبییانەدا بینی کە لە ساڵی ١٩١٦دا شۆڕشی عەرەبییان دژ بە دەستەڵاتی عوسمانی بەرپا کرد. لۆرانس توانی خۆی لە تەک ئەو هێزانەدا کە پڕانی وان لە کوڕانی (بەدو) بوون، بگونجێنێ و بەچاکەی بەریتانیا و میرە عەرەبەکان، بەهەزاران بەدو ساز و جۆش بدا.

نووسەری دانیمارکی (پۆڵسن) زیرەکانە ئاماژەی پێ دەدات، کە هەر خێڵی عەرەبیش بوون. لە بیاوانەوە شوێن بنەماڵەی (هاشمی) کەوتن و لە (خۆرهەڵاتی ڕووباری ئوردن)دا، (شانشینی ئوردنی هاشمی)یان چێ کرد. سەرنج بدە، ئەوانیش شانشینەکەی خۆیان بەناوی خێڵ، یان بەناوی بنەماڵەکەی خۆیانەوە چێ کرد و ناوی (هاشمی)یان لێ نا.. بۆیەکا زۆرێک لەو فەرمانڕەوایانەی، کە لە مێژوودا خێڵ دروستی کردوون ناوی هەمان بەرەبابیان هەڵگرتووە، وەک: «دولة بني أمية/ دەوڵەتی کوڕانی ئومەیە»

(پۆڵسن) ئاماژەی پێ دەدات و دەڵێ: ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەوە خێڵی (بەدو)ە کە ئەو شانشینە دەپارێزن. تەنانەت خودی (بۆدیگارد)ەکانی (شا حوسێن)ی کۆچکردوویش (بەدو) بوون. واتە جێی متمانەی خودی پادشا بوون. ئەوان هەر بە جلی میللیی بەدووەوە، واتە بە جامەدانی سوورەوە، خودی پادشا و کۆشکی شاهانەیان دەپاراست. ئەوەندە هەیە، لەسەر جامەدانییە سوورەکەوە هێمای (تاج)ی پاشایەتییان دانابوو.

دیارە هەر ئەم خێڵانەیش بوون زمان و کولتووری عەرەبیان گەیاندە ئەم هەرێمانە و کردیان بە کولتووری زۆرێک لە گەلانی بەئیسلامبوو. هەر ئەم خێڵانەیش بوونە مایەی ئەوەی زمانی عەرەبی، کە زمانی قورئان و فەرموودەکانە ببێتە زمانێکی بلاوی دنیا، کە پێشتر زمانی خێڵێکی گچکەی گۆشەگیری نێو نیمچە دوورگەی عەرەب بوو. دواتر بە تێپەڕینی زەمان توانییان ڕووبەرێکی بەرفراوانی کیشوەری ئەفریقیا بعەرەبێنن.

ئاخۆ ئەم ڕۆڵە گرینگەی خێڵی عەرەب، بەو هەموو دەمارگیری و نەخوێندەوارییەوە، ئەم هەموو چالاکییەیان لە گەمە سیاسییەکاندا، هەر لە دەستپێکی بلاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامەوە هەتا دەگاتە ئێستا، لەگەڵ ڕۆڵی نەرێنیی خێڵە کوردی نەخوێندەوار و دەمارگیردا بەراورد دەکرێ؟ ئێمە پێشتر ڕوونمان کردووەتەوە، ڕۆڵی خێڵە کورد لە ئاستی چێکردنی شانشین یان هەر قەوارەیەکی تری دەوڵەتدا چۆن بووە و چەند ناجۆر مامەڵەی کردووە. بۆیە لێرەدا پێویست بە بەڵگەهێنانەوە و لێدوانی پتر ناکا.

بەسەرێکی تر بەشداری پێکردنی ئەو سەدان خێڵە (جاهیلە) بیاوانگەردە، لە (فتوحات)دا، لە

نوێ دان نانەوەیە بەزەروورەتیبوونی خێڵ و گرینگیی ڕۆڵی خێڵ دەردەخات. بەردەوامبوونی ڕۆڵی ئەوان بەتەواوی ئاکار و بنیات و کولتووری خۆیانەوە پێشان دەدات، کە ڕاووڕووت پایەیەکی پێش چاوێتی. بەم شێوەیە، دیسانەکە خێڵ بوو بە بەشێک لە پێکهاتەی ئاینی ئیسلامیش.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خێڵ ئەوەیە، کە ئەو دەزگەیەکی (لامل)ە، بەو ئاسانییە ملکەچی ڕێسا و یاساکان نابێ، ئەگەرچی پیرۆز بن و لە ئاسمانیشڕا داباری بن، هەروەها پابەندی بیروباوەڕی نوێ نابێ. لەسەر گوێڕایەڵی بۆ خێڵی خۆی مکۆمە و هەتا سەرخێڵ و کولتووری کۆنینەی خۆی وەستابێت، مل بە هیچ (مەرجەعییەت)ێکی تر نادات. چاوی هەر لەسەر تالانیی ماڵ و تالانیی مێینەکانی دوژمنە. لە زەین و ئاوەزی خێڵدا زەمەن هەر لە جێی خۆیەتی و گۆڕانی بەسەردا نایەت.

لەگەڵ هەموو ئەم فاکتانەیشدا دەبینی خێڵی عەرەب بە درێژاییی مێژووی دوای سەرهەڵدانی ئیسلام چ ڕۆڵێکی سیاسیی گرینگیان گێڕاوە، بەپێچەوانەی خێڵی کوردەوە کە نە هیچ ستاتێکی سەربەخۆیان پێک هێناوە و نە توانیویشیانە فیدراسیۆنی خێڵەکان چێ بکەن، بگرە لە هەر دەڤەرێکدا ئەگەر سەرخێڵێکی نیشتمانی هەڵکەوتبێ و بە ڕووی داگیرکەردا ڕاسابێت، لە پێشدا خێڵەکانی دراوسێی خۆی بەرەوڕووی بوونەتەوە و داویانەتە پاڵ داگیرکەر.

ئێستایش، لەم هەلومەرجە نوێیەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسدا، ئەوەتا خێڵە عەرەبەکان، بەتایبەتی لە قەڵەمڕەوی سونەنشیندا، ڕۆڵێکی گرینگ دەبینن. ئەوان توانیویانە نزیکەی سەد هەزار شەڕوانی خێڵ جۆش بدەن و بەم هێزە تەیارە لەنگەری ئارامیی لە نێوچەکەی خۆیاندا ڕابگرن. ئەوان لە هەر کێشەیەکی سیاسیدا، کە سەرهەڵبدات، ڕای خۆیان هەیە و گوێیان لێ دەگیرێ. هەر لە سەرۆک وەزیرانەوە هەتا تەواوی حزبەکان، حیسابیان بۆ دەکەن و داوای ئالیکاری و بەستنی هاوپەیمانییان لێ دەکەن. تەنانەت سەرۆکی ئەمەریکا (جۆرج بوش)ی کوڕ، لە نۆرە سەرۆکایەتیی خۆیدا، وەک لایەنێک لە پێکهاتەی سیاسیی عێراق حیسابی بۆ کردن و سەردانی ئەمیری خێڵەکانی ئەنباری کرد. ئەوان بە زەبردەستی و مانۆڕی سیاسیی خۆیان سەلماندوویانە، کە پاژێکی گرینگن لە هاوکێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی عێراق.

وەلێ یەک لەباری خۆمان، ژمارەیەک خێڵە کورد، یان پاژێک لەو خێڵە کوردانە هەن، ڕێژیم لە سەنتەر هەرچۆنێک بێت، ئەوان بێ ئەوەی لە ماهییەتی بپرسن، یان بەلایانەوە گرینگ بێت، ئامادەن بچەنە خزمەتییەوە و چەکیشی بۆ هەڵبگرن. وێڕای ئەوە، ئامادەن دژ بەخاک و میللەتی خۆیان شەڕ بکەن، هەرکەسێک ڕابەر بێت و هەر حزبێکی کوردی باڵادەست بێت.. ڕێژیمی بەعس لە (٢٠٠٣)وە ڕووخاوە، کەچی هەیانە ئاوات بە گەڕانەوەی دەخوازێ. هەر نەبێت کام دەستە و تاقمەی لە هزری بەعسەوە نزیک بێت، دەچن لەگەڵ ئەودا کلک گرێ دەدەن. ئاوایە جیاوازیی نێوان خێڵی عەرەب و خێڵی کورد لە ڕووی سیاسییەوە. جیاوازییان ئاسمان و ڕێسمانە.

# سیاسەتی چین بەرامبەر کورد*

یتزاک شیچۆر

یەکێک لە پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی چینی دوای ماو زیدۆنگ، جا چ سیاسەتی ناوخۆ و چ دەرەوە، بریتییە لە بەرهەڵستیکردنی جوداخوازی. ئەم سیاسەتە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونێکی توندی چینە بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی بە هەر نرخێک بێ، بەتایبەتی لە مەسەلەی تایوان، بەڵام هەرێمەکانی تیبت و زینژیانگ و مەنگۆلیاش هەر وا. چینییەکان بەفەرمی و بناوانگیرانە دژایەتیی هەر بزاوێکی جوداخوازی دەکەن لە هەر شوێنێکی تری دنیاش بێ بەو مانایەیی کە چارەی خۆنووسین شەرت نییە پێویستی بە سەربەخۆییەکی نەتەوەیی بێت، یان نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەوڵەتگەل دروست بکەن، یان دەوڵەتیان پێ بدرێت.

ئەم سیاسەی چین بەرامبەر کوردیش هەر هەمان شتە، ئەمە قسەی لەسەر نییە کە بیرمەندە چینییەکان هاوخەمی بۆ "تراجیدیا"ی کورد دەردەبڕن، ئەو تراجیدیایەی کە نەتەوەیەک بەمێژوویەکی ئاوا درێژەوە ناتوانێ ولاتی خۆی دامەزرێنێ، یان ئامادەنەبوونی ولاتان کە بە ڕژدی یارمەتیی کورد بدەن، ئەمە سەرباری تراجیدیای بەکارهێنانی هێز لەلایەن حکوومەتانی خاوەن نەتەوایەتیی کورد (بەشێوەیەکی سەرەکی تورکیا) بۆ سەرکوتکردنی بزاوی نەتەوەیی کوردی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چینییەکان دوا جار دان بەوەدا دەنێن کە داخوازییەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی مەترسی دەخاتە سەر یەکپارچەیی و ئاسایشی نەتەوەیی ئەو ولاتانە. ئەوان پێیان وایە کە مافەیلی کورد دەبێت پارێزراو بێت و ڕێزی لێ بگیرێت بەڵام تەنیا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ئۆتۆنۆمی لەنێو دەوڵەتێکدا کە خۆی هەیە و دەوڵەتە. هەروەها پێیان وایە جوداخوازی تەنیا دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ و تیرۆری لێ دەکەوێتەوە و دوا جاریش لەلایەن کۆمەڵگەی

---

* وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: رابەر یونس

نێودەوڵەتییەوە ڕەت دەکرێتەوە.

لە کاتی ئاژاوەکانی ساڵی ١٩٥٩ی کەرکووک لە عێراق، بەگوتار پەکین لەگەڵ شەڕی کورد بۆ سەربەخۆیی لە دژی بەغدا یەکی دەگرتەوە. (ڕووپێوی ئاسیایی١١:٦، ١٩٦٦)

کاتێک یاخیبوونی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ کۆتایی پێ هات، پێوەندییەکان لە نێوان چین و عێراق بەرەو باشی چوون. وێڕای ئەمە، لە ساڵانی هەشتاکاندا عێراق بوو بە بازاڕێکی گەورەی چەکی چینی کە هەندێکی لەوانەیە لەلایەن سەدام حوسێنەوە لە دژی کورد بەکار برابێ. تا سەرەتاکانی ساڵانی ٢٠٠٠ هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینە بۆ گرینگیدانی چین بەمەسەلەی کورد، کە داوای سەربەخۆیی لە وڵاتگەلێک دەکەن کە پەکین پێوەندیی دیپلۆماسیی توندوتۆڵی لەگەڵیاندا هەیە، لە ئارادا نەبوو. پەکین لەوەتەی ساڵی ١٩٥٨ەوە پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ عێراقدا هەیە و لەوەتەی ساڵی ١٩٧١یشەوە لەگەڵ تورکیا و ئێران.

کورد کە بە زیاتر لە ٢٣ ملیۆن مەزەندە دەکرێن، نێزیکەی ١٤,٥ ملیۆنیان لە تورکیا دەژین کە لە سەدا بیستی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێک دێنن، نێزیکەی ٤,٦ ملیۆن لە ئێران دەژین کە نێزیکەی لە سەدا حەوتی دانیشتوان پێک دێنن، هەروەها لە عێراقدا ٤,٣ ملیۆن هەن کە لە سەدا ١٧ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێک دێنن، ئەمە بێجگە لەوەی بەلایەنی کەم یەک ملیۆنیان لە وڵاتی سووریان کە لە سەدا نۆی ئەو وڵاتە پێک دێنن. پەکین بەشێوەیەکی فەرمی و یاسیایی دانی بە یەکپارچەیی خاک و سەروەریی هەموو ئەو وڵاتانەدا ناوە. لە هەمان کاتدا، پەکین ئاگەداری ئەوەشە کە لەوەتەی شەڕی یەکەمی کەنداوەوە لە ساڵی ١٩٩١، کورد لە عێراقدا لە واقیعدا سەربەخۆییەکیان هەیە کە بەهۆی ناوچەی دژە فڕینی ئەمەریکاییەوە پارێزگارییان لێ دەکرێ. لەوەتەی ڕووخانی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا، هەرێمە کوردییەکەی باکوری عێراق وەکو ناوچەیەکی خاڵی لە سوپای عێراقی ماوەتەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەمە، نیشانەیلی گرینگی پێدانێکی ڕوو لە زیادی چینی بۆ کورد دەرکەوتووە.

لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠٠٣دا، پەکین مێوانداریی جەلال تاڵەبانی کرد کە سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و ئەندامێکی ئەو کاتەی "مجلس حکم" بوو، کە دواتر بووە یەکەمین سەرۆکی عێراقی دوای سەدام. تاڵەبانی، کە زیاتر نوێنەرایەتیی عێراقی دەکرد نەوەک کورد، لەلایەن کۆمەڵەی خەڵکی چین بۆ دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی بیانیدا، کە وەسیلەیەکی فەرمیی (نافەرمی)یە بانگهێشتن کرایە ئەو وڵاتە و تاڵەبانیش بە سەرۆکایەتیی شاندێکی عێراقی سەردانی چینی کرد. تانگ ژیازوان، وەزیری دەرەوەی کۆماری گەلی چین و ڕاوێژکاری دەوڵەت هانی مام جەلالی مێوانی دا کە لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هێمنی و تەناهیی وڵات بگێڕێتەوە کە بەمەش جەختی لەوە کردەوە کە بەرژەوەندییە شەرعییەکانی وڵاتان (بە ئاماژە چین) پێویستە لە عێراقدا مسۆگەر بکرێ. ژیازوان نیگەرانیی چینی لەبارەی بنیاتنانەوەی ئابووریی عێراقی دوای شەڕ، وێڕای ئامادەسازیی ئەو وڵاتە بۆ بەشدارییەکی چالاک لەو بنیاتنانەوەیەدا، دەربڕی (زینهاو،

٧ ئاب، ٢٠٠٣)

لەو کاتەوە بەرژەوەندیی کورد لە ناوەندی سیاسیی عێراقدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە. دوا بەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لە ٣٠ شوباتی ٢٠٠٥دا، هاوپەیمانێتییەکی کوردی کوتلەیەکی گەورەی ٧٥ کورسی لە پەرلەماندا بردەوە. ئەوە بووە هۆی ئەوەی جەلال تاڵەبانی وەکو یەکەمین سەرۆکی کوردی عێراق دەستنیشان بکرێ. هەر دوا بەدوای ئەو پێشهاتانە، میدیای چینی دۆش داما لە باسکردنی پێوەندییە ڕاستەقینەکانی نێوان چین و کورد. بەشێک لە پێوەندییەکان برێتی بوو لە سەردانی شاندێکی پارتی کۆمۆنیستی چین بە سەرۆکایەتیی دینگ لیفێن کە نوێنەرایەتیی وەزارەتی نێودەوڵەتیی چینی دەکرد لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی، کە لە سەرەتای مانگی مایسی ٢٠٠٥ گەیشتنە عێراق لە ڕێگەی دەروازەی ئەلمونزیرییە لە نێزیک خانەقین (لەسەر سنووری ئێران). شاندەکە لەلایەن سەرانی یەکێتی لە خانەقین پێشوازییان لێ کرا. یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە گوتی ئەو سەردانە لە وەڵامی داوەتنامەیەکی یەکێتی هاتووە و دوا بەدوای سەردانێکی یەکێتی بووە بۆ چین کە بووەتە هۆی "بەهێزکردنی پێوەندییەکان لە نێوان ئەو دوو حزبەدا" هەروەها زیاتر گوتی ئەو پێوەندییانە گوڕوتێنێکی کۆ کردووەتەوە، بەتایبەتی دوای سەردانە "مێژووییەکە"ی سەرکردەی یەکێتی بۆ چین (ئەلئیتیحاد، بەغدا، ١١ مایس، ٢٠٠٥)

لە ١٥ی مایسدا، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعوود بارزانی چاوی کەوت بەباڵوێزی چین لە عێراق هەروەها ڕاوێژکاری ئابووری و بازرگانیی باڵوێزخانەکە. باڵوێزی چین بەناوی حکوومەتەکەیەوە بارزانیی بانگهێشتن کرد بۆ سەردانی چین هەروەها جەختی لەسەر پێزانینی خەڵکی چین کردەوە بۆ ئەو هەموو قوربانییەی گەلی کورد داویەتی. ئەو باڵوێزە هیوای خواست پێوەندییەکان پتەوتر بن لە نێوان ئەو دوو گەلە لە ڕێکەی فراوانکردنی پێوەندییەکان لە نێوان کۆماری گەلی چین و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشێوەیەکی فەرمی لە نێوان پارتی کۆمۆنیستی چین و پارتی دیموکراتی کوردستان. باڵوێزە چینییەکە تیشکی خستە سەر ئەو ڕۆڵە گرینگەی خەڵکی کوردستان لە بنیاتنانەوەی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵدا بینیویەتی. لە وەڵامدا، بارزانی هیوای خواست کە حکوومەتی چین ڕۆڵێکی باشی هەبێت لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان (خەبات، هەولێر، ١٦ مایس، ٢٠٠٥)

یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی ئەو ئاڵوگۆڕییانە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٥دا سەری هەڵدا کاتێک بڵاوکراوەیەکی هەفتانە کە لەلایەن حزبی شیوعیی کوردستانەوە بڵاو دەکرێتەوە، نووسی کە پاڵپشتیی سەرانسەری دنیا بۆ چین لەسەر حسێبی ئەمەریکا ڕوو لە زیادبوونە. هەرچەندە گوتارەکە، کە لەسەر بنەمای بڵاوکراوەیەکی ئەمەریکایی (کۆننیکتیکیوت پۆست، ٢٤ حوزەیران، ٢٠٠٥) بنیات نرابوو، ئاماژەی بە کورد نەکردبوو بەڵام ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی ڕوونی تێدا بوو: " پێویستە ئێمەش (کورد) بڵێین کە شەڕی ئازادیی عێراق خزمەتێکی گەورەی بە خەڵکانی عێراق

کەوالنامەی کتێب

کردووە و هانی ئەوانی تریشی داوە لە ناوچەکەدا، هەروەها ئەو شەڕە هێشتا تەواو نەبووە" (ڕێگەی کوردستان، هەولێر، ١٠ ئاب، ٢٠٠٥ جەختی زیاتری کردەوە) لە کاتێکدا کە سەرکردەکانی کورد، بە تایبەتی تاڵەبانی، بە شێوەیەکی ئاشکرا هەموو شیمانەکانی جودابوونەوەیان دایە لایەکەوە، هێشتا سوورن لەسەر مافی چارەی خۆنووسینیان "وەکو ئامادەسازییەک ئەگەر لە داهاتوودا کێشە لە عێراقدا سەر هەڵبدات" .(chinadailiy.com ١٧ ئاب، ٢٠٠٥)

ئاماژەکانی چین بۆ کورد چەند بەرژەوەندییەکی لە پشتەوەیە. یەکەم شت، کورد وەکو کارتی پاڵەپەستۆ لە دژی تورکیا بەکار دەهێنرێ، چونکە تورکیا چالاکوانگەل و ڕێکخراوەگەلی جوداخوازی ئویگور داڵدە دەدات. لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکانەوە، پەکین خەریکی پاڵەپەستۆ خستنە سەر تورکیایە بۆ بنەبڕکردنی چالاکییە جوداخوازەکانی ئویگورەکان لە خاکی چین. بۆیە پەکین، کە بەتەواوی ئاگەداری کێشەی کوردە لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی تورکیادا، دەتوانێ پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کورد، کە داوای خاکێک دەکەن کە بەشێکە لە تورکیا، وەکو کارتێکی پاڵەپەستۆ بەکار بێنێ بۆ ئەوەی دەستی ئەنقەرە بشکێنێ[٢]. پەکین ئەو لێکچوونە لە نێوان جوداخوازیی ئویگور و کورد بەکار دێنێ و بەڕوونی هەڕەشە لە ئەنقەرە دەکات ئەگەر بەردەوام بێت لە پاڵپشتیکردنی ئویگور ئەوا پەکینیش پاڵپشتی لە کورد دەکا. لە لێدوانێکدا کە ئاماژەیەک بوو بۆ کورد، سەرۆکی چین جیانگ زی مین کە سەردانی تورکیای کرد لە ساڵی ٢٠٠٠دا، گوتی کە هەردوو وڵات ڕووبەڕووی ئەرکی پاراستنی یەکێتیی نیشتمانی و یەکپارچەیی خاکی وڵات دەبنەوە و هەردوولا بەرهەڵستی هەموو جۆرە تیرۆرێکی نێودەوڵەتی و جوداخوازیی نەتەوەیی و توندڕۆیی ئاینی دەکەن (تورکیش پرۆب، ٢٣ نیسان، ٢٠٠٠: گوانژۆ ریباو، ٢١ نیسان، ٢٠٠٠) لایەنێکی تری ڕەچاوکردن لە کێشەی کورد بۆ چین بریتییە لە هەوڵی ئەو وڵاتە بۆ پشتگرتن لە ئەمەریکا بەوەی پێگەیەک لە باکور بە دەست بێنێ. لە کۆتاییشدا، کە ئەوە لە هەمووی گرینگترە، پەکین چاوی بڕیوەتە کێڵگە نەوتییە دەوڵەمەندەکانی باکوری عێراق، بە تایبەتی ئەوانەی لەژێر دەستی کوردە. بەپێی سەرچاوە فەرمییەکان لە کوردستان، ئەو هەرێمە نێزیکەی لە سەدا چلی نەوتی یەدەگی عێراقی تێدایە کە دەکاتە ١٣٠ ملیار بەرمیل.

چینییەکان ئاگایان لەوە هەیە کە دەستووره نوێیەکەی عێراق کە لە ١٥ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا پەسند کرا، زمانێکی لێڵ بەکار دێنێ لەبارەی ئەوەی کێ مافی ئەوەی هەیە کۆنترۆڵی پیشەسازیی نەوت بکات _ حکوومەتی مەرکەزی یان حکوومەتی هەرێم (ڕێنمین ریباو، ١٩ تشرینی یەکەم، ٢٠٠٥). دەستووری عێراقی دەڵێت کە حکوومەتی مەرکەزی و دەسەڵاتە ئیدارییەکان هاریکاریی یەکتر دەکەن لە "بەڕێوەبردنی" کێڵگە نەوتییە "هەنووکەییەکان". دەستوور بە شێوەیەکی ڕوون ناڵێ مەبەست لە "بەڕێوەبردن" چییە لەبەرئەوەی پێناسەیەکی ئەوها بۆی هەیە بارگرژی و ململانێی لێ بکەوێتەوە (ریمین ریباو، ٢ ئەیلوول، ٢٠٠٥). بەهەمان شێوەش،

بەکارهێنانی وشەی کێڵگە نەوتییە " هەنووکەیییەکان" لێڵیی تێدایە سەبارەت بە "بەڕێوەبردن"ی کێڵگە نەوتییە "کۆنەکان"، ئەمە ئەو مانایەش دەدا کە "بەڕێوەبردنی" کێڵگە نەوتییە نوێیەکان _ هەروەها قازانجەکانیان _ لەلایەن دەسەڵاتە مەحەلییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. لە ئەنجامدا، بۆی هەیە کورد کێڵگە نەوتییە کۆنەکان لە ناوچەکانی خۆیان (دیارترینیان کەرکووک و خانەقین) کۆنترۆڵ بکەن و بە دڵنیاییشەوە کێڵگە نەوتییە نوێیەکان و کارکردن لەسەریان کۆنترۆڵ دەکەن. لەو دواییانەدا دەرکەوت کە هەر لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە، پارتی، کە زۆربەی ناوچەکانی باکوری عێراق لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە، بەنهێنی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای DNOی نەرویجیدا ئیمزا کردبوو کە نەوت دەربهێنێ لە ناوچەی زاخۆ لەسەر سنوور بێ ئاگەداریی بەغدا، مەسەلەی ڕەزامەندی وەرگرتن هەر لێ گەڕێ. DNO گرێبەستی دامەزراندنی تاوەری دەرهێنانی نەوتەکەی لەگەڵ کۆمپانیای چینی دیواری بۆ دەرهێنانی نەوت (Great Wall Drilling Oil Company) مەزن ئیمزا کرد، کە نوێترین نموونەی ئەمەریکایی کۆپیکراوی لە چینەوە هێنا. تاوەرە ٣٠ تەبەقییەکەیان لە ٩٠ ڕۆژدا قیت کردەوە کە توانای دەرهێنانی نەوتی لە قووڵاییی ٦٠٠٠ مەتر هەیە. ئەمە یەکەمین تاوەرە لە کوردستاندا جێگیر کرابێت لەوەتەی شەڕی ٢٠٠٣، هەروەها یەکەمینە لە عێراق کە لەلایەن کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی دروست کرابێ لە ماوەی ٢٠ ساڵدا (زە گلۆب، ٨ تشرینی دووەم، ٢٠٠٥) دەرهێنانی نەوت لە کوردستان لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ دەستی پێ کرد. بەپێی ڕاپۆرتەکان گوایە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کات لە بۆنەیەکدا گوتی: "مەحاڵە کوردستان قبووڵ بکات حکوومەتی ناوەندی کۆنترۆڵی سەرچاوە نەوتییەکانمان بکا... ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خەڵکی کوردستان لە جیاتیی ئازار چەشتن سوود لە سامان و سەرچاوەکانی وڵاتی خۆیان بچێژن" بەهەمان شێوەش دەرفەتی تری دۆزینەوەی نەوت لەلایەن کۆمپانیاگەلی بیانیی تر لە بەشەکانی تری کوردستان بەردەوامە. (لۆس ئەنجلۆس تایمز، ١ کانوونی یەکەم، ٢٠٠٥)

ناکرێ وای ببینین کە چینییەکان چاویان نەبڕیوەتە سەرچاوە نەوتییەکانی ناوچە ژێردەستەکانی کورد لە عێراق. لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا پەکین پێشوازیی لە شاندێکی یەکێتی کرد بە سەرۆکایەتیی کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی، کە وەکو "میوانێکی عێراقی" وەسف کرا. لە کاتی پێشوازیکردن لە شاندەکە، بەڕێوەبەری بەشی نێودەوڵەتیی پارتی گەلی چین وانگ ژیارو هیوای دەربڕی کە هاریکاریی نێوان هەردوو پارت لە چەندان ڕووەوە زیاتر پەرە بسێنێ، وێڕای جەختکردن لەسەر ئامادەییی چین بۆ ئەوەی هەوڵی ڕژد بدا لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق (زینهاو، ٢٠ تشرینی یەکەم، ٢٠٠٥). گرینگیدانی چین بەنەوتی کورد ڕەنگدانەوەی تینوویێتیی پەکینە بۆ سەرچاوەی وزە، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە مافی نەوتی لە عێراقدا لەلایەن ئەمەریکاوە هەڵپەسێردرا لە دوای شەڕی ٢٠٠٣. لە ساڵی ١٩٩٦دا، ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق ڕەزامەندیی لەسەر پێشنیازێک لەلایەن کۆمپانیای

گـەڕان بەدوای نەوت و گـازی نیـشـتـمـانیی چینی دەربڕیـبـوو بۆ گـەشـەپێدانی کـێـڵـگەی نەوتی ئەلئەحدەب. ئەم کێڵگەیە کە دەکەوێتە دووریی ٤٠ میل لە باشووری کوت لە ناوەڕاستی عێراقدا، توانای بـەرهـەمـهـێنانی هـەشـتـا تا نەوەد هـەزار بـەرمـیل نەوتی هـەیـە لە ڕۆژێکدا، هـەروەهـا نەوتی یەدەگی بە ١٤٠ ملیـۆن تۆن دێتـە خـەمـڵاندن، یاخـۆ ١,٤ ملیـار بـەرمـیل. لـەسـەر بنەمـای ئەم پەسندکردنـە، لە حوزەیرانی ١٩٩٧دا CNPC و NORINCO (کۆمەڵەی پیشەسازییەکانی باکوری چین، کە گرووپێکی زەبەلاحی بـەرهـەمهێنانی زەخیرەی سـەربازییە) بەیەکەوە کۆمپانیایەکی نوێیان پێک هێنا بـەناوی (ئەلواحـە) کە ڕێککەوتننامـەیەکی لەگەڵ عێراقدا مۆر کرد کە دوای هەڵگرتنی سـزاکان لەسـەری بەڕێژەی لە سـەدا پەنجـا و لەسـەر بنەمـای بـەشکردنی بەرهـەمـەکـان بێت و لە مـاوەی ٢٢ سـاڵدا جـێبـەجێ بکرێ. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامـەیەش کۆمپـانیاکـە بڕی ١,٢٦ ملیار دۆلاری ئەمەریکاییی لە گەشەپێدانی کێڵگەکانی ئەلئەحدەب و تێچووەکانی خستنە سـەر پێی ئەو کێڵگەیە، بخـاتە گەڕ. لە کاتێکدا چەندان کۆمپانیای فرەنسایی و ڕووسیایی دانوسـتـاندنیان لەگەڵ بەرپرسانی عێراقیدا ئەنجام دەدا بۆ کارکردن لەسەر کێڵگە نەوتییەکانی عێراقدا، ڕێککەوتننامەی ئەلئـەحدەب یەکـەمین بۆند بـوو کە بەشـێوەیەکی کرداری ئیـمزا بکرێ (دەزگای زانیـاریی وزەی ئەمـەریکایی) لەو کاتەدا چینییـەکـان خـەریکی دانوسـتـان و گفتـوگۆ بوون بە ئامـانجی بەدەست هێنانی مـافی کـێڵـگە نەوتیـیـەکـان بەلایەنی کـەم لە سێ کـێڵگەی تری عێـراقیـدا. بێگومـان ئەو دەستـپێشخـەرییانە لە چاوەڕوانیی بەرزبوونەوەی بەرهـەمـهێنان و هـەناردەکردنی نەوتـی عێراق و هەڵگرتنی سزاکان لەسەر ئەو وڵاتە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتە ئەنجامدان. بەڵام هـەرکە شـەڕ بە کۆتا گـەیشت، واشنتـۆن هـەموو مـافێکی چینی لە نەوتی عێراق هەڵپـەسارد، بۆیە نەوتی کورد بۆی هـەیە ببێتە جێگرەوەیەک بۆ ئەو مافانەی چین لە دەستی دان.

خـۆنزیککردنەوەکـانی چین لە کـورد، کـە تـا ڕادەیەک وەکـو نەتەوەیەکـی سـەربەخـۆ مـامـەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، سیاسـەتەکانی خودی چین لەق دەکا و پێچەوانەی پرەنسیپـەکانی خۆیەتی لەبارەی جـوداخـوازییـەوە. پەکین بە هیچ شـێـوەیەک ڕێگە نـادات وڵاتێکی تر بـەو شـێـوەیە مـامـەڵە لەگـەڵ ئویگور، تبـتـی، یان مـۆنگۆلەکـان بکات و بەشـێـوەیەکی ئاشکرا هـاوسـۆزیی خـۆی لەگـەڵ چەوسـانەوەیان دەربڕێ و سـەرکـردەکانیـان داوەت بکا و شـاندیان بۆ بنێـرێ و ڕێککەوتننامـەیان لەگەڵدا مۆر بکات و هەمووی لە پاشملەی پەکین. بەڵام سیاسەتی چین بەرامبەر کورد مانای ئەوە نییە کـە چینییەکان حەزیان لە پارچەکردنی عێراقە بەو هیوایەی سـوود لە دەوڵەتێکی نوێی کوردی ببـینن. وێڕای خـسـتنـەوەی ناسـەقـامگیـرییـەکی هەرێمی کـە زیان بە بەرژەوەندییـەکـانی چین دەگەیەنێت، سەربەخۆیی کورد هاندەر دەبێت بۆ بزاوە جوداخوازەکانی تر (دیارترینیان ئویگور و تیـبت) تا لە پێناو هـەمـان دۆزدا شـەڕ بکەن. لـەلایەکی تر، ناسـەربەخـۆبوونێکی تـەواوی کـورد و پێوەسـتبوونی تەواوی عێراقی نوێدا کۆنتـرۆڵی تەواوی کێڵگە نەوتییەکانی باکور دەداتە نەک تەنیا بەغـدا بگرە زیاتریش بە ئەمـەریکا. بۆیە ئەو دۆخـەی ئێـسـتـەی باکـوری عـێـراق، بەزیادبوونی

سەربەخۆیی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی بێهێزدا، وە لەو دۆخەی ئێستەدا، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چین تێڕوانینی ئەوان بۆ مافی چارەی خۆنووسینێکی سنووردار یەک دەگرێتەوە.

Notes

1- Pan, Zhiping (Ed.), Minzu zijue hai shi minzu fenlie: minzu he dangdai minzufenliezhuyi [National Self-Determination Is Still National Separatism: Contemporary National Separartism] (Urumqi: Xinjiang Renmin Chubanshe, 1999), pp. 88-91,

2- Kuang Shengyan and Chen Zhihong, "Kuerde gongrendang wenti ji qi dui Tuerqi neiwai zhengce de yingxiang" [The Question of the Kurdish Workers Party and Its Impact on Turkeys Domestic and Foreign Policy] Xiya Feizhou [West Asia and Africa], No 4 (1995), pp. 91,–24

http://www.jamestown.org/single/?no-cache=1&tx-ttnews[tt-news]=3919&tx-ttnews[backPid]=381&cHash=e9c8e65b75

هەواڵنامەی کتێب

# موجاهیدینی خەڵق لە عێراق، گرێکوێرەی سیاسەت*

لە نووسینی جێرمیا گۆلکا، لیدیا، هەنسڵ، ئیلیزابێس وێڵک، جودیس لارسن

## بەشی یەکەم

## موجاهیدینی خەڵق: گرێکوێرەی سیاسەتی ئەمەریکا

لە ماوەی ئەو شەش ساڵەی هێزەکانی هاوپەیمان عێراقیان داگیر کردووە و بەتایبەتیش لەوەتەی ڕیسواییەکەی ئەبوغرێبەوە، کردەوەگەلی گرتن بوونەتە چەقە خاڵێکی بەردەوام بەرجەستە و ناکۆک لەناو چالاکیی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکاندا. ژمارەی گرتیەکانی ژێردەستی ئەمەریکاییەکان لە پایزی ٢٠٠٧ دەگەیشتە نزیکەی ٢٦٠٠٠ کەس کەچی لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ ئەم ژمارەیە بۆ نزیکەی ١٥٠٠٠ کەس دابەزی. بێجگە لەم گرتییانە، هێزەکانی هاوپەیمان نزیکەی ٣٥٠٠ ئەندامی موجاهیدینی خەڵقیان (مێک) لەسەر شێوازی نشینگەی دیاریکراو as-signed residence(1) دەستبەسەر کردوون. مێک تاقمێکی پێکهاتوو لە بەرهەڵستکارانی ئێرانییە کە ماوەی پتر لە چوار دەیەیە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران تێ دەکۆشن و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە ١٩٩٧ بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی(٢) وەسفی کردبوون. ئاخۆ چۆن سوپای ئەمەریکایی توانی خۆی تەناهی و پاراستنی ئەندامانی گرووپێک بگرێتە ئەستۆ کە حکوومەتەکەی خۆی بە تیرۆریست ناوی بردبوون؟ ئاخۆ ئەم بڕیارە چ ئاڵۆزیگەلێکی بەدواوە بووە؟ ئێستە کە پاش پەسندکردنی ڕێککەوتنی پێگەی هێزەکان لە نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکاندا(٣)، هێزەکانی هاوپەیمان پاراستنی مێکی سپاردووەتە حکوومەتی عێراق، ئاخۆ بارودۆخەکە بە چ شێوازێک چارەسەر دەکرێ؟ ئاخۆ چۆن پێشگیری دەکرێ لە سەرهەڵدانی بارودۆخی هاوشێوە لە داهاتوودا؟

.................................

* وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

موجاهیدینی خەڵق کێن؟

مێک لە ١٩٦٥ لەلایەن کۆمەڵێک لە قوتابییانی زانکۆی تارانەوە هاتە دامەزراندن کە بیرۆکە رادیکاڵییەکانیان لە شۆڕشی چەکداری لە دژی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی چڕ کردبووە و پێیان وابوو شا دەسکەلای ئەمەریکا و سەرچاوەی گەشەی کاریگەرییەکانی ڕۆئاواییە لە ناو ئێراندا(٤). باوەشکردنەوەیان هەم بۆ فەلسەفەی مارکسی و هەم بەهاکانی ئیسلامی بووە کرۆکی بروایان بە خەباتی شۆڕشگێرانەی دەربڕاو لە کردەوەی توندوتیژ، باوەڕێک کە لەو ناوەی هەڵیان بژاردووە ڕەنگی داوەتەوە: موجاهیدینی خەڵق واتە "شەڕوانانی پیرۆزی خەڵک"(٥).

لە ١٩٧١ پۆلیسی نهێنیی شا کە دزەیان کردبووە ناو ڕێکخراوەکەوە، یەکەم هێرشی تیرۆریستیی نەخشە بۆ کێشراوەی مێکیان، کە تۆڕەکانی وزەی کارەبای لە تاران کردبووە ئامانج، پووچەڵ کردەوە. زۆرێک لە ئەندامانی مێک هاتنە کوشتن و سێ دامەزرێنەرەکەی لەدار دران. سەرەڕای ئەم هەوڵە دۆڕاوە و ئەو سەرکوتکارییە گشتییەی کە بە دوایدا هات، لە ماوەی ١٩٧٠کاندا مێک زنجیرە هێرشێکی کردە سەر حکوومەتی ئێران و کەسانی ڕۆئاوایی، لەوانەش تیرۆرکردنی سێ لە ئەفسەرانی سوپا وڵاتە یەککگرتووەکان و سێ هاووڵاتیی بەڵێندەری ئەم وڵاتە بوو لە تاران.

کۆمەڵەکە لە ١٩٧٩، لەلایەن مەسعوود ڕەجەوییەوە، سەرکردەی نوێی مێک، هاتە ڕیز ئایەتوڵا ڕوحوڵا موسەوی خومەینی. بەڵام پاش ڕووخانی شا خومەینی ئۆپۆزیسیۆنی سەرکوت کرد و ڕێگەی نەدا ڕەجەوی و زۆرێک لە ئەندامانی مێک لە حکوومەتی نوێی ئێراندا پۆست وەربگرن. ڕەجەویش پشتیوانیی خۆی لە دژی حزبی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی خومەینییەوە، بۆ یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئێران، ئەبولحەسەن بەنیسەدرەوە گۆڕی. پاش ئەوەی خومەینی لە ١٩٨١ بەنیسەدری لە دەسەڵات لادا، مێک هێرشگەلی خوێناویی کردە سەر ئەندامانی حزبی کۆماری ئیسلامییەوە، گەورەترینیان تەقاندنەوەی بارەگەی گشتیی حزبەکە بوو لە تاران کە پتر لە ٧٠ ئەندامی سەرکردایەتیی حزبەکەی بەکوشت دا. لە سایەی چەوەساندنەوەی بێ بەزەییانەی مێک لەلایەن حزبی کۆماری ئیسلامییەوە، ڕەجەوی و بەنیسەدر ڕایان کردە فەرەنسا و لەوێ ئەنجوومەنی نەتەوەییی بەرهەڵستکاری ئێرانیان دامەزراند کە ڕێکخراوێکی پشتیوانی گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانی لە دژی خومەینی بوو. هەندێک لە ئەندامانی ئاساییی مێکیش یان بەرەو ئەورووپا بەشوێن سەرکردەکانیان کەوتن یانیش بۆ کوردستانی عێراق گواستیانەوە. ئەوانی تر ئاودیوی سنووری عێراق بوون و لەوێدا زنجیرە کۆمیۆنیان پێک هێنا. ئەوانەیش کە لە ئێران مانەوە تۆڕێکی نهێنییان دامەزراند کە بەردەوام بوو لە پلاندانان و هێرشبردن لە پێناو شێواندنی ڕێژیمی خومەینی.

پاش ئەوەی سەدام حوسێن لە ١٩٨٠دا هێرشی کردە سەر ئێران، دەستی کرد بە خەرجیدان بە مێک بۆ فرەوانکردنی مەودای هەڵمەتی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نەتەوەییی بەرهەڵستکاری ئێران

هەواڵنامەی کتێب

لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەوروپا و هەروەها بۆ دەستکەوتنی هەر زانیارییەکی کۆکراوەی مێکیشی لەبارەی ئێرانەوە. لە ١٩٨٦ سەرکردایەتیی مێک بانگهێشتنی سەدامیان بۆ گواستنەوە بۆ عێراق و هاتنە ڕیز سوپای عێراق و شەڕکردن لە دژی ئێران قبووڵ کرد. سەدام پارێزگاری و تێچوو و چەک و ئۆتۆمۆبێل و تانک و ڕاهێنانی سەربازیی بۆ مێک دابین کرد و ڕێگەی پێ دان زەوی بەکار بێنن (نەک ببنە خاوەنی).

بەم سەرچاوانەوە مێک ژمارەیەک کەمپی لە عێراق بنیات نا و هانی ئەندامانی خۆی دا کە لە ئێران و شوێنی تر بۆ ئەوێ بگوازنەوە. نزیکەی ٧٠٠٠ ئەندام، واتە نزیکەی ٨٠ لە سەدای جەماوەری تاراوگەی مێک چوونە ناو ئەم کەمپانەوە. ڕەجەوییش ئەمانەی کردە سەربازی سوپا نوێیەکەی، سوپای ڕزگارکەری نەتەوەیی. لە بریی پشتیوانییەکەی، مێکیش زانیاریی لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و هەروەها خزمەتگوزارییەکانی لێپرسینەوە و وەرگێڕان و یارمەتیی سەربازیی ڕاستەوخۆی پێشکێش بە سەدام دەکرد. مێک هێرشێکی بێ شوماریان کردە سەر سنوورەکانی ئێران و هەندێک جار بە یارمەتیی سوپای عێراق ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای ئێران و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ڕووبەڕوو دەبوونەوە. پتر لە چارەکێکی ئەندامانی مێک لە عێراق لەم هێرشە ناکامانەدا هاتنە کوشتن.

تا پاش شەڕی ئێران و عێراقیش لە ١٩٨٨ مێک بەردەوام لە خزمەت سەدامدا بوو. بە گشتی وا زانراوە کە مێک لە کپکردنەوەی ڕاپەڕینەکانی شیعە و کوردی عێراق لە پاش شەڕی کەنداوی ١٩٩١ یارمەتیی سەدامیان داوە. مێک هەروەها چەندان ساڵ کردەوەی تەناهییان لە هەرێمەکانی دەوروپشتی کەمپەکانی خۆیان ئەنجام داوە.

بەر لەوەی مێک دوور بخرێنەوە، جەماوەریترین کۆمەڵی بەرهەڵستکاری ئێران بوون. زۆربەی ئەم جەماوەرکێشییەی خۆیان بەهۆی ئامادەبوونیان بۆ شەڕکردن لە پاڵ سەدامی هەڵاسێنەری شەڕی وێرانکەری ئێران و عێراق و، هەروەها بە کوشتدانی سەربازانی بەزۆر نێردراوی ئێرانەوە لە دەست دا. هەروەها بەشێکی زۆری جەماوەریبوونی خۆیان بەو هۆیەوە لە دەست دا کە مەسعوود ڕەجەوی مێکی لە کۆمەڵێکی بەرهەڵستکاری چالاکوانەوە بۆ تاقمێکی ئایینییەوە وەرگێڕا. ڕەجەوی لە ١٩٨٥ شتێکی دامەزراند کە خۆی بە "شۆڕشی ئایدیۆلۆجی" ناوی دەبرد و بە تێپەڕینی کات زۆرێک لە ئاکارە نموونەییەکانی تاقمێک بەسەر مێکدا زاڵ بوون هەروەک دەسەڵاتی ڕەها، زەوتکردنی سەرمایە و، کۆنترۆڵی سێکس (بە لەخۆگرتنی تەڵاقی زۆرەکی و ڕەبەنی)، دابڕانی هەستی، کاری زۆرەکی و بێ بەشکردن لە خەو، ئازاردانی جەستەیی و هەلی کەم بۆ دەرچوون.

## مێک لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا

پلاندارێژەرانی شەڕی ئازادکردنی عێراق مێکیان وەک گرووپێکی سەربازیی دوژمن دەبینی بەڕادەیەکی زۆریش لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێکخراوەکەی بە لقێکی نارەسمیی سوپای

سەدام دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا پلاندارێژەران هیچ ڕێنوێنییەکیان نەدایە فەرماندەکانی مەیدانی شەڕ سەبارەتبەوەی کە ئاخۆ پاش شەڕ لەگەڵ مێک چ ڕێوشوێنێک بگرنە بەر. پاش شەڕە کورتخایەنەکە (کە مێک نکووڵی دەکات هەر ڕوویشی دابێت) ئەفسەرانی هێزەکانی تایبەت لە نیسانی ٢٠٠٣ لەگەڵ مێک ڕێککەوتنێکی ئاگربەستیان ئیمزا کرد. ئەم ئەفسەرانەش کە هیچ زانیارییەکیان لەبارەی کردەوەکانی تاقمی مێک و تاوانەکانی پێشوویانەوە نەبوو، بە گوتە درۆینەکانی سەرکردایەتیی مێکەوە (کە بە زمانێکی پاراوی ئینگلیزییەوە دەربڕابوون) هاتبوونە باوەڕ کە مێک داوای کردبوو لە پێناو هاوپەیمانانەوە شەڕ بکەن و ئەفسەرانیش ڕێگەیان پێ دان چەکەکانیان هەڵبگرنەوە. ئاژانسەکانی واشنتۆن بڕیاریان دا بەچەککردن و خۆبەدەستەوەدانی مێک بەڵام هێزەکانی هاوپەیمان کە لە ئایاری ٢٠٠٣دا لەگەڵ گرووپەکە وتووێژیان کردبوو دووبارە بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە دڵسارد کرابوونەوە. ڕێککەوتنە نوێیەکە چەکی بە مێک دانا و ئەندامانی مێکی لە گەورەترین کەمپی گرووپەکە، کەمپی ئەشرەف، بە دووریی نزیکەی ٤٠ میل لە باکوری بەغداوە، کۆ کردەوە(٦). لەگەڵ ئەوەشدا، هێزەکانی هاوپەیمان ئاگربەستیان قبووڵ کرد نەک خۆبەدەستەوەدانی مێک.

هێزەکانی هاوپەیمان لەو بینایانەی مێک بە دووریی ٥٠٠ یارد لە کەمپی ئەشرەفەوە دروستیان کردبوون، بنکەیەکی سەرەتاییان بۆ کردەوەی ڕاستەوخۆ دامەزراند بۆ نیشتەجێکردنی ستافی چاودێریی مێک و هەروەها ئەو سەربازانەی کە تەناهیی ناوچەکەیان دەپاراست(٧). زۆرێک لە ئەندامانی مێک بۆ بەجێهێشتنی گرووپەکە یارمەتییان لە هێزەکانی هاوپەیمان خواست و هێزەکانیش بینایەی گرتیگە و پارێزگەیەکی کاتەکییان لە تەنیشت بنکەکەی خۆیان بۆ نیشتەجێکردنی ئەوان ئاوا کرد(٨).

لەبەرئەوەی یاسای مرۆوایەتیی نێودەوڵەتیی تایبەت بە گرتن دەگۆڕێت بەگوێرەی پۆلێنی یاسایی گرتییەکان – هەروەک شەڕکەر و سیڤیل (یان شەڕکەری نایاسایی یان ناشەرعی، ئەمەش بەپێی هەڵاودێردە دژیەکەکانی ئیدارەی جۆرج دەبلیوو بووش)، یەکەم ئەرکی هێزەکانی هاوپەیمان پۆلێنکردنی مێک بوو. بەگوێرەی مەرجەکانی سێیەم ڕێککەوتننامەی جنێڤ و یاسای سەربازیی ئەمریکایی، هێزەکانی هاوپەیمان بەشێوەیەکی کاتەکی تاوەکو پلەی هەر ئەندامێکی مێک لە لایەن دادگەیەکی بە تواناوە دیاری دەکرا، وەک گرتییەکانی دوژمن لە شەڕدا هەژماریان دەکردن. کەچی هیچ بڕیارێکی دادگەیی دەرنەچوو. لە جیاتی لە تەمووزی ٢٠٠٤دا، دۆناڵد رامسفێڵدی وەزیری بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان مێکی بە پێی ڕێککەوتننامەی چوارەمی جنێڤ بەخەڵکانی پارێزراو (بۆ نموونە سڤیل) ناوبرد. پاش ئەم ناونانە ناکۆکە، هێزەکانی هاوپەیمان پارێزگارییان لە کەمپی ئەشرەف کرد تا ئەو کاتەی حکوومەتی عێراق، بەپێی ڕێککەوتنی باری هێزەکانەوە کە لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ەوە کاری پێ کرا، دەسەڵاتی ڕادەست کرا.

## باری ئاڵۆزیی کەمپی ئەشرەف

ئەم بڕیارە ناکۆکییەکی بەرچاوی لێ کەوتەوە و زۆرێک لە چاودێران گومانیان لەوە هەبووە کە بۆچی ئەندامانی گرووپێکی تیرۆریستی کە سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان سەرەتا بە گرووپێکی دوژمن پێناسەی کردبوون، دواتر بەکەسانێکی پارێزراو ناوبرا بوون کە پاراستنیان ئەرکی هێزەکانی هاوپەیمانە. بۆ چارەسەری ئەم بارە ئاڵۆز و بە ڕواڵەت دژیەکە لە ٢٠٠٧دا مەیجەر جەنەراڵ دۆگلاس ئێم ستۆن، لە سوپای دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان کە ئەو کات فەرماندەی هێزی جێبەجێکاری ١٣٤ (ی تایبەت بە پرۆسەکانی گرتن و ناسراو بە TF-134) و جێگری فەرماندەی هێزە فرە نەتەوەکان لە عێراق (MNF-I) بوو، داوای کرد لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکرێ لەو بارودۆخەی بووەتە هۆی ئەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەف لە ژێر چاودێریی MNF-Iدا بمێنێتەوە. پێشنیازیشی کرد لێکۆڵینەوەکە گرینگی بەم بابەتانەی خوارەوە بدات:

ئەرکی ڕاسپێردراو بە TF-134 بۆ گرتن و پاراستنی مێک سەرچاوە دەگمەنە ئابووری و مرۆییەکانی بەردەستی بۆ پاڵپشتی لە کردەوەگەلی گرتن لە عێراق داهێزراندبوو و زیانی گیانیی بە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان گەیاندبوو. ئاخۆ دەکرا گرتنی ئەم گرووپە بە شێوەیەک ئەنجام بدرابوایە کە بەم نرخە تەواو نەبووبایە و لە ڕوانگەی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بەرەنجامی زۆر پەسندتری هەبووایە؟

حکوومەتی عێراق دەیەوێ لە داهاتوویەکی نزیک مێک لە عێراقدا نەمێنن. بەرچاوکردنی ئاستەنگەکانی گواستنەوەی ئەو تاکانە کە ڕەنگە لە وڵاتی خۆیان دادگەیی بکرێن، ئاخۆ ئەمە چۆن بەباشترین شێوە دێتە دی؟

هەرچەندە کێشەی مێک بێ هاوتا دەنوێنێ، بەڵام ئاخۆ دەکرێ حاڵەتێکی لێکچوو لە کردەوەگەلی دژەسەرکێشی سەر هەڵبدات؟ ئەگەر وا بێت، ئاخۆ چۆن پێشگیری لەو ئاڵۆزییانە دەکرێ کە لە حاڵەتی مێک ڕوویان داوە؟

پەراوێزەکان

١- ئەم دەستەواژەیە لە ڕێککەوتنی چوارەمی جنێڤ بەکار هاتووە. گرتن بە دوو شێوازە: دەستبەسەرکردن، و نیشینگە دیارکردن. هاوپەیمانان زۆربەی گرتییەکانیان جگە لە مێک دەستبەسەر دەکرد.

٢- Foreign Terrorist Organization (FTO).

٣- ڕێککەوتنەکە لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩وە کاری پێ کرا.

٤- ئەم کورتە مێژووەی لێرەدا هاتووە لە کتێبی "موجاهیدینی ئێران"ی ١٩٩٢ی ئێرڤەند ئابراهامیان وەرگیراوە کە لێکۆڵینەوەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەبارەی مێک لە دامەزراندنیەوە تا پێش کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق .

٥- ئەم گرووپە هەم بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و هەم بە موجاهیدینی خەڵقیش ناسراوە.

٦- کەمپی ئەشرەف هەروەها بە شاری ئەشرەفیش ناسراوە.

٧- بە تێپەڕینی کات کەمپەکە پێشکەوتووتر بوو. زۆر ناویشی لێ نراوە بەڵام دوا ناوی فۆب گریزلییە.

٨- ئەم ئەندامانەی پێشووی مێک بەپێی مادەی ٤٢ی ڕێککەوتننامەی چوارەمی جنێڤ کە تایبەتە بەپاراستنی کەسانی سڤیل لە ماوەی شەڕدا، وەک گرتیی خۆویست (Voluntary internees) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. بینایەی گرتیگە و پارێزگە کاتەکییەکە لە ٢٠٠٦ بەبینایەکی درێژخایەنتر گۆڕایەوە کە بەکەمپی پەنابەرانی ئەشرەف لە ٢٠٠٧ ناونرا و لە ٢٠٠٨دا داخرا و نیشتەجێکانی گوازرانەوە بۆ کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب

# قەرەبووکردنەوەی عێراقییە زیانمەندەکانی شەڕ و تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو*

د. مونزیر ئەلفەزڵ

کەموکورتیی دەقی مادەی ١٣٢ی دەستوور

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١–٢٠٠٢دا لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیی دژ بەڕێژیمی دیکتاتۆری، هەندێک گفتوگۆ و دواتر ڕاسپێری لە لێژنەی بنیاتنانی دیموکراسییەوە کران، کە ناوی report on: the transition to democracy in iraqی لێ نرا.

ئەمەش ڕاستەوخۆ بۆ قۆناغی دوای ڕووخانی ڕێژیم بوو، لە نێوان ئەو پێشنیاز و ڕاسپێرییانەی ئەو کات خستمانە ڕوو، بەم شێوەیە بوو:

کێشانەوەی گشت ئەو پارچە چەکانەی بەدەست هاوولاتییانەوەن، لە بەرابەردا پارەیەکی باشیان بدرێتێ. هەروەها دەرکردنی یاساکانی قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانی ڕێژیم، لەوانەی دەرگیری شەڕ و تاوانکارییەکانی ڕێژیمی پێشوو بوون، نەخاسمە کورد و شیعە، بەو پێیەی زەرەرمەندترینی سیاسەتەکانی ڕێژیمی تاوانکارن، ئینجا داخستنی سنووری نێودەوڵەتی، تاکو هیچ بوارێک بەدزەکردنی کەسەکان و بازرگانانی چەک نەدات، هەروەها ڕێگرتن لە دەستدرێژیی هەرێمی و تێکدانی سیستەمی نوێ.

سروشتییە گەر لە سەرەتادا ئەم ئەرکانە بکەونە ئەستۆی دەسەڵاتی هاوپەیمانی cpa کە لە ئیدارەی ئەمەریکایی پێک هات. کەچی شتی وا ڕووی نەدا و نە دەسەڵاتی هاوپەیمانی ونەیش دەسەڵاتداری مەدەنیی بریمەر گوێیان لەم ڕاسپێرییە گرینگانە نەگرت، کە دەشیا عێراقییەکان لە گرفتێلێک بپارێزێت، ئاستەنگیان دەخستە بەردەم بنیاتنانی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری،

---

* وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

هەروەها ڕێگەی ئاواڵە کرد لە بەردەم تالان و بڕۆ و دزی و گەندەڵی و تیرۆر لە عێراقدا چالاک بن، ئەمەش لە سۆنگەی پشتگوێخستنی ئەم ڕاسپێرییانە و لەبەر گەلێک هۆی تریش بەرەو پشێوی و شڵەژانیان برد.

لە نێوان ئەم پێشنیازە گرینگانەشدا دادگاییکردنی بەرپرسە عێراقییەکان لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان و شەڕە بێ ماناکانیان، وەکو پاداشت دانەوەیەکیش بۆ هەستان بەو ئەرکە یاساییە پێویست دەکا کوردەکان قەرەبوو بکرێن لە ئەنجامی شەڕ و تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو دژیان، هەروەها عێراقییەکانی ناوەڕاست و خواروو، ئەوانەی لە ئەنجامی سیاسەتی ڕژێمی دوژمنکارانەدا زیانی زۆریان پێ کەوت، نەخوازە پاش ڕاپەڕینە دلێرانەکەی لە ئاداری ساڵی ١٩٩١دا ڕووی دا، کە دوای ئەوە چەندێک کوشتن و ئەشکەنجەدان و گۆڕی بەکۆمەڵی سەدان هەزار بێ تاوانی بەدوادا هات، لەوانەی لە ڕاپەڕینەکەدا دژ بەرێژیمی بەعس – سەدام و شەڕ و ئەو سەرکوتکردنانەی لە ئاوەزبەدەر بوون، بەشدارییان کرد.

بۆیە منیش لە ڕەشنووسی پرۆژەکەمدا بۆ دەستوور، کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا پێشکێشی لێژنەی پسپۆڕێن عێراقیم کردبوو و دوای ئەوە لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا لە دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٢دا بڕیاری لەسەر درا، پێشنیازی ئەمانەم کردبوو:

مادەی چل و هەشت:

"سندووقێک دابمەزرێ بۆ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو عێراقییانەی بەدەستی ڕژێمی پێشووەوە زیانیان پێ گەیشت، بۆ قەرەبووکردنەوەی گشت زەرەرمەندێک چ بەپارە، یا بەجەستە، یاخۆ بەکەسایەتی، جا ئەگەر عێراقی بێت و ڕەگەزنامەی عێراقیی لێ سەندرابێتەوە، یاخۆ عێراقی بێت و ڕەگەزنامەی تری بەدەست هێنابێ، یان ئاوارە بێت و کۆچی کردبێت، یا پاشماوەی قوربانییەکان بێت، یاخۆ هی تر بەپێی یاسای تایبەت".

مەبەست لەم دەقەش بۆ بژاردنی گشت ئەو عێراقییە زیانمەندانەی شەڕ و تاوانەکانی ڕژێمی لەناوبەرە، لە کاتی تەرخانکردنی ڕێژەیەک لە داهاتی نەوت بخرێتە سندووقێکی تایبەتەوە و ناوبنرێت سندووقی قەرەبووکردنەوەی عێراقییەکان، چونکە ئەم قەرەبووکردنەوەیە دەبێتە شیمانەی سووککردنی هەڵاوسان و ڕێگرتن لە تۆڵەسەندنەوە لەناو کۆمەڵگەدا و وەستاندنی کاری هەڕەمەکی لە تۆڵە لێکردنەوە لە پیاوانی ڕژێمی پێشوو لەوانەی تاوانیان کردووە، یاخۆ بەشدارییان تێدا کردووە، هەروەها سەقامگیرکردنی ئاشتی و بووژاندنەوەی ڕەوشی ئابووریی ئەو هاووڵاتییانەی لە ئەنجامی پرۆسەی شەڕ و شەڕەکانی پێشوو و تاوانەکانی ڕژێمدا زیانیان بەرکەوتووە، چونکە ناگونجێ ئەو قوربانییانەی ئازاریان پێ گەیشتووە قەرەبوو نەکرێنەوە، لە کاتێکدا تاوانکاران لەناو عێراق و لە دەرەوەیدا بێ سزای یاسایی دێن و دەچن.

وێڕای ئەوەش خەرجکردنی قەرەبووکردنەوەکان لە سندووقی ناوبراودا پشکداری لە

هەواڵنامەی کتێب

پاککردنەوەی ژینگە دەکـا لە ئاسـەواری شـەڕ چ لەو ملیـۆنان مـینە چێنراوانە بێت، یاخـۆ لە یۆرانیـۆمی پیتێنراو، کە دەبێتە هۆی مـەرگی سـەدان عێراقی بەنەخۆشـیی شـێرپەنجە، هـەروەها بەشـداری دەکـا لە دابینکردنی مـافـە بنەڕەتیـیـەکـانی زیانمـەندان لە قـوربانیـیـانی ڕێژیم و کاریگەرییەکانی شەڕەکانی لە ڕووی دابینکردنی مافی نیشتەجێبوون و مافی لە خزمەتگوزاریی تەندروسـتی و مـافی فـێـرکردن و ڕاژە بنەڕەتیـیەکـانی تر، کـە زۆرێک لـە ڕۆڵەکـانی ناوەڕاسـت و خـواروو بەدەسـتییـەوە دەناڵێنن، هـەروەها کـوردسـتـانیش. جگە لەوەی ئەرکە بنەڕەتیـیـەکانی هـەر ڕێژیمێکی نوێی سیاسی لە عێراقدا ئەوەیە بکۆشێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی لە خزمەتی مـرۆڤـەکـان و مـافـەکـانیـاندایە، دوای چەندان دەیە لە حـوکـمی ڕەشی خـوێناویی حـزبی بەعس و سـەدام، ئەوانەش خـراپتـرین مـاوەی سـیاسـی بوون، کـە بەسـەر مـێـژووی عـێـراقدا تـێ پەڕی لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١دا.

سـاڵی ٢٠٠٥ بۆ دووەمین جار بۆچوونە یاسایی و پێشنیازەکەم لە لێژنەی دەستووریدا خسـتنە بەرچاو، لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقیدا، لێ ئەم پێشنیـازە پاڵپشـتیی لە زۆربەی زۆری ئەندامـەکان بەدەست نـەهێنا، بەبەهانەی ئەوەی ئەم ڕاسپاردەیە بارێکی زۆر لە گەنجینەی دەوڵەت دەنێ، چون قـەرەبـووکـردنەوەی قـوربانیـیـەکـان ئـەرکی سـەرەکی و دەسـتـووریی دەوڵەت نـەبێت و سەرکەوتنی دادپەروەری نەبێت!.

وەک ئەوەی ئەو ملیـارانەی دوای ڕووخـانی ڕژێم لە سـۆنگـەی گـەندەڵیی دارایی و کـارگـێـڕی و ئاکارییەوە تالان کران، هۆکاری یەکەم نەبن لە بەهەدەردانی گەنجینەی دەوڵەت!.

ئەمـەش یەکـێک لەو ئاریشـانە بـوو لە لێـژنەی دەسـتـووردا ڕووبەڕوومـان بووەوە، بەهـۆی بوونی ئەندامێلێکەوە، کە سادەترین بنەماکانی زانسـتی یاسا و ڕۆشنبیریی یاسـاییـیـان نەدەزانی، بەش بەشۆکێی تایەفی و ماڵوێرانیی حزبی هێنابوونی. ئەوی مایەی سـەرسووڕمان بوو ئـەو ئەندامانەی دژ بەبیرۆکەی قەرەبووکردنەوەی زیانمەندان وەستانەوە، یاخۆ لە بەرابەریدا بێدەنگییان هـەڵبژارد، خۆشیان سەر بەو توێژە زیانمەندانی ناوەڕاست و خوارووبوون!

بۆیە پێشنیازەکەمان کە تایبەت بوو بەمافی قوربانییەکان، دەقی مادەی ١٣٢یان لە شوێن دانا و لە دەسـتـووری ئێـسـتـای عـێـراقـدا جـێگـیـر بوو، کـە (ڕوونی دەکـەینەوە) مـادەیەکی ناتەواوە و چارەسـەری هەمـوو مـافـەکـانی قـوربانیـیـان ناکـا، کـە لە ئەنجـامی شـەڕ و تاوانـەکـانی ڕێژیمی پێشووەوە بەپەند چوون.

لەبەر بایەخی بابەتەکە باسـی دەقەکەی ئێسـتـا لە دەستووردا دەکەین و تێبینییەکانمانی لەسـەر دەنووسـین.

## مادەی ١٣٢ لە دەستووری عێراقیی ساڵی ٢٠٠٥

"یەکەم: دەوڵەت چاودێریی کەسوکاری شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان و زیانمەندانی کارە نارەواکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی لەناوبەر دەکا.

دووەم: دەوڵەت قەرەبووکردنەوەی شەهیدان و بەرکەوتووانی ئەنجامی کارە تیرۆریستییەکان دەگرێتە خۆ.

سێیەم: ئەوەی لە بەندی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم مادەیەدا هاتووە بەیاسا ڕێک دەخرێت".

تێبینیی یاسایی هەمبەر دەقی باسکراو:

یەکەم: لە دەقەکەدا دەستەواژەیەکی گشتیی نەرم هاتووە پڕ بەپێستی مەبەستەکە نییە "ئاوڕ لە کەسوکاری شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکانی کارە نارەواکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی لەناوبەر بدرێتەوە".

پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ قوربانییانی شەڕ و تاوانەکانی ڕێژیمی ناوبراو تەنیا (ئاوڕدانەوە) بەشیان دەکا؟

پاشان لە لایەنی دەستووری و یاساییەوە مەبەست لەم ئاوڕدانەوەیە چییە، ئەی سنوورەکەی چەندە؟. داخۆ ئەوی ڕێژیمی لە گۆڕنراو کردی تەنیا کاری (نارەوا)یە وەکو لە دەقە دەستوورییەکەی لە سەرەوە ناومان هێنا؟ یاخۆ (تاوانی مەترسیداری نێودەوڵەتییە، وەکو تاوانی شەڕ و تاوانی دژی ئاشتی و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی)؟

ئاخۆ تەنیا قوربانییەکانی ڕێژیم لەو توێژە کەمەن کە لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە، واتا کەسوکاری شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان و ئەوانەی لە ئەنجامی کارە نارەواکانی زیانمەند بوونە؟

دووەم: لە دەقەکەدا هاتووە دەوڵەت قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی شەهیدان و ئەوانەی لە ئەنجامی (کارە تیرۆریستییەکاندا) بەرکەوتوون، دەگرێتە خۆ. ئەم دەقەش وەک دەبینین تایبەتە بەقوربانییانی کارە تیرۆریستییەکانەوە دوای تەواوبوونی دەستوور، ئەمەش بڕگەیەکە هەرچەندە باشە، بەڵام هیچ پێوەندییەکی بەمافەکانی قوربانییانی ڕێژیمی لەناوبەرەوە نییە، لە کورد و ڕۆڵەکانی ناوەڕاست و خواروو و عێراقییەکانی تر، کە سەدان هەزارن لەوانەی بەر شەڕ و تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە کەوتن.

سێیەم: ئەم مادەیە (١٣٢) ناتەواوی و کەموکورتیی بەرچاوی دەستووریی تێدایە، چارەسەری گرفتە بنچینەیییەکانی نەکرد، چ لە کوردستان یاخۆ لە ناوەڕاست و خواروودا. ئەم ناتەواوییەش لە پشتگوێخستنی زیانە گەورەکاندا خۆ دەبینێتەوە، کە لە ئەنجامی شەڕ و تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو و کارە دوژمنکارییەکانیدا لە ناو عێراق و دژ بە سەرجەم عێراقییەکان کردنی، وەک: ئەنفالەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، کە تا ئێستاکەش هەر لێیان دەدۆزرێتەوە، پیسبوونی ژینگە و

ملیۆنان مینی چێنراو و پاشماوەی یۆرانیۆمی پیتێنراو، لە ئەنجامی تاوان و شەڕەکانی ڕێژیمی سەدام، هەروەها وشککردنەوەی زەلکاوەکان و لەناودانی بێستانەکان و ملیۆنان درەختی بەردار و دارخورما، سەرەڕای ئەو زیانانەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی لە ئاستی نێودەوڵەتی و بۆردمانکردنی شوێنە پیرۆزەکان.

لێرەدا پرسیارەکەمان ئەوەیە: ئاخۆ قوربانییەکانی ئەم تاوانە دزێو و شەڕەماڵوێرانکەرانە شایانی ئەوە نین ڕێژەیەک لە بودجەی (بەفیڕۆچووی) دەوڵەتیان بۆ تەرخان بکرێ، بۆ چاککردنەوەی زیانەکان و قەرەبووکردنەوەی زیانمەندان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەی وا ئاگری تۆڵەسەندنەوەیان لە دڵدا دامرکێنێتەوە و دادپەروەری پیادە بکا و دەرگەکان لە بەرابەر ئاشتی و سەقامگیری لە عێراقی فیدراڵدا بخاتە سەر گازی پشت؟

بۆ گشت ئەمانە پێشنیازی ئەوە دەکەین مادەی ١٣٢ی دەستوور هەموار بکرێ و دوو بڕگەی نوێیشی بخرێتە سەر، یەکیان تایبەتە بەقەرەبووکردنەوەی هەرێمی کوردستان، ئەوی تریش پێوەستە بەقەرەبووکردنەوەی قوربانییانی شەڕەکانی ڕێژیمی لەناوبەر و تاوانەکانی دژ بەرۆڵەکانی ناوەڕاست و خواروو، وا ئێمەش لەم دوو بەشەی خوارەوەی تۆژینەوەکەماندا دەیخەینە ڕوو:

## قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی کوردستان

کوردستان بەدەست ڕێژیمی لەناوبەرەوە تووشی زنجیرەیەک تاوانکاریی مەترسیدار هات و بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد شەڕی درندانەی تێدا کرا، کە لەساڵی ١٩٦١دا بەسەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر هەڵگیرسا و لە ئەنجامی قوربانییەکانی پێشمەرگە قارەمانەکانەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

تێبینیی ئەوەم کردووە زۆرێک لەو وڵاتان و کەسایەتییە مەعنەوی و سروشتییانەی لە سۆنگەی شەڕی ڕێژیمی سەدامەوە بۆ سەر وڵاتی کوێت زیانمەند بوون، بەشێوەیەکی تەواو و ناتەواو قەرەبوو کرانەوە، ئەمەش بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی ژمارە ٦٩٢، کە لە ٢٠ی مەی ١٩٩١دا دەرچووە، هەروەها بڕیاری ژمارە ٧٠٥ کە لە ١٥ی ئۆگێستی ١٩٩١دا دەرچووە، دواتر بڕیاری ژمارە ٧٧٨ کە لە ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا دەرچوو و میکانیزمی خەرجکردنی بڕی قەرەبووکردنەوەکان و پێوەندیی بەبڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی ژمارە ٩٨٦ـەوە).

بۆ نموونە وڵاتی کوێت و دەیان هەزار کۆمپانیا و کەس (لە فەلەستینی و ئوردنی و ئەوانی تر) لەوانەی بەهۆی دوژمنکاری بۆ سەر کوێت داوای بژاردنیان دەکرد، پارەیەکی زۆریان وەرگرت، ئەوەتا تا ئەمڕۆش کوێت قەرەبوو وەردەگرێ.

هەرچی زیان لێکەوتووانی شەڕی عێراق ئێرانن ئەوا پێویستیان بەزنجیرەیەک کاری یاسایی

هەیە، دەبێت چەندان لایەنی نێودەوڵەتی پێی هەستن و بە ڕوو لێنانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت بۆ دیارکردنی ئەو لایەنەی دەستدرێژی و شەڕی دەستپێکرد و بووە شیمانەی بەردەوامی بۆ ماوەی هەشت ساڵ، پاشان بڕیارێک لەم بارەیەوە لە ئەنجوومەنی ئاسایشەوە دەربچێت، دوای ئەوەی لێژنەی بێلایەنی یاسایی و هونەری، کە بۆ ئەم مەبەستە پێک دەهێنرێت و ڕاپۆرتی خۆی بۆ لایەنی پێوەندداری لە ئەنجوومەنی ناوبراو پێشکێش دەکا، چونکە بڕیاری شەڕ وەستاندنی ژمارە ٥٩٨ی ساڵی ١٩٨٨ ئەم بابەتەی لەخۆ نەگرتبوو (کێ شەڕی دەست پێ کرد و قەرەبوو کردنەوە)، بگرە ئەم بڕیارە پێوەندیی بەدیارکردنی سنوورەوە و وەستانی شەڕ و پرسێلی هونەریی ترەوە هەبوو، هیچ پێوەندیی بەبابەتی قەرەبووکردنەوەی لایەنی دەستدرێژی کراوەسەر و زیانمەندانی ئەم شەڕەوە نەبوو.

ئا لێرەدا دەبێت بەڕوونی جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە شەڕی عێراق – ئێران ئاسەواری گەورە و ماڵوێرانیی زۆری بەهەردوولا گەیاندووە، بەهیچ شێوەیەکیش نابێت بەرپرسانی ئێرانی ڕاگەیاندنی دوژمنکارانە و دەمارگرتن بۆ داواکردنی قەرەبووکردنەوەکانی شەڕی ناوبراو لە تاقە لایەنێکەوە بخەنە گەڕ، چونکە ئەم هەڵوێستە دژ بەبنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەوەستێتەوە و زیان بەپێوەندیی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ دەگەیەنێ و ئاژاوە بەرپا دەکا و هانی ئەوەیان دەدات لاپەڕەی ڕق و تووڕەیی بەسەر بکەنەوە و ئازار بەهەموان بگا، هەروەها هیچ بەرپرسێکی عێراقی بۆی نییە ڕاگەیاندن دەرهەق بەئێران بۆ قەرەبووکردنەوە بدا، چونکە هەڵوێستێکی پووچە و پێشێلی دەستوور و یاسا دەکا و جیاکەرەوە لەم بابەتە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەدا ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە.

هەرچی هەرێمی کوردستانە، وێڕای ئەوەی پێویستی بەبڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نییە بۆ بەدەستهێنانی ئەو قەرەبووانەی لەو زیانانەی بەری کەوتن، تەنیا دەقەکەی دەستووری عێراقی بەسە (لە کاتی ئەو هەموارکردنە دەستوورییە تازانەوە)، بۆ مافی هەرێم لە قەرەبووکردنەوەکاندا، یاخۆ دەرکردنی یاسای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەم بابەتەوە، لەبەرئەوەی هەرێمێکە سەر بەدەوڵەتی عێراقی فیدراڵە، تا ئێستا ئەم مافە ڕەوایانە بەدەست نەهاتوون، کە لە ئەنجامی تاوانکارییەکانی ڕێژیمی لەناوبەرەوە دژ بەگەلەکەی کراون، ئەمەش خۆی لە ئەنفالکردنی سەدان هەزار خەڵکی سیڤیلی کورد و لە نێویاندا ٨ هەزار بارزانی و بەهەزاران کوردی فەیلی و وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوند و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لە چەندان ناوچەی کوردستان لەناویاندا هەڵەبجە، سەرباری چاندنی ملیۆنان مین، کە بوونەتە شیمانەی زیانی زۆری جەستەیی و ئابووری، تا ئێستا بەشی گەورەی ئەم مینانە ماون و پێویست بەکۆشش و شارەزایی و پارەیەکی زۆر دەکا بۆ هەڵگرتنەوەیان لە خاکی کوردستاندا.

هەروەها ڕێژیمی لەناوبەری بەعس سیاسەتی خاکی سووتاوی لە کوردستاندا بەکار هێنا و هەستا بەکوشتن و بزرکردنی زۆرەملێ دژ بەگەلێک لەو کوردانەی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی

کوردستاندا نیشتەجێ بوون، وەک چۆن لە بەغدا و دەڤەرەکانی تری عێراقدا ڕووی دا بەتایبەت دژ بەکوردە فەیلییەکان، بۆیە پێویست بەقەرەبووکردنەوەی زیانمەندان دەکا لەو زیانانەی بەر ڕۆح و زەویوزار و شتومەکەکانیان کەوتووە.

لە لایەنی یاساییەوە، بەرپرسیارێتییەکی یاسایی هەیە گەر هەموو لایەنەکانی تەواو بوون، هەڵە و زیان و پێوەندیی هۆکاری، بەم شێوەیە قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەند وەکو پاداشتێکە بەهەڵسان بەبەرپرسیارێتی، ئەو زیانە گەورە و مەترسیدارانەش، کە بەسەر کوردستاندا هاتن، بەمیللەت و خاکەکەیەوە، بەتێپەڕبوونی کات ناکەون، چونکە تاوانی جینۆساید " the crimes of genocide" و تاوانی شەڕە، هەروەها تاوانی دژ بەمرۆڤایەتییە، لە لایەنی یاساییشەوە بەهەمووشیان دەگوترێ "تاوانە نێودەوڵەتییەکان" دژ بەگەلی کوردستان. بەڕاشکاوییش هەریەک لە دادگەی باڵای تاوانەکان و ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی عێراق دانیان پێدا نا.

لەبەر هەموو ئەمانە و بۆ مسۆگەرکردنی تەواوی قەرەبووەکان لەو زیانانەی بەسەر کەسەکاندا هاتن و بەسەر زیندەماڵ و مردەماڵ (اموال منقولە و غیر منقولە)دا هاتن، هەروەها بەسەر سامانی ئاژەڵ و ژینگەدا، کە زەوی و ڕووەک و ئاو و ئەو پیسبوون و وێرانکارییانەی گرتنییەوە، وا پێویست دەکا دادپەروەری بێتە دی و قەرەبووی زیانمەندانی ئەم تاوانانە بکرێنەوە.

هەرچی بڕیارەکانی مادەی ١٣٢ی دەستووری عێراقی ئێستان، تێیدا باس لە قەرەبووکردنەوەی زیانمەندانی تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو و ئاسەواری شەڕەکان لە کوردستان و سەرپاکی دەڤەرێن عێراق نەکراوە و پشتگوێی خستوون، بگرە تەنیا ئەوەی تێدا هاتووە، دەوڵەت دەبێت چاودێریی کەسوکاری شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان و زەرەرمەندان (لە کردەوە ناڕەواکان)ی ڕێژیمی دیکتاتۆریی لەناوبەر لە ئەستۆ بگرێ، هەروەها ئەو کارە تیرۆریستییانەی دوای ڕووخانی ڕێژیم (پێشتر باسمان کردن) ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن.

دەستەواژەی کاری ناڕەوا لە مادە دەستوورییەکەی سەرەوە لە لایەنی یاساییەوە پڕ بەپڕی ماناکەی نییە، دوور نییە ببێتە هۆی لەدەستدانی مافەکانی زیانمەندان، چونکە مانای (ناڕەوا) لە زانستی یاسادا جیایە لە چەمکی (تاوان)ـەوە. ئەو کارە ناڕەوایانەش کە لە دەقەکەدا هاتوون، مانای ئەوەیە ڕێژیمی بەعس و فەرمانڕەواییی سەدام مافی ئەوەی هەبوو سەرکوتیی پیادە بکا و هەر کارێکی زیانبەخشیش دەرهەق بەهاووڵاتییان بکا، کەچی سنووری ڕێپێدراوی بەزاند..!!؟

ئەم ڕێژیمە فاشییە چنگ بەخوێنە هەر هێندەی نەکرد، تاوانی زۆر مەترسیداری بەئەنقەستی ئەنجام داوە و شەڕی ناوخۆ و دەرەوەی هەڵگیرساندوون، کە لە ئاوەزبەدەرن و گشت پێوەر و داوونەریتێکیان بڕیوە و بەدزێوترین تاوان دانران، بۆیە بەتاوانی نێودەوڵەتی ئەژمار کرا.

بەگەڕانەوە بۆ یاسای سزاکانی عێراقیی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو و یاسای دادگەی باڵای تاوانی عێراقیی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی پێوەند

بەرێکخستنی بڕیارەکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان و کۆنەبوونی ئەم تاوانانە، لە ناویاندا ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی قڕکردنی ڕەگەزەکان و سزادان لەسەریان ئەوی ساڵی ١٩٤٨ و ڕێککەوتننامەی کۆنەبوونی تاوانەکانی شەڕ و ئەو تاوانانەی دژ بەمرۆڤایەتی کراون تا١١/١١/١٩٧٠ و بنەماکانی یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

پرسیاری ئێمە ئەوەیە: کوا ئەو دەقە دەستوورییەی مافی قەرەبووکردنەوە دەدا بەزیانمەندانی تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو و ئاسەواری شەڕەکانی لەسەر عێراقییەکان؟.

وێڕای دەرچوونی هەندێک بڕیاری دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق لە هەندێک لەو کێشانەی لەم بارەیەوە خراونەتە بەردەمی و بوونی دەیان هەزار زیانمەندی تر، لەوانەی کێشەکانیان نەخراونەتە بەردەم دادگە و دان پێدانانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بەئەنجامدانی جینۆساید دژ بەکورد و کوردستان و بەهۆی ئەو زیانە گەورەیەی کوردستانی گرتەوە، بەگەل و خاکییەوە و بەمەبەستی چاککردنی زیانەکان، پێویست دەکا قەرەبووی زیانمەندان لە لایەنی مادی و مەعنەوییەوە بکرێن بۆ هێنانە دیی دادپەروەری و نەمانی زۆر و ستەم لەسەریان.

هەروەها بڕوامان وایە ڕێ بدرێ بەکۆکردنەوە لە نێوان مافی زیانمەند لە قەرەبووکردنەوەی لە زیانەکانی لە ئەنجامی تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو و مافی لە قەرەبووکردنەوەدا بەپێی یاسای کار پێکراو (قەرەبووکردنەوەی زیانمەندان لە ئەنجامی پرۆسە شەڕوانییەکان و هەڵە سەربازییەکان و کارە تیرۆریستییەکان)، یاخۆ هەر یاسایەکی تر. بۆ نموونە دوور نییە زیانمەند لە تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو تووشی کردەیەکی تیرۆریستی ببێ، ئەوجا مافی خۆیەتی هەردووکیان کۆ بکاتەوە، چونکە هەر یەکێکیان بنەمایەکی یاسایی هەیە جیایە لەوی تر.

## قەرەبووکردنەوەی زیانمەندان لە ناوەڕاست و خواروو

بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە، ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق زۆربەی زۆریان عەرەبی شیعەن، بەدرێژاییی چوار دەیە لە حوکمی سەدامی لەناوچوو دەرگیری پشتگوێخستن و پەراوێزخستن و سیاسەتی جیاوازکاریی تایەفی هاتن. ئەم سیاسەتە ستەمکارانەیە زۆر بەڕوونی لەگەڵ سەرکەوتنی سەدامی دیکتاتۆر بۆ کورسیی دەسەلات لە ساڵی ١٩٧٩دا بەرجەستە بوو، دواتریش لە کاتی شەڕی عێراق – ئێران و ئەوی بەدوایدا هات لە دوژمنکاری بۆ سەر وڵاتی کوێت و پاش دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین و بەرزکردنەوەی دروشمی (لەمڕۆ بەدواوە نابێت شیعە هەبێ)، تا ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری لە نیسانی ٢٠٠٣دا.

تاوانەکانی ڕێژیمی گۆڕ بەگۆڕ و شەڕەماڵوێرانکەرەکانی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروودا خۆی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەبینێتەوە، کە دۆزرانەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەکەونە بەرچاو، ئیدی گەر ئێسک و پرووسکی ئەوانە بن کە دژ بەم شەڕانە بوون، یاخۆ ئەوانی لە ڕاپەڕینە

جوامێرانەکەدا بەشدار بوون لە دوای ئاگربەستی گەردەلوولی بیاوان لە ساڵی ١٩٩١دا، یاخۆ لە قوربانییانی سیاسەتی بزرکردنی بەزۆر و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانە هەڕەمەکییەکان. لێرەدا ئەوەندە ئاماژە بەسە بۆ ئەنجامدانی تیمەکانی مەرگی سەر بەقوسەیی گۆڕ بەگۆڕ بە لە داردانی ٢٠٠٠ کەس لە ڕۆڵەکانی ناوەڕاست و خواروو لە گرتیگەی ئەبوغرێب لە ڕۆژێکدا لەوانەی لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارییان کرد، ئەمەش لە کاتی ئەو هەڵمەتەی بەپاککردنەوەی گرتیگەکان ناوی دەرکرد، بێ پاساوێکی یاسایی و بێ هۆیەکی ئاکاری یاخود مرۆییانە. ڕێژیمی بەعس هەستا بەڕۆکێت بارانکردنی شوێنە پیرۆزەکان و سەرکوتی شۆڕشگێڕان و بۆمبارانکردنی ئامانجە سڤیلەکان و خەڵکەکە، وەک چۆن لە کەربەلا و نەجەف و دەڤەرەکانی تردا ڕوویان دا.

هەروەها ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروو دەیانناڵاند بەدەست پاشماوەکانی شەڕە مەترسیدارە تێربووەکان بەیۆرانیۆمی پیتێنراو، کە زیانێکی زۆری بەژینگە و مرۆڤەکان گەیاند. تاوانێکی تری ڕێژیمی سەدام لەم شوێنانەدا وشککردنەوەی زەلکاوەکان و وێرانکردنی ژینگە و سووتاندنی بێستانەکان و لەناوبردنی ملیۆنان دارخورما و درەخت، بەتایبەت لە پارێزگەی بەسرە، سەرەڕای بوونی ملیۆنان مین لە پاشماوەکانی ئەم شەڕانە لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگەکانی بەسرە و عیمارە و ناسرییە و سەماوە و ئەوانی تریش. گشت ئەمانە زیانێلێکن ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق تووشی هاتن لە سۆنگەی شەڕ و تاوانەکانی ڕێژیمی لەناوچووەوە.

ئەم زیانمەندانە هەرچەندە تا ئێستا بەشێکی کەمیان داوایان لە دادوەری بەرز کردووەتەوە، بەڵام قەبارەی زیانەکان و زۆریی ژمارەی زیانمەندان و هەمەڕەنگی زیانەکان لە سەرووی وزە و توانای دادوەریی عێراقییەوەن. تا ئێستا بەسەدان هەزار زیانمەند هەن لەبەر گەلێک هۆ داخوازییەکانیان بەرز نەکردووەتەوە تاکو داوای مافەکانیان بکەن، هەروەها کێشەیەلێکی زۆر گرینگ هەن لەلایەن دادوەریی عێراقییەوە تەماشا نەکراون، بەتایبەت ئەوانەی پێوەندن بەپاککردنەوەی ژینگە لە مین و یۆرانیۆمی پیتێنراو و وشککردنەوەی زەلکاوەکان و زۆری تریش، جگە لەوەی دادوەریی عێراق لە بڕیارەکانی لەسەر پرەنسیپی بڕیاردان بەقەرەبووکردنەوەی کەم بۆ ئەوانەی زیانمەند بوونە سەقامگیر بوو، بەڵام لەگەڵ قەبارە و قووڵیی ئەم زیانانەدا نایەتەوە.

وێڕای تێپەڕبوونی چەندان ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆریدا، زیانەکان تا ئێستا ماون بێ ئەوەی هیچ هەنگاوێکی شێلگیرانە بۆ چاککردنەوەیان بنرێ، هێشتا سەدان هەزار قوربانی و کەسوکاریان هەن قەرەبوو نەکراونەتەوە، یاخۆ شتێکی کەمیان پێ دراوە. پێویستە گەنجینەی دەوڵەتی عێراق خەرجیی قەرەبووکردنەوەی تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو و شەڕەکانی و ئاسەوارەکانی لەم ناوچانەدا لە ئەستۆ بگرێ.

هەرچی مافی کوردە فەیلییەکانی دانیشتووی ناوەڕاست و خواروون بەر لە کۆچ پێکردنیان، دەقەکە بەڕاشکاوی وەڵام بەمافەکانیان لە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی پێیان گەیشتوون دەداتەوە، ئەوانیش شایان بەقەرەبووکردنەوەی زیانەکانیانن، هەرکەس و بەپێی شوێنی

نیشتەجێبوونی پێشووی بەر لە کۆچ پێکردنی، چونکە زیانمەند هەن هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان نەبوونە، بۆیە مافی قەرەبووکردنەوەی لە سندووقی قەرەبووکردنەوەی تایبەت بەرۆڵەکانی ناوەڕاست و خوارو دەبێت، وەک ئەوانەی نیشتەجێی بەغدا یا دیالە یاخۆ کوت بوون.

بێگومان ئەم کردەوانەی ڕێژیمی پێشووی عێراق ناکرێ بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان بەکاری نارەوا دابنرێن، ئەمەش بەپێی ئەوەی لە دەقی مادەی ١٣٢ی دەستووردا هاتووە، بگرە لە بابەتی تاوانە نێودەوڵەتییە بەئانقەستە مەترسیدارەکانە، کە پێویستە سزا بەهەر کەسێک بگەیەنرێ، پێی هەڵساوە، یاخۆ بەشدار بووە، یا ڕێخۆشکەری کردووە، یان هانی ئەنجامدانی ئەم تاوانانەی داوە و بڕیاری قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بەزیانمەند بگەیەنرێ.

بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە بڕوامان وایە بنەماکانی دادپەروەری وا دەخوازێت بەویژدانەوە لە قوربانییانی ناوەڕاست و خوارو بڕوانێت و چارەسەری زیانەکان بکا، کە لە ئەنجامی ئەم تاوان و شەڕانەوە دروست بوون، لە میانەی زیادکردنی بڕگەیەک بۆ مادەی ١٣٢ی دەستوور (بەپاڵ ئەو بڕگەیەی تایبەتە بەکوردستانەوە)، کە تێیدا هاتووە ڕێژەی ٥٪ لە داهاتی نەوت بەپێی یاسایەک تەرخان بکرێ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دەرچێت و پرۆسەی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و وردەکارییەکانی تری پێوەند بەبابەتەکەوە لە ئەستۆ بگرێ.

ئێمە لێرەدا ئەگەرچی بەدیارکراوی ناوی زەرەرمەندانی کورد و شیعەمان هێنا، بەوپێیەی لە گشت عێراقییەکان زیانمەندترن، ئەوانەی بەدرێژایی چوار دەیەی ڕابردوو تووشی ئازار و دارکاری هاتوون، ئەم سندووقە پێشنیازکراوە دەبێت هەر عێراقییەکی زیانمەند لە ڕۆڵەکانی کوردستان و ناوەڕاست و خوارووش بگرێتەوە لە ناویاندا (کوردانی فەیلی و تورکمان و کلدوئاشووری و سریان و سابیئەی مەندایی و یەزیدی و ئەوانی تر) بەشێوەیەک یاسای تایبەت یەکلای بکاتەوە، کە دەبێت لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بەپێی مادەی ١٣٢ی دەستوور دەربچێت، دوای هەموارکردنی بڕگەکانی.

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا پێشنیاز دەکەین دەقی مادەی ١٣٢ی دەستوور بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

## دەقی دەستووریی پێشنیازکراو

مادەی ١٣٢:

یەکەم: دەوڵەت چاودێریکردنی کەسوکاری شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان و زیانمەندانی تاوانەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی لەناوچوو لە ئەستۆ دەگرێ.

دووەم: دەوڵەت قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی شەهیدان و ئەوانەی لە سۆنگەی کارە تیرۆریستییەکانەوە بەرکەوتوون لە ئەستۆ دەگرێ.

سێیەم:

أ- ڕێژەیەک لە داهاتی نەوت، کە لە ٥٪ پتر نەبێت تەرخان بکرێ بۆ سندووقی قەرەبووکردنەوەکانی کوردستان، ئەمەش لە سۆنگەی تاوان و ئاسەوارەکانی ڕێژیمی سەرکوتکەرەوە و بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ. ئەم ڕێژەیەش ناچێتە ناو ڕێژەی ١٧٪ی بەشی بڕیار لەسەر دراوی هەرێمی کوردستانەوە.

ب- ڕێژەیەک لە داهاتی نەوت تەرخان بکرێ لە ٥٪ ی تێپەڕ نەکات، بۆ سندووقی قەرەبووی زیانمەندانی ناوەڕاست و خوارو، لە تۆڵەی تاوان و ئاسەواری شەڕەکانی ڕێژیمی لەناوبەرەوە بەدرێژایی ٣٠ ساڵ.

چوارەم: ئەوی لە بەندی (یەکەم) و (سێیەم)ی ئەم مادەیەدا هاتووە بەیاسایەکی تایبەت بۆ هەریەکیان ڕێک دەخرێت.

ئا لێرەدا لەسەر دەستەواژەیەکی پاراو دەوەستین، کە لە دەستپێکی ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە یاسا پارێزگاریی مافەکانی مرۆڤ لە ئەستۆ بگرێ، تاکو مرۆڤ لە کۆتاییدا ناچار نەبێت لە سەرکوت و بێ مافی هەڵگەڕێتەوە.

٢٦ی ئایاری ٢٠١٠

هەواڵنامەی کتێب

ئەزموونی ئاینی

# ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی خواییدا چ دەگەیەنێ؟*

نووسینی: مایکل پیتەرسون، ویلیام هاسکو

لە زۆربەی زۆری کەلەپوورە ئاینییە جۆراوجۆرەکاندا، خەڵکی ڕاگەیەنەری ئەزموونی خوایی و نیروانا و بەرهەمەنەن و وا هەست دەکەن ئەم شێوە ئەزموونانە مانا و ئاراستەیەک بە ژیانیان دەدا. لە سەدەی هەشتەمی پێش زاییندا، پێغەمبەری عیبرییەکان، بەم شێوەیە گوزارش لە ئەزموونی خۆی لەبارەی خواوە دەکا و دەڵێ:

> ئەو ساڵەی کە پادشا عوزەیا کۆچی کرد خوام بینی لەسەر کورسییەکی بڵند و بەرز دانیشتبوو داوێنی پڕ لە پەیکەر بوو لەسەر سەریەوە ئیسرافیلەکان وەستابوون هەریەکەیان شەش باڵی پێوە بوو... یەکێکی تر هاواری دەکرد و دەیگوت «پیرۆز، پیرۆز، پیرۆز خوای مەزن و گەورە هەموو سەرزەمین پڕە لە مەزنیی ئەو». پاشان گوتم «قوربەسەر خۆم! بۆ خۆم نوغرۆ بووم! منێک کەسێکی دەمپیسم و لەنێو قەومی دەمپیساندا دەژیم و کەچی چاوەکانم بە دیداری خوا ئاشنا بووە، شای هەموو شاهانی بینیوە.»(١).

یەکێ لە ئەزموونە بەناوبانگەکانی تری مەسەلەی خوایی لە نووسینەکانی ئاگۆستینوس (٣٥٤ز-٤٣٠) یەزدانناسی مەسیحی بەناوبانگی باکوری ئەفریقیا دەبینرێ:

ئەم پرسیارانەم لە خودی خۆم دەکرد و دەمگوت («بۆچی لەم سەردەمەدا مۆرێکی کۆتایی نانێن بەتەوێڵی گوناهە گەورەکانمەوە؟»)، سەراپا دەگریام و خەمێکی تاڵ لە سینەمدا گرمۆڵە بووبوو، تا لە پڕ لە ماڵەکەی تەنیشتمەوە گوێم لە هاوار و ناڵەی گریانی منداڵێک بوو، نەمتوانی بزانم ئاخۆ دەنگی منداڵێکی کوڕە، یان کچ، بەڵام بەردەوام ئەم وتەیەی دەگوتەوە «دەستی بدەرێ و بیخوێنە،

............................................

* وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

دەستی بدەرێ و بیخوێنە» لەم کاتەدا بیرم کردەوە و کەوتمە سەرەنێزە، ناشێ ئەمە گەمەی منداڵان بێت و ئەم سرووودەی تێدا بگوترێتەوە. تەنانەت نەمتوانی ئەوەش وەبیر خۆم بهێنمەوە ئاخۆ بڵێی پێشتر ئەم وشانەم بیستبێ. ڕێگەم لە فرمێسکەکانم گرت و هەستامە سەرپێ و بەخۆم گوت، ئەم هاوارە تەنیا دەکرێ هاواری فرمانی خوا بێت بۆیە کتێبەکەم هەڵگرت و یەکەمین ئەو لاپەڕەی کە چاوەکانم دەیانبینی خوێندمەوە(٢).

هەندێ ئەزموون هەیە کەمتر بەدەستدانەوە هەستییەکانی تێدایە (بگرە بەهیچ جۆرێک ئەو شێوانەی تێدا نییە) لە جیاتیی ئەمەش پێوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە، ئەم وەسفەی خوارێ سەبارەت بە هۆشیاری لەبارەی خودی گشتگیرییەوە نیشاندەری ئەم کارەیە:

نە لە ڕێگەی نیشانەوە وەدەست دێت، نە تەنانەت لە ڕێگەی وتنیشەوە،

نە لە ڕێگەی هەست و نە لە ڕێگەی کۆشش و هەوڵ و ڕەنجیشەوە.

بگرە لە ڕێگەی ئارامییەوە، ئەو ئارامییەی سەرچاوەکەی زانینە و بەیارمەتیی خووی پاک دامەزراوە.

بەڵێ تاک لە ڕێگەی چاودێرییەوە خوای مەزن دەبینێ

ئەو خوایە دەبینێ، خوایەکی تاک و تەنیا و سادەیە(٣).

چۆن دەبێ لەم شێوە ئەزموونانە بگەین؟ دواجار لەم بەشەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەزموونی ئاینی چییە، ئاخۆ ئەزموونە ئاینییە لێکدراوەکان ناوکێکی هاوبەشیان هەیە، ئاخۆ بۆ ئاراستەکردنی بڕوا ئاینییەکانمان دەتوانین سوود لە ئەزموونی ئاینی وەرگرین؟

## جۆرەکانی ئەزموونی ئاینی

ئەزموون ڕووداوێکە بەسەر مرۆڤدا تێ دەپەڕێت (جارێک وەک چاودێر و جارێکیش وەک بەشداربوو) ئاگای لەو ڕووداوە هەیە و دەزانێ چییە. بۆ نموونە، ئەزموونی پێشبڕکێی جیهانی بیس باڵ بەشدارانی ئەو پێشبڕکێیە دەتوانن هەم تەماشاکەر بن و هەم یاریکەر، هەروەها ئەگەر هاتوو ویستمان بەمانایەکی فراوانتر و ڕاستگۆیانە لەم مەسەلەیە بگەین، دەکرێ لە ڕێگەی بینینییەوە لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن، یان بیستن لە ڕادیۆوە بێت. گەلێک ئەزموونی هەمەچەشنمان هەیە، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستمانە ئەزموونی ئاینییە. ئەزموونی ئاینی لە ئەزموونەکانی تر جیاوازە، کەسی پێوەستدار بەم ئەزموونە بە کەسێکی سوپەرناتوراڵ(١)

دادەنرێ (واتە خواوەند، یان دەرکەوتنی خواوەند لە کارێکی ئەودا)، یان وەکو بوونەوەرێک

(١) هێزی ناسروشتی واتە لە هێزی سروشتی بەدەر بێت، بۆ نموونە کەسێک بتوانێ شتێک ئەنجام بدات کە کەسانی ئاسایی نەیتوانن.

هەواڵنامەی کتێب

تەماشا دەکرێ بەجۆرێک لە جۆرەکان بە خواوە پێوەستە (بۆ نموونە دەرکەوتنی خواوەند یان کەسایەتییەکی وەک مریەمی پاکیزە)، یان وەک بوونەوەرێکی دواین ڕاستی تەماشا دەکرێ، ڕاستییەک کە وەسف ناکرێ (لە بابەتی پرسی پەتی دووان نەپەرستان و براهمان و یان نیرڤانا Nervana).

«ئەزموونی ئاینی» وەک «دەسکەوتنی تێگەیشتنی قووڵی insight ئاینی» نییە.

دەبێ زۆر ئاگامان لەم جیاوازییە هەبێت، بەپێی بەکارهێنانی ئێمە وەک دەزانین ئەزموونی ئاینی پێویستی بە ڕووبەڕوبوونەوەیە لەگەڵ خوا، یان دواین ڕاستی، بەڵام دووەمیان پێویستی بەم کارە نییە. بۆ نموونە، [گریمان] کەسێک گڵی باخچەی ماڵەکەی خۆشە دەکا، لەم کاتەدا بۆی دەردەکەوێ ئەگەر ڕەگی ئەو درەختانە نەبڕێت کە لەو نزیکانەن، وردە وردە ڕەگەکان پێشڕەویی دەکەن و سەوزیی باخچەکەی لەناو دەبەن. مرۆڤ دەتوانێ ئەم دیاردەیە ببینێ و لە سەرچاوەی ئەو دیاردەیەوە بۆچوونێکی لا دروست بێت لەبارەی پێشڕەوکردنی گوناه و دەسەڵاتی گوناه بەسەر ئێمەدا. ئەڵبەتە بۆ ئەوەی باخەوان لە چەمکی گوناه بگات (کە برێتییە لە شێوە یاخیبوونێک لە خوا)، دەبێ پێشتر بۆچوون و تێگەیشتنێکی لەبارەی خواوە هەبێ، بەڵام پێویست نییە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕوانینە قووڵە هەر دەبێ بە ئەزموونی خواییدا تێپەڕێ. واتە هەندێ لە ڕووداوەکان لە کاتی ئەزموونە ئاساییەکانمان دەبنە هۆی ئەوەی ڕوانینێکی قووڵمان دەست بکەوێ لەبارەی ڕووی ناماتەریالی خۆمانەوە، یان لەبارەی ڕێژەی نێوان خوا و جیهانەوە، بێ ئەوەی لەنێو ئەو ڕووداوانەدا ئەزموونی خوایی ئەنجام بدەین.

ئەڵبەتە ئەزموونی ئاینی دەتوانێ سەرچاوە و سەرهەڵدانی ڕوانینی قووڵی ئاینی بێت. ئەشعیا و ئاوگوستین هەردووکیان لە ڕێگەی ئەزموونی خواییەوە، بۆچوونێکیان لەبارەی ماهییەتی خوا و لەبارەی گوناهەکانیانەوە دەست کەوت. بەڵام کەسێک بێ ئەوەی بەئەزموونی ئاینیدا تێ پەڕێ، یان بڕوای بە بوونی خواش هەبێت دەتوانێ تێگەیشتنی قووڵی ئاینیی هەبێت، بەمەرجی ئەزموونی ئاینی ئەوەیە کە خوا، یان دواین ڕاستیی بابەتی ئەو ئەزموونە بن، یان وەکو بابەتێکی ئەو ئەزموونە وەرگرێ.

ئێمە بە ڕێگەی جۆراوجۆر خوا، یان دواین ڕاستی تاقی دەکەینەوە. ڕیتشارد سوین بۆرن Richard Swinburne (؟ –١٩٣٤) پێنج شێوە ئەزموونی ئاینی دەخاتە ڕوو، هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە ئەو ئەزموونانەش پۆلێن دەکا(٤). بە بڕوای ئەو، ئەم پۆلینکردنە کۆکەرەوە و لەمپەرە.

١– ئەزموونی خواوەندە، یان دواین ڕاستی لە ڕێگەی شتێکی هەست پێکراو و لە کاتی ئەزموونەوە شتێکی گشتگیر و تێکڕایە. بۆ نموونە ڕەنگە تاک لە پەیکەری کەسایەتییەکی پیرۆزدا icon، یان ئاوابوونی ڕۆژ، یان ئۆقیانووسدا خوا ببینێ. پەیکەری کەسێک یا ڕۆئاوابوون ئەمانە خوا نین، بەڵام مرۆڤ لە قاڵبی ئەم کارانەدا، یان لە ڕێگەی ئەو شتانەوە لەگەڵ خوا، یان لەگەڵ

دیمەنەکانی سەرووی سروشت ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

لە ڕێڕەوی دەشتێکی چۆڵدا، لە چاڵێکی پڕ لە بەفردا، لە تاریک و ڕووناکیی شەفەقدا، لەژێر ئاسمانی هەورگرتوو و من لە شاگەشکەیی پڕ بووم، لە دارستاندا، گەنجایەتیی نەمر لە بەردەوامیدایە. لەم پێدەشتە سەوزانەی خوادا، دەسەڵاتێکی شایستە و پیرۆز، فیستیڤاڵی نەمریی دامەزراندووە، لەسەر زەوییەکی ڕووت وەستاوە ــ سەرم لەبەر نسرمی بایەکدا نیشتەوە و بەرەو ئاسمانی بێ کۆتایی هەڵفڕی ــ تەواوی خۆپەرستییەکانم لەناوچوون. بووم بەدوو چاوی ڕووناک، من هیچم، هەموو شتێک دەبینم؛ شەپۆلی بوونی گەردوونی Universal Being لە مندا ڕێ دەکا؛ من بەشێک، یان پارچەیەکم لە خوا[٥].

٢– ئەزموونی خواوەند یان دواین ڕاستی لە ڕێگەی شتێکی هەستیاری، نەزانراو و جەماوەری public. بۆ نموونە، ڕەنگە کەسێ کارێکی سوپەرناتوراڵ لە ڕێگەی لۆردی پاکیزە Virgin of Lourdes یان ئەو درەختەی کە گڕی گرتووە و ناسووتێ تاقی بکاتەوە. کاتێ مووسا شوانیی مەڕوماڵاتی یەترۆ jethro ی خەزووری دەکرد. لە نێو درەختێکی گڕگرتووەوە فریشتەی خوای بینی هاتە لای، کاتێ تەماشای دەکرد دەیبینی درەختەکە گڕی گرتووە و کەچی ناسووتێ.. خوا لەنێو ئەو دارۆچکەیە لێی چڕی و گوتی «ئەی مووسا، ئەی مووسا!»[٦]. ئەم دەرکەوتنە appearance کارێکی هەمەلایەنەیە، واتە کەسانێکی زۆر ئەگەر لەو جێگەیە ئامادەبوونایە کە ڕووداوەکە ڕووی دابوو ئەو شتەیان دەبینی و بەم ڕێگەیەش خوایان ئەزموون دەکرد، بەڵام ئەم دیاردانە نەزانراو و نەناسراوە، لەبەرئەوەی خەڵکانێکی کەم هەن کە بڵێن لۆدری پاکیزەمان بینیوە و تەنیاش مووسا بوو دەیگوت ئەو درەختۆکەیەکی گڕگرتووی بینیوە و نەسووتاوە.

٣– ئەزموونی خواوەند، یان دواین ڕاستی لە ڕێگەی دیاردەی تاکەکەسەوە کە بە ڕێگەی زمانی هەستی ئاساییەوە دەکرێ وەسف بکرێ. بۆ نموونە دەکرێ کەسێک لە خەودا، یان بە بینینێک vi-sion خوا تاقی بکاتەوە؛ هەروەک نموونەکەی بوتروس. بوتروس لە حاڵەتی خەودا چادرێکی بینی لە ئاسمانەوە شۆڕ بووەتەوە ئەو چادرە پڕە لە گۆشتی گیانداری حەرام[٧].

بینینەکان، یان خەون و بانگە غەیبییەکان locutions ئەگەرچی ئەمانە لە قاڵبی زمانی هەستیدا بەیان دەکرێن، بەڵام ئەم شتانە تەنیا لای کەسێک دەکرێ ڕوو بدەن. لە نمازخانەیەکدا دادەنیشتم و لە هەمان کاتدا چێژم لە دوعا و قووڵبوونەوە meditation وەردەگرت. لە پڕ لە دەروونەوە هەستم بە ئاگرێکی خۆش و نامۆ کرد. تا ماوەیەکی درێژ حەیران بووم ئاخۆ ئەم گەرمایە لە چ جێگەیەکەوەیە هاتبێ. تا لە دواییدا بەئەزموون بۆم دەرکەوت ئەو گەرمایە لای دروستکەرەوەیە و پاشان خۆشتر و دڵگیرتر هەستم بەو گەرمییە کرد[٨].

٤– ئەزموونی خواوەند، یان دواین ڕاستی لە ڕێگەی دیاردەی تاکەکەسییەوە کە لە قاڵبی زمانی هەستی ناسراودا ناکرێ وەسف بکرێ. لێرەدا تاک هەست بە شتێک دەکا، یان شتێک دەبینێ،

بەڵام ئەو شتە لە ئەزموونەکەی ئەودا کاریکە وەسف ناکرێت. بۆ نموونە، تیریزای پیرۆز (١٥١٢–١٥٨٢) ئەم ئەزموونەی خوارەوە دەگێڕێتەوە:

لە جەژنی پڕ شکۆیی سانت بوترسدا لە حاڵەتی نوێژکردندا بووم کاتێ لە تەنیشتی خۆمەوە مەسیحم بینی، یان باشتر بڵێم لە ئامادەبوونی وەئاگا هاتم، هەر بۆیەش نە بەچاوی سەرم و نە بەچاوی دڵم شتێکم نەدەبینی. هەستم دەکرد ئەو بە تەواوی لە منەوە نزیکە و دەمبینی و وام هەست دەکرد کە خودی ئەوە لەگەڵمدا دەدوێ... تەواوی کاتەکە وا پێ دەچوو عیسای مەسیح لە تەنیشتمەوەیە بەڵام ئەم کارە دیدارێکی وەهمی نەبوو، نەمدەتوانی لە هیچ قاڵبێکی بینیندا وەسفی مەسیح بکەم، بەدرێژاییی ئەو ساتە بە ئاشکرا هەستم دەکرد تەواو ئەو لە پشتی سەرمەوە ئامادەیە و دەروانێتە تەواوی کارەکانم[٩].

٥- ئەزموونی خواوەند، یان دواین ڕاستی بێ بوونی هەر جۆرە کارێکی هەستی. [لەم حاڵەتەدا] تاک بەشێوەی دیتن و بێ نێوەند ئاگەداری خواوەند، یان ئەو تاک و تەنیا موتڵەقە the One دەبێتەوە. نیکولاس کوزای (١٤٠١–١٤٦٤) لە ڕوحناسەکانی ڕۆئاوایە، دەنووسێ:

بەڵام ئەو شتەی کە پەیکەرەکەی تۆ ئاماژەی بۆ دەکا من دەیبینم، بینینێک نەک لە ڕێگەی چاوانی زاهیریم، بگرە بە یارمەتیی چاوانی ڕۆح و عەقڵم. بەیارمەتیی ئەو هەموو شتانەیە کە ڕاستیی نەبینراوی ڕوخساری تۆم لا ئاشکرا دەبێ. ڕاستییەک کە لەو پەیکەرەی تۆ و لە پشتی سێبەر و هێڵەکانیەوە شاراوەیە. سیمای ڕاستەقینەت بێ سنوورو هێڵە، جێی گومان نییە؛ پێوەست بە زەمەن و جێگەوە نییە، چون سیمای تۆ وێنەیەکی موتڵەقە، وێنەی وێنەکانە[١٠].

هیندۆیزم و بۆدیزمەکان لە پلە و پایەکانی چاقێری باڵادا، دەوڵەمەندترین شرۆڤەکردنیان لەبارەی ئەم شێوە ئەزموونانەوە پێشکێش کردووە:

کەسێک کە دەکەوێتە نێو یەکەمین پلەی هەلەکەبوون trance، دەنگ لە دەست دەدا، کە چووە نێو دووەم پلەی هەلەکەبوون توانای بەڵگاندن و قووڵبوونەوەی نامێنێ، کە هەنگاوی نا بەرەو سێیەمین پلەی هەلەکەبوون شادی لەدەست دەدا، کە چووە چوارەمین پلەی هەلەکەبوون هەناسەدان و وەرگرتنی هەناسە لە دەست دەدا، کەسێک بچێتە نێو مەملەکەتی بێ سنووری بۆشاییەوە، توانای درککردنی وێنە لە دەست دەدا، کە ڕۆیشتە نێو مەملەکەتی بێ سنووری ئاگاییەوە، درک پێکردنی مەملەکەتی بێ سنووری بۆشایی لە دەست دەدا؛ کەسێک کە بچێتە نێو مەملەکەتی نەبوونەوە nothingness، درک پێکردنی مەملەکەتی بێ سنووری ئاگایی لە دەست دەدا[١١].

ڕەنگە ژمارەی ئەو ئەزموونانە کەم بن کە بکرێ تەنیا لە یەک چیندا جێگەیان بکرێتەوە. بۆ نموونە نیکولاس کوزای لە سەرەتادا ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی لەگەڵ ئەو پەیکەرەدا بە ئەزموونێک دادەنێ کە پشت بەبینین دەبەستێ، بەڵام لە کۆتاییدا دەڕوانێتە ئەزموونی خواوەند وەک ئەزموونێکی ناهەستیاری. بەرامبەر بەمە باشتر وایە لە جیاتیی چین بەچینکردنی ئەم ئەزموونانە،

هەوڵ دەین بەشێوەیەکی هەمەلایەنە لە ماهییەتی ئەزموونی ئاینی بگەین. گرینگترین خاڵ ئەوەیە کە ئەزموونە ئاینییەکان هەمەچەشنن و ئەو کەسانەشی لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم ئەزموونانەوە ئەنجام دەدەن دەبێ زۆر وردبین بن تا ئاگایان لەو هەمەچەشنییە هەبێ.

بەڵام ئەم بابەتە بۆ پرسیارێکی تر ڕێنوێنیمان دەکا ئەو پرسیارەش برێتییە لە: ئاخۆ ئەزموونی ئاینی چییە؟ یان بە شێوەیەکی تایبەتیی تر، ئەزموونی ئاینی چ جۆرە ئەزموونێکە؟ بۆ ئەم پرسیارە سێ وەڵام پێشکێش کراوە.

### ئەزموونی ئاینی شێوەیەکە لە هەست

لە نووسینە کاریگەرەکانی سەدەی نۆزدەمی فردریک شلایرماخەر ( ١٧٦٨–١٨٣٤) ئاماژە بەوە دەکا کە ئەزموونی ئاینی، ئەزموونێکی عەقڵی intellectual یان مەعریفی cognitive نییە، بگرە (هەستکردنە بە پشتبەستنی تەواو و ڕەها بە پرەنسیپ و دەسەڵاتێکی دیار لە دنیادا.)[١٢]. ئەم ئەزموونە، ئەزموونێکە کە خۆت بەچاوی خۆت بیسەلمێنی self-authenticating کە ڕاستیی ئەو ئەزموونە پێوەستە بە خودەوە، سەربەخۆیە لە چەمک و ئایدیا و بڕوا و کارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەزموونە جۆرێکە لە ئەزموونی هەست و باڵادەستترە لە جیاوازیی چەمکەکان. بۆیە ناتوانین وەسفی بکەین. ئەم ئەزموونە، هەست و سۆزدارییە affective نەک مەعریفی.

کەسانێکی زۆر، لەوانە ڕودۆڵف ئۆتۆ (١٨٦٩–١٩٣٧) کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەم بۆچوونەوە. ئۆتۆ ئەوە بەڕاست دەزانێ کە لە خوادا هەندێ خەسڵەت و ڕوو هەن کە عەقڵ دەتوانێ بیاندۆزێتەوە. ئێمە بەشێوەی لێکچوواندن دەتوانین هەندێ خەسڵەت بە خوا بدەین، لەو خەسڵەتانەش ڕوحمەندی، مەبەستخوازی، ئیرادەی چاکە، بوونی هێزی موتڵەق، تاکایەتی. «تەواوی ئەم وەسفانە لە کۆمەڵێ چەمکی ڕوون و دیاریکراو پێکهاتوون، عەقڵ دەتوانێ تێیان بگا؛ بیرکردنەوە دەتوانێ شییان بکاتەوە؛ تەنانەت لەو چەمکانەش دەتوانرێ پێناسەیەک گەڵاڵە بکرێت و بخرێتە ڕوو»[١٣]. بەڵام بەڕووکردنە پلە قووڵەکانی تری خودی خواوەند (واتە پیرۆزیی ئەو)، ناکرێ لە ڕێگەی عەقڵەوە خوا بناسرێ؛ خوا شتێکە وەسف ناکرێ. ئێمە دەبێت بەشتێکی باڵاتر لە عەقڵ (بۆ نموونە بە هەستەکان) پیرۆزیی خوا ئاشکرا بکەین.

ئەزموونی ئاینی جۆرێکە لە هەست، یان بەشێوەیەکی باشتر، ئەزموونی ئاینی کۆمەڵێک هەستی ئاڵۆزە. ئەم هەستانەش بەشێوەی جۆراوجۆر دەردەکەون:

ڕەنگە هەندێ کات هەستەکان (نهێنییەکی پڕ هەیبەت) برووسکەئامێز وەکو نەسیمێکی دڵگیر خۆیان بکەن بە ژووردا و، ڕۆحیش لە ئارامییەکدا نقوم کات کە بەری قووڵترین ساتی پەرستی بێت. ڕەنگە ئەم هەستە بۆ بارودۆخێکی ڕۆحیی سەقامگیر و هەمیشەیی بگۆڕێت، بە شێوەی لەرز و موچڕکە دووبارە لە شێوەی ترس و خۆبەدەستەوەدان بەردەوام بێت، ڕەنگە لەپڕ بە شێوەی خرۆشانێکی فەوەران ئاسا لە قووڵاییی ڕۆحەوە سەر دەربێنێ و لەگەڵ هێز و تەکانێکی توند

هاوکات بێت، یان بە ورووژمێک ببێتە هۆی ئەنجامێکی سەیروسەمەرە، یان پەرێشانییەکی بێ ئاگایانە، یان حاڵەتی دەروێشانە و لەخۆبووردوویی[١٤].

ئۆتۆ لە سێ جۆر هەستی تایبەتدا مەسەلەی نومینۆیسی the numinous دۆزییەوە، جۆری یەکەم، هەستی پێوەندی و پشتبەستنە dependence. ئێمە تەنیا بوونەوەرێکین (بەرامبەر بەو بوونەوەرەی کە لە سەرووی هەموو بوونەوەرەکانە، لە خۆنەبوونیدا ئابڵووقەدراو و خنکاوین.»[١٥]. جۆری دووەم، هەستی ترسی ئاینییە (یان تۆقاندن awe ) بێ دەسەڵاتییە بەرامبەر بە (نهێنییەکی پڕ هەیبەت). لە کاتی «بینینیsight » خوادا دەکەوینە لەرزین و سەرەنجام [جۆری سێیەمە]، کە برێتییە لە هەستی تامەزرۆیی longing بەرامبەر بەو بوونەوەرە مەزنەی بەرەو لای خۆی کێشمان دەکا. ئەم بێ ئۆقرەیی و شەوقەی بەرامبەر بە خوا هەمانە، بەشێکە لە بوونی ئێمە[١٦].

ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ «هەست سەرچاوەیەکی قووڵتری ئاینە»[١٧] بۆچوونێکە وابەستەیە بەو بۆچوونەی کە ئێمە دەبێ ڕوانینە فەلسەفی و وتنەکان بە بەرەنجام و پێویستییە مامناوەندییەکانی ئەزموون بزانین. ئەگەر ئەزموونی ئاینی لە ئارادا نەبێت ئەوە تیۆلۆجی (خواناسی theologies ) یان فەلسەفەی ئاینیش لە ئارادا نابێت.

ئەم شێوە شیکردنەوە تایبەتییە لەبارەی ئەزموونی ئاینییەوە گرفتێکی هەیە ئەویش ئەوەیە «تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە گەلێ گرانە کە چۆن تاک لە ناخی هەستە نامەعریفییەکاندا دەتوانێ، بۆچوونە ڕاست و ناڕاستەکان کە لە تیۆلۆجی (خواناسی) و فەلسەفەی ئاینیدا دەبینرێ، بدۆزێتەوە. کەواتە چۆن ڕاستییەکانی ئاین لەوەوە بەئەنجام دەگەن ئەگەر هاتوو کاری تاقیکراو و ئەزموونگەریی هەردووکیان شتێک بن ڕانەگەیەنرێن و ئەزموونیش ئەوەندە ڕاگەیەنراو بێت کە لە سنووری جیاوازییە مەعریفییەکان دازیاتر بڕوات؟ ئەگەر هەوڵمان دا ئەم شێوە ئەزموونە لە ڕێگەی لەیەکچوواندنەوە وەسف کەین، دیسانەوە پێشتر ئەوەمان فەرز کردووە کە دەتوانین پێشتر درک و بۆچوونمان لەبارەی بەشێک لەو ڕووداوانەوە هەبێت، بەرامبەر بەمەش تاک دەتوانێ ئەو بڕیارە بدات کە کام لەم لێکچوواندنە لەگەڵ ئەو ئەزموونەدا گونجاون و کامیان نەگونجاون.

ڕەخنەی دووەم ئەمەیە کە بەرگریکەرانی ئەم بۆچوونە بەهەڵەدا چوون لە چۆنیەتیی ڕوانینیان بۆ ماهییەتی هەست و سۆز، سۆزەکان لە بڕوا و ڕەفتارەکان بنیاتتر نین، لە ڕاستیدا سۆزیش وەکو بڕوا و کار، لەسەر چەمکەکان وەستاوە. سۆزەکان بەشێکیان لە چەمک و بڕیارەکان پێکهاتوون. کاتێک دەڵێین چەمک واتە بەشی بەهێزی سۆز. مەبەستمان ئەوەیە بێ گەڕانەوە بۆ ئەو چەمکە ناتوانین ئەو سۆزە دیار و دەستنیشان بکەین، بۆ ئەوەی سۆزێک دەستنیشان بکەین دەبێ چۆنیەتیی ئەو هەستە و بابەتی ئەو سۆزە، هەروەها ئەو بنیاتە عەقڵانییەی کە تاک بەپشتبەستن پێی ئەو سۆزە ئاراستە دەکا دەستنیشان و دیاری کەین. ئێستە دەتوانی ئەوە ببینی کە لە ڕاستیدا بەشێک لەو بنیاتدانە، برێتین لە کۆمەڵێ بڕوا کە تاک بەرامبەر بە هۆکاری بوونی سۆز و هەستەکانی خۆی هەیەتی[١٨].

ئەگەر چەمکەکان بەشێکی بەهێزی سۆز بن، لەم حاڵەتەدا ناتوانین بە تەواوی ڕووی مەعریفانەی ئەزموونی ئاینی ڕەت بکەینەوە.

## ئەزموونی ئاینی جۆرێکە لەو ئەزموونانەی پابەندە بە درکە هەستییەکانەوە

ڕوانینی دووەم ئەوەیە کە ئەزموونی ئاینی شێوەیەکە لە درک پێکردنی هەستیاری perceptual experience. بۆ نموونە، ویلیام ئاڵستون William Alston (١٩٢١–؟) بڕوای وایە کە ئەزموونی ئاینی هەمان بنیاتی ئەزموونی هەستی هەیە(١٩). لە درککردنە هەستیارە ئاساییەکاندا (بۆ نموونە کاتێ کە پشیلەیەک دەبینم) سێ بەشبوونی هەیە: کەسێک کە پشیلەکە دەبینێ (هەست پێ کردووە) ئەو پشیلەیەی کە دەبینرێ (هەست پێکراو)، ئاشکرابوون و دەرکەوتنی appearance ئەو پشیلەیە (بینیار phenomenon). بەپێی هەمان ئەو پێوانەیە ئەو پێی وایە کە سێ بەش لە ئەزموونی ئاینیدا بوونی هەیە: کەسێک کە بە ئەزموونە ئاینییەکەدا تێ دەپەڕێ، خواوەند کە ئەزموونەکەی بەسەردا دەکرێ. دەرکەوتن و ئاشکرابوونی خواوەند لە بەردەم کەسی ئەزموونگەر. بڕێکی زۆر لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لەو بارەیەوە ئەنجام دراوە کە ئاخۆ لایەنی ڕاستەقینەی شیکردنەوەی درکە هەستییەکان چین؟ بە تایبەت پرسیارێکی زۆر لەبارەی حاڵەتی status بینیارییەوە خراوەتە ڕوو، بەڵام هەر هەموویان لەسەر ئەوە یەک بۆچوونیان هەیە کە درکە هەستییەکان، بەجۆرێک مەبەستەکانیان نمایش دەکەن تا ئێمە بتوانین بیانناسینەوە. لەسەر هەمان پێوانە، لە ئەزموونی ئاینیدا خواش بەجۆرێک خۆی نمایش دەکا تا ئێمە بتوانین خۆی و کردەوەکانی بناسینەوە.

ڕەنگە بۆ کەسانێک جێی سەرسووڕمان بێت ئەگەر هاتوو دەرکەوتنی ئەزموونی ئاینی دەرکەوتنێک بێت لە شێوەی درک پێکردنی هەستی. لە ڕووکەشدا بڕێکی زۆر جیاوازیی گرینگ لە نێوان (ئەزموونی هەستیاری یان درکە زانراوەکان) و (ئەزموونی ئاینی)دا هەیە. درکە هەستییەکان ئەزموونێکی بەربڵاون، بەڵام ئەزموونی ئاینی شتێکە تاک و تەنیا و ڕەنگە دەگمەنیش بێت، درکە هەستییەکان زانیاریی ورد و فراوان لەبارەی جیهانەوە پێشکێش دەکەن، کەچی ئەزموونی ئاینی زانیارییەکی کەم لەبارەی ئەزموونی خواوەندەوە بەدەستەوە دەدا، هەرچی مرۆڤە توانای درک پێکردنی هەستییان هەیە، بەڵام لە ڕووکەشدا زۆر کەس توانای ئەزموونی ئاینیی نییە. بەڵام ئەم جیاوازییانە ئەوە نیشان نادەن کە دروستکردنی ئەزموونی ئاینی جیاوازیی لەگەڵ دروستکردنی درک پێکردنی هەستیدا هەیە. لەبەرئەوەی زۆرجار ڕوودانی ئەزموونێک و پێوانەی ئەو زانیاریيانەی بەرەنجامی ئەو ئەزموونە بەدەست دێن، پێوەندییان بەدروستکردنی ئەو ئەزموونەوە نییە. کەسانێکی زۆر هەن (وەکو کەسانی کەڕ و نابینا) لە پێنج هەستەکانیاندا ناتەواوییەک هەیە. بۆیە توانای هەستییان سنوورداره، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە بینین و بیستن بە درک پێکردنی هەستی نەزانین. لەسەر هەمان ئەم پێوانەیە، ئەو کارەی کە زۆر کەس بێ بەشن لە ئەزموونی ئاینی نابێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە دروستبوونی ئەزموونی ئاینی وەک

هاوشێوەی دروستبوونی ئەزموونی درک پێکردنی هەستی نەبینین.

ئەڵبەتە برێکی زۆر جیاوازیی تریش هەیە بەپێی ئەو جیاوازییانە کەسانێک هەن بڕوایان وایە کە ئەزموونی ئاینی، جۆرێک لە درکە هەسییەکان نییە. ئەم جیاوازییانە دەگەڕێنەوە بۆ ماهیەتی دەرکەوتن و نیشانە هەستییەکان (واتە هەستە بینیارییەکان). درکپێکردنی ئاسایی، هەستێکە، شتە درک پێکراوەکانی لە ڕێگەی ئەو چۆنیەتییە هەستیارییەوە نیشان دەدا کە هەیەتی، بۆ نموونە، ئەو مێزەی لە بەردەمم دانراوە، دیارە ڕەنگی قاوەییە، سەنگینە، لاکێشەیە، لە تەختە دروست کراوە، بەڵام ئەوانەی ئەزموونی ئاینییان هەیە، لێکدانەوەیان بۆ ئەم بۆچوونە برێتییە لەوەی ئەوان ئەوەی پێوەستە بە درک پێکردنەکانیان (بۆ نموونە خواوەند) چۆنایەتییەکی هەیە درکپێکەری هەیە ئەو چۆنایەتییە هەستیارانە نییە. چۆنایەتییەکە ئەوان لە ڕێگەی خواوەندەوە تاقی دەکەنەوە، ئەوەش برێتییە لە هێزبەخشین و بوونی بەها و عیشق و چاکەی خوایی. هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، هەندێ جار ئەزموونی ئاینی ناوەڕۆکی هەستیاری هەیە، لەم حاڵەتانەدا ئەم ناوەڕۆکانە زۆرجار ئەنجامی هۆکارەکانی ئەزموونن (بۆ نموونە ڕۆژ ئاوابوون و ئیکۆن و شێوەکان)، نەک لە ئەزموونەوە سەرچاوەیان گرتبێ (واتە خواوەند)(٢٠).

تایبەتمەندییەکانی ڕۆژ ئاوابوون لە تایبەتمەندییەکانی خواوەند جیاوازە. کەواتە گرفتەکە لێرەدایە: ئەگەر هاتوو لە کاتی ئەزموونی ئاینیدا، ئەو تایبەتمەندییانەی کە گوایە لە ڕێگەی درک پێکردنەوە بە ئەنجام دەگەن (واتە بینیارین) زۆر لەیەک نەچن، ئاخۆ ناتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە بنیاتنانی ئەزموونی ئاینییش بەو قەبارەیە جیاوازە، ئاخۆ بە هەڵەدا چووین ئەگەر هاتوو ئەزموونی ئاینیمان بەشێوەیەک لە درک پێکردنی هەستیاری دانا؟

ئاڵستۆن ئەوەی پێ ڕاستە کە لە ئەزموونی ئاینی تایبەت بەخوا، چۆنیەتییە درک پێکراوەکان (واتە وەسفەکانی وەک هێز و جوانی و چاکە) هەستیاری نین. بۆ نموونە، هەندێ لەم وەسفانە پێوەست دەبن بە پێشهات، یان ئەو هەڵوێستانەی لە پشتی کارەکانی خواوەن، بەڵام بە بڕوای ئاڵستۆن ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم جۆرە شتانە ناکرێ ناوەڕۆکی درک پێکردنی هەستی بن. ئاڵستۆن پێی وایە جیاوازییەک هەیە لە نێوان چۆنایەتیی بینیاری phenomenal qualities و (واتە ئەو شێوازەی کە لە چرکەیەکی تایبەتدا دێتە بەرچاومان) و چۆنایەتیی بابەتی objective qualities (واتە سروشی disposition شتێک کە لە هەلومەرجێک و شێوەیەکی دیاریکراودا دەردەکەوێ). ئەو پێی وایە کاتێک ئێمە شتێکی ئەزموونکراو وەسف دەکەین، هەمیشە وەسفەکانی خۆمان بۆ وەسفە بابەتییەکانی ئەو شتە دەگەڕێنینەوە، نەک بۆ وەسفە بینیارییەکانی ئەو شتە. بۆ ئەوەی شتێک وەسف بکەین، ناڵێین ئەو شتە لە فلان چرکەدا بە فلان شێوە دەردەکەوێ، یان ئەو دیاردە هەستیارییانەی وەدەست دێن، بەدووی یەکدا نیشانیان نادەین (بۆ نموونە ناڵێم خانووەکەم لە بەرچاوم بەم شێوەیە: (ئەسمەری تۆخ و بێجی، لە سێبەردا تاریکترە، بنمیچەکەی شێوەی نیمچە لادراو و... هتد). ئەگەر ئەم کارەمان بکردایە، ئەوە ئەو شتەی کە دەمانخستە ژێر تاقیکردنەوە،

دوو تایبەتمەندیی دەبوو: یەکەم: ئەم وەسفکردنە هیچ سنوورێکی دیاریکراوی نییە (بۆیە دەبووایە چۆنایەتییەکانی هەموو دیاردە هەستییە دۆزراوەکانمان ڕادەگەیاند). دووەم: ئەم وەسفەش وەسفێکی دەگمەن دەبوو (بۆ نموونە لەبەرئەوەی لە گۆشەنیگای فراوان و لە هەلومەرجێکی پڕ ڕووناکیی جۆراوجۆرەوە درکم بە خانووەکەم دەکرد)، هەر لەم ڕووەوە نەماندەتوانی لەسەر بنیاتی ئەم نموونە زۆر و جۆراوجۆرانە، کۆمەڵێ چەمکی بەسوودمان دروست بکردایە. بۆ نموونە بۆ ئەوەی قسە لەسەر چۆنیەتیی بابەتی، یان شیاو dispositional بکەین، چەمکە جێبەجێکارەکانمان بەکاردەهێنا. واتە لە وەسفکردنی ئەو شتەی کە تاقی دەکەینەوە، دەڵێین ئەم شتە بە هەمان ئەو ڕوانینە دێتە بەرچاو کە لە هەلومەرجی ئاساییدا چاوەڕوانی ئەوەمان لێ دەکرد کە بێتە بەرچاو. هەردەم بۆ وەسفکردنی خانووەکەم، وێنەی ئەو لایەنە ناگرم کە لە ساتی تەماشاکردندا بەرچاوم دەکەوێ، بگرە دەڵێم خانووەکەم بەو شێوە دێتە بەرچاو کە لە هەلومەرجی ئاساییدا دەبینرێ. بەم جۆرە و بەپێی ئەم پێوانەیە چۆنایەتییەکانی وەک هێز و چاکە و عەشقیش بە یارمەتی تێگەیشتنە هەستی و بینیارییەکان ڕاناگەیەنرێن، بگرە بە یارمەتی چەمکە جێبەجێکارییەکان ڕادەگەیەنرێن.ئەم سیفەتانە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە لە سایەی فلان هەلومەرجی تایبەت و بەپێی یاسا دەکرێ خوا بەو شێوەیە دەرکەوێ. ئەگەر هاتوو ئەزموونەکانمان لەبارەی خواوەندەوە بە یارمەتیی چەمکە جێبەجێکارییەکان وەسف کرد، لەو کاتە لێکچوونێکی ئاشکرا دێتە دی لە نێوان ئاراستەی بەسەرهاتەکانمان دەربارەی ئەو شتانەی کە لە چوارچێوەی درک پێکردنی هەستیدان و ئەو هەستانەی تایبەتن بەدرککردنمان بە بوونی خوا. زۆرجار بە یارمەتیی چەمکە بینیارییەکان تێگەیشتنەکانمان لەبارەی خواوە درککردن پێ ناکەین، بگرە بۆ ئەم ڕاگەیاندنە سوود لە چەمکی جێبەجێکاری وەردەگرین، بۆ نموونە دەڵێین ئەو شتەی درکی پێ دەکەین لە سەگێک دەچێت ئەوەندە نەرم و شلە لە توخمی نەخشە دەچێ، تامی وەکو شیرینییە. ئێمەش بە هەمان شێوە ئەزموونی خۆمان لەبارەی خواوەندەوە بە یارمەتیی چەمکی جێبەجێکاری ڕادەگەیەنین، نەک بە یارمەتیی چەمکە بینیارییەکان.

بێگومان دەشتوانین بپرسین ئاخۆ چ یەکێک لە چۆنایەتیی بینیاری باس لە ئەزموونی ئێمە دەکات لەبارەی مەسەلەی یەزدانییەوە، بەڵام پێویست بەوە ناکات ئەزموونکار وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بداتەوە، لەبەرئەوەی تاک بە ڕوونی ئەزموونە هەستییەکانی لە بەرچاوە، بێ ئەوەی دەستنیشانی ئەوە بکا کە وەسفە بینیارییە بەنرخەکانی (ئەو ئەزموونانە) چین، یان دەبێ چی بن، بەڵام شیمانەی ئەوەش هەیە لە کاتی ڕەخنەگرتن لەو بۆچوونەی سەرەوە بڵێن ئێمە دەزانین کە ماڵ و ئۆتۆمۆبێل و درەختەکان لە هەلومەرجی ئاساییدا چۆن دەردەکەون، لەبەرئەوەی لە بارودۆخی گونجاودا دەتوانین وەسفێکی بینیاریی گونجاوی (ئەو شتانە) پێشکێش بکەین. وەسفە بابەتییەکان تا بڵێی بینارین. ئەزموونکارەکانی بواری ئاینی ناتوانن وەسفێک لەبارەی خواوەندەوە پێشکێش بکەن کە وەسفێکی بینیاری بێت، کەواتە لە کوێوە دەزانن لە هەلومەرجی ئاساییدا خوا

بە فلان شێوە دەردەکەوێ؟ ئالستۆن دەڵێ ئێمەی مرۆڤ کەم تا زۆر هەڵدەستین بە تاقیکردنەوەی چاکە، لەم تاقیکردنەوەوە بیرگەلێکمان چنگ دەکەوێ بۆ ئەوەی لامان ئاشکرا بێت ئەزموونی خوای چاکە چییە کە چاکەی خۆی نیشان دەدا و چ جۆرە شتێکە. بەڵام زانینی ئەوە کە مرۆڤە چاکەکان چۆن ڕەفتار دەکەن ئەوە بە ئێمە نیشان دەدا کە ئەزموونی چاکەی خوا چ جۆرە شتێکە؟ لێرەوە پرەنسیپی هاوبەرامبەرکردن (هەڵسەنگاندن) کارێکە ئاگایی هەستیمان لەبارەیەوە هەیە ( واتە شێوەی کارکردنی مرۆڤی چاک)، لایەنی تری هاوبەرامبەرکردن، شتێکە بەشێوەیەکی هەستیاری لێی بەئاگا نین (واتە شێوەی کارکردنی خوا). سەرەڕای ئەوەش بۆ ئەوەی بتوانین پێشبینی بکەین کە لە هەلومەرجی ئاساییدا خوا چۆن چاکەی خۆی نیشان دەدات، ئاخۆ نابێت بۆچوونێکمان لەسەر ئەو هەلومەرجە بنیاریانە هەبێ کە بە یارمەتیی ئەو بۆچوونە هەڵدەستین بە ئەنجامدانی ئەزموونکردنی خوا؟ ئەم هەلومەرجە بینییارییە هەر هەمان ئەو هەلومەرجەیە کە لە ڕێگەیانەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەوەی بەرامبەرمانە (بۆ نموونە بەپێی بۆچوونمان سەرینێکە) چ جۆرە شتێکە. بە کورتی لەم بوارەدا نەبوونی چەمکە بینیارییەکان لە ئەزموونە تایبەتییەکانی تایبەت بە خواوەند، دووچاری دوودڵیمان دەکا کە ئاخۆ ئەزموونی ئاینی ئەزموونێکی هەستییە، یان نەخێر؟.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو پرسیارەی کە دەڵێ شێوەی دەرکەوتنی خوا چۆنە، مەسەلەیەکی تر دێنێتە ئاراوە، بەشێوەیەکی گشتی درکە هەستییەکانی مرۆڤ پێکەوە گونجاون، بەرامبەر ئەمەش دەتوانین ڕاستی و دروستیی هەر ئیدراکێکی تایبەت هەڵسەنگێنین بە گەڕانەوە بۆ هەموو ئەزموونە هەستییەکان، بەڵام ئەزموونە ئاینییەکان شێوەی زۆریان هەیە بۆیە بەئاسانی ناتوانرێ ڕاستی و دروستیی ئەزموونێکی ئاینی بەڕاست بزانی. ئەزموونە ئاینییەکان پابەند و ملکەچی ڕوانینە ئاینی و کولتوورییە جیاواز جیاوازەکانن، لەبەر ئەم هۆیەش ئەو درک پێکردانەی کە پەیڕەوانی ئاینە جۆراوجۆرەکان پشتی پێ دەبەستن لەگەڵ یەکتریدا زۆر جیاوازن. ئەو دواین ڕاستییەی کە کەسێکی هیندۆس ئەزموونی دەکا، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ خوای کەسێکی مەسیحی، بەڵام ناتوانین بە دابڕاوی لە سیستەمە ئاینییە تایبەتییەکان و بەئاسانی ئاشکرای بکەین کە کام یەک لەو ئاینانە لەسەر حەقن.

ئەڵبەتە ئەم کارە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەزموونی ئاینی، ئەزموونێکی هەستی نییە، ڕەنگە تەنیا بەم مانایە بێت کە لە کاتی ئەزموونە ئاینییەکاندا بوارێکی زۆرتر بۆ ڕاڤەکردنی تاکەکەسەکان هەیە. پاشان ؛ چ لە بەردەوامبوونی ئەم بەشە و (کاتێک کە دەست بە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە دەکەین ئاخۆ ناوکێکی هاوبەش لە نێوان ئەزموونە ئاینییەکاندا هەیە، یان نییە) چ لە بەشەکانی داهاتوودا لەم مەسەلەیە دەکۆڵینەوە.

## ئەزموونی ئاینی نیشاندانی شێوە ڕاڤەکردنێکی سوپەرناتیوراڵە

ئەوانەی بەرگری لەم بۆچوونە دەکەن، پێیان وا نییە ئەزموونی ئاینی شێوەیەکە لە ئەزموون. کاتێک بەئەزموونێک دەڵێین ئەزموونی هەستی، واتە ئێمە جارێک قسەمان کردووە لەسەر ئاگەداربوونی کەسی خاوەن ئەزموون لەسەر ڕووداوێک: (واتە ئەو ڕووداوەی هاتووەتە پێش چاوی کەسێکی درکپێکەر، یان ئەو ئەزموونە بەو کەسە نیشان دراوە)، هەروەها قسەکردنمان لەبارەی هۆکاری ئەو ئەزموونەوە کردووە. بۆ ئەوەی ئەزموونەکەمان لە ڕاستیدا ئەزموونی درکە هەستییەکان بێت، دەبێت : یەکەم: دەبێ شتی درکپێکراو بوونی هەبێت. دووەم : هەروەها دەبێ ئەو شتە هۆی واقیعی ئەزموونەکەی ئێمە بێت. بۆ نموونە، کاتێ دەڵێین کەسێک پشیلەیەک دەبینێ، یەکەم ئەوەمان داناوە کە پشیلەیەک هەیە و دووەم : ئەم پشیلە هۆکاری بینینی پشیلەیە لەلایەن ئەو کەسەوە. ئەگەر ئەو پشیلەیە بوونی نەبووایە و، هۆکاری ئەو درکپێکردنە هەستییە ڕووی نەدایە، لەم حاڵەتەدا نەماندەگوت ئەو کەسە درکی بەو پشیلە کردووە، یان ئەو پشیلەیەی بینیوە. بگرە ئەو کاتە دەمانگوت واهیمەی کردووە و لە واهیمەدا پشیلەی دیوە یان، بە هەڵە شتێکی تری لێ بووە بەپشیلە.

ئەگەر پێمان وابێت ئەزموونی ئاینی شێوەیەکە لە ئەزموونی هەستی، دەبێ هەمان ئەو مەرجەش بەڕاست بزانین بۆ ئەم مەسەلەیە. واتە ئەگەر ئەزموونی ئاینی، ئەزموونێکی هەستی بێت کەواتە یەکەم: دەبێ ئەو شتەی درکی پێ دەکرێ بوونی هەبێت؛ دووەم: ئەم شتە دەبێ هۆکاری واقیعی ئەزموونە درکپێکردنەکانمان بن. ئەڵبەتە ئەگەر مەبەستی ئێمە ئەوە بێت تا نیشانی بدەین چۆن خەڵکی ئەزموونەکانیان دەردەبڕن (واتە وەسفکردنێکی بینیارانە)، بەم شێوەیە هیچ گرفتێک نابێ، ئەگەر هاتوو ئێمە سوودمان لە مۆدێلی درکپێکردنی هەستی وەرگرت بۆ تێگەیشتنی ئەزموونی ئاینی. ئەگەر هاتوو ئێمە لە چوارچێوەی ئەو درکپێکردنە ماینەوە کە خاوەن ئەزموونەکان لەبارەی ئەزموونی خۆیان هەیانە، لە واقیعدا لەبارەی هۆکاری ئەزموونەکە ئیدیعایەکمان خستووەتە ڕوو. ئەم جۆرە کەسانە ( واتە کەسانی خاوەن ئەزموونی ئاینی) بڕوایان وایە ئەوان بە واقیعی درکیان بەخوا و کارەکانی خوا و ئەو بوونەوەرانە کردووە کە پێوەستن بە خواوە. بە بڕوای ئەوان ڕووبەڕووبوونەوەی خواوەند، یان دواین ڕاستی شتێکە لە ئەزموونی ئاینی جیا ناکرێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەزموونە ئاینییەکانمان وەک ئەزموونێکی هەستی وەرگرت و لە هەمان کاتدا ویستمان بەشێوەیەکی لیبراڵانە هەموو پەیڕەوکەرانی ئاینە جۆراوجۆرەکان بە خاوەن ئەزموونی ئاینی بزانین ئەو کاتە ڕووبەڕووی گرفتێکی زۆر دەبینەوە، چۆن دەبێ بە ناچاری ئەوەمان قبووڵ بێت کە هۆکار و شتە پێوەستدارەکانی ئەو ئەزموونە ئاینییانە لە ڕاستیدا بوونیان هەیە. واتە ناتوانین ئەوەمان پێ ڕاست بێت کە کەسێک دۆزەرەوەی ئەزموونی ئاینی بێت و کەچی بوونی خواوەند و دواین ڕاستی پێ قبووڵ نەبێت. پراودفوت Wayne Proudfoot (–١٩٣٩) بۆ خۆ

دوورخستنەوە لەم ئەنجامە نادڵخوازە پێی وایە کە وەسفکردنمان بۆ ئەزموونی ئاینی دەبێ ئەوەندە گشتگر بێت کە ؛ یەکەم: بتوانین کەسانی تریش بە خاوەن ئەزموونی ئاینی بزانین (ئەو ئەزموونانەی کە بە بڕوای خاوەنەکانیان باس لە مەسەلەیەکی سوپەرناتیوراڵ دەکا)، دووەم: ناچار نەبین شتەکانی سەر بە سوپەرناتیوراڵمانی ئەم ئەزموونەمان پێ ڕاست بێت.

بەم پێیە ئەزموونی ئاینی ئەزموونێکە، کەسی خاوەن ئەزموون پێی وایە ئەزموونی ئاینییە. بە ئاین زانینی هەر ئەزموونێک مانای وایە کە کەسی ئەزموونگەر لەو بڕوایەدایە کە ئاشکرابوونی ئەزموونەکەی لەسەر بناغەی کارە سروشتەکان کارێکی پێنەگەیشتوو و ناتەواوە و هەر ئەو ئەزموونەش تەنیا لەسەر ئەساسی بنەما ئاینییەکاندا دەکرێ دەرکەون.[٢١] بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە خوا ئەزموون دەکەن پێیان باش نییە کە هۆکاری ئەزموونەکانیان برێتی بێت لە پرۆسەکانی هەڵتاوین (هەزمکردنی خواردن) و سۆز و ئارەزووەکان و کارە نیمچە هۆشمەندییەکان. بە بڕوای ئەوان، تەنیا ئەم ئەزموونە دەتوانێ قسەکردن بێت لەسەر خوا و ڕووبەڕووبوونەوە بێت لەگەڵ خوادا.

بەم جۆرە و بەپێی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەبێ جیاوازی لە نێوان وەسفی ئەم ئەزموونە و خستنەڕووی ئەزموونەکە بەدی کەین. لە پلەی وەسفکردنی ئەو ئەزموونەدا، دەسەڵات بۆ بۆچوونەکانی کەسی ئەزموونگەرە. بێ تێبینیکردنی سیستەمی بڕوا و بۆچوونی خاوەن ئەزموونەکان (لەوانە بڕوابوونیان بەوەی کە ئاخۆ ئەو شتەی کە پێوەستە بوونی هەیە) ناکرێ ئەزموونە ئاینییەکان وەسف کرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە وەسفی ئەزموونی ئاینی تەفسیرێکی تری تێدایە کە هۆکردی ئەو ئەزموونەیە، ئەم ڕاڤەیەش پشت بەبوونی ئەو بوونەوەرە سوپەرناتیوراڵە دەبەستێ کە هۆکاری ئەم ئەزموونەیە. بۆ نموونە مرۆڤ ناتوانێ ئەو ئەزموونەی ئاگوستینۆس بەبێ تێبینیکردنی بڕواکانی وەسف بکا ئەو بڕوایانەی کە پێی وایە خواوەند بوونی هەیە و بەم پێیەش دەتوانرێ لە ڕێگەی قسەی نووسراو و گوتراو پێوەندیی لەگەڵ (بەندەکانی خۆیدا) دامەزرێنێ. بەم جۆرە ئەزموونی ئاینی نابێ بەهیچ ئەزموونێکی تر کەم بکرێتەوە، ئەگەر ئەم کارەمان کرد ئەوا ئەو ئەزموونەمان شێواندووە misidentify. لەم حاڵەتەدا ڕاڤە زانستییەکان (جارێک لەسەر بنیاتی کۆمەڵناسی و جارێک لەسەر بنیاتی سروشتناسی) بۆ وەسفکردنی ئەو ئەزموونە شتێکی ناگونجاوە، لەبەرئەوەی زانست هەوڵ دەدا بەهۆکاری سروشتی ئەزموونەکە وەسفی ئەو ئەزموونە بکات، لە کاتێکدا کە ئەزموونی ئاینی پێویستی بەنیشاندانی سوپەرناتیوراڵە (وەک بەشێکە بۆ وەسفکردنی ئەو ئەزموونە).

بەڵام ئەو بۆچوونەی کە خاوەن ئەزموونەکان، لەسەر بنیاتی بوونەوەرێکی سوپەرناتیوراڵ درک بەئەزموونەکانیان دەکەن، ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوان لە ڕاستیدا بوونەوەرێکی سوپەرناتیوراڵ ئەزموون دەکەن، یان نیشاندانێکی سروشتی ڕازیکەر و تەواو بۆ ئەزموونەکانیان بەدی ناکرێ. شیمانەی زۆریش هەیە کە هیچ مەبەست و کارێکی خواوەند لە ئارادا نەبێت و ئەو منداڵەشی لەو



هەولێر دەزگای کتێب

دەوروبەرە سەرقاڵی گەمەیە، لە کاتی یاریکردنەکەیدا ئەم سروودە بڵێتەوە «دەستی بەرێ و بیخوێنە ». تەنانەت ئەگەر واش بێت ئەمە هیچ لە ئاینبینی ئەزموونی ئاگۆستینۆس کەم ناکاتەوە. ماناکەش تەنیا ئەوەیە کە ئاینبینی ئۆگۆستین وەک هۆکارێکی بنەچەیی (واتە خودی خواوەند) وەری دەگرێت، ڕەنگە ئەو هۆکارەش هۆی ئەو ئەزموونە نەبێت، یان بەشێوەیەکی تر ئەزموونێک، بەهۆی ئەو پلەوپایەیەی کە لەنێو سیستەمی بڕوایەکدا هەیەتی تەنانەت ئەگەر هاتوو هیچ کارێکی سوپەرناتیوراڵی درک پێکراویش نەبێت، دەتوانێت ئەزموونێکی ڕەسەنی ئاینی بێت. تەنیا شتێک پێویستە ئەوەیە خاوەن ئەزموونەکان لە چوارچێوەی ئەو چەمک و بڕوایانەوە دەربڕین لە ئەزموونەکانیان بکەن ئەو ئەزموونانەی کە لەبارەی سوپەرناتیۆراڵە.

هەموو ئەزموونەکان لە ڕێگەی چەمک و بڕواوە بەئەنجام دەگەن و لە قاڵبی زماندا شێوەگیر دەبن. خاوەن ئەزموونەکان لە ڕێگەی دەستەیەک چەمک و بنەماوە درک بەئەزموونی خۆیان دەکەن. هیچ زانیارییەک یان (بەدەستەوەدانێکی) دەربڕاو بوونی نییە، واتە بەو جۆرە نییە کە زانیارییەکان (بەدەستەوەدانەکان) یەکەم جار ئەزموون بکرێن و پاشان دەرببڕێن. هەر ئەزموونێک لە چوارچێوەی دەربڕینێکی تایبەت لەبارەی جیهان، هەروەها پابەندبوون بە کۆمەڵێک کار و بڕوای ئاینیی تایبەت دێنە دی. بۆ نموونە خواناسانی بواری ئەزموونی ئاینی پێیان وایە ئەوان خۆیان نیشاندەری سیفەتی خوان....، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ئەزموونە بەوە دادەنێن هەڵگری مەعریفەیە لەبارەی خواوە؛ ئەگەر ئەزموونێک لەگەڵ ئەم ئەزموونەدا یەک نەگرێتەوە نابێتە ئەزموونێکی خواناسانە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لە ئەزموونە ئاینییەکاندا وەسفێک نییە تاقە وەسف بێت بۆ هەموو ئەزموونە ئاینییەکان. تەنیا کۆمەڵێ دەربڕینی جۆراوجۆر هەن هەریەکەیان دەربڕی بنیاتی بڕوای ئەو کەسانەیە کە دەری دەخەن.

ئاخۆ چۆن دەتوانین بزانین کەسێک خاوەن ئەزموونێکی ڕاستە، یان ناراست؟ ئەگەر ئەزموونی ئاینی لەلایەن بڕوا و تێگەیشتنی تاکەکانەوە بەئەنجام بگا، کەواتە چۆن دەتوانین ئەوە ئاشکرا بکەین کە لەنێو دەربڕین و لێکدانەوە سروشتی و سوپەرناتیوراڵەکاندا کامیان باشترین دەربڕین و لێکدانەوەن؟ پراودۆفت دەڵێ: کەسێک کە لە دەرەوە شتەکان دەبینێ (وەک " جین"Jane) دەبێ وەسفی ئەزموونی (جۆ Joe) لەسەر بنیاتی ئەو بڕوایانە بکا کە جو joe لەبارەی جیهان و هۆکاری ئەزموونەکەی خۆیەوە هەیەتی. بەڵام مەرج نییە کە جین Jane ئەو بڕوایانەی پێ ڕاست بێت. تا ئەم خاڵە پراودۆفت لەسەر حەقە. با وای دانێین جین کەسێکی ناتیورالیستە naturalist (سروشتخواز) ی توندڕەوە و بڕوای بە خوا نییە. ئاخۆ ئەو دەربڕین و لێکدانەوانەی کە جین لە ئەزموونی خۆیدا دەیگەیەنێت، پەنای نەبردووەتە بەر سەپاندنی سیستەمی بڕواکانی خۆی؟ ئاخۆ لەم حاڵەتەدا بنیادی بڕواکانی جین و جۆ نەکەوتوونەتە نێو ڕووبەری یەکترییەوە؟. ئاخۆ بەم جۆرە مرۆڤ دەتوانێ یەکێک لەم دوو دەربڕین و نیشاندانانە (واتە نیشاندانی سروشتی و نیشاندانی سوپەرناتیورال) بە ڕاست بزانێت؟ ئەم خاڵە کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە پراودۆفت پێی وایە ئەرکی

لێکۆڵەرەوانە کە لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە بکەن، لێکۆڵینەوە بکەن لەبارەی ئەوەی بۆچی کەسانێک کە خاوەن ئەزمـوونی ئاینین بەو شـێـوەیە لەو ئەزمـوونە گەیشـتـوون؛ پراودۆفت دەڵێت «ئەوەی دەمـانەوێ یان دەربڕین و لێکدانەوەی مێژووییـیە، یان کولتووری»[٢٢]. لەم بۆچوونەدا پێشـوەخت بەڵگەنەویستانە ئەوە سەپێنراوە کە کام لە دەزگا بڕواییـیەکان چوارچێوەیەکی گونجاو لەبارەی دەربڕین و لێکدانەوەی ڕووداوەکـانەوە پێشکێش دەکـەن. بەڵام ئاخۆ بۆ دەبێ مروڤ نیـشـاندانی مـێژوویی، یـان کولتـووری پێ گـونجـاوتر بێت لە نیـشـاندانی سـوپەرناتیـوراڵی، یان نیـشـاندانی یەزدانناسی؟.

وەڵامی تاک و تەنیای ئەم پرسـیـارە ئەوەیە کە ئێمـە تەنیا دەتوانین ڕاسـتی و ڕاستگۆیی ئەو بۆچـوونانەی کـە باس لە ئەزمـوونی ئاینی دەکـەن لەنێـو سـیـسـتـەمی بڕوا تایبـەتیـیـەکـاندا هەڵبسەنگێنین. واتە ئەو دەربڕین و لێکدانەوانەی کە لە ئەنجامی ئەزموونەکەوە وەدەست دێن دەبێ لەگـەڵ ئەو کـۆمـەڵە بڕوا و چەمکانە کـە کـەسی ئەزمـوونگەر بەکـاریان دەهێنێ، گـونجـاندنێکی ناوکۆییـیـان تێدا بێت، بەڵام لەم حاڵەتـەشـدا خـەملاندنی ئەو بۆچوونە مـەحـاڵە بۆ کەسـانێک کە سیستـەمی بڕواکانیـان لەگەڵ کـەسی ئەزموونگەردا جیـاواز بێت، لەبەرئـەوەی ئەو کەسـانـە خاوەنی کۆمـەڵە چەمک و بڕوای تـایبـەتی نین کـە کـەسی ئـەزمـوونگـەر بـەکاریان دێنێ و بـەرامبـەر بـەمـەش ئەوان لە حاڵەتێکی وەهادا نین کە بتوانن ئەو دەربڕین و لێکدانەوانە بخـەمڵێنن کە لەلایەن کـەسی ئەزموونگەرەوە پێشکێش دەکرێ.

## ئاخۆ ئەزموونە ئاینییەکان خاوەنی ناوکێکی هاوبەشن؟

لەبارەی ئـەوەی چۆن دەبێ ئەزمـوونە ئاینیـیـەکـان قـبـووڵ بکرێ جیـاوازکـارییـەک هـەیە، ئەم جیاوازییانەش سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلە بنیاتییەکان، ئەو مەسەلەی کە قسە و باسی زۆر لە بارەوە کراوە. لەلایەک کەسـانێک هەن پێیان وایە هەمـوو ئەزمـوونە ئاینەکان خـاوەن چەند ڕەگـەزێکی هاوبەشن. بەپێی ڕای هەندێ لە هـزرڤـانان، ئەم کـارە بەتـایبـەت لە ئـەزمــوونە خـواناسـیـیـەکـاندا بە ئاشکرا دەردەکـەوێ؛ واتە ئەو ئـەزمـوونانەی کـە زانینی بێ نێـوەند و ناوەبەرهاتووی noninferential لەبارەی دواین ڕاسـتیـیـەوە تێدایە، ئـەو ڕاسـتیـیـەی لە جـیـاوازیی نێوان کاری کردارناسی و بابەتناسیدا لە پێشترە. سۆفی لە ڕێگەی ئەبستیمۆلۆجییەوە یەکبوون لەگـەڵ واقیـعدا بەدەسـت دەهێنێ، جـارێک لە ڕووی مـەعـریفـیـەوە (واتە کـاتێک کـە هەڵنـاسـتێ بەتاقیکردنەوەی هیچ جۆرە جیاوازییەک لە نێوان کردارناسی و بابەتناسیدا) و جارێکیش لە ڕووی ئەنتۆلۆجیەوە( واتە کاتێک کە هیچ جیاوازییەک و نێوەندێکی واقیعی لە نێوان کەسی ئەزموونگەر و بابەتی ئەزموونەکەدا نییە). ئەم ئەزمـوونە تەنیا لە دواییدا دەتوانرێ بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەمک و تێگەیشتنە ماقووڵەکانەوە.

ئەو بۆچوونەی دەڵێ ئەزمـوونە ئاینیـیـەکـان خـاوەنی یەک ناوکی هـاوبەشن (ئەو ناوکـەی کـە لە

سنووری ئاین و تیم و کولتووره جیاوازەکان باڵاترە) دەکرێ لە بەرهەمی نووسەرانی وەک ویلیام جیمز (1910- 1842 William James) و واڵتەر ت. ستیس (Walter T.Stace 1886- 1967) بەدی بکرێن. بە تایبەت ستیس خەریکی ئەزموونە خواناسییەکانە. ئامانجی ئەو ئەوەیە کە وەسفێکی بابەتی و بینیارانە لەبارەی ئەزموونی خواناسییەوە پێشکێش بکا. ستیس دەڵێ مرۆڤ پێویستە ئاگەداری ئەو جیاوازییە بێت کە لە نێوان ئەزموون و دەربڕینی ئەو ئەزموونەدا هەیە. تاک لە ڕێگەی دەربڕینەوە، لە ئەزموون دەگا و پێوەندیی لەگەڵ ئەو ئەزموونەدا دروست دەکا. ئامانجی ستیس پێشکێشکردنی ڕاڤەیەکی ساف و بێگەردە لەبارەی خودی ئەزموونەوە. ئەو پێی وایە گەوهەری ئەزموونی خواناسی خاوەن حەوت تایبەتمەندی ئاشکرایە ئەو حەوت تایبەتمەندییەش بریتین لە:

* ئاگاییی تاک و تەنیایی Unitary Consciousness، تاک و تەنیایی the One، بۆشایی Void، ئاگاییی پەتی؛
* بێ زەمەنبوون بێ جێگەبوون؛
* هەستی بابەتی، یان ڕاستی؛
* هەستی پیرۆزی و موبارەکبوون blessedness، ئاشتی و پاکبوونەوە و ئەو بابەتانەی لەم دەچن؛
* هەستی کارە پیرۆزەکان، ڕێزداری، یان خوایەتی؛
* ناکۆکخوازی paradoxicality ؛
* وەسفنەکەر «بەپێی بۆچوونی خواناسان»(٢٣).

بەڵام ڕەنگە کەسێک بپرسێت بڵێت ئاخۆ ئەم چینبەندییە خۆی دەربڕین نییە (بە تایبەت لە کاتێکدا کە ئیستیس وەک بەشێک لە بنیاتی ئەم ئەزموونە باس لە یەکەی حەقیقەت، یان بۆشایی دەکات)؟ ئیستیس بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێت، دەبێ جیاوازی هەبێت لە نێوان ڕووەکانی دەربڕین.

ئەگەر خواناسێک قسە لەسەر ئەزموونی "یەکبوونێکی بێ جیاوازی و چوونیەک" بکا، ڕەنگە بکرێ وەک دەستەواژەیەکی پلە پایین level low– تەماشای ئەم وەسفە، یان ئەم گوزارشە پەتییە بکرێت (کە تەنیا سوودی لە وشە وتراوەکان بینیوە). بەڵام ئەم وردبوونەوەیە زیاتر لەوەش سنوورێکە وەک باو پێویستە، لەبەرئەوەی ئەم شێوە دەربڕینانە لە زۆر کاتدا بە تەواوی دەربڕینێکی وەسفین. ئەگەر خواناسێک بڵێ بەئەزموونی «یەکەتییەکی خواناسانە لەگەڵ خالقی جیهاندا» تێ پەڕیوە، ئەم دەربڕینە دەربڕینێکی پلە باڵایە high-level، لەبەرئەوەی ئەو ڕەگەزە عەقڵانییەی بۆی زیاد کراوە، لەوەش زیاتر لێکدانەوەیەکی وەسفیی ڕووتە(٢٤).

مەبەستی بنەڕەتیی ئەو لەو مەسەلەیە ئەوەیە ئەو حەوت تایبەتمەندییەی سەرەوە، شێوە تایبەتمەندییەکی وەسفی پەتین. پاشان دەربڕین دێتە ئاراوە، واتە ئەو کاتەی کە دەمانەوێ بەراورد

هەواڵنامەی کتێب

بکەین لە نێوان خوای تاک و تەنیای ڕاستەقینە لەگەڵ خوای مەسیحی، یان هیندۆیزم یان بودیزم.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەوەمان پێ باش بێت کە وەسفی پایەش بەهەمان شێوە دەربڕینی لەخۆ گرتووە (هەرچەندە دەربڕینێکی پلە نزمیش بێت) ئەو کاتە ناتوانین ڕوویەکی گشتی و پاش کولتووری بدەینە {ئەزموونە ئاینییەکان}. ئەم خاڵە کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە ئەزموونە خواناسییەکانی ناخ و ڕۆح extrovertiveلە ئەزموونە خواناسییەکانی دیاروئاشکرا interovertive جیا بکەینەوە. ئیستیس پێی وایە کە ئەزموونە دیار و ئاشکراکان کۆپییەکی تەواوتری ئەزموونە ناخ و ڕۆحن لەبەرئەوەی «ئاگایی یان زەین چەمکێکە لە ژیان باڵاترە»(٢٥). هەر کاتێک قسەمان لەسەر وتار و چینبەندییەکان کرد، ئەوە مانای وایە هەنگاوی «دەربڕینمان » بەرەو مەودای ئەو شتە هاویشتووە کە پێی دەگوترێ «ناوکی هاوبەش»ی [ئەزموونە ئاینییەکان].

ئیستەیفن کاتس (Steven katz 1944-) لە حاڵەتێکی دژایەتیدا دەڵێ: هیچ ئەزموونێک نییە بەبێ یارمەتیی چەمک و بڕواکان بگەم بەئەنجام. هەموو ئەزموونەکان لە ڕێگەی بڕوا و گوتارە بەدەستهاتووەکان و لە چوارچێوەی واتای کەسی ئەزموونگەردا بەئەنجام دەگەن. تەنانەت خۆ ئاگەداربوون self- consciousness کە باشترین نموونەی ئەزموونی بەڵگەنەویستە ئەویش بەرهەمی ئاکامگیرییە. لە ئەنجامدا، بڕوای کولتووری و ئاینییەکان، دەبنە هۆی سنووردار و مەرجدارکردنی ئەزموونە ئاینییەکان، هەتا کەسانی سەر بە ئاینە جۆراوجۆرەکان هەبن، ئەزموونی جۆراوجۆر بەئەنجام دەگا. هیچ ئەزموونێکی ئاینی نییە کە یەک ئەزموونی بێت، بگرە ژمارەیەکی زۆر ئەزموونی جۆراوجۆر هەن. کاتس بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم بڕیاردانە ئاماژە بە داوونەریتی ئاینی خۆی (واتە ئاینی جوو) دەکا:

ئەم بڕوا کولتوورییە- کۆمەڵایەتییانەی (ئاینی جوو)(٢)

هەر هەموویان و ئەو کارانەشی بەو ئاینەوە پێوەستن، بە ڕوونی کار دەکەنە سەر ڕێچکەی جوولەکەی خواناس لەبارەی جیهانەوە، کار دەکەنە سەر ئەو خوایەشی کە ئەو جیهانەی دروست کردووە و، هەروەها ئەو شێوازەی بۆ نزیکبوونەوەی لەم خوایە بەکار دەهێنرێ، هەروەها کار دەکەنە سەر ئەنجامی کردنی هەرچی ئەو شتانەش کە لە دواییدا بۆ نزیکبوونەوە لەم خوایە پێویستن، یان بەشێوەیەکی تر سەرتاسەری ژیانی بڕواداری جوولەکە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە پڕە لە وێنە و چەمک و نیشانە و بەهای ئایدیۆلۆجی و کاری خواپەرستی، هیچ بەڵگەیەکیش نییە وامان لێ بکا بیر بکەینەوە و وا بزانین ئەو بڕواخوازە ساتی ئەنجامدانی ئەزموون لەو شتانە خاڵی دەبێتەوە. بە پێچەوانەوە ئەو وێنە و بڕوا و نیشانە و کەرنەڤاڵانە پێشتر دەستنیشانی ئەوە دەکەن کە ئەو ئەزموونانە چین کە ئەو دەیەوێ و ئەو شتەشی پاش ئەزموونەکە بەدەست دێت چۆن شتێکن(٢٦).

(٢) ئەم نووسینانەی نێو کەوانەکان نووسەر خۆی نووسیونی. وەرگێڕ.

واتە بڕوا لە پێشینەکانمان کە لە ئەنجامی مامەڵەکردن لەگەڵ داوونەریتە ئاینییەکانماندا فۆرمی گرتووە، شێوەیەک دەدات بە ئەزموونی ئاینیمان، یان بە شێوەیەکی تر، چوارچێوەیەک دێنێتە ئاراوە کە لە قاڵبی ئەو چوارچێوەیەدا ئەزموونەکەش دەبێتە جێگەی تێگەیشتن.

ئەو ڕۆڵەی مورید و مامۆستایان لە نێو داوونەریتی خواپەرستیدا پەیڕەوی دەکەن، پاڵپشتن بۆ ئەم بۆچوونانە. شێخ، یان مامۆستا بازنەیەکی بچووک لە موریدان دەخاتە ژێر چاودێری و ڕێپیشاندانی خۆی و هەوڵ دەدا بەڕێچکەیەکی تایبەت ئەوان بەو مەبەستە بگەیەنێ کە داوا کراوە. ئەم موریدانە سەراپا بەرامبەر بەدەسەڵاتی شێخ تەسلیم دەبن. بەرامبەر بەمەش ئەسڵی ئەزموونی ئاینی پابەند و دەستبەستراوی ئەو شێواز و بڕوایانەیە کە شێخ دەیڵێتەوە. ئەوەش هەر شێخە کە جەخت دەکاتەوە سەر دیدگای پرەنسیپی خواناسی (ئەگەر نەڵێین دەستنیشانیشی دەکا).

ئاخۆ چۆن دەکرێ ئەو شتانە ڕاڤە بکرێن کە ئیستیس لە ئەزموونە ئاینییەکانیدا بەدوویاندا دەگەڕێ ئەو شتانەی تا ڕادەیەک لەوانە دەچن؟ یەکەم، کاتس پێی وایە ئەم لێکچوانە بەتەواوی ڕووکەشیین. لەو وەسفانەی کە بۆ ئەزموونی ئاینی خراونەتە ڕوو، زاراوە و دەستەواژەی لەیەکچوو بەکار دەهێنرێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەوە نییە کە گومانمان هەبێ لەوەی ئەم زاراوانە لە تەواوی ئەم لێکدانەوانە مانایەکی یەکسانیان هەیە. بۆ نموونە کاتێک دوو کەس بڕوایان بە دوو داوونەریتی جیاواز هەیە، خوێندنەوەیان بۆ ئەزموونی یەکتر ناکۆککخوازە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە کە ئەزموونەکانی ئەو دووانە بە شێوەیەکی یەکسان ناکۆککخوازن، یان ئەو دووانە یەک مانایان مەبەستە لە باسکردنی زاراوەی «ناکۆککخوازی». لە ڕاستیدا کاری زاراوەکانی وەک ناکۆککخواز و وەسف نەکەر ئەوەیە کە «ئەو ئەزموونە لە پرۆسەی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە بهێننە دەرەوە و هەموو مەدلولاتە ئەنتۆلۆجیەکانی بە شێوەیەکی نهێنیئامێز نیشان بدەن» نەک ئەوەی کە «زانیارییەک بۆ بەراوردکاری [ئەزموونەکان] پێشکێش بکەن»(٢٧). ئەو زاراوانەی بۆ وەسفکردنی ئەم ئەزموونە بەکار هاتوون گەلێ گشتی و ئاڵۆزن و بەرامبەر بەمەش ناشتوانێ بەتەواوی وەسفی ئەو ئەزموونە بکا کە گوایە بە تەمای وەسفکردنێتی. کاتێ کە جیمز ڕای دەگەیەنێ کە تایبەتمەندیی تەواوی ئەزموونە خواپەرستییەکان تایبەتمەندییەکی وەسفنەکەر و جۆرێکی عاقڵانەیە noetic quality، ئەم پرسیارە بێ وەڵام دەهێڵێتەوە: ئاخۆ وەسفنەکەریی [هەموو ئەزموونە خواپەرستییەکان] یەکسانن و ئاخۆ جۆری عاقڵانە [لە هەموو جێگەیەک] یەک ماناو یەک ناوەڕۆکی هەیە. جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ڕاگەیاندنە ڕاست و ناڕاستەکانی مادیامیکای بودیزم (Mädhyamika Buddhism) کە جەخت لەسەر بەتاڵبوونەوەی دواین ڕاستی دەکات و ڕاگەیاندنە ڕاست و ناڕاستەکانی مەسیحی لەبارەی خوا و پێوەندیی ئەو بە جیهان و بوونەوەرەکانییەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا ناکرێ دواین ڕاستی یەک شت بێت.

هینری سوسو «لە بێ سنووری و مەودایی ماڵی خوادا خۆی لە بیر کرد و سەراپا لە خوای {مەسیحیدا} توایەوە». هنری سوسو ئوپانیشادەکان Upanishads بە دواین ڕاستی دەزانێ «ئەو

شتەی کە لە قاڵبی واژەی ساتیام Satyam » دا ڕادەگەیەنرێ،. ئەم ڕاستییە، هەموو جیهان دەگرێتەوە : تۆ هەر هەموو جیهانی»، ئەمەش یەکسانە لەگەڵ «پانتاییی هیچێتی dimension of nothingness» لای بوودیەکان. هەموو ئەمانە دەکرێت بە وەسفکردنی جۆراوجۆری بینیارییانە بۆ «دواین ڕاستی» دابنرێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئاشکرایە خوای مەسیحی سوسو لەگەڵ خوای «هیچێتی » بوودیزمدا یەک نییە. هەروەها ئەزموونی هەنگاونان بەرەو دەروونی ماڵی خوا لەگەڵ ئەزموونی خۆلەدەستدان لە «هیچێتی» بودیزمدا یەکسان نییە. ئەگەر بە وردی بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە حاڵەتێکدا دەتوانین بوونەوەرە میتافیزیکییە جیاوازەکان بە دەستەواژەی «یەکسان» وەسف بکەین، ئەگەر هاتوو ئەو دەستەواژانە تا ڕادەیەکی تەواو دەستنیشانەکراو بن(٢٨).

لێکدانەوەکانی کاتس بۆ خۆی بەرهەڵستکارانی هەبووە و ڕەخنەی لێ گیراوە. یەکێک لەو ڕەخنانە ئەوەیە کە ڕوانگەکانی ئەو ناتوانن هەندێ لە لایەنە بنەڕەتییەکانی ئەزموونی خواپەرستی ڕاڤە بکەن. خواپەرستان دەڵێن گوایە ئەوان دەتوانن بگەنە قۆناغێک کە تێیدا سنووری نێوان هۆشیاری و ناهۆشیاری لەبارەی شتەکانی دەرەوە نەمێنێ. بۆ نموونە ئەوانەی وەرزشی یۆگا yo- gis دەکەن و زەینیان دەبڕنە شتە جۆراوجۆرەکانی فیزیکی و نەبینراو و نەفس، پاشان ئاگایی کۆ دەکەنەوە و وردە وردە دەگەنە قۆناغی سامادی Samädhi، واتە گەیشتن بە شێوەیەک لە تەرکیزکردنی ناوکۆیی کە لەوێدا هەموو ناوەڕۆکی ئاگایی (واتە ئاگایی لەبارەی جیاوازیی نێوان کارە چەمکخوازەکان، ئاگایی لەبارەی حاڵەتە دەروونییەکانی وەک چێژ، ئاگایی لەبارەی خۆتەوە وەک بوونەوەرێکی جیاواز، ئاگایی لەبارەی بابەتی لێ وردبوونەوە وەکو کارێکی جیاواز لە خود، دواجار ئاگایی لەبارەی خودی ئاگاییەوە) بە ڕادەیەکی زۆر زۆر لەناو دەچێت. لە دواین قۆناغدا ئەم حاڵەتە بەڵگەنەویستە هەر هەمووی، ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو لەنێو ئاگاییەکی پەتیدا یەک دەگرنەوە.

گەیشتن بە ئاگاییی پەتی لێکدانەوەکەی کیتس نەفی دەکاتەوە. خواپەرستان زۆرجار بۆ گەیشتن بە پلە و پایەی ڕۆشنبوونەوە enlightenment، کۆمەڵێ ڕەوشت و ئاکار دەخەنە ڕوو بە یارمەتیی ئەو ئاکار و ڕەوشتانە بەدەستی ئەنقەست ئەزموونەکانی پێشوو گوتنە تێگەیشتووەکانی خۆیان «فەرامۆش » دەکەن یان دەیانخەنە نێو کەوانەوە. بۆ نموونە قوتابخانەی یۆگا بۆ بەدەستهێنانی ئاگاییی پەتی پێشنیازی حەوت شێوە میتۆد، یان حەوت مەشق دەکا. ئەم میتۆدانە پێشنیازی ژیانێکی تایبەت دەکەن کە لەسەر ئەم هەشت میتۆدەی خوارەوە وەستاوە: یەکەم: کاری پەرستن و دوورکەوتنەوە لە شتە حەرامەکان بۆ نموونە (مانەوە بەڕەبەنی) (لەدەستنەدانی کوڕێتی) (دزینەکردن، ئازارنەدانی کەس). دووەم: (ئاگەداربوون لە فرمانە ڕەوشتییەکانی وەک، ڕاهێنان لەسەر ڕازیبوون، ڕەنجدان و قووڵبوونەوە و خوێندنەوە). و سێیەم: ئەنجامدانی ڕاهێنانە جەستەییە تایبەتییەکان وەک، کۆنترۆڵکردنی هەناسە و ڕاگرتنی، وردبوونەوە لە شتەکان و

بیرکردنەوە و چاودێری. لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە پێیان وایە بە پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە پرەنسیپانە، پەرچەکردارە چەمکی و درکپێکردنەکانیان ئەوانەی پێوەندییان بە ئەزموونەکانەوە هەیە ڕەت دەکەنەوە (ئەو پەرچەکردارانەی کە پەرچدانەوەی نائیرادین). ئەو کەسەی یۆگا دەکات بە تەواوی سەرقاڵی ئاگاییە پەتییەکانە و لەم ئاستەشدا هەموو ئەو وتە و بۆچوون و کارانە بیر دەچنەوە کە لە جیهانی دەرەوە سەرچاوە دەگرن.

میتۆدە بەکارهاتووەکان (بۆ نموونە ڕوانین بۆ شتێکی تایبەت بۆ ماوەیەکی زۆر، یان حاڵەتی هەندێ لە زەن بۆدیستەکان Zen Buddhists کە میتۆدی چاودێری و چاوبڕینە سەردیوار بەکار دەهێنن) لە ئازمایشگاکاندا دووبارە کراونەتەوە. ئەزموونگەرەکان ئەوانەی تەنیا تەماشای جێگەیەکی سادە و ڕووت دەکەن (نیوە تۆپی پینگ پۆنگ بە چاویانەوە دەبەستن، یان پرۆجیکتۆرێکی بچووک بە کۆنتاکت لینزێکەوە دەبەستنەوە و دەیخەنە سەر چاویان تا هەردەم یەک شتی دیار دەرکەوێ) دەڵێن گوایە ئەوان هیچ نابینن (لەم قۆناغەدا هێشتا کارەکە برێتییە لە ئەو جیاوازکارییانەی کە مرۆڤ بۆی دەچێت)، بەڵام لە کۆتاییی ئەم پرۆسەیەدا بەم شێوەیە باس لە بینین دەکەن: «بۆ ماوەیەکی کورت هەستی بینیایی بەتەواوی لەناو دەچێت»(٢٩).

بەکورتی ئەگەر «فەرامۆشکردن» و ئەو دیاردانەی لە بابەتی ئەون بکرێت، ئەنجام بدرێن و خواپەرست بتوانێ بەحاڵەتی ئاگاییی پەتی بگا (واتە ئەو حاڵەتەی کە ئاگایی تێیدا نە پاڵپشت و نە ناوەڕۆکی هەیە)، لەو کاتەدا دەبێ دووبارە چاو بەحوکمەکانی کاتیسدا بخشێنینەوە. لە بەرزترین پلەی خواپەرستیدا چەمک و ئەزموونەکان باڵادەست دەبن و ڕوو لە گەورەبوون دەکەن، بۆیە لەم پلەیەدا هیچ شتێک نییە کە لەلایەن ئەزموون و ئەو چەمکە ڕێکوپێکانەوە سنووردار بکرێ کە لە پێشدا هەن.

تەنانەت ئەگەر هاتوو باسەکانی تایبەت بە ناوکی هاوبەشی ئەزموونە ئاینییەکان ئەنجامێکیان هەبێت، دیسان ئەم دوو دیدگایە لەبارەی ئەزموونی ئاینییەوە کۆمەڵێ پرسیاری ڕژد دەوروژێنن. ئەگەر ڕاکەی کاتس ڕاست بێت کە دەڵێت ئەزموونە ئاینییەکان جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتریدا هەیە و لە ڕێگەی بۆچوونە پێشینەکانی کەسی ئەزموونگەرەوە سنووردار دەبن، ئاخۆ دەتوانین هیچ لەبارەی ئەو شتانەوە بڵێین کە بە ئەزموونەکانەوە پێوەستدارن و لەبارەی ئەو بڕوایانەی کە لە ئەنجامی ئەم ئەزموونانەوە شێوەی خۆیان چنگ دەکەوێ؟ ئاخۆ ئەزموونە ئاینەکان ئەو ئەزموونانەی تا ئەم سنوورە دەستبەستراوی چەمکە لەپێشینەکانن دەتوانن بنیاتێکی پتەو بۆ بڕواکان دەستەبەر کەن؟ ئێستا با وای دانێین کە خواپەرست لەسەر حەقە و ئاگاییی پەتی، بەدەر لە حوکمەکەی کیتس دەبێتە شتێکی بێ ناوەڕۆک و ناواخن، ئاخۆ لەو حاڵەتەدا ئەم شێوە ئاگاییە بێ ناوەڕۆکانە دەتوانن بنیاتێکی پتەو بۆ بڕواکان بەدەست بێنن؟ بەکورتی ئاخۆ دەتوانن پێمان وابێت کە ئەزموونی ئاینی ڕێپیشاندەری بڕوای ئاینییە؟

## ئاخۆ ئەزموونی ئاینی دەتوانێ ڕێپیشاندەری بڕوای ئاینی بێت؟

کەسانێک هەن دەڵێن ئەزموونی ئاینی لە ڕێنوێنیکردنی ئەو بڕوا ئاینییانەی کە خەڵکی پێیان باشە ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت. کەسانی لاسار هەن دەڵێن «خوا نەمردووە و ئەمڕۆ سەرلەبەیانی خۆم لەگەڵیدا ئاخاوتنم کرد». بەڵام ئاخۆ دەتوانین ئەم مەسەلەیە وەک ئەزموون بکەینە بنیاتێک بۆ باوەڕەکانمان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تا ڕادەیەک پێوەستە بەوەی ئێمە چۆن وەسفی ئەزموونی ئاینی دەکەین.

یەکەم، با وای دانێین کە ئەزموونی ئاینی شێوە هەستێکە. شلایەر ماخەر پێی وابوو بە یارمەتیی ئەم شێوە هەستانە دەتوانین سیستەمی بڕوای ئاینی فۆرمۆلە و ڕێنوێنی بکەین، بەڵام ئاخۆ بەپشتبەستن بەم هەستانە دەتوانین بڕوا مەعریفییەکان ڕێنوێنی بکەین؟ گرفتی کارەکە لەم بۆچوونەوە سەرچاوە دەگرێت کە خواوەند (وەک بوونەوەرێکی بالایی) هەروەها ئەزموونی ئێمە لەبارەی خواوەند (وەکو هەستێک کە لە بڕوا و چەمکەکان دروست نەبووە) هەردووکیان دوو شتن وەسف ناکرێن. بەڵام بۆ ئەوەی ئەزموونەکە دەلالەتێکی مەعریفیی هەبێت دەبێ لە ڕێگەی چەمک و بڕوا عەقڵانییەکانەوە بە ئەنجام بگا.

هەمان ئەم مەسەلەیە ڕووبەڕووی ئۆتۆ دەبێتەوە. ئۆتۆ پێی وایە وەسفە چەمکخوازەکان کە لە کارە نیمونۆسەکانەوە[٣] وەدەست دێن، «چەمکی ڕاستەقینەی عەقڵانی نین، بگرە تەنیا جۆرێک لە بگۆڕی ڕۆشنکەرەوەی چەمکەکانن»[٣٠].

ئۆتۆ ناوی «ئیدیۆگرام»[٤]. واتە ئەو لێکچوواندنە ناتەواوانەی کە لە ئەزموونی ئاساییەوە دەست دەکەون، بەو چەمکانە دەبەخشێ کە بۆ وەسفکردنی ئەم ئەزموونانە بەکار دێن، ئیدیۆگرامیش لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆمەڵێ چەمکی دیاریکراو بەگونجاو دەزانێت بۆ وەسفکردنی مەسەلەی numinous (واتە مەسەلەی پیرۆزیی) بۆ ئەوەی بتوانین جیاکارییەک لە نێوان چەمکە گونجاو و ناگونجاوەکان بکەین بەمەبەستی وەسفکردنی مەسەلەی پیرۆزیی nu-minous، پێویستە سیستەمی چەمکەکانمان هەبێت تا بتوانین بە یارمەتیی ئەو سیستەمە لە مەسەلەی numinous بگەین. بەرامبەر بەمەش پێویستە مەسەلەی numinous ناوەڕۆک و ناواخنی عەقڵانیی هەبێت.

بەکورتی، ئەوانەی وەک شێوە هەستێک مامەڵە لەگەڵ ئەزموونی ئایندا دەکەن، ئەو کەسانە ڕووبەڕووی دووڕیانێکن. ئەگەر ئەزموونی ئاینی وەسفکردنی مەحاڵ بێت، لەم حاڵەتەدا ئەو ئەزموونە ناکرێ وەک بنیاتێک بۆ بڕواکان بەکار بهێنرێت، لەبەرئەوەی لەم ئەزموونەدا هیچ

---

(٣) Numinous واتە سیفەتی لە سروشت بەدەر.

(٤) Ideogram وشە، یا سیمبولێک بیرێک یان وشەیەک دەگەیەنێ.

ناوەڕۆکێکی عەقڵانی نییە کە بنیاتێک بۆ بڕواکان دەستەبەر بکات. بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو ئەزموونە ناوەڕۆک و ناواخنێکی تێگەیشتووانەی هەبوو، لەم حاڵەتەدا ناکرێت لە دەربڕینە تێگەیشتووەکان بێلایەن بێت و پرش و پارچەی ڕەخنە عەقڵانییەکانی بەرنەکەوێ. ئەو کەسانەی ئەزموونی ئاینی بەهەست دادەنێن، ناتوانن لە یەک کاتدا هەردوو ڕوویان پێ قبووڵ بێت.

بەڵام خاڵی دووەم: وای دانێ کەسێک بەپێی شێوەی سێیەم ڕاڤەی ئەزموونی ئاینی دەکا واتە بڵێت ئەزموونی ئاینی، ئەزموونێکە لە ڕێگەی بڕوای کەسی ئەزموونگەر و بە یارمەتیی هۆکارە سروشتییەکانەوە مەحاڵە بخرێتە ڕوو و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ. لەم حاڵەتەدا بۆ ئەوەی ئەزموونی ئاینی جێگەی ڕەزامەندی بێت، دەبێ ئەزموونگەر بڕوای تایبەتی لەبارەی هۆکارەکانی ئەو ئەزموونەوە هەبێ. دەستنیشانکردنی ئەم هۆکارە، بەشێک لە وەسفکردنی ئەو ئەزموونە پێک دێنێ، بەڵام لەم حاڵەتەدا ناتوانرێ بەئامادەبوونی ئەو هۆکارە ئەزموونی ئاینی بۆ ڕێنوێنکردنی بڕوا بەکار بهێنرێت. ئەگەر هاتوو ئەم کارەشمان کرد ئەوا بەڵگەهێنانەوەکانمان بازنەیی دەبێت: ئەم ئەزموونە، ئەزموونێکی ئاینییە، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی کە ئەم ئەزموونەی وەک ئەزموونێک قبووڵ کردووە کە هۆکاری بەدیهێنەرەکەی خواوەندە؛ ئەو کەسەش بەڵگەیەکی باشی پێیە کە بڕوای بە بوونی خوا هەبێت، چونکە ئەو کەسە خاوەن ئەزموونی ئاینییە.

ئەم بەڵگەیە بەتەواوی لەو بەڵگانە دەچێت کە بە شێوەیەکی ئاسایی لەو بارەیەوە دادەمەزرێ کە ئاخۆ پەرجووەکان دەتوانن چ شتێک نیشان بدەن و چ شتێک ناتوانن نیشاندەن. ئەگەر وامان زانی پەرجووەکان کارێکن لەلایەن خواوەندەوە ئەنجام دەدرێن، لەم حاڵەتەدا ناتوانین وەک هاوجووتێک بۆ پاڵپشتیبوونی خواوەند پەرجووەکان بەکار بێنین. بوونی خوا فەرز کراوە ـ تا وەک ئەزموونێکی پەرجوویی تەماشای ئەو ئەزموونە بکرێ. ئەگەر هاتوو بەپێی هۆکارە سوپەرناتیوراڵەکان پێناسەی ئەزموونی ئاینیمان کرد، لەم بارەدا ئەم ئەزموونە ناتوانرێ وەک ئەزموونێک بۆ ڕێنوێنیکردنی بڕواکان بێتە بەکارهێنان.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەزموونی ئاینی تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانێت مانای هەبێت، ئەگەر هاتوو لەنێو جیهانبینییەکی تایبەتدا جێگەی خۆی کردەوە. ئەم ئەزموونە کاتێک مانای دەبێت ئەگەر پێشتر مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵە بڕوایەک بێت کە ئەو بڕوایانە لە بڕوابوون بە کارە سوپەرناتیوراڵەکانەوە پێک هاتبێت. [بڕوابوون بەبوونی] کاری سوپەرناتیوراڵ لەسەر ئەزموونی ئاینی پێک نایە و لەسەر ئەویش بنیات نانرێ، بگرە بەشێکە لە وەسفکردنی ئەو ئەزموونە، بەم پێیەش دەبێتە بەرگریمانەی ئەو ئەزموونە.

بەڵام ئەم داوەرییە ڕەنگە مۆرکێکی پەلەی پێوە بێت. بەپێی ئەم بۆچوونە کاتێک ئەزموونێک دەبێتە ئەزموونێکی ئاینی ئەگەر هاتوو کەسی ئەزموونگەر بڕوای وابێت بەبێ کارە سوپەرناتیۆراڵەکان تێگەیشتن و خستنە ڕووی ئەو ئەزموونە کارێکی گرانە. ئەو کاتە بەلایەنی کەمەوە یەک ئاشکرابوون لەبارەی ئەم ڕووداوە دەبێت ئەویش ئەوەیە کە لە یەکەم چاوخشاندا

ماقووڵە و خوازیاری بوونی خوا دەکا. ئەم کارەش بە تەواوی ڕەت ناکاتەوە کە کەسێکی تر بتوانێ ئاشکراکردنێکی تەواو سروشتی لەبارەی ئەو ڕووداوە پێشکێش بکات. هەرچەند ژمارەی ئەو ئەزموونانە زیاتر بێت شیمانە و ڕاستیی ئەو ئەزموونانە زیاتر دەبێت کە لە ڕێگەی کاری سوپەرناتیورالْ ئاشکراکردنێکی ڕازیکەر پێشکێش دەکەن و هەرچەندە ئەو ئەزموونانە زیاتر لەگەڵ سیستەمێکی گونجاوی بڕواکاندا هەڵکەن، واتە هەرچەندە ڕاڤەکردنەکە گونجاوتر بێت، هەرچەندە زیاتر پشت بە کارە سوپەرناتیوراڵەکان ببەستریّ بۆ ئاشکراکردنی بڕێک لە ئەزموونەکان، ئەوا بەرپرسیاری ئیسپاتکردنی داواکردن زیاتر دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسەی کە خوا بەهۆکاری ئەم جۆرە ئەزموونانە نازانێ، یان بەشێوەیەکی تر، ئەگەر ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ ئەزموونەکان ڕەنگدانەوەی سیستەمی بڕواکانمانن بەو مانایە بێت کە ناتوانین ئەزموونەکان بۆ ڕێنوێنیکردنی بڕواکانمان بەکار بێنین، لەم حاڵەدا هیچ یەک لە ئەزموونەکان ناتوانن ڕێنوێنیکەری بڕواکانمان بن، لەبەر ئەوە بەپێی ئەو بۆچوونە تەواوی ئەزموونەکان پشت بە سیستەمی بڕواکانی دەبەستن. ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت کە ئەزموونی من لە بینینی پشیلەیەک لەسەر درەختێک، ڕێنوێنیی ئەم بڕوایە ناکات کە «پشیلەیەک لەسەر درەختێکە »، لەبەرئەوەی ئەو بڕوایە پێشتر ئەوەی فەرز کردووە کە شتێک وەک پشیلە و درەخت و پشیلەی سەر درەختەکان بوونی هەیە، بەڵام لەم حاڵەتەدا چ شتێک ڕێنوێنیی ئەو بڕوایە دەکا؟ بەپێی ئەم دیدگایانە هەموو بڕوا ئەزموونگەرییەکان نابنە ڕێنوێنیکەر.

هەواڵنامەی کتێب

سەرەنجام ئەو کەسانەی بڕوایان وایە ئەزموونی ئاینی جۆرە ئەزموونێکی هەستیارییە، ئەوان ڕێنوێنیی ئەوە دەکەن کە دەتوانرێ بۆ ڕێنوێنیکردنی بڕوا ئاینییەکان سوود لە ئەزموونی ئاینی وەرگیرێ. بۆ ڕێنوێنیکردنی بڕواکانمان لەبارەی جیهان بەشێوەیەکی ئاسایی سوود لە درکە هەستییەکان وەردەگرین. بۆ نموونە، کاتێک ئێمە لە چیمەنگایەکدا باڵندەیەک دەبینین ئاگامان لەو بڕوایە هەیە کە «لە چیمەنگاکە باڵندەیەک هەیە»، هیچ بەڵگەیەکیش بۆ ئەوە نییە کە درکە هەستییەکانمان حاڵەتێکی ناباوی هەبێت. لەسەر هەمان ئەو پێوانەیە ئاینپەروەران مافی خۆیانە لەسەر بنیاتی ئەزموونە ئاینییەکانیان بڕوایان وابێت کە خوا بوونی هەیە و مرۆڤیشی خۆش دەوێ و وەڵامی نزا و پاڕانەوەکانیان دەداتەوە.

ئاخۆ شیمانەی ئەوە نییە لەبارەی ئەزموونە ئاینییەکانمان دووچاری هەڵە بین؟ ئەگەر ئەم شیمانەیە لە ئارادا بێت، ئەو ئەزموونانە چۆن دەتوانن شتێکی لەم شێوەیەمان پێشکێش بکەن بۆ ڕێنوێنیکردنی بڕوای ئاینی. ئەڵبەتە ئەگەری ئەوە هەیە کە دووچاری هەڵە بین، هەروەها دەکرێ لە ئەزموونە هەستییە ئاساییەکانیشدا تووشی هەڵە بین، بەڵام بەس نییە بۆ نەفیکردنی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ: «ئەزموونە ئاینییەکان ڕێنوینی بڕوای ئاینی دەکەن ». کاتێک کەسێک دەڵێ: لە دەرەوە باڵندەیەک دەبینم، ئاساییە ئەگەر بەوە ڕازی بین کە ئەو باڵندەیە ئەو بینیوەتی بوونی هەبێ. Swinburne ئەم کارە ناو دەنێت پرەنسیپی ئاسان باوەڕی : Principle of Credulity کاتێ

کەسێک پێی وایە شتێک بوونی هەیە، بۆیە شیمانەی ئەوە هەیە کە ئەو شتە بوونی هەبێت، مەگەر کۆمەڵێ تێبینیی تایبەت ببنە هۆی سستکردنی بۆچوونەکانی[٣١]. واتە، ئەگەر هاتوو شتەکان پێ بچێت بە فلان ڕێڕەوی چاکدا دەڕۆن، هەروەها هەمان ئەم کارەش بنیاتێکی چاک بۆ ئەو بڕوایە پێک دێنن و ئەو شتانەش خۆیان لە بنەڕەتەوە بە هەمان ڕێڕەوی تایبەت بوونیان هەیە. بۆیە ئەو کاتە ئێمە هەقمانە ئەگەر ئەو بڕوایەمان پێ قبووڵ بێت، تەنیا لە حاڵەتێکدا دەکرێ بکەوینە دوودڵییەوە لەو بڕوایەی کە هەمانە ئەو حاڵەتەش ئەوەیە کاتێک کۆمەڵێک تێبینی نەفیکردنەوەی ئەو بڕوایانە بخەنە بەردەستمان و لە ئەنجامدا لەبارەی هەستە پێوەستەکانەوە، یان بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی ڕاستی و ناڕاستیی دەزگای درکپێکردنمان تووشی دوودڵیمان بکەن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە ناتوانین لەبارەی ئەزموونی ئاینی دووچاری هەڵە بین، بەڵام بەرپرسیاری سەلماندی ئەم کارە لە ئەستۆی کەسانێکە کە ئەم ئەزموونە بە ئەسڵ و ڕاست نازانن.

بەپێی هەمان پێوانە، کاتێک تێبینیی تایبەت لە ئارادا نەبێت، دەبێ ئەزموونگەرانی ئەزموونی ئاینی بە بنیاتێکی بڕوا پێکراو بۆ ئەم بڕوایە دانێن کە دەڵێ: «خوا، یان دواین ڕاستی هەن». ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەزموونگەران لەم بڕوایەیاندا ناکرێ دووچاری هەڵە نەبن. بەڵام هەروەک درکە هەستییە زانراوەکان، تاکەکان حەقی خۆیانە پارێزگاریی بڕواکانیان بکەن، مەگەر لە حاڵەتێکدا بەڵگەیەکی باش لەسەر ئەوە نیشان بدەن کە ئەم بڕوایانە ناکۆکییان هەیە لەگەڵ تەواوی بڕوا بەڵگەدار و ڕوونەکان (بۆ نموونە ئەو بەڵگانەی لەبارەی خود و وەسفەکانی خوا بوونیان هەیە)، یان ناتەواوییەک لە دەزگا درکپێکردنەکانیاندا هەیە. ئەزموونی ئاینی لە سەرەتادا ڕێنوێنیی ئەو بڕوایانە دەکا کە پێوەندییان بە خواوە هەیە.

بەڵام ئاخۆ ئێمە دەتوانین پرەنسیپی ئاسان باوەڕیمان لا قبوڵ بێت؟ گرفتێک هەیە ئەویش ئەوەیە جۆرە یەکباوەڕییەکی بنەڕەتی لەبارەی ئەو زانیارییانە هەیە کە لەمەڕ ئەزموونە هەستییە ئاساییەکان پێشکێشیان دەکەین و لەمەڕ ئەو بڕوایانەشی بەو ئەزموونانەوە پێوەستن، بەڵام زانیارییەکان زۆر جیاواز و هەمەچەشن لەبارەی ئەو ئەزموونە ئاینی و ئەو ڕاگەیاندنانەی کە لەسەر بنیاتی ئەو ئەزموونانە بنیات نراون. هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، تاکەکان وەسفی نەگونجاو لەبارەی ئەو دوایین ڕاستییە پێشکێش دەکەن کە تاقییان کردووەتەوە. بۆ نموونە مەسیحییەکان ئەو کاتەی خۆیان لە بەردەم خوای خۆیان دەبیننەوە لە قاڵبی سێینەدا وەسفی دەکەن و وەک بوونەوەرێک وەسفی دەکەن کە لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەواندا جیاوازیی هەیە، بەڵام هیندۆسەکان بەتەواوی وەکو شتێکی واقیعی دەڕواننە بەرهەمەن، هەروەها ئەوان پێوەندیی نێوان خود self (ئاتمان atman) و بەرهەمەن بەپێوەندییەکی بێ دوانەیی وەسف دەکەن.

ئاخۆ تەواوی ئەم ڕوانینە ئاینییانە (بە تایبەت کاتێک کە لە بنەڕەتەوە بەرگری لە بڕوا دژ و ناکۆکەکان دەکەن) دەتوانن پێکەوە بژین؟ ڕەنگە مەحاڵ بێت بتوانن پێکەوە هەڵکەن، بەڵام کەسانێک هەن بڕوایان وایە ئەم شتە پرەنسیپی ئاسانباوەڕی ناخاتە بەر مەترسییەوە.

مەرجەكانی ئەم پرەنسیپە ئەوە نییە كە هەموو دركە هەستییەكان بە ڕاست بزانرێ. كاتێ دركە هەستییەكان لەگەڵ شتە ئاشكراكان ناكۆك دەبن، ئەو كاتە دەبێ بۆ ئەزموونەكانی تر بگەڕێینەوە، هەروەها بۆ سەلماندنە عەقڵییەكان بگەڕێینەوە، تاوەكو ڕاستیی بۆچوونە جۆراوجۆرەكان دەستنیشان بكەین. لە كاتێكدا بڕێكی زۆر ڕاڤەكردنی جۆراوجۆر دەبێت، دەبێ هەستین بەهێنانی تێبینیی تر تا بتوانین داوەری بكەین كە چ یەك لەو ئەزموونە ئاینییانە باوەڕ پێكراون (بەمەرجێك لە بناغەوە ئەزموونی باوەڕ پێكراو لە ئارادا بێت). ئەگەرچی زانیارییەكان لە سەرەتادا بنیاتێك فەراهەم دەكەن بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونانە جێگەی ڕەزامەندی بن، بەڵام هەموو ئەو بڕوایانەی كە لەسەر ئەم ئەزموونانە بنیات نراون، لە كۆتاییدا ڕاست دەرناچن. هەروەك چۆن هەندێ جار بەڵگەی چاكمان هەیە بۆ ئەوەی لەبارەی ئەو بۆچوونانەوە دوودڵ بین كە لەسەر دركە هەستییەكان بنیات نراون، بۆیە دەتوانین هەمان ئەو دوودڵییەشمان هەبێت لەبارەی ئەو بۆچوونانەی كە لەسەر ئەزموونی ئاینییەوە بنیات نراون.

تاكە شێوەیەك دەكرێ بوونی هەبێت بۆ پاڵاوتنی بۆچوونە بێ بەهاكان ئەویش ئەوەیە كە تێبینی بكەین ئاخۆ ئەو بۆچوونانە لەگەڵ سەرتاپای ئەو بڕوا ئاراستەكراوانەی كە لەبارەی خوا و كردارەكانی خوا هەمانە گونجاون، یان نەگونجاو؟.

بەڵام ڕەنگە كەسانێك بپرسن ئاخۆ ئەم وەڵامە لە ڕاستیدا دادوەرانە داوەری دەكا لەبارەی هەموو جۆرە بۆچوونەكانی تایبەت بە دواین ڕاستی؟ (واتە ئەو شتەی وەك دەگوترێ لە ئەزموونی ئاینیدا دركی پێ دەكرێ)؟ ئەگەر هاتوو ئەو كەسانەی كە باس لە ئەزموونی ئاینی دەكەن، سەر بە داوونەریتە جیاوازەكان بن و كۆمەڵێ بۆچوونیان لەبارەی جیهانەوە هەبێت كە نەتوانن لە بناغەوە پێكەوەی كۆ ببنەوە، باشە ئەو كاتە چۆن ئەزموونی ئاینی دەتوانێ ڕێنوێنیی بڕوایەكی تایبەت بكا؟

ئاشكرا و ڕوونە ئەگەر دەمانەوێ ئەزموونی ئاینی بەشێوەیەك لە ئەزموونی هەستی دانێین بەو شێوەی كە ڕێنوێنیی بڕوا ئاینییەكان دەكا، ئەو كاتە دەبێت كۆمەڵێكی زۆر خاڵ هەیە چارەسەریان بكەین. پرەنسیپی ئاسانباوەڕی پێویستی بە لێكۆڵینەوەیە؛ بۆ نموونە ڕەنگە بپرسین ئاخۆ ئەم پرەنسیپە دەبێت بە هەمان شێوە جێبەجێ بكرێت كە بەسەر هەموو ئەو بۆچوونانەدا جێبەجێ كراوە كە لەسەر بنیادی دركە هەستییەكان بنیات نراون (بەسەر ئەو بۆچوونانەش جێبەجێ بكرێت كە لەسەر بنیاتی ئەزموونی ئاینیدا بنیات نراون) یان نەخێر، هەروەها دەبێ لەو بارەیەشەوە شیكردنەوەیەك ئەنجام بدەین، بوونی هەمەچەشنی لێكدانەوە و پێوەستەكان بەئەزموونی ئاینی و ئەو بۆچوونە دژانەشی لەو ئەزموونانەوە سەرهەڵدەدەن تا چ ڕادەیەك گرینگییان هەیە. بۆ چارەسەركردنی مەسەلەی ئاراستەكانی بڕوای ئاینی دەبێ لە لایەنەكانی ترەوە بپشكێنرێن. ئەم مەسەلەیەش لە بەشەكانی تری ئەم كتێبەدا بەدوور و درێژی باسیان لێوە دەكەین .

## پرسیارەکانی ئەم بەشە

١– ئەو پێنج ئەزموونە ئاینییە کامانەن کە ڕیتچارد سوین خستوویەتە ڕوو؟ بۆ دوو جۆر لەو ئەزموونانە، لەنێو نووسینی ئاینی، یان فەلسەفی، یان لەنێو ئەدەبیاتی نزاوتکادا نموونە بهێنەوە.

٢– ئەم دوو دیدگایەی ژێرەوە پێکەوە بەراورد بکە و جیاوازییەکانیان ئاشکرا بکە : [١] ئەو دیدگایەی پێی وایە ئەزموونی ئاینی جۆرێکە لە ئەزموونی درک پێکردنی هەستی. [٢] ئەو دیدگایەی بڕوای وایە ئەزموونی ئاینی، ئەزموونێکە کەسی ئەزموونگەر ناتوانێ بە یارمەتیی هۆکارە سروشتییەکان ئاشکرای بکا. هەریەک لەم دوو دیدگایە چۆن ئەو سێ زانیارییە ئاشکرا دەکەن کە لەم بەشەدا باس کراوە؟ هەروەها ئاشکراکردنەکانیان لە چ لایەنێکەوە لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن؟.

٣– ئەگەر ئاشنایيت لەگەڵ کەسانێک هەیە کە خاوەن ئەزموونی ئاینین، لێیان بپرسە ئەوان چۆن وەسفی ئەو ئەزموونە دەکەن. کام لەو سێ جۆرە ئاشکراکردنەی لەبارەی ماهییەتی ئەزموونی ئاینی خراونەتە ڕوو، بەباشترین شێوە وەسفەکانی ئەو ڕوون دەکاتەوە؟ و بۆچی؟

٤– ئەو بەڵگانە بەراورد بکە کە بەسوود و زیانی ئەم بۆچوونەن کە دەڵێ «ئەزموونە ئاینییەکان ناوکی هاوبەشیان هەیە »، هەروەها جیاوازییەکانیان بخە ڕوو، بەبۆچوونی ئێوە کام لەو دووانە ڕاستن؟ بۆچی؟ ئاخۆ دەکرێ ئەزموونی خواپەرستیی باڵا ناوکێکی هاوبەشیان هەبێ و هەموو ئەزموونە ئاینییەکانی تر ئەو ناوکە هاوبەشەیان نەبێت؟

٥– سەلماندنێک بخە ڕوو «جا ئیتر لەم بەشەوە وەرگیرابێت، یان هی خۆت بێت» بەرامبەر بە ڕازیبوون و ناڕازیبوونت بەو حوکمەی کە دەڵێ «دەکرێ بۆ ڕێنوێنیکردنی بڕوا ئاینییەکان ئەزموونی ئاینی بەکار بهێنرێ». لەبارەی ئەزموونی ئاینییەوە چ دیدگایەکت پێ لە پێشترە؟ چ ڕەخنەیەک دەکرێ دژ بە سەلماندنەکانی تۆ بگیرێت؟

٦– گەر ئێوە بڕواتان بە ئاین هەیە، ئاخۆ ئەزموونی ئاینی بۆ ڕێنوێنیکردنی بڕوا ئاینییەکانت بەکار دەهێنی؟ ئاخۆ پاش خوێندنەوەی ئەم بەشە، بۆچوونێکی ترت بەرامبەر بە ئەزموونە ئاینییەکەت لا دروست بووە؟ و چۆن؟.

٧– ئەگەر ئێوە بڕواتان بە ئاین هەیە و ئەزموونی ئاینی بۆ ڕێنوێنیکردنی بڕوا ئاینییەکانت بەکار ناهێنی، کەواتە [بۆ ڕێنوێنیکردنی بڕوا ئاینییەکانت] پشت بە چ شتێک دەبەستی؟ بۆچی پێتان وایە کە ئەو شتە بنیادێکی چاک بۆ بڕواکانت فەراهەم دەکەن؟

## سەرچاوەکان:


Reden & geloof: een inleiding in de filosofie van de religie

PETERSON Michael, HASKER William, REICHENBACH Bruce, BASINGER

Oxford University press 1991.


### چەند سەرچاوەیەک بۆ خوێندنەوەی زیاتر


Alston,William. “Christian Experience and Christian Belief  Alvin Plantinga and Nicholas Wolterstorff, eds, Religion and Religion and Rationality. Notre Dame, IN: University of Notre Dame Press, 1983.

James, William. The Varieties of Religious Experience. New York: New American Library, 1958.

Katz, Steven T. ed. Mysticism and Philosophical Analysis. Oxford: Oxford University Press, 1978.

Proudfhoot, Wayne. Religious Experience. Berkeley: University of California Press, 1985.

Otto, Rudolf, The Idea of the Holy. London: Oxford University Press, 1958.

Stace, W. T . Mysticism and Philosophy. New York: Macmillan, 1960.

Swinburne, Richard. The Existence of God. London: Oxford University Press. 1979. Chap. 13.

Underhill, Evelyn. Mysticism. Cleveland, OH: Meridian Books, 1955.


هەواڵنامەی کتێب


١– کتێبی پێغەمبەر ئەشیعا (بەشی 1-3-5) کتێبی پیرۆز، پەیمانی کۆن

2-Augustine, Confessions, trans. R.S. Pine-Coffin ( New York: Penguin Books, 1961), VIII, 12.

3-Mandukya, Upanisad, III, I, 8, in Sarvepalli Radhakrishnan and Charles A.

Moore, eds., Indian philosophy( Princeton, Nj: Princeton University Press, 1957), p.54

4-Richard Swinbrune , The Existence of God ( Oxford: Oxford University Press, 1979), PP, 54.

5-Raiph Waldo Emrson, “Nature”, “Essays and Addresses”, Seledted Writings of Ralph Waldo Emerson( New York: American Library, 1965), p.189

٦– کتێبی پیرۆز، سەفەری دەرچوون، بەشی سێیەم، (1-4)

٧– کتێبی پیرۆز، کتێبی کاری پەیامبەران، بەشی دەیەم، (10-16).

8-RichardToole, O Sleep and My Heart Wakes, In Elmer O,Brienem ed., Varieties of Mystic Experience (New York: Holt, Tinehart and Winstor, 1964),p.161.

9-E. Allison Peers, ed., The Life of Teresa of Jesus (Garden City, NY: Image Books, 1960),p.249.

10-Nicholas of Cusa, The Vision of God (New York: Frederick Ungar , 1960),p23.

11-Samyutta-Nikaya, XXXVI, 115, in Henry Clarke Warren, ed, buddhism in Translations New York:Athenaeum, 1973),p.384.

12-Friedrich Schleiermacher, The Christian Faith ( Edinburgh: T.&T. Clark, 1928),p.17

13- Rudolf Otto, The Idea of the Holy (London: Oxford University Press 1958). P. 1

14-Otto,p.12.

15-Otto,p.10

16-Augustine, I, I’ C.S. Lewis Pilgrim’s Regress ( Grand Rapids, MI: William B Eerdmans, 1958).

17-William James, The Varieties of Religious Experience New York: New American Library, 1958,p.329

18-Wayne Proudfoot, Religious Experience ((Berkeley: University of California press, 1985 ,pp.87, 108.

19-William Alston, “The Perception of God,” Topics in Philosophy 16, no .2(Fall 1988).

٢٠- ئەگەر ئەزموونە ئاینییەکە تایبەت بێت بە کەسایەتییە خاوەن جەستەکانی وەک عیسا و مریەمی پاکیزە، ئەوکاتە ئەو مەسەلانە پەیدا نابن کە لێرەدا خراونەتە ڕوو، چون ئەگەری ئەوە هەیە کە شێوە شکلیەکانی ئەوان ناوەرۆک و ناواختی هەستی بێت.

21-Proudfoot, pp. 176-88.

22-Proudfoot, pp. 176-223.

23-W.T. Stace, Mysticism and philosophy (New York: Macmillan, 1960,pp.131-32.

24-Stace,p.37.

25-Stac,p.133.

26-Steven T. Katz, <<Languge, Epostemology, and Mysticism,>> in Steven Katz, Mysticism and philosophical Analysis ( Oxford: Oxford University press, 1978),p.33.

27-Katz,p.54.

28-katz,p.51

29-Robert K.C.Forman, “A Construction of Mystical Experience,” Faith and philosophy 5, no.3 (1988):259-65.

30-Otto,p.19.

31-Swinburne,p.254.

# ئاینی زەردەشتی
# یەکەم دیاریی کوردە بۆ مرۆڤایەتی

توێژینەوە و وەرگێڕانی دەقەکان: مامکاک

خۆزگە چۆنمان دەویست وا دەبوو،

(ئاتها زامیات یاتها ئافرینامی)

هەواڵنامەی کتێب



ئەی – ئاهورامازدا،

بە مەبەستی سوود بەخشین بە گەلانی جیهان

ئاینی من ڕەوشتی بەرز بنیات دەنێ

بیری پاک هەڵدەبژێرێ.

# ناوی زەردەشت

زەردەشت لە بنەڕەتدا ناوی (زەرەتهوشترا Zarathushtra)یە. هەندێ ئینگلیس بەشێوەی (زۆرواستەر Zoroaster)یش دەینووسنەوە و بەهەمان شێوەش دەیخوێننەوە. کوردیش بە (زەردەشت Zardasht) ناوزەدی دەکەن.

ئاشکرایە کە ناوە ڕەسەنەکەی (زەرەتهوشترا)، ناوێکی ئاوێتەیە و لە دوو پارچەی جیاوازەوە پێکهاتووە: بەشی یەکەمی (زەرەت Zarat)، بەگوێرەی زمانی ئاڤێستا (زەرەی zaray)یە، کە بەکوردی ئەم سەردەمە بەرانبەر بە (زەرد) واتا (ڕەنگی زەرد) دێت. کەرتی دووەمی ناوەکەش (هوشتر hushtr)ە؛ ئەمەش واتای "وشتر" یان (حوشتر) یان "حیشتر" یا "هیشتر" دەگەیەنێ. بەڵام دەبێ لە بیر نەکەین کە دەربڕینی پیتی (ح) لە هەندێ بەشی کوردستان بەئاسانی ناگوترێ، بۆیە زۆر لە کوردان دەڵێن: "وشتر" یان "هوشتر" یانیش "هیشتر"، کە بەپێی گۆڕانی شوێنی جیۆگرافی، دایەلێکتی قسەکەرەکەش دەگۆڕێ. هەر بۆیە لە زمان و لە زەمانی ئاڤێستادا بە "هوشتر" هاتووە. بێگومان (ـە a)ی کۆتاییی ناوەکەش، ئەم کردارە سووکەی ئەمڕۆی خۆمانە کە واتای "کرداری ئێستا" دەدا. بەم چەشنە ناوی "زەرەت – هوشتر" دەکاتە "حوشتری زەرد"؛ چونکە ناشبێ مرۆڤ ئەم ناوەی لێ بێت، بۆیە مێژوونووسان و شارەزایانی شێوەزاری پەهلەوی، کە ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە دەڵێن: "زەرەت – هوشترە" دەبێتە (خاوەن هوشتری زەرد یان زێڕین).

چینی دووەمی مێژوونووسان گوتوویانە کە (زەرەت Zarat ) دەکاتە "لاواز" یان "پیر" و دەڵێن:– "فلان ڕەنگی زەردە"، واتا لاوازە یان بێ هێزە. بەم پێیەش واتاکەی دەبێتە (خودان هشتری پیر یان لەڕ). لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە زۆر لە نازناوی ئەمڕۆی کوردیش ناوی ئاژەڵانی تێدا هەیە، وەک ئەوەی کە دەڵێین: "فلانە گورگە، یان فلانە توورگە... هتد". ئەمەش هەر تەنیا لە کوردەواریدا وا نییە بگرە ئەمە لە نێوان عەرەباندا، تا ئەمڕۆش زۆر باوە؛ عەرەب ناوی (دیب) و (ذیب) واتا (گورگ)، (کلب) واتا (سەگ) و (جرو) واتا (گوجیلە _ تووتکەسەک) زۆر بۆ ناو لێنانی کوڕەکانین بەکار دەبەن؛ ئەمانیش گەلێکی هاوسێی گەلی کوردن و هەردوولا کاریگەری کولتوورییان لە یەکتری کردووە.

هەروەها یۆنانییەکانیش، کە زەمانی بەر لە هاتنی مەغۆلەکان و پەیدابوونی ڕەگەزی تورک لەم نێوانەدا، نیشتمانیان دراوسێی دەوڵەتی میدیا بووە و هاموشۆی زۆر لە نێوان کورد و یۆنانیەکاندا هەبووە، ئەوان ناوی ئاژەڵانیان بە زۆری بۆ مرۆڤ بەکار هێناوە. بۆ نموونە پاشگری (ئیپۆس – ippos) واتا "ئەسپ" زۆر لەگەڵ ناوی مرۆڤدا هاتووە. وەک (فیلیپۆس Philippos) واتا (ئەو کەسەی کە ئەسپی خۆش دەوێ)؛ یان (ئاریستیپۆس Aristippos) واتا "باشترین ئەسپ"؛ یانیش (خانتیپۆس Xanthippos) واتا "ئەسپی زەرد". ناوی تری زۆریش لەم جۆرانە

بەکارهاتوونە؛ بۆیە سەیر نییە ئەگەر لەو زەماندا کوردیش ناوی مالاتی، بۆ خۆهەڵکێشان، بۆ خۆی بەکارهێنابێ. ئەگەر سەردەمی زەردەشتیش بخەینە بەرچاو، کە لەو کاتدا ئاژەڵ لووتکەی هەموو سامانەکان بووە و گرینگییەکی تایبەتی لە گواستنەوە و ماڵداری و جووتکردن و سەفەردا هەبووە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئاژەڵ جێی شانازیی خاوەنەکەی بووە؛ بۆیە مرۆڤ بەنازناوی خودانکاری ئاژەڵەکانی بانگ کراوە. لەگەڵ خودی زەردەشتیش، بابەتەکە هەر ئاوا بووە.

هەرگیز کەس زەردەشتی بە خوا نەناسیوە. هەردەم وەکو هەموو کەسێک هەر بەمرۆڤ ناسراوە؛ ئەم بنەمایەش کە پێغەمبەران خوا نین؛ بگرە مرۆڤن، لە ئیسلامەتیدا تۆکمەتر کراوە؛ وەک ئەوەی کە خوا لە ئایەتی ١١٠، لە سوورەتی (الکهف) لە قورئانی پیرۆزدا فەرمان بە پێغەمبەری مەزن محەمەد(دخ) دەدا و دەفەرمووی:- "قُلْ إِنَّماَ أَناَ بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يوُحي إِليَّ أَنَّماَ الهُكُمْ و واحِدٌ." صدق الله العظيم، کە ئەمەش بەگوێرەی وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار دەبێتە:- "بێژە: منیش هەر مرۆیەکم وەک ئێوە؛ لە خواوە فەرمانم بۆ دێ: خوای ئێوە هەر یەکە." بەڵام خوا بەهرەیەکی بە زەردەشت داوە کە توانیویەتی لە ئاهورامازدای نزیک بکاتەوە.

زەردەشت لە تەمەنی سی ساڵیدا سرووشی پێشبینکردنی هەبووە. بانگەشەی پەیامبەری کردووە و بە خەیاڵ خوای دیتووە؛ چونکە "بیری پاک" بووە. پێشبینییەکانی باسی داهاتوو دیتن نییە، بگرە پێشوەختە پەیامی ئاینی خۆی ڕاگەیاندووە و لە خەڵکی خواستووە دا خۆیان (جلوبەرگ و جەستە و بیریان) پاک بکەنەوە.

## کاتی لەدایکبوونی زەردەشت

کاتی لەدایکبوونی زەردەشت نەزانراوە. بەڵام نەتەوەکانی کورد و فارس و نەتەوە هیندۆئەوروپاییەکانی تریش لە ٢٦ی ئاداری هەموو ساڵێکدا ئاهەنگ بۆ بوونی زەردەشت ساز دەکەن. ئەمەش بە بەشێکی فیستیڤاڵی ساڵی نوێی نەتەوە کوردۆ- ئێرانییەکان دادەنرێ. تۆکمەی ڕۆژی بوونی زەردەشت، وەکو هەموو ڕووداوە مەزنەکانی مێژوو، هەمیشە جێی مشتومڕ بووە. سەرچاوە یۆنانییەکان دەیبەنەوە بۆ ٦٠٠٠ ساڵی پ.ز. ئەمەش بیرۆکەیەکی لاوازە و پشتی بەچەند ئەفسانەیەکی زەردەشتییەوە بەستووە؛ بۆیە ژمارەیەکی کەم لە مێژووناسان ئەمە بە ڕاست دەزانن. سەرچاوەیەکی یۆنانی کە پتر متمانەی پێ دەکرێ، دەڵێ کە زەردەشت لە ٦٠٠ ساڵی پ.ز. هاتووەتە دنیاوە. بەمەش زەردەشت دەخەنە ٣٠٠ ساڵ پێش ئەسکەندەری گەورەوە. چونکە ئەسکەندەر باسی شا "ڤیشتاسپا" دەکا کە لە سەردەمی ئەودا (گاتا)کان بۆ زەردەشت هاتوونە و ئەویش لە باپیرانی "دارا"ی مەلیک بووە و "دارا"ش لە سەردەمی ئەسکەندەردا ژیاوە. بەم شێوەیە ڕەنگە زەردەشت لە دەوروبەری ٦٠٠ پ.ز. دا پەیامی ئاهورامازدای بڵاو کردبێتەوە.

## شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت

شوێنی هاتنە دنیای ئەم کەسایەتییە، وەک کاتی لەدایکبوونەکەی، بە ڕاشکاوی نەزانراوە. هەریەک لەو نەتەوانەی کە لە کۆنەوەڕا پێوەندیان پێیەوە هەبووە، ئێستاش هەریەکیان دەڵێ کە زەردەشتی پەیامبەر لە خاکی ئەوانەوە هاتووەتە دنیاوە، یان لە خاکی ئەواندا ژیاوە. مێژوونووسانی فارس پاگەندەی ئەوە دەکەن کە (زەرەتهوشترە) لە ڕۆئاوای ئێران بووە. کەسانێکی تر دەڵێن: نا! چونکە شیعرەکانی بە زاراوەیەک نووسراونەتەوە کە لە زاراوەی خۆرهەڵاتی ئێرانەوە نزیکە؛ کەواتە لەوێ بووە. ئەم پاکانەیەش لەوەی پێشتر لۆجیکترە. گرووپی سێیەم دبێژن کو حەزرەتی زەردەشت لە ئەفغانستانێ دەست بە ژیێ خۆ کرییە و لە دەڤەری "باختریا"دا بویە. کەچی دیرۆکنڤیسێ کورد دبێژن: زەردەشت یان:

١– لە "لوڕستان" هاتووەتە دنیاوە؛ چونکە زمانی ئاڤێستا زۆر لە شێوەزاری کوردیی لوڕییەوە نزیکە و یان، ئەگەر ئەوێش نەبێت، ئەوە؛

٢– لە جێگەیەکی نزیک لە "هەورامان"ەوە بووە. لەبەرئەوەی کە ناوی (هەورامان) ئاوێتەی دوو وشەی لە یەکتر دراون؛ "هەورا" واتا (ئاهورا) کە دەکاتە (خوا) و وشەی (مان)یش واتا (زیندەگی)؛ بەم جۆرە ناوی هەورامان دەبێتە (شوێنی ژیانی ئاهورامازدا) و مێژوونووسە کوردەکانیش بەتوندی لەگەڵ ئەم بۆچوونە دانە و دەڵێن کە لەبەرئەوەی خوا بۆ زیندەگی خۆی هەڵی بژاردووە بۆیە خاکەکەی جوان و خۆش و ئاووهەواکەی سازگار کردووە؛ کە ئاهورامازداش لە هەورامان بێت، بێگومان زەردەشتیش، بۆ ئەوەی لە خوا نزیک بێ، لە هەوراماندا ژیاوە و هەر لەوێش پەیامی خۆی بەمرۆڤ ڕاگەیاندووە.

هەواڵنامەی کتێب

## چیرۆکی بوون (وجود)

ئاینی زەردەشتی، سەرجەم کات واتا (زەمان)، بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشیەوە، دەکاتە چوار سەردەمی جودا، کە هەر سەردەمێکیان ٣٠٠٠ساڵ دەخایەنێ:

١– لە سێ هەزار ساڵەی یەکەمدا هەر خودی جەلالی ئاهورامازدا هەبووە؛ چونکە ئەو ئەزەلە و هەر هەبووە و هەر دەشمێنێ، لە خودی زاتی ئاهورامازداش بترازێ هیچ بوونەوەرێک نەبووە.

٢– ئەم سێ هەزار ساڵەی دووەمیش، پێش هاتنی زەردەشت بووە، لەم ماوەیەدا ئاهورامازدا (مادیا) و (ماشیانا)ی واتا (ئادەم) و (حەوا)ی داهێنان؛ ئەمانەش یەکەم پیاو و ئافرەت بوون کە خوا خەڵقی کردن. ململانێی نێوان چاکە و خراپە لێرەوە و لە سەرەتای داهێنانی مرۆڤەوە دەستی پێ کرد.

٣– لەم سەردەمەی سێیەمدا باوەڕی زەردەشتی بڵاو بووەوە. ململانێی نێوان چاکە و خراپە لە

پێشان دژوارتر بەردەوام دەبێت؛ چونکە مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دوو ئایدیۆلۆجیای ناتەباوە کە بیری پاک و ڕەوشتی چاک لەلایەکییەوەیە و لەلایەکەی تریشی بیری تاریک و خراپەکارییە. مرۆڤە چاکەکان ملکەچی ئاهورەمەزدا دەبن؛ کەچی ئەهریمەن هەندێک لە لەخۆبایییبووان فریو دەدا؛ ئەمانە مرۆڤە خراپکارەکانن کە بەدوای قسەی ئەهریمەن دەکەون؛ ئەمانە هەڵخەڵەتاوەکانن.

٤- لە سەردەمی چوارەمیندا، ڕزگارکەرێک بەناوی (ساوشیانت) پەیدا دەبێ. ڕاستی باڵادەست دەبێت، هەرگاڤ بۆ یەکجارەکی چاکە سەردەکەوێ و کۆتای بە ململانێی نێوان دوو ئایدیۆلۆجیا ناکۆکەکان دێ؛ چونکە لەم سەردەمە مرۆڤ ژیرتر دەبێت، بۆیە هەموو لە سەر یەک هزرەوە ڕێک دەکەون و لە نێوان خۆیاندا کۆک دەبن. ئەم بیرۆکەیە لە ئیسلامەتیشدا هەیە؛ بەتایبەتیش لەلایەنی هەڵگرانی مەزهەبی شیعەوە؛ لە کن ئەوان (ساونشیانت) گۆڕاوە و کراوە بە (محەمەدی مەهدی چاوەڕوانکراو)، کە یەکێکە لە ئیمامەکانیان، هەردەم نزای ئەوە دەکەن کە خوا بەپەلە ئازادی بکات تا بێتەوە و هەموو کات دەڵێن: "عَجَّل الله فَرَجَهُ"؛ واتا (خوا پەلە لە ئازادکردنی بکا).

هەواڵنامەی کتێب



چونکە پابەندین بە پاکترین هزر و ڕاستترین وشەوە؛
چونکە لە ڕاستییەوە بیرەکانمان هەڵدەهێنجین،
ئاهورامازدا کامەرانی و بەهەشت و
گەشەکردن و هزری ڕاستەقینەمان پێ دەدا.

***

## ئاڤێستا

ئاینی زەردەشتی تەنیا یەک کتێبی پیرۆزی هەیە، ئەویش (ئاڤێستا)یە. ئاڤێستا بەواتای (یاسا) دێت. هەندێ جاریش پێی دەڵێن (زەند – ئاڤێستا)، وشەی (زەند) دەکاتە (ڕوونکردنەوە)؛ بەم چەشنە (زەند – ئاڤێستا) دەبێتە (ڕوونکردنەوەی یاسا). ئاڤێستا بەشێوەزارێکی ئێرانیی کۆن نووسراوەتەوە کە نزیکە لە زمانی (ڤەندی سەنسکریتی) و گەلێک لە دەقەکانی خراپ بووە و هەندێکیشی ناخوێندرێتەوە.

هەرچۆنێک بێت، ئاڤێستا لە چوار بەشی سەرەکی پێک دێت ئەوانیش:

١– (یاسنا) نووسراوێکی نەریتە ئاینی و ڕێوڕەسمەکانە و (گاتا)کانی لەخۆی گرتووە. گاتاکان سرووتی ئاینینە. ڕەنگە ئەمەیان کۆنترین بەشی ئاڤێستا بێت و زەردەشت بە خۆی، ئەگەر هەمووشی نەبێت هەندێکی هەر نووسیبێتییەوە.

٢– (ڤیسپەرەد) ئەمە تەواوکەری (یاسنا)یە.

٣– (یاشت)ەکان: بریتینە لە چەند ستایشنامەیەکی ئاهورەمەزدا؛ ئاڤێستای (وردیلە) یان (خوردە) بەشێکە لەم ستایشنامانە.

٤– (ڤیدەڤدات) ئەمەیش درێژەی ڕێنوێنییە فەرمییەکانە کە بۆ پاککردنەوەی هزر دەبێ پەیڕەو بکرێ. هەندێک لە مێژووناسان لەو باوەڕەدان کە ناوەکە (ڤێندیداد)ە نەک (ڤیدەڤدات)، بەڵام من دەڵێم ناوەکە هەرچی بێت، ناوەڕۆکەکەی هەر یەکە، بۆیە ناوەکە ئەو بێت یان ئەم زۆر گرینگ نییە.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوەکانی تری زەردەشتی

سەرچاوەکانی تری ئاینی زەردەشتی نووسراوەکانی (هێرۆدۆتس) و (سترابۆ) و (پلوتارچ) و هەندێ تێبینیی جۆراوجۆرن کە لەلایەن چەند کەسانێکەوە لە سەدەی شەشەمینی زاینی، بەشێوەزاری (پاڵەوی) یان (پەهلەوی) نووسرایەتەوە.

(پەهلەوی) زاراوگەیەکە، ڕەنگە تا ڕادەیەک جمگەی نێوان زمانی کوردی و زمانی فارسی بێت. چونکە لە سەردەمی ساسانییە کوردەکانەوە زمانی فەرمیی وڵات بووە و ئەو کاتیش کوردستان و وڵاتی فارس لەلایەنی ساسانییەکانەوە بەڕێوە دەچوو؛ واتا فارس و کورد وەک یەک گەل بووینە و زمانیشیان ئەو کات لە زمانەکانی ئێستایان پتر لە یەکتری نزیک بووە.

## زەردەشتی و باوەڕ

ئاینی زەردەشتیی Zoroastrianism کە ئاهورامازدا، لە سەردەمی شا جەمشید، بۆ ئارییەکانی

ئاشکرا کرد؛ تەکنیکێکی تایبەتی، بۆ پاککردنەوەی ئینسان، پەیرەو کردووە؛ بۆ ئەوەی سرووشتی ئاشتیپەروەر و ئاسوودەی کۆمەڵانی ئاری نەژاد دەرببڕێ؛ هەروەها بۆ ئەوەی بە توندی دژایەتیی (فرە خوا polytheism)یەتیی دوژمنانی بکات ئەو دوژمنانەی کە پتر لە یەک خوایان دەپەرستی و هەردەم شەڕەنگێز بووینە بە سواری ئەسپەوە پەلاماری نەتەوەکانی تریان داوە. زەردەشت بە بەردەوامی و بەبێ وچاندان هەردەم ئەم دوو چینە خەڵکەی لە یەکتری جودا دەکردنەوە: یەکەمیان، گەلی ڕاستیناس (ئاشا)؛ ئەوانە بوون کە یەک خوایان دەپەرستی و گەلی درۆزن (درۆژ)؛ ئەوانیش بتپەرست بوون و پتر لە یەک خوایان هەبووە و پەرستوویانن.

زەردەشت لە سەرەتای ئامۆژگارەکانیەوە لە گەلەکەی خۆی خواست کە واز لە (دووانە-خواهی dualism) بهێنن و باوەڕ بە (یەک-خوا monotheism) بێنن؛ باوەڕ بە (ئاهورامازدای تاک)، (خوای ژیر) بێنن. ئەم خوایەی ئاینی زەردەشتیی (بێ هاوتایە abstract) و (لە بوونەوەری ماددی بەرزترە) و (موتڵەقە). زەردەشتی تا سەدەی حەفتەمی زاینی هەر ئاینی فەرمیی ئیمپراتۆرییەتی میدی بووە.

زەردەشت لەو باوەڕە بووە کە ئاهورامازدا دنیای لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە؛ ئەمەش وەک بۆچوونی قورئانی مەزن وایە کە لە ئایەتی چوارەمی سوورەتی (السَّجْدَة)دا، دەفەرمووێ:- "اللهُ لذي خَلَقَ السَّماَواتِ و الارْض وماَ بَيْنَهُماَ في سِتَّةِ أَيَّامٍ ثمَّ استَوى عَلي الْعَرْشِ ما لكُم مِّنْ دُونِهِ مِن ولِيٍّ ولاشَفِيعٍ أَفَلا تَتَذكَّرُونَ." صدق الله العظيم. ئەمەش مامۆستا هەژار کردوویەتییە کوردی و دەنووسێ: "ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەمین و هەرچی لەناو ئەو دووەدا بە شەش ڕۆژ وەدی هێناوە؛ پاشان ل سەر تەختی فەرمانڕەواییی خۆی دامەزراوە. غەیرەز ئەو گەورە و تکاکاریتان نییە. دەسا بۆ بیر ناکەنەوە؟"

هەواڵنامەی کتێب

زەردەشت جەختی کردووە کە ئاهورامازدا مرۆڤی داهێناوە، واتا خوا جەستە و بیری مرۆڤی دروست کردووە. هەر ئاهورامازداشە پارێزەر و خۆراکدەری هەموو گیانداریێک. لەو باوەڕەشدا بووە کە ئاهورامازدا بە خۆی تاکە خوایە کە ئاسمانی داهێناوە؛ زەویی دروست کردووە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیشی داهێناوە و دەیپارێزێ و ئازادییشی بە مرۆڤ داوە بۆ ئەوەی لە نێوان دوو ئایدیۆلۆجیای دژ بەیەکەوە ڕێگەی خۆیان هەڵبژێرن. بەم جۆرەش بەسەر ئەم دوو تیپە فیکرییە دابەش ببن. گرووپی یەکەم؛ مرۆڤە چاکەکانن، ئەمانە ملکەچی ئاهورامازدا دەبن. کەچی ئەهریمەن هەندێک فریو دەدا؛ ئەمانە مرۆڤە خراپەکانن کە بەدوای قسەی ئەهریمەن دەکەون؛ ئەمانە خەڵەتاون. دەشبێ ئەم دوو لایەنە یان پاداشت بکرێن، یان سزا بدرێن. بۆیە ئاهورامازدا دوای مردن زیندوویان دەکاتەوە و دادگەییان دەکا. پاشان هەموو کەسێک دەبێ بەسەر (پردی چینڤاتۆ)دا ڕەت ببێ. ئەم پردە بەسەر دۆزەخدا دەپەڕێتەوە و خەڵکەکە دەکاتە دوو چین. ئەو کەسەی کە باش نییە، پردەکە لە پێشیەوە تەسک دەبێتەوە و مرۆڤە خراپەکە لەوێوەڕا بەردەبێتەوە بۆ ناو دۆزەخ. بەڵام ئەگەر مرۆڤەکە چاک بێت، شایانی ڕزگاربوون بێت، ئەوە پردێکی پان و بەرین

دێتە پێشیەوە و دەگاتە ڕووناکییەکی هەمیشەییەوە. ئەم فەلسەفە و بیر و هزرە لەلایەنی جوولەکە و دەیان و ئیسلامیشەوە پشتڕاست کراوەتەوە.

زەردەشت، کە باوەڕی بە (خوای تاک) بوو، لە ئامۆژگارییەکانی بەردەوام بوو. داخوازییەکانی بۆ پەرستنی تاکە خوایەک، بە درێژایی مێژوو ڕێزی لێ گیراوە و هەردەم کاریگەرییەکی گیانیی کردووەتە سەر هزر و بۆچوون و شیکردنەوەکانی مرۆڤایەتی.

زەردەشت هەرگاڤ کۆششی کردووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەیەک سەرچاوەوە ببەستێتەوە؛ ئەویش خوایە. ئەو خوایەی کە ئینسانی داهێناوە؛ ئەمەش ئەو بیر و هزرە ئاینییەیە کە جوولەکە و کریستیان و ئیسلام پەیڕەویان کردووە.

زەردەشت باوەڕی وابووە کە ئاهورامازدا پارێزەری پادشایەکانی زەمان و هەموو پیاوچاکان بووە.

## زەردەشتی و خواپەرستی

زەردەشت لە بری ئەوەی بەرانبەر پەرستنی هەموو خوایەکان نەرمی بنوێنێ، هەستا کردیانیە سوودبەخش و ڕاست، کە (ئاهورامازدا)یە و ڕقکار و درۆزن، کە خوا نییە؛ بگرە ئەهریمەنە. ئەهریمەنیشی خستە بەر نەفرەتەوە.

نوێژکردن برێتییە لە کڕنۆشبردن بۆ ئاهورامازدا و نزاکردن و پاڕانەوەیە لێی و قوربانی پێشکێشکردنە بۆی. قوربانییەکە دەشێ کەرەستەی خاوێ سروشتی بێت کە خوا خۆی دروستی کردوونە و لە هەموو ئەو قوربانییانەشیان بالاتر (ئاگر)ە، بەڵام قوربانیی ئاو و خاکیش شوێنی بالایان لەلای ئاهورامازداوە هەیە. ڕێزی تایبەت لە ئاگر دەگیرێ؛ هەر لەبەر ئەمەشە کە کەسانێک هەن بەهەڵە وا تێگەیشتوونە کە زەردەشتییان ئاگر دەپەرستن. بەڵام ئەمە بەهیچ ڕەنگێک ڕاست نییە؛ چونکە زەردەشتی کە ڕێز لە ئاگر دەنێ؛ مەبەستی ئەوەیە کە توێکڵە و ڕۆحی سرووشت پیس نەبێت. ئاخر ئاگر هەموو پیسایەتیەک لەناو دەبات و وەکوو عەرەبیش دەڵێن (آخر العلاج الكي) واتا دوا ڕێگە بۆ چارەسەری برین سووتاندنیەتی؛ بەم جۆرە ئاگر هەموو خراپەیەک دەسووتێنێ و نایهێڵێ.

زەردەشت لەو باوەڕەدا بووە کە ئاهورامازدا خودانی هەرە مەزنی هەموو دنیایە، هەموو بوون (وجود) هەر خۆیەتی، خوا سەرچاوە و کانیی ژیانە. ئاهورامازدا ڕووناهییە و شکۆمەندە و گەورەترینە، چاکترینە، جوانترینە، بەهێزترینە، زاناترینە، پیرۆزترین پیرۆزە، داهێنەری زەوی و ئاسمانە. خوا نەگۆڕە، بەرزە، ڕاستە، دادە، بەزەییە، هەموو چاکەیەک لە ئەوەوە بۆمان دێت. شایانی باسە کە ئەم هەموو تایبەتمەندییانەی ئاهورامازدا، بەپێی موعتەقەدی ئیسلام، لە سیفاتی زاتی خودانە. زەردەشت، پەیتا پەیتا، بە ڕووی هەندێ ڕەوشتی ناپەسندی وەک سەرخۆشی و

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

قوربانیکردنی (گا)دا وەستا و پاشان حەرامی کردن.

(مێری بۆیس) لە لاپەڕە ٩٢ کتێبەکەی لەبارەی زەردەشتەوە دەنووسێ: "بەم جۆرە زەردەشت یەکەم کەس بووە کە ڕێنوێنییەکانی بڕیاری تاکە کەسی و بەهەشت و جەهەنەم و زیندووبوونەوە و دوا لێپرسینەوەی ڕۆژی حەشری فێر کردووە. ئەم ڕێنوێنییانە دواتر بوونە کەرەستەی باوەڕهێنان بۆ مرۆڤ و ئاینی جوولەکە و کریستیان و ئیسلام ئەم ڕێنوێنییانەیان وەرگرتووە. بەڵام مرۆڤی زەردەشتی بە خۆی لە هەمووان پتر و تۆکمەتر ئەم ڕێنوێنییانە پەیڕەو دەکات."

## زەردەشتی و هێزەکانی جیهان

زەردەشت لە ڕێنماییەکانیدا دەفەرمووێ:-"هەموو شتێکی باش و سوودبەخش بۆ مرۆڤ ئاهورامازدا دای هێناون. هەرچی کە سروشتی خراپە و کاریگەری خراپی هەیە و ئەنجامی خراپیشی لێ دەکەوێتەوە، هەمووی لە ئەهریمەن (شەیتان)ەوە دووچاری ئینسان دەبێت." ئەمەش لە ئیسلامەتیدا هاوشێوەی هەیە وەک ئەوەی کە خودا لە ئایەتی ٩٧، لە سوورەتی (النساء) لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ:- (ما أَصابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللّهِ ومَا أَصابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ و أَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاس رَسُولاً وكَفَى بِاللّهِ شَهِيدًا) صدق الله العظيم. مامۆستا هەژار ئەم ئایەتە پیرۆزەشی بەمجۆرە کردۆتە کوردی:- "تووشی هەر چاکەیەک ببی، لە خواوەیە. نالەباریشت بێتە ڕێ، بزانە کە لە خۆت ڕایە. تۆمان کل کرد کە بەسەر ئەو مەردمەوە پێغەمبەر بی. هێندەت بەسە کە خوا ئاگای لێت هەیە." کەواتە، بەپێی عەقیدەی زەردەشتی و ئیسلامیش، سەرچاوەی چاکە و بێر، هەمووی هەر خوایە و نالەباریش بەدەستی مرۆڤ خۆیەتی ئەگەر تووشی خۆی بکات.

## زەردەشتی و ژنهێنان

ڤێندیداد تاکە سەرچاوەی ئاینی زەردەشتییە کە فەرمان بە زەردەشتییانی ئافرەت و پیاو دەدا بۆ ئەوەی هاوسەرکاری دەگەڵ هاوئاینیەکانیانەوە بکەن. ئەم ڕێنوێنییە پیرۆزە ڕەچاوی ئەوەی لێ دەکرا کە توانای پتەوی مۆراڵی (ڕۆحی) ئاینی ئارياييیان و ناسنامەی ئیتنۆسی ئارییە زەردەشتییەکان بپارێزێ. زەردەشت بڕیاری داوە کە ناسنامەی نەتەوەیی و ئاین یەکن و لە یەکتری جودا ناکرێنەوە؛ خودی ئاهورامازدا بەخۆی لە (ڤێندیداد)دا ئەمە ئاشکرا دەکات.

## بنەما سەرەکییەکانی زەردەشتی

* زەردەشتی هەندێ بنەمای ئەوپەڕ بەهاداری هەیە؛ ئەو بنەمایانە لە ئاینەکانی تردا نینە. بۆ نموونە؛ ئیسلام هەموو باوەڕ و ئاینەکانی تری وەک جوولەکایەتی و کریستیانەتی بە (بەتاڵکراو- بطل) دەزانێ. کەچی زەردەشتی ئەوە جەخت دەکاتەوە کە «ڕاستکارانی هەر ئاینێک دەچنە

بەهەشتەوە، هەموو ئاینەکان یەکسانن، بۆیە (ئایینگۆڕی conversion) گێلاتییە. ئاینگۆڕی لە دژی یاسای باڵای خودایە و دژی ڕاستییە؛ چونکە خوا ئێمەی لەسەر ئاینێکی دیارەوە دروست کردووە، بۆ ئەوەی بیپەرستین نەک بۆ ئەوەی متمانەی پێ نەکەین و لێی یاخی ببین و بچینە سەر ئاینێکی ترەوە.» زەردەشت لەو باوەڕەدا بووە کە هەموو هزرەکان (المعتقدات) لە کۆتاییدا ئیمان بە خودا دەهێنن. بۆیە زەردەشتییان نە (نێردراوە ئاینییە مزگێنبەخشەکان missionaries) بۆ بەزەردەشتیکردنی خەڵک دەنێرن؛ نە لایەنگرانی ئاینەکانی تر دەگۆڕنە سەر ئاینی خۆیان؛ بگرە بۆ پترکردنی لایەنگرانیان دەبێ پشت بە ژنهێنانی نێوان زەردەشتیان ببەستن و چەندی بۆیان دەلوێ بهێڵن منداڵیان ببێ.

* بە مەبەستی پاراستنی پاکیی ڕەگەزی ئاریایی، ژن لە کاتی (بێنوێژی menstruation)دا بۆی نییە لە ڕێوڕەسمە ئاینیەکاندا ئامادە بێ؛ تەنانەت نابێ لە ماڵەوەش ئاگر بکاتەوە و دەبێ بە درێژاییی ئەو ڕۆژانە لە مێردەکەشی دوور بکەوێتەوە. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ بنەمای ئاینی ئیسلام یەک دەگرێتەوە؛ چونکە بەپێی ڕێنوێنییەکانی ئیسلامەتیش، ژنی بێنوێژ نابێ نە نوێژ بکا، نە بەڕۆژی بێت و نە دەگەڵ شووەکەشی بخەوێ.

* لە بنەمایە سەرەکییەکانی تری ئاینی زەردەشتی، ئەوەیە کە مردوو دەبێ لەناو (داخمە)یەکدا لەناو ببرێ. وشەی (داخ) لە کوردی ئەمڕۆدا هەمان واتای کۆنی دەدا. بەم جۆرە پێویستە گۆشتی مردوو یان لەناو کوورەیەکدا بسووتێندرێ، یان باڵندەیەکی گۆشتخۆر بیخوات یان دەبێ لەبەر هەتاویدا وشک بکرێتەوە.

## دوا ماڵئاواییکردنی زەردەشت

ئەوەی ڕاستی بێت، هیچ کەس نییە شتێکی ڕاست لە بابەتی چۆنیەتیی مردنی زەردەشت بزانێ. زۆر لە ئەفسانەکان دەڵێن: "زەردەشت لە کاتی نوێژکردنی لەناو پەرستگەیەکدا کوژراوە." چونکە زەردەشت بەتوندی بەگژ فەرمانداره زۆردارەکانی وڵاتەکەیدا چووە و بە ئاشکرا ڕووبەڕوویان بووەتەوە؛ بۆیە ئەفسانەکان ئەوەش جەخت دەکەنەوە کە: "پاشایەکی دوژمن زەردەشتی کوشتووە."

لەمەش پتر ڕۆژی شەهیدکردنی زەردەشتی مەزن لەلای مێژوونووسان دیار نییە بۆ ئەوەی یادی ماڵئاواییکردنی تێیدا بکرێتەوە.

هەندێ لە نەریتە زەردەشتی و زاناکانیان دەڵێن: "زەردەشت لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا بە شێنەیییەوە لە ماڵەکەی خۆیدا گیان ئافەرینی داوە و ماڵئاوایی لە کورد کردووە." زەردەشتییان لەو باوەڕەدان کە زەردەشت لە دوای مردنی گەیشتووەتە پلەی نەمرییەوە؛ بەڵام نەگەیشتووەتە پلەی خوایەتی؛ واتا نابێتە خوا، بگرە بەندە و پەیامبەری ئاهورامازدایە.

## کزبوونی ئاینی زەردەشتی

داگیرکردنی کوردستان، لەلایەنی ئەسکەندری ماکدۆنییەوە، یەکێک لە هۆیە هەرە سەرەکییەکانی کزبوونی ئاینی زەردەشتی بووە. چونکە لە دوای بندەستبوونی خاکی کورد و فارس، زەردەشتی بایەخی جارانی نەما. پاشان بۆ ماوەی پێنج سەدە ئاینەکە پرشنگی ناوەکەی کز بووەوە. بەڵام لقێکی زەردەشتی بەجۆرە گۆڕانێکەوە و بەناوی (میثرایزمی Mithrais) بەرەو ڕۆئاواوە خزی. ئەردەشێر حوکمڕانی ساسانییە کوردەکانی دامەزراند و هانی بووژاندنەوەی کولتووری ئاریی دا و زەردەشتایەتی لە سالآنی ٢٢٠–٢٣٠ ژیاندەوە. پاشتر بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ زەردەشتی بە ئاینی فەرمیی دەوڵەت مایەوە و بە سەرکەوتووییەوە ڕووبەڕووی ململانێی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بووەوە.

لە ناوەڕاستی سەدەی ٧ـەمی زایندا کوردستان و وڵاتی فارس کەوتنە بەردەستی عەرەبانەوە. عەرەبەکان ئاڵای ئیسلامیان بەدەستێکەوە هەڵگرتبوو بەدەستەکەی تریشیان شمشێریان بەرز کردبووەوە و ئەم شمشێرەیان بوو کە ڕیشەی ئاینی زەردەشتی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەڵکێشا.

ئەمڕۆش لە ناوچەی (پارس)ی هیندستان بترازێ، کەمتر لە سەد هەزار کەس لە سەرتاسەری دنیادا بەشێوەیەکی پراکتیکی پەیڕەوی ڕێنوێنییەکانی زەردەشت دەکەن. ئەمانەش زۆربەیان لە (یەزد) و لە (کرمان)ی ئێراندا دەژین. وەک بڵێی زەردەشت لەو کاتەوە زانیبێتی ئاوای لێ دێت؛ بۆیە دەڵێ:



ڕوو لە کام خاک کەم؟ بۆ کوێ بچم؟
منیان لە گەل و هۆز و هەڤاڵانم کرد
نە ئەو کۆمەڵگەی منی لێیە شادم دەکا،
نە ئەو خاوەن زەوییە گوناحکارانە پێزم دەشکێنن؛
باش دەزانم، من بێ هێزم...
چەند سەرئاژەڵێکم هەیە و
چەند مرۆیەکیش پشتیوانیم لێ دەکەن.

## کاریگەری زەردەشتی

هەر کە ئاڤێستا، لە سەدەی ١٨مـیندا، گەیشتە رۆئاوا، زەردەشتی بەوە ناوبانگی دەرکرد کە ئاینێکی ئینسانییە، تاکپەرستە، فەلسەفەیەکی ڕەوشت بەرزی لەخۆدا گرتووە.

فەیلەسووفان (کانت) و (دیدرۆ) وەکو ئاینێکی نموونەیی ناوزەدیان کردووە. (ڤۆڵتێر) لەبارەی زەردەشتەوە دەنووسێ: "زەردەشت فەیلەسوفێک بووە لە ناخی بتپەرستیدا ژیاوە، بەڵام باوەڕی بەتاکایەتی و بێ هاوتاییی خوا و ڕەوشتەوە هەبووە؛ ئەمانەشی بە بێ هیچ یارمەتییەک لە کڵێسای کریستیانانەوە زانیوە."

مۆزیکدانەری فەرەنگی (ڕامۆ Rameau) ئۆپێرایەکی نووسی ناوی لێ نا (زەردەشت). (مۆزارت Mozart)یش ناوی پیرێکی زەردەشتی کە (زاراسترۆ Sarastro)یە، بۆ کاراکتەرێکی خۆی لە ئاوازەکەی کە ناوی (شمشاڵی جادوو The Magic Flute)ـە، بەکار هێنا. زاراسترۆ پیری خۆر و ڕووناهییە و (شاژنی شەو و تاریکی)ی بەزاندووە.

لە سەدەی بیستەمینیشدا، (نیتچە)ی فەیلەسووف سەری لە ڕێبازی زەردەشت، سەبارەت بە شێوەی ڕوونکردنەوەی فەلسەفەکەی، سوڕما و کتێبەکەی خۆی بەناوی (زەردەشت بەم شێوەیە دوا Thus Spake Zarathushtra)ی نووسییەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، (نیتچە) هیچ ئامۆژگارییەکانی زەردەشتی لە کتێبەکەیدا باس نەکردووە. کتێبەکەی (نیتچە)ش سەرنجی موزیکدانەری جەرمانی (ڕیچارد شتراوس) ڕاکێشا؛ بۆیە ئەویش (هەڵبەستێکی سیمفۆنی tone-poem) داڕشت و هەمان نێوی لێ نا. ئەمەش لە کۆتاییی ساڵەکانی ١٩٦٠ـەکاندا ناوبانگی دەرکرد و بوو بەئامانجی فیلمێکی (ستێنلی کێبریک) کە لە ٢٠٠١ پێشکێش کرا و ناوەکەی (گەشتێکی ئاسمانی A Space Odyssey)یە.

مێری بۆیس دیسان دەنووسێ: "زەردەشتی کۆنترین ئاینی دنیایە کە ئاشکرا بووبێت و ڕەنگە لە هەموو ئاینەکانی تر کاریگەری پتری، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆی، لە مرۆڤ کردبێت."

مانا م. گ. شاپێرۆ، لەبارەی خودی زەردەشتەوە دەنووسێ: "کاراکتەری ئەم پەیامبەرە تا ئەمڕۆش هەر بەسوودە؛ چونکە هەر کەسێک بۆی ڕوون ببێتەوە کە ئاینەکەی تژی بیرۆکەی پڕوپووچ و خراپەکاری و توندڕۆیی بووە دەتوانێ لایەنگری ئەم شۆڕشە دیرۆکییە بکات کە پەیامەکەی هەرگاف تازەیە و نوێ دەبێتەوە."

هەرچی و هەرچۆنێک بێت، لە بواری تێگەیشتن لە ئاینی زەردەشتی و بەراوردکردنی دەگەڵ ئاینەکانی تردا، ئێمە نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە زەردەشتی دیرۆکترین ئاینە و هەموو ئەو ئاینانەی لە دوای ئەوەوە هاتوونە بنەماکانی زەردەشتیان دووپات کردووەتەوە و سوودیان لێ وەرگرتووە، بەشێوەیەکی ڕووناکتر و پێشکەوتووتر هەمان بنەماکانیان دووبارە کردووەتەوە؛ بۆیە ئەم باسە هانی کەس نادات بۆ ئەوەی ئاینگۆڕی بکات، بگرە تەنیا مەرامی ئەم بابەتە پێناسەکردنێکی ئاینی زەردەشتی و لێ شارەزابوونیەتی و چی تر نا.


سەرچاوەکانی ئەم بابەتە:

١- قورئانی پیرۆز.

٢- قورئانی پیرۆز بەکوردی، وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، چاپی هەوەڵ، چاپخانەی گەورەی قورئانی کەریم، ١٣٧٩ هەتاوی.

3- M. N.Dhalla, Zoroastrian Theology (1914, repr 1972);

4- History of Zoroastrianism (1938, repr 1963);

5- R.C. Zaehner, The Dawn and Twilight of Zoroastrianism (1961);

6- M. Boyce, Zoroastrians (1986);

7- M.Farhang, The Zoroastrian Tradition (1988)

8- Hannah M.G. Shapero.

# خزانی تورکیا بەرەو ئیسلامییەت بۆ ئەوبەر خاڵی بێ گەڕانەوە*

لە نووسینی ئەندروو ستانیچ

تورکیا ماوەیەکی درێژ وەک نموونەیەکی درەوشاوەی گونجانی ئیسلام لەگەڵ عیلمانییەت و دیموکراسی جێی شانازیی پشتیوانانی ئیسلامی بووە، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامگەرای ئێستە بەرەبەرە تورکیا بۆ ڕێژیمێکی ئاینیی ئیسلامیٚ دەگۆڕێت هەرچەندە تورکیا ئێستەش لە خاڵێکی بێ گەڕانەوەدایە.

لەگەڵ دەسبەسەرکردنی کۆمەڵێک ئەفسەری پلە بەرزی سوپای تورکیا لە ۲۲ی شوباتی ۲۰۱۰، ئێستە شتێکی بەڕواڵەت مسۆگەرە کە بەئیسلامبوونەوەی تورکیا لە دواییدا ناوەستێنرێت و بەرەنجامە خراپەکانی ناهێنە خەملاندن. ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا و ئاک پارتەکەی ئێستە لە ڕاستیدا پشتڕاستن لەوەی سوپای تورکیا ئیتر ناتوانێت خۆی هەڵبقورتێنێتە خەونی ئیسلام بۆ بەتەواوەتی گەڕاندنەوەی تورکیا بۆ ناو کۆمەڵی ئیسلامی. تورکیامان بینی پێوەندییە هەرەوەزییەکانی بۆ ڕاهێنان لەگەڵ سوپای ئیسرائیل هەڵوەشاندەوە و ئەم شتە بچووکانە تەنیا بەشی بچووک و زەقی کێشەکەن. تورکیا بەدەسەڵاتێکی هەرێمیی جێگیر و بەربەستێک لە دژی گەشەی ئیسلام لە ڕۆهەڵاتی نزیک هەژمار کراوە، بەڵام ئەم بۆچوونە بەردەوام کۆنتر دەبێت. وڵاتانی تر سەلماندیان کە هەر جۆرە پێشکەوتنێکی تر لە ڕووی نوێبوونەوەی کولتووری مەحاڵە و لەوەش خراتر تورکیا هەتا دێت زیاتر بەیەکەم کاندید دادەنرێ بۆ ئەوەی لە دواییدا سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی بکات. ئەوەش ئەو جۆرە سەرکردایەتییە ئیسلامییە بەگشتی عیلمانی یان لانی کەم میانڕەوە نییە کە لە ڕابردوودا ئاواتی بۆ دەخوازرا. سەرکردایەتیی تورکیا ڕەنگە سەردەمانێک وەک بەڵگەیەک لە دژی سستبوونی دەسەڵاتی ئیسلام بەسەر

* وەرگێڕانی ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

شارستانییەتی ئیسلامیدا بەکار هاتووە، بەڵام ئێستە بەجوانترین شێوە دیارە کە تورکیا تەواو پێچەوانەی ئەمەیە و لە دواییدا دەسەڵاتی ئیسلامی بناوانگر بەسەر تەواوی هەرێمەکەدا دەسەپێنێ.

پێم وایە پێویستە ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ٢٠١٠ وەک ڕووداوێکی وەرچەرخێن هەژمار بکرێ چونکە ئەو ڕۆژەیە کە بەبۆچوونی من تورکیا گەیشتە خاڵی سەراوژێربوونەوە و ڕەنگە باشتر بێت پێی بگوترێ خاڵی بێ گەڕانەوە. بەگوێرەی کتێبی ساڵی ٢٠٠٠ی ماڵکۆڵم گڵەدوێڵ، بە ناوی " The tip-ping point: How things can make a big differnce"، خاڵەکانی سەراوژێری ئەو ئاستانەن کە تێیاندا تاوی گۆڕان ناوەستێنرێ". بەلای منەوە، ئەوەش تەنیا شێوازێکی ترە بۆ دەربڕینی ئەوەی کە تورکیا گەیشتووەتە خاڵێکی بێ گەڕانەوە. ئێستە کە سوپای تورکیا بەهەوسارێک لەلایەن ئاک پارتییەوە ڕاگیر بووە، تورکیا گەیشتووەتە خاڵی بێ گەڕانەوەی.

گەڕانەوەی لە دوایی و مسۆگەری تورکیا بۆ ڕەگ و ڕیشە ئیسلامییەکانی بۆ ئیسلامگەرایان دەسەکەوتێکی مەزنە. تورکیا ئەندامی ناتۆیە کە داوای ئەندامێتیی یەکەتیی ئەورووپای کردووە. بەڵام ئەمانە هەر هەموویان ڕەنگە کۆتاییان پێ بێت. تورکیا بە ئاشکرا دەرگیری بێنە و بەردەی دەسەڵاتی سیاسییە لە نێوان ئیسلامییەکانی ئاک پارتی و ئەو عیلمانییە ڕۆئاواییخواز و نەتەوەییانەی کە لەوەتەی چاکسازییەکانی کەمال ئەتاتورکەوە دەسەڵاتیان بەسەر سوپا و داوەریدا هەبووە. گرتنی سەرکردەکانی سوپا قڵپبوونەوەیەکی زەقی هەلی ئەو سەردەمەیە کە سوپا توانی چوار حکومەت (١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠، ١٩٩٧) لابدات و ئیسلامییەکان لە جێی خۆیان بوەستێنێت.

بە داخەوە، ئەم خاڵە سەراوژێرییە دەرهاوێشتەی ئەو بەناو چاکسازییانەیە کە بۆ هەوڵدان و مسۆگەرکردنی ئەندامێتیی یەکەتیی ئەورووپاوە دەکرێن. هاتنە سەر حوکمی ئاک پارتی لە ٢٠٠٢ کۆتای بە کاریگەری و دەسەڵاتی عیلمانییەکانەوە هێنا کە لە بنەڕەتدا بەپاڵپشت و دەسەڵاتی کەمال ئەتاتورکەوە وەدەستیان هێنابوو. لە ماوەی حوکمی ئاک پارتی و پاڵەپەستۆی یەکەتیی ئەورووپادا، کە وەک یەکێک لە مەرجەکانی قبووڵبوون لەناو یەکەتییەکە، داواکارە سوپای تورکیا ملکەچی سەرکردەکانی ناسەربازی بێت، چاودێریی سوپا بەسەر پرۆسەی سیاسیی تورکیا بنکەن کراوە. دووبارە لێرەدا، خەفڵەتیی ڕۆئاوا بووەتە یاریی دەستی ئیسلامییەکان بە شێوەیەک کە لە دواییدا سەرهەڵدەداتەوە و بەرۆکی شارستانییەتی ڕۆئاوایی بەرنادات.

شتێکی سەرسووڕهێنە کە چاکسازییەکانی کەمال ئەتاتورک ماوەیەکی درێژ پاش کۆچی دوایی ئەو بەزیندوویی ماونەتەوە. ئەوەش بەبۆنەی پێگەی تایبەتی ئەوە لەناو مێژووی تورکیادا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاستی کاریگەریی ئیسلامییەکان لەناو جیهانی ئیسلامیدا زۆر بەهێزە و بەهێزتریش دەبێت بە شێوەیەک کە گەڕانەوەی تورکیا بۆ دواوە جێی سەرسوڕمان نییە. کاریگەریی ئیسلام ئەوەندە بەهێزە کە لە کولتووری ڕۆئاواییشدا پێشکەوتنێکی تەواوی بەخۆوە

دیوە. ئەم پێشکەوتنەش لەوەدا دەردەکەوێ کە لە هەر ولاتێکدا زۆربەی دانیشتوان بڕوایان پێ هێنراوە کە محەمەد دەمڕاست و پیامبەری خوایە و پێویستە ملکەچی بن و ژیانی وەک نەریتێکی جوان بۆ کردار بگرترێتە بەر چونکە پێشگیریکردن لە ئیسلام ئەرکێکی لە بنەڕەتدا ئەستەمە. هەوڵدان بۆ پیادەکردنی دیموکراسی تەنیا بەرەو پێشوەچوونی ئیسلام خێراتر دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرگوتارێکی نیویۆرک تایمز لە ٧ی ئاداری ٢٠١٠دا بە شانازییەوە نووسیبووی دەستبەسەرکردنی پلە بەرزانی سوپا "ڕەنگە یاریدەر بێت بۆ پتەوکردنی دیموکراسیی تورکیا _ بە مەرجێک حکوومەت و دەسەڵاتی دادپەروەری بەوردییەوە حوکمی یاسا جێبەجێ بکەن". سەیرم بەو نەزانییە زۆرە دێت کە لەم گوتەدایە. ئەوە هەر هەمان ئەو گەمژەییە نەزانانەیە کە ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئایەتوڵا خومەینی قەناعەت بە ڕۆژئاواییانی ساوێلکە بێنێ پاڵپشتی لە دیموکراسی دەکا.

زۆربەی جیهانی ئیسلامی ئامادەیی بۆ دیموکراسی نییە و بانگەواز و هەوڵدان بۆ دیموکراسی یاخۆ دەسەڵاتی فرەوانبووی خەڵک لە حکوومەتدا لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، زۆربەی ولاتان، لەوانە تورکیاش کە ئێستە لە مەترسیی دۆڕانە بەرامبەر بە ئیسلامییەکان، پتر دەشێوێنێ. شتێکی بێ مانایە ڕێگە بە خەڵک بدرێ سەرانی خۆیان هەڵبژێرێن کاتێک خۆیان لە مێشکی خۆیاندا کۆیلەی ئایدۆلۆجیا و سیستەمێکی بیروباوەڕن و ئەمەش بە ئاسانی بەو مانایەیە کە لە بریی ئەوەی ئیسلامییەکان بە ئامرازی ڕووخێنەر کۆنترۆڵ بگرنە دەست، بەئاسانی لە ڕێی هەڵبژاردنەکانەوە دەگەنە دەسەڵات. سوپای تورکیا و توانای بۆ ڕزگارکردنی ولات لە هەڕەشەکانی ئیسلامییەکان یاریدەر بووە بۆ پارێزگاریکردن لەو دیموکراسییەی لە تورکیادا هەیە و کۆتاییهێنان بەو هاوسەنگییەی دەسەڵات بەو مانایەیە کاتێک ڕووکەشە ناسکەکەی دیموکراسی بە ڕواڵەت ئەستوور دەنوێنێ، لە ڕاستیدا ئەوە دەگەیەنێ کە لە دواییدا کۆتا بەهەر جۆرە دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینەی تورکیا دێت. دیموکراسی و هەڵبژاردن ئیتر بۆ زۆربەی جیهانی ئیسلامی وەدیهێنەری ئاشتەوایی و هەلومەرجی لەبارتر لەو دۆخە نین کە بۆ کەرتی غەزەیان خولْقاند، کاتێک حەماس، گرووپێکی تیرۆریستیی توندوتیژ، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٦ سەرکەوت و پاشان بە هەزاران ڕۆکێتی ئاراستەی ئیسرائیل کرد.

شتێکی ناواقیعییە کە چاوەڕێ بین دیموکراسی بەرەنجامی باشتری هەبێ لەو بەشانەی جیهانی ئیسلامیدا کە حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان یان لە حاڵەتی تورکیادا، سوپا تا ڕادەیەک دەسەڵاتیان بەسەر گرووپە ئیسلامییەکانی بەتەواوەتی چەسپاو و بە قووڵی ڕەگداکوتاودا دەشکێتەوە. دیموکراسییەتێکی چاودێرینەکراو لەلایەن سوپای تورکیاوە ئیتر ئاشتەوایی و دادوەریی کۆمەڵایەتی بۆ تورکیا ناهێنێتە دی، هەروەک چۆن ئەمەی بۆ گرتیگەیەکی یەکجار ئەمنییەوە لە دەست نایەت.

لە دیموکراسییەکانی ڕۆژئاواییدا بڕوا بە بنەمای "یەک کەس، یەک دەنگ" بۆ هەڵبژاردنی حکوومەت زۆر بەهێزە. کەچی لە تورکیادا ئەو بنەمایە لە دواییدا مانای نامێنێ چونکە هەر ئەو

هەواڵنامەی کتێب

کاتەی ئاک پارتی، کە پارتێکی ئیسلامییە، دەسەڵاتی پێویستی گرتە دەست، هەر هەڵبژاردنێکی تر تەنیا بۆ پێدانی ڕووکەشێکی شەرعییەت بۆ حوکمی ئیسلامییەکان ئەنجام دەدرێ و بەم هۆیەشەوە پرۆسەی هەڵبژاردن هەلێکی ڕاستەقینە بۆ لادانی ئیسلامییەکان لە دەسەڵات نارەخسێنێ. لە ئەنجامدا، بێ ئەو هاوسەنگییەی کە سوپای تورکیا دابینی کردووە، هەر هەموو ئەو شتەی دەبێتە بەشی تورکیا تەنیا هەڵبژاردنی تا ڕادەیەک بێ مانان لەو جۆرانەی کە لە ئێراندا دەبینرێن.

بەر لەوەی دیموکراسی بتوانێ بەسەرکەوتوویی و بە تەواوەتی لە شوێنی وەک تورکیادا پیادە بکرێ، پێویستە کاریگەریی ئیسلام لەسەر خەڵک بەشێوەیەکی بەرچاو بنبڕ بکرێ و بە توندی بخرێتە ژێر چاودێرییەوە. ئەمەش تەنیا بەزاڵبوون و دەسەڵاتێکی تەواو بەسەر کۆمەڵگە و سستکردن و لاوازکردنی کاریگەریی ئیسلام بەتێپەڕینی کات دێتە دی. ئەو پرۆسەیەش پێویستیی بە کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندن، پیشەسازیی سەرگەرمی و سیستەمی خوێندن و مزگەوتەکان هەیە تاوەکو بە چەندان دەیە پەروەردەکارییەوە دەسەڵاتی بناوانگری ئیسلام بەسەر بیروباوەڕ و بەهاکانی کولتووریی خەڵک دەسڕێنەوە. سوپای تورکیا تاکە هیوا بوو بۆ پیادەکردنی ئەو جۆرە دەسەڵاتە و ئێستە ئەو هیوایەش ڕووخاوە؛ چارەنووسی تورکیا ئەوەیە بۆ دواوە بەرەو دەسەڵاتی بناوانگری ئیسلامی شۆڕ بێتەوە.

گوایە شەڕ لە نێوان هەموو تێبینی و تۆقانەکانی تریەوە بە شۆڕش لە قەڵەم دەدرێ. شەڕی جیهانیی یەکەم بۆ تورکیا شۆڕشێکی لەو جۆرە بوو بەڵام خەریکە بە کۆتا دەگا. کاتێک لە دواییدا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕووخا و دەسەڵاتی بەسەر ڕووبەرێکی فرەوانی خۆی لە دەست دا، تورکیا هاتە ڕیز ئەڵمانیا. دەسەڵاتی تورکەکان بێننە بەرچاوتان ئەگەر هاتبا و حوکمیان بەسەر نیمچە دوورگەی عەرەبی و عێراق و کوەیت، بەو هەموو داهاتە نەوتییە ئاوێتانەوە بەردەوام با؟ هەرچەندە ئەمە ڕەنگە دوور بێت بەڵام بەڵگەیەکی بەرچاو هەیە کە جیهانی ئیسلامی یان بەتەواوەتی یانیش بەشەکی سنوورە نەتەوەیییەکانی خۆی، کە لە بنەڕەتدا بەهەر شێوەیەک بێت بە موسڵمانانەوە نامۆن، دەسڕێتەوە و لەگەڵ ئیسلامی بناوانگر یەک دەگرێت بۆ ئەوەی سڕێشی پێویست بۆ پێکەوە لکاندنی موسڵمانان لانی کەم تا ئەو کاتەی جیهانی نائیسلامی دەڕمێ، دابین بکات.

ماوەیەکە دەوڵەتانی عەرەبی لەبارەی یەکەتییەکی عەرەبیی دەقاودەق لەگەڵ یەکەتیی ئەورووپا لە وتووێژدان. ئەم دەوڵەتانە ئامادەییان بۆ نزیکبوونەوە یان تەنانەت یەکبوون لەگەڵ ئێران و تورکیا خستووەتە ڕوو. ئێرانیش تا ڕادەیەک ئامادەیی خۆی بۆ پەسندکردنی سەرکردایەتیی تورکیا پێشان داوە. لە ناو جیهانی ئیسلامیدا هەوڵی هەرەوەزانەی بەرچاو لە ئارادان کە ڕەنگە بە ئاسانی بۆ پێشکەوتنی خێرا بەرەو یەک[تییەکی ئیسلامی تەنانەت مەزنتر بگۆڕێن. ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی (ICO) ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە کە نوێنەرایەتیی هەمیشەییی لە نەتەوە

هەواڵنامەی کتێب

یەکگرتووەکاندا هەیە. لە ٥٧ دەوڵەتی ئەندام پێک هاتووە کە ئامانجیان یەکخستنی سەرچاوە و چالاکی و هەوڵ و دەنگییانە لە پێناو موسڵمانانەدا. هەڵگەڕانەوەی تورکیا بۆ ئیسلام و لە ئەنجامدا دوورکەوتنەوەی لە چاکسازییە عیلمانی و کەمالیستییەکانی ڕابردووی ڕێخۆشکەرە بۆ پتەوترکردنی یەکەتیی ئیسلامی.

پاشەکشەی تورکیا لە ڕەوتی نوێخوازانە و ئامانجە ڕۆئاواییەکانی بەرەو خۆناساندن و هاوکارییەکی زۆرتر لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامیی هاوڕێی هەروەها هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ خەلافەتێکی نوێ کە خەونی دێرین و ئامانجی موسڵمانانی بناوانگری هەموو شوێنێکە. بەبڕوای من جیهانی ئیسلامی پاش تاقیکردنەوەی شێواز و بیرۆکەگەلێکی لە ژمارنەهاتووی ڕۆئاوایی تایبەت بە حکومەت و، بەهەر پێوەرێکی ڕێ تێچوو، هێشتاش دواکەوتنی لە نەتەوە ڕۆئاواییەکان لە ڕووی سەرکەوتنی شارستانییەتەوە، ئێستە ئامادەی گەڕانەوەیە بۆ ئەو شتەیە کە پێی وایە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بووە هۆی سەرکەوتنی، واتە دەسەڵاتێکی ئاوێتە و کاتەکی لەو جۆرەیان کە محەمەد ئبین عەبدوڵای "دەمڕاست" و "پەیامبەر"ی ڕێز لێنراوی سەدەی حەفتەم دەیگێڕا.

بۆ پشتەوە هەڵگەڕانەوەی تورکیا هەروەها نیشانەیەکی ترسناکە بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو. ئەگەر تورکیا، وڵاتێکی پێشکەتوو بەخۆ بەمێژوویەکی بە دەیە کۆنی گەشەسەندنی سەردەمیانە، بە ڕابەرایەتیی کەسایەتییەکی بە گشتی ڕێز لێنراوی وەک کەمال ئەتاتورکەوە نەتوانێت شەپۆلی بەرزبووەی ئیسلامییەت بوەستێنێ، کەواتە پاکستان و لبنان و میسر و وڵاتانی تری ئیسلامی چییان لە دەست دێت؟

دواوەچوونی تورکیا بەو مانایەیە کە ئەو شتەی زۆر خەڵک و لەگەڵ ئەوان منیش پێشبینیم کردبوو، واتە شۆڕبوونەوەی جیهانی ئیسلامی بۆ ناو قووڵاییی ئیسلامیی بناوانگر لە ڕاستیدا سەری هەڵداوە. ئەمەش لە ئاکامدا، بەڕەچاوکردنی توانای ناوەکیی پاکستان و شیمانەی زەقی ئەندامبوونی ئێران لە ئەنجوومەنی ناوەکێ، بەرەنجامی سەخت و کوشندەی لێ دەکەوێتەوە.

تورکیاش ئەو مەترسییە دەخاتە ڕوو کە لە نەتەوەکانی ئیسلامی – عیلمانیی ئاوێتەدا هەیە. نەتەوەیەکی تەواو ئیسلامی لە ڕاستیدا هەڕەشەیەکی بچووکترە چونکە لەوێدا ئیسلام دەسەڵاتێکی ئەوەندە بەهێزە لە دژی شارستانییەت کە دوورە، پەرە بەچەکی پێشکەوتوو یان سەردەمییانە بدا. بەڵام دەوڵەتانی ئیسلامیی ئاوێتە وەک ئێران و تورکیا و پاکستان لە ڕاستیدا مەترسییەکی گەورەن لەبەرئەوەی پێشبینی دەکرێ توانستی پێشخستنی تەکنەلۆجیی تاکە عیلمانییەکانی ناو ئەم شارستانییەتانە، کە بە زۆری دەستپەروەردەی وڵاتە یەکگرتووەکانن، لە کۆتاییدا بکەوێتە ژێر ڕکێفی ئیسلامییەکانەوە. هەرچەندە ڕەنگە موسڵمانێکی دەمارگیر پەرە بەتوانستی بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکی نەدات، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانێ چەکەکە بەکار بێنێ و بێگومان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە وەسوەسە و غیرەتی ئاینی هەیە. ئەو ئاستەنگە کۆنانەی پێش بە کاولکارییەکی بە هاوبەشییەوە مسۆگەرکراو دەگرن، لە دژی بەکارهێنانی چەکی ناوەکی لەلایەن ئیسلامییەکانەوە



هەولێنامەی کیتێب

کاریگەر نابن. لە ئاکامدا، هەڵەی ئێمە لە بواردان بە پاکستان و ئێران بۆ پەرەدان بەچەکی ناوەکی لە دواییدا بەرۆکی خۆمان دەگرێ. هێواش گەڕانەوەی تورکیا بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی هەروەها یاریدەرە بۆ سستکردنی پاکستان. پەرویز موشەڕەف چەندان ساڵ لە تورکیا ژیاوە و کاتێکی خۆشی لێ بردووەتە سەر و زۆریش بەو تەمەنەی لە تورکیادا کاریگەر بووە. لە داهاتوودا، وەرگرتنی پشوویەکی پەروەرەیی لەوێ ڕەنگە پێشکەوتنێکی زۆر ئەرێنی بێت بۆ سەرکردەکانی داهاتووی پاکستان. جگە لەوەش چەندی ژمارەی ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی دەخزێنە ناو ئیسلامییەت هەڵدەکشێت، پاڵەپەستۆی سەر سەرکردە ئیسلامییەکانی تر بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بیرۆکەگەلی ئیسلامی، توندتر دەبێت. شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و دەستبەسەرداگرتنی مزگەوتی مەککە کە بەدوایدا هات، بەکورتی سەرانی عەرەبستانی سعوودیایی ناچار کرد سەربەستییەکی پتر بە دامەزراوە ئاینییەکان بدەن و بواریان بدەن ئازادانەتر لە ڕابردوو پەرە بە ئیسلامی بناوانگر بدەن. لەو نموونەڕا لەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سەردەمێک هیچ سەرکردەیەکی دەوڵەتێکی ئیسلامی ناتوانێ پێش بە شەپۆلی بەرزبووەوەی ئیسلامی بناوانگر بگرێ.

سەرەڕای گرینگیی ڕوونی پێشکەوتنەکانی تورکیا، هەواڵەکانی هەرگیز وەک پێویست بایەخ و گرینگییان پێ نەدراوە و لێکدانەوەیان بۆ نەکراوە. دەترسم سەرکردە و حکوومەتەکانی ڕۆئاوا لە دژی هەڕەشەی ئیسلام سڕ کرابن و نەک تەنیا بۆ وەستاندنی گەشەی ترسناکی ئیسلام هیچ کارێک نەکەن، بگرە ئیسلام هەر بەهیچ جۆرە هەڕەشەیەکی بەدووم نەزانن. ئەگەر سروشتی ڕاستەقینەی ئەو هەڕەشەیەی لەلایەن ئیسلامەوە دەکرێ، بەردەوام بە دوور بزانرێ، کەواتە بەئاشکرا هیچ شتێک بۆ وەستاندنی گەشەی ترسناکی ئیسلام نایەتە کردن. ئەوەش کە ڕووداوەکانی تورکیا ڕێگر بووە لە سەرگرتنی هەر چەشنە وتووێژێکی گرینگ لەبارەی بەرەنجامی تەواوی ڕووداوەکانەوە، ڕادەی هەڵخەڵەتان و فریویان و لەخشتەچوونی زۆربەی ڕۆئاواییان سەبارەت بەزۆربەی بابەتەکانی پێوەست بەئیسلامەوە ئاشکرا دەکا.

هەروەک چۆن پێشتر باسم لێوە کرد پێویستە ئێمە کۆنترۆڵی سیستەمەکانی پەروەردەییمان بکەینەوە و لەوە دڵنیا بین کە لەسەر هەموو ئاستەکانی سیستەمی خوێندنمان ئیسلام بە ڕاست و دروستی پێناسە کراوە. ئێستە خەریکە پێناسەیەکی یەکجار دەمارگیرانە و هەڵە بۆ ئیسلام لەناو قوتابییانی سیستەمی پەروەردەیی ئەمەریکایی دەچەسپێنرێ و کاریگەرییەکانی زۆر ئاشکران. بەم فریویانەوە شارستانییەتی ڕۆئاوایی نوقمی تێگەیشتنێکی یەکجار هەڵە بووە لە سروشتی ئیسلام و کاریگەریی لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی و ئەو ئاراستەیەی ئەم شارستانییەتە گرتوویەتە بەر و هەروەها چارەنووسی خودی ئێمە ئەگەر بێو دەسکەوتەکانی موسڵمانانی بناوانگر سەراونخوون نەکەینەوە. کاتژمێر تیکتیکیەتی. هەر ڕۆژە و ئێمە زیاتر لەو خاڵە نزیک دەبینەوە کە ئیسلامییەکان کەڵێسییەکی وا دەنێنەوە کە ١١ی سێپتامبەر لە چاوی بچووک دەنوێنێ. پێشبینی دەکەم موسڵمانانی بناوانگر نەتەوەکانی ڕۆئاوایی لە ناوەوە و لە دەرەوەڕا

بشێوێنن. وڵاتانی ئیسلامی دەبن بە هەڕەشەی دەرەکیی ڕاستەقینە و دانیشتوانی موسڵمانی ناوخۆییش بۆ موسڵمانانی بناوانگر ڕۆڵی ئەسپەکەی ترۆی دەبینن و دەتوانن لە ناوەوەڕا بە هێرشبردنە سەر تۆڕی کارەبا و ژێرخانە پەرتەواز و ناسکەکانی تر کە توانای ئابووری یەکجار زۆر لاواز دەکا، ببنە هۆی وێرانییەکی ئابووری. تاوەرەکانی مۆبایل و کەناڵەکانی ئاو و تۆڕی کارەبا و ژێرخان و هۆیەلی گواستنەوەی گشتی هەر هەموویان نەپارێزراون. بەتەنیا تێکدانی تۆڕی کارەبا کاولکارییەکی وای بەدواوەیە کە لە سەرووی تێگەیشتنی زۆربەی خەڵکە.

ڕووداوەکانی تورکیا شایەنی بایەخ و لێکدانەوەی پترن لەوەی پێشان. داوا لە هەموو ڕەخنەگرانی ئیسلامی دەکەم وردبینانەتر لە ڕووداوەکانی تورکیا بڕوانن و هەڵیان بسەنگێنن.

هەواڵنامەی کتێب

# کرانەوەی نەوەی عوسمانییە نوێیەکان

هێمن جەمال عەساف

گۆڕینی ستراتیجییەت، واتای گۆڕینی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە و دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ڕێگە دەگەیەنێ. پارتی داد و گەشەپێدان "ئاکەپە" لە سەرەتای وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات لە دوای هەڵبژاردنەکەی ئادار/مارسی ٢٠٠٣دا ئەم ڕێچکەیان گرتە بەر. سەرەڕای نیگەرانبوونی هێز و لایەنە سکۆلاری و سوپاسالاران، کەچی توانیی خۆی لە قۆناغی ئاستەنگ و تەنگژەکاندا ڕزگار بکات. بەڵام ڕزگاربوون لە تەنگژەکان مانای ئەوە ناگەیەنێ کە چیی تر ڕووبەڕووی کێشە و پیلان نابێتەوە، بگرە بووە سەرەتایەک و خاڵێکی دەستپێکردنی نوێ بۆ هەوڵدان بەرەو زیاتر داڕشتنی پیلان. چونکە گشت لایەنە سیاسییە ناوخۆییەکانی تورکیا دەرکیان بەوە دەکرد کە پارتی داد و گەشەپێدان چ جۆرە ستراتیجییەتێک دێنێتە بەکارهێنان دوای وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات. لایەنە نێودەوڵەتییەکانیش وادەیەکی دووریان پێ ناساند تاوەکو شارەزا بن و خوێندنەوەی چاک بۆ هەنگاوە تازەکانی بۆ هزرێکی تازە دامەزراو و حکوومەتێکی نەوەی عوسمانیی نوێ کە بەحاقانەکان دەناسرێن، بکەن. پارتی داد و گەشەپێدان هەر لە سەرەتای دەسپێکی چالاکییەکانی حکوومەت توانی وەک ئەختەپووت کۆنترۆڵی گشت داوودەزگەی حکوومەت و دەوڵەت بکات. تەنیا دادگەی باڵای دەستووری و ئەرکانی گشتیی سوپا ماوە کە بتوانێ بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەوانیش بەئارام گرتنەوە نێزیک بووە لە ئامانجەکانی کە بەم دواییانە توانی گۆڕانکاریی دەستووری بەزۆرینەی دەنگ لە پەرلەمانی وڵاتدا پەسندی بکات و تەنیا بەسازدانی ریفراندۆم لە ١٢ی ئەیلوول/سێپتێمبەری داهاتوودا کە کەسی ئەردۆگان بۆ چەندان جار لە گوتارەکەیدا جەختی لە سەرکەوتنێکی گەورە کردووە. "ئاکەپە" توانی لە یاریی ململانێ و شان لە شاندانی لەگەڵ گشت هێز و ئایدیا جۆراوجۆرەکانی تورکیادا سەربکەوێ و پاڵەپەستۆ بخاتە سەریان و بەم شێوە بتوانێ خۆی بەسەرداری هەموویان بزانێ. ڕەجەب تەیب

ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە گوتارێکیدا گوتی "ئەگەر حکوومەتی ئاکەپە توانی سەرکەوتوو بێ لە ململانێی ناوخۆ، بێگومان لە کرانەوەی ستراتیجییەتی نوێیدا سەرکەوتنێکی زیاتر مسۆگەر دەکا". بەم پێیە دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرەوە پێگەی خۆی سەپاند و پێناسەی کۆنی تورکیای هێنایە سڕینەوە و پێناسەیەکی نوێی دەوڵەتی تورکیای پەسند کرد. تورکیا لە کرانەوەی سیاسەتی دەرەوەیدا هەنگاوێکی خێرای بۆ دووبارە نوێکردنەوەی پەڕگەی یەکەتیی ئەورووپا کردەوە و توانیی زۆربەی کێشەکان چارەسەر بکات و دەمارگیری و نەژادپەرستی و بیرۆکە چەوتەکان و زیهنییەتە کۆنەپەرستەکەی تورکیای پێشوو بۆ تورکیایەکی گەنج و چالاک و خاوەن ئایدیایەکی نوێ بکاتەوە. لە ماوەی دەسەڵاتی حەوت ساڵانەی حکوومەتی ئەردۆگان پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینی لە گشت بوارێکدا. تورکیا کە چوارەمین قەرزارترین وڵاتی دنیا بوو ئێستا بەشێکی یەکجار زۆر قەرزەکانی گەڕاندەوە و لە شیمانەی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی ئاکەپە، تەنیا بۆ ٤ ساڵی تر گشت قەرزەکانی تەواو دەکا و پێویستی بە"سیپەی نێودەوڵەتیی دراو" نامێنێ. تورکیا لە ماوەی دەسەڵاتی ئاکەپە بوو بەئەندام لە گرووپی ٢٠ وڵاتە زلهێزە پیشەسازییەکانی دنیا، پاڵاوکی دووەمە دوای ئەڵمانیا بۆ بەئەندامبوون لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەندامی کارایە لە هاوپەیمانیی ئەتڵەسی "ناتۆ" و هاوبەشە لەگەڵ رووسیای فیدراڵ لە ڕێککەوتننامەی "نابوکۆ"ی نێودەوڵەتی بۆ دابینکردنی گازی سروشتی بۆ گشت ئەورووپا، ئەندامی کارایە لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی نێودەوڵەتی و پردی پێکەوە بەستانی بەستەرەکانی ئاسیا و ئەورووپایە و گرینگترین تایبەتمەندییەکانی تورکیا "ئەوراسیاییە" واتە هەم ئاسیا و هەم ئەورووپایە. تورکیا لەبەر پێگە زۆر گرینگەکەی یەکێکە لە وڵاتە زلهێزەکانی دنیا کە سیاسەت ترپەی دڵی ئەم وڵاتەیە و پێشهاتەکان بەڕۆژ نین بگرە بەخولەکن. هەر بۆیە مایەی بایەخی گشت وڵاتێکە. دەسەڵاتی حاقانەکانی نەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی نوێ بۆ جاری دووەم دەسەڵاتیان وەرگرت. ئەردۆگان لە گوتارێکیدا زۆر بەرژد جەختی کردەوە کە تا ٤٠ ساڵی داهاتوو جڵەوی دەسەڵات تەنیا بۆ ئاکەپە دەبێ. بۆیە زۆر بەدڵنیاییەوە سیاسەتی درێژ وادە دەڕێژن و دووربینن لە گشت هەنگاوێکیاندا. ستراتیجییەتە نوێیەکەی ئاکەپە و چاکسازیی سیاسیی لێ کەوتەوە و ڕووی تورکیای ڕازاندەوە و کرانەوەیەکی زۆر خێرای بۆ ناوچەکانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە عەرەبییەکان کردەوە و توانی لە ماوەی تەنیا چوار ساڵدا بە برا گەورەی عەرەب و نەتەوەی موسڵمان بسەپێنێ. سیاسەتی دیالۆگ و ئاشتەوایی بنەمای سەرەکیی ستراتیجییەتی ئەم وڵاتە بوو لە کرانەوەی بۆ گشت دنیادا. تورکیا توانی لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا کردەی ڤیزا لەگەڵ دەیان وڵات هەڵبوەشێنێتەوە کە ئەم سیاسەتە تەنیا تورکیا جێبەجێی کردووە. هەوڵ دەدات بەهەموو جۆرێک دایکایەتی بۆ کۆمارە تورکەکانی لەژێر دەسەڵاتی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو بکا و لێک نێزیکبوونەوەیەک و لێک تێگەیشتنێک بەئەنجام بگەیەنێ. هەوڵ دەدا ببێتە سوارچاکی چاوەڕوانکراوی عەرەبەکان و هەر ئەوانیش بەردەوام بەشان و باڵی تورکیادا دەدەن. ڕکابەری

هەواڵنامەی کتێب

تورکیا لە رۆهەڵاتی ناوەڕاست دووانن، ئیسرائیل و ئێران. هەروەک بینرا و بیسترا و خوێندرا کە تورکیا چەندان جار گۆڵی کردە ئیسرائیل و شەرمەزار و ریسوای کرد و پاڵەپەستۆی بەردەوامی خستە سەر، بەڕادەیەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە زۆربەی هەڵوێستەکانی بێدەنگیی نواند و تەنیا بەڕاگەیاندراوێک یاخۆ میانگیریی بۆ تورکیا دەنواند، چونکە روخسایی ئەمەریکا خۆی ناشیرینە و نایەوێ لەبەر هەڵوێستە نامرۆیی و دڕندەییەکانی ئیسرائیل خاڵی زیاتر لەدەست بدا. بەتایبەتیش هێرشە بەم دواییەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتیگەلی کەژاوەی ئازادی و کوشتنی ۹ سەرکاری تورکیایی، تورکیای بەرزتر نرخاند و بەرەو لووتکەی برد. لێرەدا تاکە رکابەری تورکیا لە ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست مایەوە ئەویش ئێرانە. ئێرانیش بەچاوی مەترسییەوە سەیری تورکیای هاوچەرخ و نوێ دەکا. باشترین بەڵگەش لەسەر ترسی ئێران، وتارە وەشێنراوەکەی رۆژی ۱۹ی حوزەیران/یۆنیۆی رابردووی رۆژنامەنووس "فەریدەدین حەداد"ی نەوەی "خامەنەیی"یە کە لە سایتی رۆژنامەی "جاهان"ی ئێرانیدا لە ژێر ناونیشانی "ترسی ئێران بەرامبەر بەتورکیا" بڵاوی کردووەتەوە. تێیدا هاتووە "تورکیا ئێستاکە دۆستمانە، بەڵام سبەی ڕکابەرێکی گەورە دەبێ بۆ ئێران". فەریدەدین حەدادی نەوەی سەرکردەی ئاینی ئێرانی خامەنەیی و کوڕی سەرۆک پەرلەمانی پێشوو کە بەهۆی دەسەڵاتداربوونی هەردووکیان پێوەندییەکی باشی لەگەڵ سەربازسالاران و هەواڵگرییەکاندا هەیە و زانیاریی وردی پێ دەدەن. لە وتارەکەیدا ئاماژە بەهەڵوێستی تورکیا دەکا کاتێک ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری سزادانی بەسەر ئێراندا سەپاند و تورکیا بەتوندی "نەخێر"ی بەکارهێنا و رەتی کردەوە، ئەوسا ئەستێرەی تورکیا لە ئاسمانی ئێراندا گەشایەوە. سەرکردە تورک و ئێرانییەکان جەختیان لە دۆستایەتیی مێژوویی نێوان هەردوولا کردەوە. لە وتارەکەی فەریدەدین غولام عەلی حەدادی نەوەی ئایەتوڵا عەلی خامەنەیی زیاتر هاتووە "لە شیمانەی سەرهەڵدانی شەڕێکی خوێناوی لە ناوچەکەدا وڵاتە رۆئاواییەکان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزەکانی هاوپەیمانیی ئەتڵەسی ناتۆ پشتگیریی کێ دەکەن؟ وەڵامەکەی زۆر ئاشکرایە. لە شیمانەی سەرهەڵدانی شەڕ لە ناوچەکەدا تاکە لایەنی سوودمەند بێگومان تورکیا دەبێ. راستە تورکیا ئەمڕۆ دۆستمانە بەڵام سبەی گەورەترین رکابەری کۆماری ئیسلامی دەبێ. دەسەڵاتی تاران بەسەدان ملیۆن دۆلاریان بۆ بزووتنەوەی حەماس خەرج کرد، کەچی غەزە تەنیا باس لە تورکیا دەکا و ئاڵای تورکیا بەرز دەکاتەوە. فەلەستینییەکان ناوی ئەردۆگان بۆ کوڕە تازە لەدایکبووەکان دەنێن و بیر لە ناوی ئەحمەدی نەژاد ناکەنەوە. ساڵانی ساڵ پێوەندییە ئابوورییەکانمان لەگەڵ سووریا بەهێز کرد، کەچی دوای کوشتنی هحەریری، تورکەکان هاتن و بازرگانیی ئازادیان کردەوە و ڕکابەرییان لەگەڵ کردینەوە و لە ئاکامدا ئێمەیان لە بازاڕەکانی سووریا سڕییەوە. ئێران ۳۲ ساڵە هەوڵ دەدا ببێتە سەرکردەی نەتەوەییی موسڵمانان کەچی ئەردۆگان ئەمەشی لێ وەرگرتین. تورکیا لە چاو ئێران خاوەن ئابوورییەک و بازرگانییەکی فرەوانترە و پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ ئەمەریکا و

یەکـەتیی ئەوروپا هـەیە و پێـوەندییەکـانیـان لەگـەڵ وڵاتە عـەرەبییـەکان زیاتر پەرەی پێ دەدرێ و گەشەسـەندنە زۆر خـێراکـەی تورکیا بەشـێوەیەکی راستـەوخـۆ کار لە تاران دەکا. بەکورتی ئێمـە ناتوانین شان لە شـانی تورکیا بدەین تەنیا ئەوەی ماوەتەوە وزەی ئەتۆمییە کە وای کردووە تورکیا لەگەڵمـان بەردەوام بێ". ئەم مـەترسییـەی ئێران لەلایەن تاکێکی ئاسایییـەوە بەدی نەکراوە بگرە نەوەی سـەرکـردەیەکی بالادەستی ئێرانییە. بەهـەمان شـێوە پرۆفیسـۆر بێرنارد هـایگڵ و پرۆفیسـۆر د. ئێلۆت هـێن تـۆف لە زانکـۆی "پراینسـۆن" کـە بەشـێکن لە دارێژەرانی سـیـاسـەتی وڵاتە یەککگرتووەکـانی ئـەمـەریکا لە تـوێژینـەوەیەکی تـایبـەتیـاندا لەبارەی ئێـرانەوە نـووسـیـویانە و توێژینەوەکـە لە رۆژی ٢٠ی حـوزەیران/یۆنیـۆدا لە رۆژنامـەی "نیـویۆرک تایمز"ی ئەمـەریکایی هاتە وەشـاندن و جـەختـیـان کردووەتەوە "تـورکیـا سـەرکردەی نوێی نەتـەوەی ئیسلام و مـوسـڵـمانە". توێژینەوەکەی هایگڵ و هێن تۆف لە ژێر ناونیشانی "سەرکەوتنەکەی تورکیا و دۆڕاندنەکەی ئێران" و تێیدا هـاتـووە "دوای رووداوەکەی کەشتیگەلی کەژاوەی دەریاییی ئازادی، ئێران پێگەی خـۆی لە ئاسـتی جـیـهـانگیـربوونیـەوە لەدەست دا. وا چاوەڕوان دەکـرا کـە ئێـران ئەم هەلە بەشـێـوە سـیناریۆیەکی تایبـەت بێنێـتە دارشـتن و بۆ خـۆی هەڵقـۆسـتـەوە کەچی نـەیتوانی لـە شـەڕی دژی ئیسرائیل وەک تورکیا بکات. بەم شێوەیە رۆڵـی ئێران رووی لە سستی کرد. هەرچی تورکیایە لە ئاستی مـۆدێرنی دیموکراسیبوونی نێودەوڵەتیدا رێزی تایبەتی بۆ دانرا. تورکیا بەشێوەیەکی لە ناکـاو توانی بگاتە ئاسـتـێک ئەگـەر کـاتیش بێ شـان لە شـانی ئەمـەریکا و ئیـسـرائیل بدا. هەڵوێستەکەی بەم دواییەی ئەمەریکا وای لە تورکیا کرد هەست بەجۆرێک لە سووکایەتی پێکردن بکات و بۆیە بەئەنقەست ویستی ببێتە سوارچاکی عەرەبە سونییەکان و نەتەوەی ئیسلام دواتر بەشێوەیەکی گشتی بەخـۆوە بینی. گوتارەکانی رەجەب تەیب ئەردۆگان لەبارەی ئابڵووقەی سـەر شـاری غـەزەوە هـەم لە روانگەی هەڵبژاردنی ناوخـۆدا سـوودی بینی و هـەم لە روانگەی پاڵپشـتیی عەرەبەکان بۆ سیاسـەتی دەرەوەی تورکیا مایەی بایەخ پێدان بوو. تورکیا توانیی سـەرۆکایەتی بۆ شیعە رادیکاڵەکانی ئێران و سـونییە وەهابییـەکان بکا کە هـەرگیز ئەم دوو رەوتە بەیەک ناگەن. دواتر رۆڵی تورکـیا لە رێککەوتننامـە سێ قـۆڵـیـەکەی لەگەڵ بەرازیل و ئێران لەبارەی پیـتاندنی یۆرانیـۆمی ئێـرانییـەوە لەناو خـاکەکـانیـدا مـایەی دڵخـۆشی بوو. بەتایبەتیش دوای کشـانەوەی بەرازیل لـەم رێککەوتننامـەیە بەهـۆی پاڵەپەسـتـۆ و هـەڕەشـەکـانی ئەمـەریکاوە. کـەچی تورکـیا پاڵەپەسـتۆی زیاتری بەسـەردا کرا و چۆکی دانەنا. تورکیا ئابووریی خـۆی زۆر فراوان کرد و بووە بنکەی بازرگانی و گەشتوگوزاری رۆهـەڵاتی ناوەڕاست و کـالا تورکییـەکان لە گشت کالاکانی تر زیاتر دەبینرێ و کـاری پێ دەکـرێ". تورکـیا بەم شـێوەیە توانی دڵ و ویژدان و ئەقڵ و گـیرفـانی عەرەبەکان قازانج بکا و دەستبەتاڵی بۆ ئێران بەجێ بهێڵێ و کۆنترۆڵی لەدەست وەربگرێ.

سەرکەوتنی نموونەی تورکیایی موعجیزە نییە

# پێشڕەوییەکانی تورکیا لە چاوی عەرەبەکانەوە*

نووسینی: فەهمی هوەیدی

ئەزموونی کۆماری دووەمی تورکیا، یاخۆ تورکیای سەدەی بیست و یەکەم، تورکیای سەروەریی دەزگە مەدەنی و یاساییەکان و پاشەکشەی دەسەڵاتی مێژوویی دامەزراوەی سەربازی و تەنگ پێهەڵچنینی ئەو دامەزراوەیە، تورکیای کرانەوەی دیموکراسی و هەنگاونانی رژد و بوێرانە بە ڕووی پرسی کورد لەو وڵاتە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەو کێشە ئاڵۆزە، تورکیای هەموارکردنی دەستوور لە بەرژەوەندیی ئازادییە سیاسییەکان، تورکیای کرانەوە بە ڕووی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان و بەشداریکردنی کارا لە دانانی ڕێگەچارەی دەرچوون لە تەنگژە و ناکۆکییەکان، تورکیای حزبی داد و گەشەپێدانی ئەردۆگان و گول، تورکیای ئەزموونی پێکەوە هەڵکردنی ئاین و سیکیولاریزم، تورکیای عوسمانییە نوێیەکان، بەلای هەندێ لە چاودێران و توێژەرانەوە یەکێکە لە دەرکەوتە موعجیزەئاساکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، کە شوێنەواری بەئاشکرا لەسەر نەخشەی سیاسی و پێگەی هێز و یاریکەرە سیاسییەکان و رای گشتیی ناوچەکە بەجێ هێشتووە.

ئەم بابەتەی خوارەوە، یان وردتر بڵێین ئەو چەند بابەتە، کە لەم چەند مانگەی دواییدا لە ڕۆژنامەکانی (الشروق الجديد)ی میسری و (الرؤية)ی کوێتیدا بڵاو بوونەتەوە، دەربڕی تێڕوانینی یەکێک لە هزرمەندە عەرەبییە ئیسلامییە ناسراوەکانە بۆ ئەو وێنە نوێیەی تورکیا. واتە خوێندنەوەیەکی دیمەنەکەیە بەچاو و زەینێکی عەرەبییانەی- ئیسلامییانەوە.

***

بۆ ئەوەی بتوانین راڤەیەک بۆ ئەو سەرکەوتنە ستراتیجییە سەرسوڕهێنەرەی تورکیا لە

* وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

ناوچەکەدا بکەین، پێویستمان بەوەیە کەمێک لەخۆبووردەیی و زۆرێک بێلایەنی بنوێنین، تا بتوانین نەک تەنیا راڤەکردن، بگرە لەو ئەزموونەوە شت فێر بین.

١

کاتێ غەسان شەربل سەرنووسیاری رۆژنامەی "ئەلحەیات"ی لەندەنی وتارێکی بەناونیشانی "ئۆغلۆ بەجێمان مەهێڵە" لە ژمارەی رۆژی ٢/١١/٢٠٠٩دا بڵاو کردەوە، بەو وتارەی گوزارشتی لە بێ ئومێدیی رۆشنبیری عەرەب کرد لە بەرامبەر ئەو شکستەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیە جیاوازەکانی دنیای عەرەبیدا روو دەدەن.

ئەو کاتە دوکتۆر ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بە سەردانێک لە هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان بوو، کە لە مووسڵەوە سەردانی ئەوێی کرد و دوو کونسوڵگەی لە دوو ناوچەی عەرەبی و کوردیدا کردەوە.

شەربل لەو کاتەدا قسەکانی ئاراستەی ئۆغلۆ کرد و گوتی "ئیرەیی کوشتمی کاتێ وێنەکەتم لەگەڵ بارزانی بینی، چەند مانگێکە ئێمە سووتاوین بۆ ئەوەی دۆستایەتییەکی هاوشێوە لە وێنەیەکدا کە مەحموود عەباس و خالید میشعەلی کۆ کردبێتەوە، ببینین".

هەروەها باسی لە تەنگژەی لبنانیش کرد کە پێکهێنانی حکوومەتەکەی پێنج مانگ بوو گرفتی تێ کەوتبوو، جا لە کۆتاییدا تکای لە دوکتۆر ئۆغلۆ کرد کە بێتە ناوەوە و بەو زیرەکییەی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندا هەیەتی و بە سوود وەرگرتن لە قسەبیستراویی تورکیا لە ناوچەکەدا، تەنگژەکە چارەسەر بکا.

زۆرن ئەو نووسینانەی باس لەو سەرکەوتنانە دەکەن کە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەدەستی هێناون، تەنانەت پۆڵ سام بەڕێوەبەری سەنتەری کارنیجی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وتارێکیدا لە ژمارەی رۆژی ٢٩/ ٩/ ٢٠٠٩ی رۆژنامەی (الحیاة)دا، باس لەوە دەکا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چووەتە چاخی تورکیاییەوە.

نووسەر سەرنجی بۆ ئەو گۆڕانکارییە ستراتیجییە گرینگانەی ناوچەکە راکێشاوە کە تورکیا رۆڵی تێدا بینیون و ئاماژەی بەوە داوە کە لە زۆربەی ماوەی سەدەی بیستەمدا ئیسرائیل و تورکیا و ئێران لە یەک سەربازگەدا بوون، بەڵام شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئەم هاوکێشەیەی گۆڕی، هەڵوێستی ئەم دواییەی تورکیایش وای کرد بۆ یەکەم جار لە دامەزراندنیەوە، ئیسرائیل بەبێ هیچ هاوپەیمانییەتێکی ئیقلیمی بمێنێتەوە.

هەر بەم واتایە، رۆژنامەنووسی ناسراوی تورکیایی جەنگیز شاندار سەرنجێکی گرینگی لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی "رادیکال" لە ژمارەی ٢٢-١٠-٢٠٠٩دا تۆمار کرد، کاتێ دەنووسێ رۆژێ لە رۆژان تورکیا هەوڵی دەدا لە رێی خۆنزیککردنەوە لە ئیسرائیلەوە سۆزی ئەمەریکا بەلای خۆیدا

رابکێشێ، بەڵام ئێستە هەڵوێستەکە گۆڕاوە بەشێوەیەک ئیسرائیل هەوڵ دەدات لە ڕێی میانگەریی ئەمەریکاوە سۆزی تورکیا بەلای خۆیدا رابکێشێ.

شاندار قسەکەی بەوە کۆتاییی پێ هێناوە کە پێویستە ئیسرائیل و واشنتۆن بزانن ئەوەی هەوڵ بدا بۆ بەدەستهێنانی سۆزی ئەمەریکا لە ئیسرائیل نزیک بێتەوە، هەمان چارەنووسی مەحموود عەباسی سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی دەبێ، واتە بڕیاری مردن لەسەر خۆی دەدا

ئەوانەی چاودێریی کاروباری دەرەوەی تورکیا دەکەن سەرکەوتنەکانی حکوومەتی حزبی دادپەروەری و گەشەپێدان بەم شێوەیە لێک دەدەنەوە، ئەوەیش بێگومان لە جێی خۆیدایە، بەڵام زۆرن ئەوانەی سەرنجی ئەو راستییە نادەن کە سەرکەوتنەکانی تورکیا لەسەر ئاستی دەرەوە، نەدەهاتنە دی بەبێ ئەگەر پێش ئەوە لە تاقیکردنەوەی ناوخۆدا سەرکەوتنی بە پلەیەکی بەرز بەدەست نەهێنابێ.

لێرەوە پێم وایە ئەو سەرکەوتنانەی لە ناوخۆی وڵاتدا بەدی هاتوون، بناغە و پێگەی ئەو دەسکەوتانە بوون کە دواتر لە دەرەوە بەدەست هاتوون.

٢

لە سەردانی ئەم دواییەمدا بۆ ئەنقەرە، لەگەڵ هاوڕێیەکدا نانی نیوەڕۆم لە چێشتخانەیەکدا خوارد کە بەسەر دۆڵێکی فراوانی پڕ لە سەوزاییدا دەیڕوانی، کە بەسەر زنجیرەیەک باخچەی جوان و دڵگیردا دابەش بووبوو. کاتێ برادەرەکەم هەستی کرد دیمەنی دەوروبەرەکە سەرسامی کردووم، هەڵی دایەوە و گوتی ئەو دۆڵە فراوانە پێش چەند ساڵێک زبڵدانی پایەتەخت بوو، بەڵام شارەوانی لە چوارچێوەی سیاسەتی پێڕەوکراویدا بۆ چەندبارەکردنی ڕووبەرەکانی سەوزایی لە شارەکە و دابینکردنی هەلی زیاتر بۆ جوانکردن و شادومانکردنی خەڵک، دەستی بۆ درێژ کرد و ئەو گۆڕانکارییەی تێدا خوڵقاند.

هەروەها گوتی شارەوانی بۆ هەر باخچەیەک گۆشەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە و کەرەستەی یاریکردنی منداڵانی تێدا دامەزراندووە، بەشێوەیەک کاتێ ماڵباتە تورکیاییەکان سەردانی ئەو شوێنە دەکەن، دڵنیا بن منداڵەکانیان ئەو شتانەی تێدا دەبیننەوە کە دڵخۆشیان بکا.

ئەو هاوەڵە شارەزایەم گوتی چیرۆکی زبڵدانەکە سیمبولی ئەو کودەتایەیە کە لە تورکیا لە بواری خزمەتگوزارییەکاندا رووی داوە و سەرکەوتنی حکوومەتی حزبی داد و گەشەپێدان لەوەدایە توانیویەتی خەڵک بڕوای پێ بکا کە ئەو هاتووە پێداویستییەکانیان دەستەبەر بکا و ئاستی خزمەتگوزارییە پێشکێشکراوەکان بەرز بکاتەوە.

ئەم ئەرکە ٨١ شارەوانیی گشتیی پارێزگاکان پێی هەڵدەستن، ئەمە جگە لە هەزاران شارەوانیی لاوەکی لە گەڕەک و گوندەکاندا. دەسەڵاتەکانیشیان تەنیا بایەخدان نییە بەلایەنە گشتییەکان،

هەواڵنامەی کتێب

بگرە چالاکییەکانی تری کۆمەڵایەتی و فێرکاری و کولتووری و گەشتەوەرییەکانیش لەخۆ دەگرێ.

ئەگەر شارەوانیی ئەستەنبوڵ بە نموونە وەربگرین، کە گەورەترینە لە تورکیادا، دەبینین لە ماوەی ٥ ساڵدا (٢٠٠٤ تا ٢٠٠٩) بڕی ٢٢,٦ ملیار دۆلاری لە چەندان چالاکیی پێوەست بەخزمەتکردنی خەڵکدا وەبەر هێناوە، لەوانە:

راکێشانی ٢٨ کم هێڵی ترام و میترۆ (٦٠ کیلۆمەتری تریش لە باری دروستکردندایە)، لێدانی ١٠ تونێل و دامەزراندنی چەندان گەراج کە ٥ هەزار ئۆتۆمۆبێل دەگرن، زیادکردنی ٣٢٨٧ کم بۆ تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ و هەزار کیلۆمەتر بۆ تۆڕی ئاو، زیادکردنی ڕووبەری سەوزاییەکان بەرێژەی ٥٥٪، رۆژانە کۆکردنەوەی ١٥ ملیۆن تەن زبڵ و پاشەڕۆ و نیشتەجێکردنی ٣٠ هەزار ماڵبات.

جگە لەم کۆششە لە بواری خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا، شارەوانیی ئەستەنبوڵ لەو ماوەیەدا ئەم کارانەیشی کردووە:

دروستکردنی ١٨ سەنتەری رۆشنبیری و هۆڵی کۆبوونەوە، ١١ کتێبخانەی گشتی، نۆژەنکردنەوەی ٨١ شوێنەواری مێژوویی، دامەزراندنی ٣٢ ناوەندی هۆشیاریی تەندروستی و پزیشکی و ١٨ خانەی بەساڵاچووان و ١٧ سەنتەری شیاندنی تەندروستی و ١٧ سەنتەری وەرزشی و ١٤ سەنتەری کۆمەڵایەتی.

ئەمانە جگە لە دابینکردنی کەرەستەی وەرزشی بۆ ٢٢٠ باخچەی گشتی بەخۆڕایی و دروستکردنی ١٢٠ قوتابخانەی جۆراوجۆر و پرۆژەی ئینتەرنێتی خۆڕایی لە شوێنە گشتییەکاندا. هەروەها خێوەتگەی هاوینەی بۆ ٧٣ هەزار کوڕ و کچ کردووەتەوە، یارمەتیی ١٧٠ هەزار خێزانی هەژاری داوە و رۆژانە ١,٧ ملیۆن نانی بە نرخێکی هەرزان بەرهەم هێناوە.

کاتێ شارەوانییەکان ئەم کۆششە جۆراوجۆرانە دەکەن، دیارە دەبنە جێ متمانە و پشتگیریی خەڵک و ئەو حکوومەتە هەڵبژێراوەیش لەم بارەدا دەتوانێ لە دەرەوە بەبێ دوودڵی هەنگاوەکانی بۆ پێشەوە هەڵگرێ و دڵنیا بێ لەوەی پشتی قایمە و لەسەر زەوییەکی بەهێز و پتەو راوەستاوە.

٣

دەسکەوتی ناوخۆ ڕەگەزێکی گرینگە لە سەرکەوتنی نموونە تورکیاییەکەدا، بەڵام ئەوە تاکە ڕەگەز نییە، بگرە چەندان ڕەگەزی تریش هەن بەرێژەی جیاواز رۆڵیان لە دروستکردنی ئەو نموونەیەدا هەبووە.

کۆمەڵگەی تورکیا زیندوویەتییەکی تایبەتی تێدایە وای کردووە ساز و ئامادە و پشکدار بێ لە هەوڵەکانی هەستانەوە و پێشکەوتنی وڵاتدا. سیستەمی وەقفی ئیسلامیش رۆڵی بزوێنەری ئەو زیندوێتییەی بینیوە کە لە هەر سێ قۆناغەکەدا: سەلجوقی و عوسمانی و کۆماری، واتە لە دە سەدەی دواییدا، ئەو کۆمەڵگەیەی پێوە ناسراوە، چونکە لەو ماوانەدا گرووپە ئەهلییەکان،

تێکەڵەیەک بوون لە ڕێبەرە ڕۆحی و پیشەوەری و بازرگانەکان، دامەزراوەی وەقفیی خۆیانیان هەبووە، کە چالاکییەکانیانی پارەدار کردووە.

بەو شێوەیە کۆمەڵگە، سەربەخۆ لە حکوومەت، بەشداریی لە بەدیهێنانی گەشەپێداندا کردووە و بووەتە تەواوکەر و یارمەتیدەری حکوومەت. ئەو سەرکەوتنەی وەقف لەو ڕووەوە بەدەستی هێنا ئەوروپاییەکانی هان دا ئەو سیستەمە لە دەوڵەتی عوسمانییەوە وەربگرن و بۆ وڵاتەکانیانی بگوێزنەوە و پەرەی پێ بدەن.

ئێستە لە تورکیا ٥٠ تا ٦٠ هەزار کۆمەڵەی خێرخوازی هەیە کە لە ڕووی داراییەوە وەقفەکان پشتگیرییان دەکەن (هەندێک ژمارەکە بە ٩٠ هەزار دادەنێن). ئەم کۆمەڵانە هەموو بوارەکانی چالاکیی مرۆیی دەگرنە خۆ، لە چالاکیی خێرخوازیی کلاسیکی تا بوارەکانی زانستەکان و هونەرەکان و ژینگە و مافەکانی مرۆڤ و پیاوانی کار.

بەگوتەی فەتحی گۆنگۆر سەرۆکی یەکەتیی ڕێکخراوە ئەهلییەکان، بودجەی ئەو کۆمەڵانە لە ساڵی ٢٠٠٧دا گەیشتووەتە ٧ ملیار دۆلار. بگرە کۆمەڵی نوور کە شێخ فەتحوڵا گوڵن دای مەزراندووە سەرمایەکەی بە ٥ ملیار دۆلار دەقەبڵێنرێ و چەندان پرۆژە لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا بەڕێوە دەبات، کە قوتابخانەکان و زانکۆکان و کۆمپانیاکان لەخۆ دەگرێ و ژمارەیەک ڕۆژنامە و کۆوار و وێستگەی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی هەیە. هەروەها هەزار قوتابخانەی لە ١٤٠ وڵات لە دەرەوەی تورکیا دروست کردووە.

ئەگەر ئەو ڕۆڵە گەورەیەی دامەزراوەکانی وەقف دەبینن، بیخەیتە پاڵ ئەو ورە بەرزەی شارەوانییەکان کاری پێ دەکەن، دەبینیت هەموو کۆششەکان دەچنە خانەی دەستەبەرکردنی ساخلەمی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەوە.

لە پاڵ ئەو پاشخانە مێژووییە قووڵەی تورکیادا، ئێمە ناتوانین هەموو ئەم سەرکەوتنە هەنووکەییانە تەنیا بۆ کۆششەکانی حکوومەتی حزبی داد و گەشەپێدان بەسەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئۆردۆگان، کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، بگێڕینەوە، چونکە ئەگەر بەویژدانەوە قسە بکەین دەبێ دان بەوەدا بنێین سەرکردەکانی ئەو حزبە ئەو کاتە توانییان ئەو دەسکەوتانە بەدەست بێنن کە بڕیاریان دا لەسەر ئەو ڕێگەیە بڕۆن سەرۆکی پێشووتر تۆرگۆت ئۆزال، دامەزرێنەری حزبی نیشتمانیی دایک، دای مەزراند، ئەو پیاوەی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ تا ١٩٩٣ یەکەم جار پۆستی سەرۆکی حکوومەت و دوای ئەوەیش پۆستی سەرکۆماری ئەو وڵاتەی وەرگرت (وا بڵاوە ژەهرخوارد کراوە).

ئەمەیش وامان لێ دەکات بڵێین: ئەگەر پرۆفیسۆر نەجمەدین ئەربەکانی خاوەن پاشخانی ئیسلامی باوکی ڕۆحیی سەرکردەکانی حزبی داد و گەشەپێدان بێ، ئەوا تورگۆت ئۆزال مامۆستایانە لە بواری چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، چونکە چاکەی دەستپێکردنی

هەوڵەکانی دووەم کۆماری تورکیا، کۆمارێکی ئازاد لە دەسەڵاتی سەرباز و لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کراوە بە رووی ناوەوە و دەرەوەدا، بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

٤

دوو هۆکاری تریش هەن ناتوانین لە سەرکەوتنی نموونە تورکیاییەکەدا رۆڵیان فەرامۆش بکەین. یەکەمیان برێتییە لە پیادەکردنی سیستمی دیموکراسی، کە یارمەتیی گەشەکردنی رۆڵی کۆمەڵگەی ئەهلی و پێگەیشتنی ئەزموونی سیاسەتوانانداا داوە و هەلی لێپرسینەوە و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی لەرێی بڕیاری جەماوەر و هەڵبژاردنی گشتییەوە فەراهەم کردووە. پابەندبوون بەبنەماکانی دیموکراسییەت هۆکاری تەسکبوونەوەی رۆڵی سەرباز بووە لە بڕیاری سیاسیدا و وای کردووە ویستی گەل گرینگترین مەرجەع بێ لە دروستکردنی ئەو بڕیارە و پاراستنیدا.

هەندێ هەوڵ دەدەن ئەو دەسکەوتە بدەنە پاڵ عەلمانییەت (سیکیولاریزم)، ئەوەیش برێکی زۆر سادەکاری و هەڵەکاریی تێدایە، چونکە ئەزموونەکان سەلماندوویانە پێوەندیی نێوان عەلمانییەت و دیموکراسییەت شتێکی حەتمی نییە، بەتایبەت کە دەبینین عەلمانیترین سیستمی عەلمانی لە دنیای عەرەبیدا نادیموکراسیترینیانە. جگە لەوەیش ئەو عەلمانیەتەی کەمال ئەتاتورک سەپاندنی وڵاتی ملکەچی دەسەڵاتی سەرباز کرد و دووچاری زنجیرەی کودەتا سەربازییەکانی کرد، کوردەکانی سەرکوت کرد، ئەوەی کەمێک وێنەی ئەو وڵاتەی جوان کرد ریفۆرمەکانی تورگۆت ئۆزال بوو.

کاتێ دەبینین نموونە تورکیاییەکە پێشانی دەدات عەلمانییەت پەرگیرییەکەی سەرکوتکەرانە و پەراوێزخەرانەی تێدایە، هەروەها میانڕەوییەکی دیموکراسی و کراوەشی تێدایە، ئەمە ئەو حەتمییەتەی ئاماژەی پێ کرا رەت دەکاتەوە، هەروەک عەلمانییەتیش، رێک وەک ئایدیاکانی تر لێ دەکا، کە لایەنگرانیان بەسەر هەردوو باڵی پەرگیر و میانڕەودا دابەش بوون.

رەگەزی گرینگی دووەم لە سەرکەوتنی نموونەکەی تورکیادا روونیی دنیابینیی ستراتیجییە لای دەستەبژێرە فەرمانڕەواکە، کە ئەم بەرچاوڕوونییە تەنیا لە ئامانجەکاندا نییە، بگرە ئامرازەکانیشی گرتووەتەوە.

شتێکی شاراوە نییە ئەندازیار و تیۆریزەکاری ئەم قۆناغە لە مێژووی تورکیا دوکتۆر ئەحمەد داود ئۆغڵوی وەزیری دەرەوەی ئێستە و راوێژکاری سیاسیی یەکەمە، کە هەر لەو کاتەی مامۆستای زانستە سیاسییەکان بوو، لە کتێبەکانیدا خەونی بەوەوە دەبینی تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی جەمسەری لە ناوچەکەدا.

ئۆغڵو دەرکیشی بەوە کردبوو ئەو خەونە نایەتە دی تا تورکیا لە دوو خاڵدا سەرنەکەوێ: گۆڕینی تورکیا بۆ دەوڵەتێکی بەهێز و سەقامگیر لە ناوخۆدا، بساز و ئاشت لەگەڵ دەوربەرەکەیدا لە دەرەوە.

لەم دوو بنەمایەوە سیاسەتی پتەوکردنی ئاشتەوایی لەگەڵ کۆمەڵگە بەگشت گرووپەکانیەوە – بەتایبەت کوردەکان–و هەنگاوەکانی پێشکەوتن لەسەر ڕێی ریفۆرمی سیاسی و هەوڵدانی نەپساوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئابووری، دەستی پێ کرد.

لە سایەی ئەم هەوڵانەدا ئابووریی تورکیا گەیشتووەتە پلەی حەڤدەم لە دنیای پیشەسازیدا و تورکەکان چاویان لەوەیە تا ساڵی ٢٠٢٢ و لە سەدەیەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری تورکیادا، بیگەیەننە پلەی دەیەم. ئەو تێڕوانینە سیاسەتی "زیرۆ کێشە"ی گرتە بەر، کە بەو پێیە تورکیا گشت کێشەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا چارەسەر کرد تا گەیاندنیە پلەی سفر، ئەمەیش دەرگەی ئەوەی بۆ کردەوە کە تورکیا لە ریزی دەوڵەتە "پرد"ە پەڕاوێزییەکانەوە بکاتە دەوڵەتێکی سەنتەر، کە توانان ئەوەی هەبێ رۆڵێکی تەوەرەیی لەسەر هەردوو ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بگێڕێ.

ئەمانە هیچیان نهێنی نین، بەڵام هەموو کەس لە توانایدایە، ئەگەر دەست بەهۆکارەکانەوە بگرێ و مەرجەکانی لێوەشاوەیی و شایستەیی تێدا بێ، کە یەکەمینیان بوونی ئیرادەیەکی ئازادە، کە ئێمە لە جیهانی عەرەبیدا لێی بێ بەشین و تەنیا لە بارەیەوە دەبیستین، رێک وەک غۆل و تەیری عەنقا کە هەندێ لە شاعیرانی عەرەب باسیان لێوە کردووە.

***

## جووڵەی تورکیا لە بۆشاییی عەرەبەکاندا

دەبێ هەستی سەرانی عەرەب و سکرتێری گشتیی جامیعەی عەرەبی چی بێ کاتێ ئاژانسەکان بڵاویان کردەوە ئەنقەرە نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە بەهۆی ئەو کارە توندوتیژییانەی لە یەمەن لە نێوان حکوومەت و حوسییەکاندا روو دەدەن.

رەنگە ئەو بەرپرسە عەرەبانە بانگەشەکەی ئەمەریکا بۆ هەریەک لە سوپای یەمەنی و حوسییەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ هیچ هەڵوێستەیەکی پێ نەکردبن، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ خۆی بە پۆلیسی دنیا دادەنێ.

هەروەها رەنگە کەسیان بایەخیان بەبانگەوازەکەی رێکخراوی (ئۆفسکام) و رێکخراوە پێوەندیدارە مرۆڤدۆستانەکانی تر بۆ دەسەڵاتی سەنعا لە پێناو کردنەوەی رێگەی گەیشتنی یارمەتییە مرۆییەکان بە نێزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس لە لێقەوماوانی ئەو شەڕە بێ مانایە نەدابێ، ئەویش چونکە ئەوە کاری سروشتیی ئەو رێکخراوانەیە لە کاتی تەنگژە و ململانەکاندا.

ئەمانە هەموو ئاسایی و سروشتین، بەڵام ڕاگەیاندنەکەی ئەنقەرە نائاسایی و ناسروشتییە، ئەگەرچی قابیلی لێ تێگەیشتنە، بەتایبەت دوای ئەوەی تورکیا توانی ببێ بەیاریکەرێکی گرینگ لەم بەشەی دنیادا، کە لە دوای رووخانی خەلافەتی عوسمانییەوە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا

هەواڵنامەی کتێب

تورکیا بەجێی هێشتووە و پشتی تێ کردووە.

بەڵام دیمەنەکە لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی بیست و یەکەمدا تەواو جیاوازە، چونکە تورکیا دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژ چاوی لەسەر رۆئاوا بوو، وا سەرلەنوێ چاوی بڕیوەتەوە رۆهەڵات، ئەویش دوای هاتنە سەر کاری حزبی داد و گەشەپێدان، کە بازدانێکی گەرەی لە پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەموو دراوسێکانیدا دروست کردووە، بەشێوەیەک لە پردێکی پەڕینەوە و بەیەکگەیشتنی رۆهەڵات و رۆئاواوە بووەتە یاریزانێکی کاریگەر و گرینگ لە هەردوو بەرەکەدا.

وا دەبینین تورکیا لە هەموو تەنگژە و دۆسیە هەڵواسراوەکانی دنیای عەرەبیدا ئامادەیە، لە سەروویانەوە کێشەی فەلەستین و دۆخی عێراق، تا دەگاتە رێککەوتنی هاوکاریی ستراتیجی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو.

"دواترینی ئەو هەڵوێستانەی تورکیا کە پێگە و رۆڵی سەنتەرییانەی ئەنقەرەی لە ناوچەکە و دنیادا دەرخست، ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی سێ قۆڵیی نێوان تورکیا و ئێران و بەرازیل بوو لە تاران لە ١٧/ ٥/ ٢٠١٠ بۆ پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێرانی لە رێی خاکی تورکیاوە، ئەویش بۆ رێگرتن لە سەپاندنی گەمارۆی زیاتر بەسەر ئێراندا، کە رۆڵی تەوەرەییانەی تورکیا تێیدا ئاشکرا بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی ئۆردۆگان نامەیەکی بۆ رێزگرتن و پاڵپشتیکردنی رێککەوتنامەکە بۆ باراک ئۆبامای سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان و ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوروپایی نارد. هەروەها کێشانەوەی باڵیۆزی تورکیا لە تەلئەبیب دوای پەلامارەکەی کۆماندۆی ئیسرائیلی بۆ سەر "کەشتیی ئازادی" لە٣١/ ٥/٢٠١٠ و کوشتن و بریندارکردنی دەیان لە سەرنشینە فرە نەتەوە ئاشتیخوازەکانی، کە دەیانویست گەمارۆی سەر کەرتی غەزە بشکێنن، پێگەی ئەو وڵاتەی لە دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا بەهێزتر کرد-عومەر".

ئەم ئامادەییە سیاسییە دوای ئامادەییەکی ئابووریی بەهێزی تورکیا دێ کە لە دەرگەی هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکانی داوە، تا وای لێ هاتووە تورکیا بەرژەوەندیی زیندووی لەو دەوڵەتانەدا هەیە و لێرەشەوە سەقامگیریی ئەو وڵاتانە کاریگەریی لەسەر ئەو بەرژەوەندییانەی تورکیا هەیە.

لەم چوارچێوەیەدا یەمەن جێیەکی گرینگی لە سیاسەتی تورکیادا هەیە، لەبەر چەند هۆیەک: یەکەم، بەهۆی جێکەوتە ستراتیجییەکەی کە بەسەر تەنگەی بابولمەندەبدا دەڕوانێ، دووەم بەهۆی هاوسێیەتیی لەگەڵ شانشینی عەرەبستانی سعوودیدا کە تورکیا پێوەندییەکی ئابووریی تایبەتی لەگەڵیدا هەیە، سێیەم بەهۆی ئەوەی دەوڵەتێکی کەنداوە، کە تورکیا لایەنێکی گرینگە لە پاراستنی سەقامگیریی ئەو ناوچەیە. چوارەمیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شیمانەکانی پەلکێشانی هەژموونی ئێرانی، لە ناوچەکەدا کە ئەنقەرە حسێبی بۆ دەکا.

بەپێی زانیارییەکانی من، تورکیا چالاکییەکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی بەرچاوی لە یەمەن

هەواڵنامەی کتێب

هەیە، دوو قوتابخانەی لەوێ دامەزراندووە، ئەمە جگە لەو چالاکییە خێرخوازییانەی ڕێکخراوە ئێن جی ئۆکانی تورکیا لە ناوچە هەژارەکانی ئەو وڵاتە ئەنجامی دەدەن. تێ گەیشتم ئەم پاشخانە هانی ئەنقەرەی داوە بۆ نێزیککەوتنەوەی لە دۆسیەی شەڕی یەمەن.

ئەوەی لەوەدا جێی سەرسووڕمانە ئەوەیە دنیای عەرەبی، لە نێویاندا جامیعەی عەرەبی، دەستەوئەژنۆ لە ئاست شەڕی براکان لە یەمەن دانیشتووە، بگرە میسر کە پشتگیریی شۆڕشی یەمەنی کرد و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا خاکی ئەو وڵاتەی بە خوێنی سەدان لە ڕۆڵەکانی سوور کرد، پشتی لەو ڕووداوانە کردووە و تەنانەت "نیگەرانی"ی خۆیشی لە ئاست ئەو شەڕی لە سەعدە تاوی سەندبوو، دەرنەبڕی.

ئێمە هەڵە دەکەین ئەگەر سەرمان لە بایەخدانی تورکیا بە ڕووداوەکانی سەنعا سوورِ بمێنێ، چونکە هەڵەی گەورە ئێمە کردمان کاتێ خۆمان دایە دەست خەواڵوویی و بەسەر خۆماندا قەتیس بووین، بەوەیش بۆشاییەکمان دروست کرد کە خەڵکی تر تێیدا پەل بهاوێن.

***

## تورکەکان بەڕێوەن

سەرانی ئەو شاندە عەرەبییانەی لە لووتکەی "سرت"ی لیبیا (لە ئاداری ٢٠١٠) بەشدارییان کرد تێبینییان کرد لە شوێنی حەوانەوەکانیاندا پۆلێک لە کچانی شۆخ و شەنگی باڵابەرز لە پێشوازییاندا بوون، کە بە عەرەبییەکی سەروگوێ شکاو، یان بەئینگلیزییەکی باشتر، بەخێراتنی میوانەکانیان دەکرد. ئەرکیان تەنیا برێتی بوو لە پێشوازیی گەرم لە میوانەکان و بەخشینەوەی بزەخەندە بەسەریاندا و هاوڕێیەتیکردنیان بۆ ئەو جێیانەی دەیانەوێ، جا چ شوێنەکانی نیشتەجێبوون بێ یان کافیتریاکان، لەوێیش کۆمەڵێک لاوی باڵابەرز و سپیپێست و چاوشین لێیان وەردەگرتن و ئەوانیش بەهەمان عەرەبیی شکاو بەخێراتنیان دەکردن.

زۆری نەبرد یەکێک لە میوانەکان بۆی دەرکەوت ئەوانە لەنێو خۆیاندا بە تورکی قسە دەکەن، کەسێکی تر هاتە لای و ئەو بۆچوونەی بۆ پشتراست کردەوە و ئاماژەی بەوە دا کە کۆمپانیایەکی تورکیایی تەندەری پیشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئەو کۆنگرەیەی بۆ دەرچووە، کە بڕەکەی ١٠ ملیۆن دۆلارە.

ئەو خزمەتگوزارییانە خواردنیشی تێدایە، بۆیە کۆمپانیاکە ٩٠٪ی مادە سەرەتاییەکانی خۆراکدانی شاندەکانی لە تورکیاوە هێناوە، لەو شتانەی هێنابوویان زەیتی زەیتوون، ترشیات، ماست، شەربەت، سەوزەوات، ماسی و گۆشت بوو. چێشت لێنەرە تورکەکان لەو مادە خامانە خواردنی تورکیاییان ئامادە دەکرد و تێیدا هونەریان نواند و داهێنانیان کرد.

بەپێی زانیارییەکان، ئەو کۆمپانیا تورکیاییە هەزار لاو و کچی بۆ پێشکێشکردنی

خزمەتگوزارییەکان بە میوانان هێناوە، کە ٦٤ لەوانە کاریان خاوێنکردنەوە و ئوتوکردنی جلوبەرگ بوو.

لەبارەی دیمەنەکانی ئامادەیی تورکیاوە لەو کۆنگرەیەدا، رۆژنامەی (الحیاة) لە ٢٠١٠/٣/٢٧ راپۆرتێکی بڵاو کردەوە، تێیدا ئاماژەی بەوە کرد کە تورکیا تەنیا ئیمتیازی بەشی خزمەتگوزارییەکانی کۆنگرەکەی وەرنەگرتبوو، بگرە بەشی ژێرخانیشی وەرگرتبوو، کە کۆمپانیای "نالیتکۆ"ی تورکیایی تەندەرەکەی بەبڕی ١٥٠ ملیۆن دۆلار بردبووەوە و بەو پێیە کۆمپانیاکە لە ماوەی نۆ مانگدا کۆشکەکان و شوێنەکانی میوانداری و هۆتێلەکانی لە هەردوو شاری سرت و تەرابلوس دروست کردبوو.

هۆتێلی رکسۆسی دروست کرد کە ١٥٠ ژووری تێدایە، ئەمە جگە لە ٢٢ ڤێلا لە تەرابلوس و کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون لە شاری سرت، کە نێزیکەی ١٠٠ ڤێلا و ٤٥٠ شوقەی لەخۆ گرتبوو.

لە ماوەی ئەو نۆ مانگەدا چەندان کۆشکی دڵڕفێن و باڵەخانەی بەرز دروست کران، جیاوازی لە نێوان ئەو کۆشکانەی شاندە رەسمییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون و ئەو شوقانەی بۆ چاودێران و رۆژنامەنووسان دروست کرابوون جیاوازییەکی گەورە بوو، بەڵام ئەوەی لە نێوانیادا هاوبەش بوو "پردە تورکیایی"یەکە بوو، چونکە خواردنەکان، قاپ و قاچاخەکان و کەرەستە تەندروستییەکان، کەوچک و چەقۆ و چەتاڵەکان، سینی و بەفرگرە و دەرگە و پەنجەرەکان هەموویان لە وڵاتی ئەنادۆڵەوە هاتبوون.

راپۆرتەکە ئەوەیشی ئاشکرا کرد کە ئەوە پێنجەمین جارە ئەو کۆمپانیا تورکیاییە تەندەری رێکخستن و پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکانی لووتکەکان یان رووداوە گرینگەکانی لیبیا بەدەست دێنێ. دیارە هەڵگرتنی ڤیزا لە نێوان هەردوو وڵاتیشدا پێش چەند مانگێک رۆڵی هەبووە لە ئاسانکردنی هاتوچۆی کەسەکان و شمەکەکان و بازنەی ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکانی نێوان هەردوولای فراوانتر کردووە.

پلانێک لە ئارادایە کە بەهای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان تورکیا و لیبیا لە ماوەی ٥ساڵی داهاتوودا بۆ ١٠ ملیار دۆلار بەرز بکرێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی لە ساڵی رابردوودا گەیشتە ١,٦ ملیار دۆلار، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا قەبارەی بازرگانیی نێوانیان نێزیکەی ٢٢٥ ملیۆن دۆلار بووە. تورکیا ساڵی رابردوو ڤیزای لەگەڵ هەریەک لە سووریا و لبنان و ئوردنیش هەڵگرت.

لەم دواییەدا شاندێکی دیپلۆماسیی تورکیاش سەردانی قاهیرەی کرد بۆ رێکخستنی پێوەندییەکانی ئەنقەرە و جامیعەی عەرەبی، ئەویش وەک ئامادەسازییەک بۆ گرێدانی کۆنگرەیەکی گەورە لە ئەستەنبۆڵ لە مانگی حوزەیرانی داهاتوودا، کە وەزیرانی دەرەوە و پیاوانی کار تێیدا بەشدار دەبن.

ئەگەر ئەو جموجووڵە سیاسییە چالاکانەی تورکیاش لە دنیای عەرەبیدا لە بەرچاو بگرین، لەوە

تێ دەگەین کە تورکیا ورده ورده بەرەو بۆشاییەکەی ئێمە هەنگاو دەنێ و وڵاتانی ناوچەکە، لە پێشیاندا میسر، زۆر نابات لە کۆتاییدا دەبنە کۆمبارس، کارەکتەرێکی بێ ڕۆڵ، ئەویش لەبەر چەندان هۆ، گرینگترینیان ئەوەیە لە تاقیکردنەوەکانی ئامادەبووندا دەرنەچووە.

***

## سەرکەوتنی تورکیا، نموونەیەک بۆ فێڵی مێژوو

ئەوەی سەرەوە پوختەی گوتەکانم بوو لەو کۆنفرانسەدا کە "مونتەدای جەزیرە" لەم دواییەدا بەناونیشانی "تێڕوانینە بەدیلەکان لە دنیای عەرەبی و ئیسلامی"دا سازی کرد.

پوختەی بیرۆکەکە ئەوەیە هەموو بەڵگەکان ئەوەیان نیشان دەدا کە مێژوو بە ئاراستەیەکی دیاریکراو دەڕوات و دنیای عەرەبیش پاڵێوراوە بۆ ئەوەی تێیدا ببێتە نێچیر و تێکوپێک بشکێنرێ، بەڵام دەرکەوتنی لە پڕی تورکیا دۆخەکەی قلْپ کردەوە و حیسابات و سیناریۆ چاوەڕێکراوەکانی شپرزە کرد.

یەکەتیی سۆڤیەت رووخا و عەرەب بەبێ دۆست و پاڵپشت مانەوە. ئەمەریکاش لە ئەفغانستان و عێراق، هەروەها بەهۆی گرفتە ناوخۆییەکانیەوە گیرۆدە بووە. ئێران گەمارۆ دراوە و لەلایەن ئەمەریکاوە لە ریزبەندی سەربازگەی شەڕدا دانراوە. میسر بەسەر خۆیدا قەتیس ماوە و لە دیمەنە عەرەبییەکە چووەتە دەرەوە. سیستمی عەرەبی هەرەسی هێناوە و دەوڵەتە عەرەبییەکان بوونەتە دوو سەربازگەی ناکۆک لە نێوان میانڕەوی و خۆبەدەستەوەنەداندا. هەرچی کێشەی فەلەستینە لە پێشینەییی خۆی لەدەست داوە و زۆربەی رێژیمە عەرەبییەکان وەک بارێکی گران سەیری دەکەن و دەیانەوێ لێی رزگار بن و لە دەرهاویشتەکانی سەرفراز بن، ئەمە جگە لەوەی دەسەڵاتدارێتیی فەلەستینیش لە پەلوپۆ کەوتووە و زیاتر پشت بە ولایە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل دەبەستێ تا بە گەلی فەلەستینی و پاڵپشتیی عەرەبی.

مەسەلەکە تەنیا لە سنووری گۆڕان لە نەخشەی سیاسیدا نەوەستاوە، بگرە هەندێ لە بەهاکانیشی گرتووەتەوە، بەرگریکردن لای هەندێ لە رێژیمەکان شتێکی بێزراوە و لای هەندێکیشیان ئیرهابە. ئاساییکردنەوە لەگەڵ ئیسرائیل لای هەندێک پەسندە و هەندێکیش رەتی دەکەنەوە. شوێنکەوتەیی بۆ ئەمەریکا شتێکی رێز لێگیراوە و بوونی بنکە سەربازییە بیانییەکان بەشتێکی شاز و تاوان سەیر ناکرێ.

لە سایەی دروشمی "یەکەم جار وڵاتەکەمان"دا – میسر و ئوردن و لبنان و هی تر– کەمتەرخەمیکردن لە ئاسایشی نەتەوەییی عەرەبی بووەتە شتێکی ئاسایی و قبووڵکراو. بگرە تەنانەت بیرۆکەی رزگاریی نیشتمانیی خۆیشی لای هەندێک بووەتە شتێکی تەمومژاوی و نامۆ.

ئەمانە و چەندان بەڵگەی تر ئاماژەن بۆ ئەو لاوازی و داهێزرانەی رووی لە دۆخی عەرەبی

کردووە، کە ئەو تەنگژەئابڕووچوونەی پێوەندییەکانی نێوان میسر و جەزائیری بەهۆی یاریی تۆپی پێوە شێواند، لە بەرەنجامەکانی ئەو حاڵەتەیە.

لەم کەشوهەوایەدا حزبی دادی تورکیا لەسەر شانۆ دەرکەوت و سەرکردەکانی بەزۆرینەیەکی بەرچاو لە ساڵی ٢٠٠٣دا حکوومەتیان پێک هێنا، ئەوەیش بووە جێ سەرنجی هەموولا، بەتایبەت کاتێ تێگەیشتن لەوەی سەرکردایەتییە نوێیەکە سوورە لەسەر ئەوەی ڕۆڵێکی کارا لە ناوچەکەدا ببینێ، هەروەها کاتێ ڕۆڵێکی بێگەردی بەرامبەر کێشەی فەلەستینی وەرگرت، ئەوەیش دەنگدانەوە و لەرینەوەیەکی بەهێزی لەو فەزا و سەرگەردانییە باڵادەستەدا هەبوو.

چوار هۆکار لە گرینگیی ئەو ڕۆڵەیان زیاتر کرد:

یەکەم: ئەوەیە ئەو حکوومەتە پشتی بەزۆرینەیەکی میللیی بەهێز بەستووە، کە پێشتر لە گۆڕەپانی تورکیادا باو نەبووە، ئەوەیش وای کرد بە متمانە و دڵنیاییەوە هەنگاو بنێ.

دووەم: ئەو نموونەیەی حزبی داد بە پاشخانە ئیسلامییەکەیەوە پێشکێشی کرد لای خەڵکەوە پەسەند کرا، چونکە بە زمانی ئامۆژگاری و ڕێنوێنیکردن جەماوەری نەدواند، بگرە پڕۆژە و ڕەسیدی خۆی لەسەر بناغەی کارکردنی بەردەوام لە پێناو سوودی خەڵک و جێبەجێکردنی داخوازییەکان بنیات نا، لێرەوە بوو کە دەسکەوتی ئابووری لە پێشینەی بەرنامەی کاری خۆیەوە دانا.

سێیەم: ئەو حزبە هاوکێشەی ناکۆکیی نێوان ئیسلام و دیمکراسیەتی خست و بە قبووڵکردنی ڕێسا و بنەماکانی گەمەی دیموکراسی چووە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و دواتریش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان.

چوارەم: حکوومەتی حزبی داد ڕووی لە دەوروبەرە عەرەبی و ئیسلامییەکە کرد، بەبێ ئەوەی هیچ لە سووربوونی خۆی بۆ چوونە نێو یەکەتیی ئەوروپا کەم بکاتەوە.

دیموکراسییەت توانای بە حزبی داد دا کە پڕۆژە و بەرنامەی سیاسیی خۆی پەرە پێ بدا و پێی بگەیەنێ، هەر ئەویش یەکەم جار گەیاندییە شارەوانییەکان دوای ئەوە بە پەرلەمان و ئینجا بە سەرۆکایەتیی حکوومەت. هەر ئەویش سەرکردایەتیی حزبەکە، عەبدوڵا گولی سەرکۆمار و ڕەجەب تەیب ئۆردۆگانی سەرۆک وەزیرانی ناچار کرد هەست و تووڕەیی خەڵک بەرجەستە بکەن، بەتایبەت لە کێشەی فەلەستیندا، کە ئۆردۆگان بووەتە یەکێک لە باشترین قسەکاران لە بارەیەوە.

کاتێ دیموکراسییەتیش بەرژدی وەرگیرا، بوو بەرەگەزێکی کارا لە تێکوپێکدانی ئەو پیلان و سیناریۆیانەی لە دەرەوە دادەڕێژران و وای کرد کۆمەڵگە لە دروستکردنی مێژوودا بەشدار بێ، نەک تەماشاکار.

سەرچاوە: وێبلاگی فەهمی هوەیدی: http://fahmyhoweidy.blogspot.com

هەواڵنامەی کیبر

# ئیسلام لە ئەوروپا*

توێژینەوەیەکی پەیمانگەی کۆچ و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەناسنامە
سەر بەزانکۆی ئەمستردام

ئیسلام یەکێکە لەو ئاینانەی کە ئەمڕۆ لە ئەوروپا گەشەیەکی خێرا دەکا. بەشێکی زۆر لە چینی کرێکار، کۆچبەرانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچە ژێردەستەکانی ئەفریقیا، ئاسیا و هەرێمی کارایبی پێشوو دنە بەگەشەدانی ئیسلام لە ئەوروپا دەدەن. دەتوانین ئاماژە بەبوونی چەندان ناوەند و کۆمەڵەی ئیسلامی لە رۆهەڵاتی ئەوروپا بەتایبەت لە ئەلبانیا، یوگسلاڤیای پێشوو (بۆسنا و هێرزی گۆڤینا) کە بەپێی سەرژمێرییەکی رەسمیی ساڵی ١٩٩٩ نێزیکەی ٧ ملیۆن موسڵمانی لەخۆ گرتبوو، جگە لە بازرگان، دیپلۆماتکار و قوتابییانی بیانی کە لە ئەوروپان.

کۆچکردنی موسڵمان بۆ ئەوروپای ناوەڕاست پرۆسەیەکی هەستیاری مێژوویی ئەو پارزەوینەیە کە بەگشتی کاریگەریی کەمی لەسەر ئەو بەشەی ئەوروپا هەبووە، بەڵام هاوکات موسڵمانەکان هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کولتووری، ئاینی و زمانەوانین کە پێوەندییان بەشوێنەکانی تری دنیای موسڵمانانەوە هەیە. هەر لە ناوخۆی ئەوروپا خۆیدا جیاوازی لە چۆنیەتیی جێگیربوونی ئیسلامدا هەیە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا بەجۆرێکی تر سەیری ئیسلام دەکرێ تا فرەنسا، چونکە لە ئەڵمانیا بێدەنگییەک بەئیسلامەوە دیارە و لە فرەنسا پێگەی ئەو ئاینە بەربڵاو و فرەوانترە.

---

* وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان

## هێماكانی ئیسلام لە ئەوروپا

وێڕای بوونی كۆمەڵگەی ئیسلامی لە بالكان و بەشەكانی تری ڕۆهەڵات و باشووری ڕۆهەڵاتی ئەوروپا، سەرچاوەكان ئاماژە دەكەن موسڵمانان لە ساڵانی ١٩٥٠ گەیشتوونەتە ئەوروپا. زۆربەیان بەبیانووی مێوان و كار هاتنە ئەوروپا، دواتر ئەندامانی خێزانیان ڕاكێشان و پرسی كۆچی موسڵمانان لە توركیا، مەغریب، جەزایر و توونس بۆ ئەوروپا هاتە كایەوە و بەسەر هەموو وڵاتانی تری ئەوروپاییدا دابەش بوون، دواتر تێكەڵ بەكەرتی سیاسی و ئابووریی ئەو پارزەوینە بوون. بەلجیكا، هۆڵەندا، فەرەنسا، بەتایبەت وڵاتانی ئەسكەندەنافیایی و ئەڵمانیا بوون بەشوێنی گیرسانەوەی پەنابەر و كۆچبەرانی كوردی و توركیایی.

لەلایەكی ترەوە، پەنابەرانی مەغریب، جەزایر و باكوری ئەفریقیا روویان لە هۆڵەندا، بەلجیكا، لۆكزامبۆرگ و فەرەنسا كرد و دەستیان خستە ناو كەرتی كار و پیشەسازیی ئەوروپا و نیشتەجێ بوون. هەرچەندە زۆربەی موسڵمانانی ئەوروپا لە عێراق، سۆماڵ، ئەریتریا و ئەفغانستانەوە هاتوون، بەڵام بەشێك لەو پەنابەرانە خەڵكانێكی پایەبەرز و كەسایەتیی دیار و تایبەت بوون.

بەو شێوەیە پرۆسەی گەشەكردنی ئیسلام لە ئەوروپا بەخێرایی سەری گرت، بەجۆرێك كە ئێستە بەپێی ژمارەی پێڕەوانی ئاینی، بەدووەم گەورە ئاینی ئەوروپا دێتە دانان. بەپێی ئامارێكی نارەسمی، ژمارەی مسوڵمانانی ئەوروپا دەگاتە ١٣ ملیۆن كەس. نەبوونی ئامارێكی ورد و دیودەر لە موسڵمانانی ئەوروپا بۆ چەندان هۆكار دەگەڕێتەوە: یەكەم/ دابەشبوونی موسڵمانان لە ئەوروپا بەپێی پلانێكی دیاریكراو نەبووە و دیار نییە ڕێژەی موسڵمان لە وڵاتانی ئەوروپایی چەندە. دووەم/سنووری موسڵمانانی دنیا بەگشتیی دیار نییە، بۆ نموونە شیمانە دەكرێ هاووڵاتییەكی سورینام (وڵاتێك لە باكوری ڕۆهەڵاتی باشووری ئەمەریكا) كە ئێستە نیشتەجێی هۆڵەندایە و بەهۆكاری سیاسی پەنابەرە تێكەڵ بەپرسی موسڵمانان بووبێ، تەنانەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئامارێكی دیار لە پێڕەوانی ئاینی ئیسلام نییە، یاخۆ زۆربەی ئەوانەی لە كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هاتوون و لە ئەوروپا پەنابەرن لە ئیسلام دوورن و لە ڕیزی پێڕەوانی ئیسلام نایەنە دانان. هاوكات لە ئەوروپا لە شاری برادفۆردی بەریتانیا ٣٥٠ هەزار سپیپێست و ٨٥ هەزار ئاسیایی كە زۆربەیان موسڵمانی پاكستانین لە یەك شاردا ژیان بەسەر دەبەن.

## تایبەتمەندییەكانی موسڵمان لە ئەوروپا

زۆربەی توێژەران و كۆمەڵناسانی ئەوروپا كەمتر بایەخ بەلایەنە ئاینییەكانی كۆچ دەدەن و بەچاوی كرێكار سەیری پەنابەر و كۆچەری دەكەن، لە كاتێكدا توێژینەوەكان ئاماژە بەدەرهاویشتە كولتوورییەكانی ئاین لە پرسی كۆچ و كۆچبەریدا دەكەن. بەشێك لە شارەزایان باس لە پرۆسەی نوێبوون و سەردەمیبوونی ئیسلامییەكانی پەرتەوازە لە ئەوروپا دەكەن كە گۆڕانكارییان بەسەردا

هاتووە و لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوە و نووسینی زۆر بڵاو کراوەتەوە.

ئیسلامییەکان لەو بڕوایەدان ئەوان هەڵگری ئاینێکی پیرۆزن و هەر بۆیە پێویستە وڵات و ڕەگەزیان بەپیرۆزی بێتە پاراستن کە بە "ئوممە" ناسراوە و جەخت لەسەر یەکبوونی ئاینی ئیسلام و نیشتمانی عەرەب دەکەنەوە. ئیسلامییە بناژووخوازەکان هاوشێوەی ئۆرتۆدۆکسەکان بڕوایان بەیەکەتیی خاک و ئاین هەیە، بەڵام موسڵمانانی ئەوروپا بەگشتی ٣ تایبەتمەندیی سەرەکییان هەیە کە بریتین لە:

١- بەشێکیان هەست دەکەن کە هەڵگری ئاینێکی پیرۆز و مەزنن و لە ئاینەکانی تر گەورەترن کە بەخاڵێکی سەرەکی لە پێناسەی موسڵمانی ئەوروپا دێتە دانان.

٢- هەوڵی پەرەپێدان و بانگەشەی ئیسلام دەدەن و ڕوو لە کۆمەڵە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی ئیسلامی دەکەن، بەناوی گوتیاری ئیسلام لێدوان دەدەن و بەپێی ڕێنوێنییە ئاینی و سیاسییەکانی خۆیان بانگەشەی ئاینی دەکەن. (بۆ نموونە عەبدولواحید وانبۆمل لە هۆڵەندا، یوسف ئیسلام و ڕەعد لە بەریتانیا).

٣- بەردەوامیی کۆچ و هاتنی موسڵمانان تاکە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی موسڵمانان لە ئەوروپا نییە، بگرە بەشێکی تری موسڵمانان هەر لە ئەوروپا لەدایک دەبن، بۆیە نەوەی نوێی موسڵمانان بوارە سیاسییەکانی خۆیان فەرامۆش دەکەن و ڕوو لە خوێندن دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

## ڕێکخستنەکانی ئیسلام لە ئەوروپا

مسوڵمانانی ئەوروپا بەچەندان شێوەی جیا جیا وەک دامەزراندنی پەیمانگە لە جۆری مزگەوت، سەربڕخانە و گۆشتفرۆشی ڕێگە پێدراوی ئیسلامی (حەلال)، قوتابخانە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراو و کۆمەڵە، گۆڕستان، گرووپی سیاسی، ڕاوێژکاری لەناو نەخۆشخانە، گرتیگە و شوێنە سەربازییەکان دزە دەکەنە ناو کۆمەڵگە و گۆڕەپانەکە.

ئیسلامییەکان لە ئەوروپا ٢ ستراتیجیی سەرەکی پێڕۆ دەکەن، یەکەم: بەدوای پاڵپشتیی خەڵکی ئەو وڵاتەدان کە تێیدا مێوانن و ئەوانەی موسڵمان نین، بەو شێوەیە هەوڵ دەدەن دەستی خۆیان لەناو وڵاتەکەدا توند بکەن، دواتر لەگەڵ بەرزبوونەوەی توانای سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان هەوڵی لادانی ئەوروپاییەکان دەدەن. دووەم: هەوڵ دەدەن سۆز و خۆشەویستیی هاووڵاتییانی ئەوروپایی ڕابکێشن، بۆ ڕێکخستنی ئەو دوو پلانە پێشەوایەک بۆ خۆیان دەستنیشان دەکەن.

هاوکات، نەوەی نوێی موسڵمانانی ئەوروپا تووشی دۆخی نوێ بوونەتەوە، بەجۆرێک کە وەک باوانی خۆیان بیر ناکەنەوە. هاتنی نەوەی نوێ پلانی ئیسلامییەکانی ئەوروپای هێناوەتە گۆڕین، ئەگەر جاران بوونی ئیسلام لە ئەوروپا جۆرێک شارستانییەت بوو، لە ئێستەدا پاڵەپەستۆکردنە سەر ئیسلامییەکانی ئەوروپایە و موسڵمانان هان دەدات بیر لە شێوازی نوێ بکەنەوە.

توێژینەوەکان ئاماژە دەکەن، ئیسلام پێناسەیەکی ئاینیی هەیە و پێوەندیی بەکولتوورەوە نییە، بەتایبەت لە دۆخی بیانی و پەنابەریدا کە لە گەشەی ئیسلامدا رەنگی داوەتەوە و جۆرێکی نوێی لە ئیسلام هێناوەتە بەرهەم و بەدوای دۆزینەوەی کەناڵێکی کولتووریی نێوان ئیسلام، ئەوروپا و ناموسڵمانانی ئەوروپاییدا دەگەڕێ.

## هۆکارە ناوخۆییەکانی ئەوروپا لە گەشەکردنی ئیسلام

پەرەسەندن و گەشەکردنی ئیسلام تەنیا بۆ چالاکیی موسڵمان و پێڕەوانی ئەو ئاینە ناگەڕێتەوە، بگرە بەشێکی پێوەندیی بەڕۆڵ و روانینی کریستیانەکانی سیکۆلاری ئەوروپاوە هەیە کە ئەوانیش بەدوای پتەوکردن و پێدانی بەهایەکی تر بەئایندا دەگەڕێن. وڵاتانی رۆئاوای ئەوروپا هەرچەندە کاروباری ئابووری و بازرگانیی زۆریان ئەنجام داوە، بەڵام تا ئێستە بۆیان نەکراوە پێناسەیەکی دیار بەئەوروپا ببەخشن. هەرچەندە ناوەندێک بەناوی یەکەتیی ئەوروپا هەیە، بەڵام وڵاتانی ناو ئەو یەکەتییە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریدا یەک نین، بۆیە بۆ ناسینی ئەوروپا پێویستە پەنا بۆ شیکردنەوەی وڵاتەکان بەشێوەی جیا جیا ببەین. روانین و تێکەڵبوونی وڵاتان بەچەمکی گلۆبالیزم جیاوازە و دیاردەکان بەشێوەی جۆراوجۆر لێک دەدەنەوە، بۆیە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ملیۆنان پەنابەری بیانی کە زۆربەیان موسڵمانن.

## موسڵمان لە ڕوانگەی یاسا و دەستووری ئەوروپا

لایەنی رەگەزنامە و بەهاووڵاتیبوونی موسڵمانان لە ئەوروپا بەگرینگترین پرسی ئیسلام لە ئەورپا دێتە دانان، بەتایبەت کە خەڵکانێکی جۆراوجۆر بەبۆچوون و هزری جیاوازەوە داوای هاووڵاتیبوون لە ئەوروپا دەکەن. فرەنسا کە زیاتر تووشی ئەو دیاردەیە بووە پتر نیگەرانە. ئەڵمانیا بەپێی چەند رێنوێنییەکی تایبەت بەخەڵکی بیانی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پرسەدا دەکا و لایەنەکانی کولتووری و کۆمەڵایەتی لە بەرچاو دەگرێ، هۆکارەکە بۆ بۆچوونێکی ئەوروپا دەگەڕێتەوە کە بەنیگەرانییەوە سەیری ئیسلام و موسڵمان دەکا. کۆمەڵگەکانی ئەوروپا بەگرینگەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی وەک باری سیاسیی هاووڵاتییان، ئازادیی تاک و ئازادیی دەربڕیندا دەکەن، هاوکات بەدوور لە توندوتیژیی ئاینی بڕوایان بەلێک گەیشتنی ئاینەکان هەیە و رێز لە مافەکانی مرۆڤ و رۆڵی سیاسیی هاووڵاتییان دەگرن.

## تێگەیشتنی ئیسلام و ئەوروپا بۆ هەردوو چەمکی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ

بەپێی ئەنجامەکانی چەند توێژینەوەیەک، ئیسلام وەک ئاینێکی دژەدیموکراتی ناو دەبەن و رەوینەوە لە هزری ئیسلامی بەباشترین جۆری دیموکراسی دێتە دانان. بەشێکی تر لە

توێژینەوەکان هەوڵ دەدەن وەک زۆربەی ئاینەکانی تر لە رێگەی جووڵەیەکەوە دیموکراسی و ئاین بخەنە پاڵ یەکتری و لە نەریتەکانی ئیسلامی نێزیکی بکەنەوە. کەسانێکی تر لەو بڕوایەدان دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بەرەنجامی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی رابردوون و بۆ ئەمڕۆش ماونەتەوە کە ئەمڕۆ پێویستە زیاتر دیموکراسیی ئاینی هەبێ، لەو نێوەندەدا باس لە هێنانە ئارای ئیسلامی سەردەمییانە دەکرێ.

## سەرهەڵدانی ئیسلامی بناژووخواز لە ئەوروپا

هەندێک ار لە ئەوروپا ئیسلام بەواتای بناژووخوازی دێ کە لەگەڵ تێکەڵبوونی بەسیاسەت وەک پرسێکی توندڕۆیانە دێتە ئەژمار، داوا دەکرێ هەڕەشەکانی ئیسلام ساغ بکرێنەوە و هەڵوێستی ئەوروپا بەرامبەر ئیسلام بەگرینگەوە باسی لێ دەکرێ. بەشێک لە رۆشنبیرانی ئەوروپا توندڕۆیی ئیسلامی بەپڕۆژەیەکی سیاسی دەزانن و جەخت لەسەر نەهێشتنی دەکەنەوە و لەو پرسەدا پێشکەوتنێکی باش هاتووەتە کایەوە.

## بەرەنجام

لە ماوەی ٣٠ساڵی رابردوودا توێژەرانی ئەوروپایی پانتاییەکی گەورەیان بۆ وێژە و ئەدەبیاتی ئیسلام و موسڵمان خستووەتە بەردەم ئەوروپا و چەمکگەلی زۆریان تێکەڵ بەزمانی نووسین و وێژەی ئەوروپا کرد کە چاپکردن و بڵاوبوونەوەی هەزاران کتێب، ڕاپۆرت و ئەزموونی ئاینی لە ئەوروپا لێ کەوتەوە، بەڵام بەدڵنیایی مەبەستی سەرجەمیان نەهاتووەتە پێکان. هاوکات، ئەم توێژینەوەیە پاڵپشت بەچەندان لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر هاتووەتە نووسین و سەرجەم لایەنە ئاینییەکانی ئیسلامی لەخۆ گرتووە. توێژینەوە لەبارەی ئیسلام و موسڵمان لە ئەوروپا پێوەندیی بە دوو پرسەوە هەیە، یەکەمیان پێوەستە بەتێکەڵبوونی دوو نەوەی کۆن و نوێی موسڵمانە کۆچەرییەکانی ئەوروپا و دووەمیان بۆ نەبوونی یەکدەنگی لە نێوان نەتەوە و حکوومەت و مافی هاووڵاتییان دەگەڕێتەوە، سەرجەم ئەو پرسگەلە پێوەندییان بەکۆمەڵگەی مێوان لە ئەوروپا و پرسی ئاینی ئیسلامەوە هەیە.

Reference:
http://www.imiscoe.org/publications/workingpapers/documents/MuslimsinEurope-Thestateofresearch.pdf

# باسێک لەسەر سیکۆلاریزم*

نووسینی: کلاین ئاستین

سیکۆلاریزم یەکێک لە گرینگترین دیاردەکانی جیهانی ڕۆئاوایە. نفووز و توانای بەربڵاوی سیکۆلاریزم، نەک تەنیا ڕۆئاوای ئەمڕۆی لە ڕۆئاوای سەدەکانی نێوەڕاست و سەردەمی کۆن جیاواز کردوە، بگرە ئەوی لە بوارەکانی تری فەرهەنگیی جیهانیش جیا کردووەتەوە. ڕۆئاوای ئەمڕۆ بە گشتی بەهۆی ڕوودانی ڕەوتی سیکۆلاریزم بە پێگەی ئێستا گەیشتووە. لە ڕوانگەی هەندێک کەسەوە، ئەم حاڵەتە هۆکارێکە بۆ پەسنی سیکۆلاریزم و بۆ کەسانی تریش هۆکارێکە بۆ دژایەتیکردنی. بەڵام سیکۆلاریزم چییە و لە کوێوە هاتووە؟ بۆچی ڕوانگەی سیکۆلار تەنیا لە کۆمەڵگە و فەرهەنگی ڕۆئاوا گەشەی کردووە؟ تێگەیشتنی ڕوونتر لە مێژوو و نێوەڕۆکی سیکۆلاریزم یارمەتی بە خەڵک دەدا هەتا ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو لەسەر کۆمەڵگەی ئەمڕۆ باشتر لێک بداتەوە. بەبێ تێگەیشتنێکی دروست لە سیکۆلاریزم، نە بەرگریکردن لەو و نە دژایەتیکردنی بە ئەنجامێکمان ناگەیەنێ.

پێناسەی سیکۆلاریزم: (بنەماکانی سیکۆلاریزم لە بەرهەمەکانی جۆرج یاکوب هالی ئوک)

سەرەڕای گرینگیی سیکۆلاریزم، لەسەر پێناسەکردنی جیاوازیی بیر و بۆچوون هەیە. بەشێک لەم پرسە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەمکی "سیکۆلار" دەتوانێ بەمانای جۆراوجۆر بەکار بهێنرێ. ماناکان هەرچەند لێک نزیکن، بەڵام جیاوازییەکانیان ئەوەندە هەیە کە تێگەیشتنی مەبەستی خەڵک لە سیکۆلاریزم دژوار بکا. وشەی سیکۆلار لە زمانی لاتینی بە مانای "ئەم جیهانە" و، بە پێچەوانەی "ئاینی"یە. کاتێک وەک ڕوانگە باسی سیکۆلاریزم دەکرێ، زۆر جار مەبەست هەر

---

* وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی: ئەمیر غولامی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: مێهدی مێهرپەروەر

فەلسەفەیەکە کە ئەخلاقی خۆی بەبێ گەڕانەوە بۆ بنەما ئاینەکان بنیات دەنێ و بەدوای پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆجیای مرۆڤە.

وشەی سیکۆلاریزم لە ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن جۆرج یاکوب هالی ئوک داهێنرا. ناوبراو سیکۆلاریزمی بۆ پێناسەکردنی"بیروڕایەک کە تەنیا ئاوڕ لەو پرس و پرسیارانە دەداتەوە کە بە پێوانەی ئەزموونی ژیانی ئەم جیهانە تاقی دەکرێنەوە" بەکار هێناوە. هالی ئوک خێرخوازێکی سۆسیالیست بوو کە پێی وا بوو دەوڵەت دەبێ لە خزمەتی پێویستییە هەنووکەییەکانی ژیانی کرێکاران و هەژاراندا بێ نەک لە خزمەتی پێویستییەکانی جیهانی دوایی و رۆحیی ئەوان.

بەپێی گوتەکانی سەرەوە دەتوانین تێ بگەین کە، سەرەتا بەکارهێنانی وشەی سیکۆلاریزم، دژایەتیی ئاشکرای لەگەڵ ئایندا نەبووە، بگرە ئاماژەی ئەو تەنیا لەسەر ئەم بیرۆکەیە بووە کە تێکۆشانی دەوڵەت دەبێ لەسەر ژیانی خەڵک لەم جیهانە چڕ بکرێتەوە و نەک لەسەر دڵەڕاوکێی جیهانی دواییی ئەوان. دیارە ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ زۆربەی ئەو سیستەمانەی کە بڕوایان بە ئاین هەبوو، لەوانە مەسیحییەتی سەردەمی هاکی ئوک نەدەگونجا و رێک نەدەکەوت، بەڵام هەموو ئەو سیستەمانەی بڕوایان بە ئاین هەبوو رەت نەدەکردەوە. دواتر هاکی ئوک وشەی داهێنراوی خۆی ئاشکراتر پێناسە کرد: سیکۆلاریزم بەدوای پێشکەوتنی فیزیکی، ئەخلاقی و هزری، سروشتی مرۆڤە هەتا بەرزترین ئاست. ئەم پێشکەوتنە ئەرکی سەرەکیی ژیانە و بڕیتییە لە کامڵبوونی بەکردەوەی ئەخلاقی سروشتی جیا لە ئاتێئیزم (بێ خوایی). تێئیزم (بڕوا هەبوون بە خوا) یان ئینجیل، بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ شێوازی مادی هەڵدەبژێرێ و ئەم رێککەوتنە ئەرێنییە وەک بوارێک بۆ پێکهێنانی یەکەتییەک چاو لێ دەکا. یەکەتییەک کە دەرەتانی ئەوە دەڕەخسێنی بە عەقڵی سالم ژیان رێک بخەین و بە خزمەتکردن رێزی لێ بگرین.

دەبینین، زۆرتر پێداگرتن لەسەر سەرچاوە مادییەکان و ئەم جیهانەیە نەک جیهانی دوایی. لەگەڵ ئەمەشدا لێرەدا رەتکردنەوەی ئایین لەلایەن سیکۆلاریزمەوە نابینین. چەمکی سیکۆلاریزم سەرەتا وەک فەلسەفەیەکی نائاینی هاتە بەرباس کە لەسەر پێویستی و پرسەکانی ئەم جیهانەی مرۆڤ پێی دادەگرت نەک جیهانی دوایی. سیکۆلاریزم، فەلسەفەی ماتریالیستی (مادەخواز)یشی پێ دەگوترێ، کە هەم ئامرازەکانی باشترکردنی ژیانی مرۆڤەکان و هەم ناخی جیهان بە مادی دەزانێ.

ئەمڕۆکە، زۆر جار بە فەلسەفەیەکی ئەوتۆ دەڵێن ئۆمانیزم (مرۆڤگەرایی) یان ئۆمانیزمی سیکۆلار و سیکۆلاریزم، لانی کەم لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، مانایەکی زۆر سنوورداری بۆ کراوە. یەکەمین و لە هەمان کاتدا گرینگترین مانای ئەمڕۆیی "سیکۆلار"، بە پێچەوانەی "ئاینی"یە. بە پێی ئەم بەکارهێنانە، دەتوانین بە کاروبارێک بڵێین سیکۆلار کە لە چوارچێوەی کاروباری جیهانی، مەدەنی، نائاینیی ژیانی مرۆڤ بگونجێ. مانای دووەمی وشەی "سیکۆلار"، کاروبارێک سیکۆلارە کە لە ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ کاروبارە پیرۆزەکاندا، سەرپێچی قبووڵ نەکا. لەم بەکارهێنانەدا، بە شتێک دەتوانین بڵێین سیکۆلار کە نەپەرسترێ و پیرۆز نەکرێ، بگرە جێگەی رەخنە و نێوبژیوانی و جێگۆڕکێ بێ.

## بنەما ئاینییەکانی سیکۆلاریزم

### "سیکۆلاریزم وەک گەشەی تیۆری و ئەزموونی مەسیحی"

لەوەی کە زۆر جار چەمکی سیکۆلاریزم لە بەرامبەر ئایندا بەکار دەبرێ، رەنگە زۆر کەس نەزانێ کە سیکۆلاریزم سەرەتا لە شێوازێکی ئاینیدا پێک هات. هەروەها رەنگە ئەم بابەتە بۆ زۆربەی بناژۆکان کە بڵاوبوونەوەی سیکۆلاریزم لە جیهاندا ئیدانە دەکەن جێگەی سەرسووڕمان بێ.

لە راستیدا دەتوانین رەگەکانی جیاوازیی نێوان چوارچێوەی جیهانی و واتایی لە کتێبی ئینجیلی سەردەمی نوێ ببینینەوە. لەم کتێبەدا وتەیەکی عیسا باس دەکا کە دەڵێ دەبێ کاروباری سزار بە سزار و کاروباری خوا بە خوا بسپێردرێ. دواتر، ئاگوستین کە گەورەترین زانایانی ئاینی مەسیحییەت بوو، جیاوازییەکی تەکنیکیی تری نێوان ئەم دوو چوارچێوەیە لە بەرچاو گرت، ناوبراو لە نێوان "شار" جیاوازیی دانا: یەکێک شاری جیهان (civitas terrenae)، ئەوی تر شاری خوا(civitas dei).

ئەگەرچی ئاگوستین ئەم چەمکانەی بۆ راڤەی مەبەستی خوا لە گەشەی مێژووی مرۆڤ بەکار هێنا، بەڵام کەسانی تر بۆ مەبەستی بنەڕەتیتر کەڵکیان لێ وەردەگرت. هێندێک کە بە دوای رێگەیەک بۆ پاساودانی سیستەمی پاپ بوون، گوتیان کە رێکخستنی کڵێسای کاتۆلیک، نیشاندەری شاری دنیایە و لە ئاکامدا دەوڵەتە مەدەنییەکان دەبێ بە سیستەمی کڵێسایی وەفادار بن. هێندێکی تر کە بەدوای پاساوی سەربەخۆیی دەوڵەتە سیکۆلارەکاندا بوون پێیان وابوو چەمکەکانی ئاگوستینی شاری خوا و شاری دنیا دەرخەری گرینگیی رۆڵی شاری دنیایە و بەرەنجامی ئەم بەرگرییەی زانایانی ئاینی لە هێزی مەدەنیی ئۆتۆنۆمی بوو کە سەرکەوت.

لە ئەورووپای سەدەکانی نێوەڕاستدا، زۆر جار وشەی لاتینی saecularis بۆ پێناسەی"سەردەمی ئێستا" بەکار دەهێنرا، بەڵام لە کردەوەدا بەو پیاوە ئاینییانە کە سوێندی راهیبانەیان نەخواردایە سیکۆلاریان پێ دەگوتن. ئەم پیاوە ئاینییانە کە بە جێگەی دوورەپەرێزی و گۆشەگیربوونی راهیبانە، کاری "ئەم جیهان"یان هەڵبژاردایە پێیان دەگوتن سیکۆلار.

چونکە ئەم کەسانە "لە دنیا" کاریان دەکرد، نەیاندەتوانی ستاندارده باڵاکانی ئەخلاقییات و هەڵسوکەوتی تاکەکەسی بەدەست بێنن. ئەم بژاردەیە، ئەوانی لە پاکیی رەها کە لە پیاوە ئاینییەکان چاوەڕوان دەکرا بێ بەش دەکرد. بەڵام کەسانێک کە سوێندی راهیبانەیان دەخوارد، دەیانتوانی ستاندارده باڵاکان بەدەست بێنن. لەبەر ئەمە لە سیستەمی پۆلینبەندی کڵێسا، نائاسایی نەبوو کە بەچاوی سووک سەیری saecularis بکەن.

دەبینین کە تەنانەت لە سەدە سەرەتاییەکانی مەسیحییەتدا، جیاوازیی نێوان سیستەمی ئاینی پاک و سیستەمی ئاینی بە پاکیی کەمتر، کۆمەڵایەتی و ئەم جیهانییە، لە رێکخستنی کڵێسادا هەبووە. ئەم جیاوازییە دواتر بووە جیاوازیگەلێک کە زانایانی ئاینی لە نێوان ئیمان و زانین و لە

نێوان خواناسی لە ڕێگەی وەحی و خواناسی سروشتی دادەنا.

ئیمان و وەحی زۆر لەمێژە وەک مڵکی ڕەهای پەروەردەی کڵێسا چاو لێ دەکرێ، بەڵام بەتێپەربوونی زەمان، هێندێک لە زانایانی ئاینی سەلماندیان کە چوارچێوەیەکی جیاواز لە زانین هەیە کە پێوەستە بە عەقڵی مرۆڤەوە. بەم جۆرە ئەوان بیرۆکەی خواناسیی سروشتییان هێنایە بەرباس. لە خواناسیی سروشتی، ناسینی خوا نە تەنیا بەهۆی وەحی و ئیمان بەدەست دێ، بگرە عەقڵی مرۆڤیش دەتوانێ بە تێڕامان و قووڵبوونەوە لە سروشت ئەم زانینە بەدەست بێنێ.

لە کۆنەوە، پێیان وابوو کە ئەم دوو زانینە پێکهاتەیەکی یەکگرتوو پێک دێنن، بەڵام ئەم یەکەتییە زۆری نەخایاند. بەرەبەرە هێندێک لە زانایانی ئاینی، کە گرینگترینیان دنوس سکوتوس و ڤیلیەم ئۆکامی بوون، سەلماندیان کە ئیمانی مەسیحی بە گشتی لەسەر بنەمای وەحییە، بەم جۆرە پڕە لە دژبەری کە بۆ عەقڵی مرۆڤ بووەتە جێگەی پرسیار.

لە ئاکامدا، ئەم زانا ئاینییانە ئەم هەڵوێستەیان گرتە بەر کە عەقڵی مرۆڤ و ئیمانی ئاینی لە کۆتادا پێکەوە ناگونجێن. عەقڵی مرۆڤ پێویستە لە چوارچێوەیەکی ئەزموونیدا، ڕوانینە مادییەکان تاوتوێ بکا، ئەگەرچی ڕەنگە عەقڵیش لە گەڕانەکانیدا بەهەمان ئاکام بگا کە ئیمانی ئاینی و خوێندنەوەکانی وەحیی بان سروشتی پێی دەگەن، بەڵام ناتوانین ئەوان لە چوارچێوەی سیستەمێکی لێکۆڵینەوەیدا یەکگرتوو بکەین. ئیمان ناتوانێ عەقڵ وشیار کاتەوە و عەقڵیش ناتوانێ ژێرخانی ئیمان بێ.

هەنگاوی کۆتا بەرەو سیکۆلاریزمی بەرفراوان کاری سیکۆلارە دژە مەسیحییەکان نەبوو، بگرە کاری مەسیحییە ئیماندار و بەبڕواکان بوو کە لەژێر وێرانی شەڕە مەزهەبییەکاندا ئاوارە بووبوون. ئەو شەڕانە لەسەر ئەوەی کە بڕوای دروستی ئاینی چییە ڕوویان دا و لە قۆناغی چاکسازیی مەزهەبیدا سەرتاسەری ئەورووپای گرتەوە. لە وڵاتانی پرۆتێستاندا، ئەم دیاردەیە سەرەتا هەوڵدانێک بوو بۆ وەرگێڕانی بنەماکانی لایەنی ئاینی بۆ لایەنێکی بەربڵاوتر لە توێژی سیاسی، بەڵام بەهۆی جیاوازیی لە ڕادەبەدەر لە نێوان گرووپە مەسیحییەکاندا ناکام مایەوە.

لە ئاکامدا، خەڵک بە دوای دۆزینەوەی ڕێکارێکدا بوون بۆ خۆبواردن لە شەڕە مەدەنییەکان. ئاکامەکەی بووە ئەوەی کە دەستەوداوێنی ئاشکرا بەبۆچوونە تایبەتییەکانی مەسیحی کەم بێتەوە و تەنیا لایەنە گشتی و بەعەقڵانیبوونەکەی مەسیحییەت وەک بەڵگە دەهێنرایەوە. لەلای خەڵکی مەسیحی، ئەم پرۆسەیە هێندێک جیاواز بوو، چونکە لە لاینگرانی کڵێسا ئەو چاوەڕوانییە دەکرا کە بەپشتبەستن بە پێداگریی خۆیان، بەردەوام بن لە پێداگریی کاتولێک. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کاتۆلیکەکانیش هێندێک تامی ئازادیی سیاسییان چێشت.

ئەم پرۆسەیە بەرەبەرە بووە هۆی کەمبوونەوەی دەستێوەردانی کڵێساکان لە کاروباری سیاسیدا. خەڵک تێگەیشتن کە دەتوانن چوارچێوەیەکیان بۆ کردەوە و ئەندێشەکانیان بە دوور لە دەسەڵاتی کڵێسا هەبێ. ئەم ڕێگەچارەیە بووە هۆی جیاییی زۆرتری کڵێسا و دەوڵەت، بەجۆرێک

کە ئەم جیاییی‌ەی ئاین و دەوڵەت پێشی ناوچە پرۆتستاننشینەکانیش کەوت. نموونەیەکی بەرچاوی چوارچێوەی ئاین و دەوڵەت، پەسندی یاسای لائیسیتەی فرەنسا لە ساڵی ١٩٠٥دا بوو.

هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ئیمان و عەقڵ، وەک بەشە جۆراوجۆرەکانی زانین نەک وەک لایەنە جیاوازەکانی زانینێکی یەکگرتوو، بەدڵی گەورەپیاوانی کڵێسا نەبوو. لەلایەکی ترەوە، هەمان گەورەپیاوان بە شێوەیەکی هەمەلایەنە نیگەرانیی گەشەی ئەندێشەکانی عەقڵگەرایانە لە فەلسەفە و خواناسیدا بوون. ئەوان بە جێگەی قبووڵکردنی ئەم جیاییی‌ە، هەوڵی سەرکوتکردنی ئەم ئەندێشانەیان دا. بەو هیوایە کە پێشرەوبوونی ئیمان بپارێزن. ئیمانێک کە بە درێژاییی چەندان سەدە بووە تایبەتمەندیی مەسیحییەت و لایەنی عەقڵگەراییی خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

## سیکۆلاریزم وەک فەلسەفەیەک "سیکۆلاریزم تەنیا لە ئایندا ون نەبووە"

ئەگەرچی دروستە بڵێین سیکۆلاریزم لە ئایندا ون بووە، بەڵام زۆر جار پێیان وایە سیستەمێکی فەلسەفییە کە خاوەنی هۆکاری تاکەکەسی، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە. سیکۆلاریزم وەک فەلسەفە هێندێک جیاوازیی لەگەڵ سیکۆلاریزم وەک بیرۆکە هەیە. بەڵام سیکۆلاریزم چ جۆر فەلسەفەیەکە؟

فەلسەفەی سیکۆلاریزم بەشێوەی جۆراوجۆر راڤە دەکرێ، دیارە هەموویان وێکچوونی گرینگیان هەیە. جۆرج یاکوب هالی ئوک داهێنەری وشەی "سیکۆلاریزم"، ئەوی بەئاشکراترین شێوە لە کتێبی سیکۆلاریزمی بەریتانیایی پێناسە دەکا:

سیکۆلاریزم سیستەمێکە کە پێوەندیی بەئەرکی ژیانی ئەم جیهانەوە هەیە. سیستەمێک کە لەسەر بنەمای تێبینیی مرۆیی دامەزراوە و بە گشتی کەسانێک ئەم بڕوایە هەڵدەبژێرن کە پێیان وایە خواناسی، دیارینەکراو، ناتەواو یان بڕوا پێکراو نییە. بنەما بنەڕەتییەکانی برێتین لە:

باشکردنی ژیانی ئەم جیهانە بە ئامرازگەلی مادی.

ئەوەی کە زانست موعجیزەیەکی زیندوو و ئامادەی ئەم جیهانەیە.

ئەوەی کە چاکەکردن باشە. ئەگەر خێری تر (تایبەت بە جیهانی تر) هەبێ یان نا، چاکەکردن لە جیهانی ئێستا و گەڕان بەدوای چاکەدا، خێرە.

رۆبێرت گرین ئینگرسول، جیابیری ئەمەریکایی، بەم جۆرە سیکۆلاریزم پێناسە دەکا:

سیکۆلاریزم، ئاینی مرۆڤایەتییە. تایبەتە بە کاروباری ئەم جیهانە، بە هەر شتێک کە بەختەوەری و ئاسایش دەستەبەر بکا، ئۆگری هەیە، سەرنجی ئێمە بۆ هەسارەیەکی تایبەتی رادەکێشێ کە ژیان لەودا خوڵقاوە، بەو مانایەیە کە هەموو تاکێک بایەخی خۆی هەیە، بەیاننامەی سەربەخۆییی هزرییە، کورسیی لە مینبەری پێ سەرترە، واتە ئەوانەی زەحمەت دەکێشن دەبێ سوودمەند بن و ئەوانەی کیسە هەڵدەدوورن دەبێ زنجیر بکرێن. نارەزایەتییەکە دژی سەرەڕۆییی کڵێسا، دژی

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەن خەڵک ببنە رەعییەتی تارماییەکان. نارەزایەتییەکە دژی فەوتانی ئەم ژیانە لەبەر ژیانێکی تر کە هیچ شتێکی لێ نازانین. مەبەستی ئەوەیە کە خواکان ئاگایان لە کاری خۆیان بێ، هەتا ئێمە بۆ خۆمان و خەڵکانی تر بژین، بۆ ئێستا نەک رابردوو، بۆ ئەم جیهانە نەک جیهانێکی تر. تێ دەکۆشێ، ئێمە لە توندوتیژی و خراپە، لە دواکەوتوویی، هەژاری و نەخۆشی رزگار بکا.

ڤیرژیلیوس فێرم لە کتێبەکەیدا لەژێر ناوی دایەرەتولموعارفی ئاین، لە پێناسەکردنی سیکۆلاریزمدا دەنووسێ:

... لایەنێکی بەربڵاو لە سیستەمەکانی ئەخلاقیی کۆمەڵایەتی سوودبەخش، کە بەدوای باشکردنی رەوشی مرۆڤەکانن بەبێ گەڕانەوە بۆ ئاین و بەپشتبەستن بە عەقڵی مرۆیی، زانست و رێکخراوی کۆمەڵایەتی.

سیکۆلاریزم بووەتە دوورە دیمەنێکی ئەرێنی و قبووڵکراو کە مەبەستەکەی بەڕێوەبردنی هەموو چالاکییەکان و دامەزراوەکانە بە ئامانجی غەیرە ئاینی و لە پێناوی خێر و بەختەوەریی ژیانی ئەم جیهانەدایە.

بەم دواییانە، بێرنارد لویس چەمکی سیکۆلاریزمی بەم جۆرە پێناسە کردووە:

وشەی"سیکۆلاریزم" یەکەمین جار لە نیوەی سەدەی نۆزدەم لە زمانی ئینگلیزیدا بەکار هاتووە و لە بنەڕەتدا لایەنێکی ئایدیۆلۆجیی پێوە دیار بووە. لە سەرەتای بەکارهێنانیدا، بڕوای بەروانگەیەک بوو کە پێویستی دەکرد ئەخلاق لەسەر بنەمای تێبینیی عەقڵانی کە تایبەتە بەبەختەوەری مرۆڤ لەم جیهانەدا، بێ و تێبینییەکانی پێوەندیدار بە خوا و جیهانی دوایی پێویستە وەلا بنرێ. دواتر، بەمانایەکی بەربڵاوتر بەکاری هێنا کە دامەزراوە گشتییەکان بە تایبەتی پەروەردەی گشتی، دەبێ سیکۆلار بن نەک ئاینی. لە سەدەی بیستەمدا، ئەم وشەیە مانایەکی بەرفراوانتری بەخۆوە بینی، کە سەرچاوەی لە مانای کۆن و نوێی وشەی سیکۆلاریزم گرتووە. بە تایبەتی زۆرجار لەگەڵ جیایی (دامەزراوە ئاینی و دەوڵەتییەکان) بەکار دەبرێ، کە لانی کەم هاوسانە لەگەڵ وشەی فرەنسایی laicisme کە چووەتە ناو زمانەکانی تر، بەڵام هێشتا لە ئینگلیزیدا بەکار ناهێنرێ.

بەپێی ئەم پێناسانە، سیکۆلاریزم فەلسەفەیەکی ئەرێنییە کە بەتەواوی تایبەتە بە بەختەوەریی ژیان لەم جیهانەدا. باشکردنی ژیان مرۆڤ بە پرسێکی مادی دەزانێ نەک رۆحانی و باشترین رێگەی بەدەستهێنانی ئەم پێکەوە ژیانە، لە هەوڵدانی مرۆڤەکان دەزانێ نەک پەرستنی خواکان یان بوونەوەرە بان سروشتییەکان.

دەبێ بزانین کاتێک هالی ئوک وشەی سیکۆلاریزمی داهێنا، دابینکردنی پێداویستییە مادییەکانی مرۆڤ گرینگ بوو. ئەگەرچی پێداویستییە مادییەکان لە بەرامبەر پێداویستیە واتاییەکان هاتە بەرباس و برێتیی بوو لە کاروباری پەروەردە و فێرکردن و پێشکەوتنی تاکەکانی کۆمەڵگە، بەڵام مەبەستی سەرەکیی زاناگەلێک وەک هالی ئوک زۆرتر دابینکردنی پێداویستییەکان وەک شوێنی نیشتەجێبوون، خۆراک و جلوبەرگی گونجاو بوو.

## سیکۆلاریزم وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی

ئەگەرچی لەم سەردەمەدا سیکۆلاریزم مانایەکی سنوورداریی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا، لایەنی فەلسەفیی خۆی پاراستووە، بە تایبەتی کاتێک کە لە چواچێوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بێتە بەرباس. لە سەرتاسەری مێژووی سیکۆلاریزمدا، ئەم چەمکە بەتەواوی دەرخەری ئۆگری بە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە کە ناتۆرالیست (سروشتگەرا) یان ماتریالیست (مادەگەرا)یە. چوارچێوەیەک کە بانتر لە چوارچێوەی ئاینی بێ کە لەژێر کۆنترۆڵی بان سروشت و ئیماندایە.

بە شێوەی نەریتی، لە وڵاتانی مەسیحیدا دەوڵەتیان وەک بەڵایەکی پێویست لێک دەدایەوە کە بۆ پیادەکردنی دیسیپلینی گشتی پێویستیمان پێیەتی. لە بنەڕەتدا دەوڵەت وەک دامەزراوەیەک چاو لێ دەکرا کە لە خزمەت دەسەڵاتدارانی گەندەڵدایە کە پێش بە ئەرکی خەڵک بەرامبەر بە کڵێسا دەگرێ. بە پێچەوانەی دەوڵەت، پێی وایە کڵێسا دامەزراوەیەکی پیرۆزە کە پێویستە دەوڵەت شوێنکەوتووی بێ. ئەگەرچی دەوڵەت دەتوانێ بەرپرسی پاراستنی ئاسایشی گشتی بێ، بەڵام بەرپرسایەتیی گرینگتر لەسەر شانی کڵێساکانە کە بەرپرسی رۆحی خەڵک و جیهانی دواییە.

لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، کە فەیلەسووف و زانایانی ئاینی، ڕوانگەی ئاگوستینی سەبارەت بەسیاسەتیان رەت کردەوە، بەرەبەرە تێڕوانینەکان بەرامبەر بەم ڕوانگەیە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. بۆ وێنە، تۆماس ئاکویناس سەلماندوویەتی کە دەوڵەت جێی متمانەی خوایە چونکە کاری دەوڵەت ئەمەیە کە رەوشی پێویستی کۆمەڵایەتی بەجۆرێک بڕەخسێنێ کە بەختەوەریی جیهانی دواییی مرۆڤ مسۆگەر بێت. کەوابوو لە ڕوانگەی ئاکویناسیش دەوڵەت لە سەرووی کڵێسایە، بەڵام کارکردی دەوڵەت چیی تر بە نەرێنی چاوی لێ ناکەن.

بەڵام ئەم روانینە نوێیەش بە پێکهاتنی رینێسانس لە ئیتاڵیا گۆڕانی بەسەردا هات. رینێسانس شۆڕشی هزری و بەکردەوەی پێک هێنا کە سەرتاسەری ئەوروپای گرتەوە. لە هەمان سەرەتای چاخی رێنێسانسدا، نووسەرانێک وەک دانتە پێیان وابوو کە دەسەڵاتدارانی ئەم جیهانە ئەرک و مافی خۆیانە کە بە دوور لە هەر جۆرە پێویستی بە کڵێسا، حکوومەت بکەن. ئەم روانگەیە هەتا کۆتاییی سەدەکانی نێوەڕاست گشتگیر نەبوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمەن، روانگەی فەیلەسووفە سیاسییەکانی وەک ماکیاڤلی لە ئەوروپا وەرگیرا.

بەڵام دابڕانی یەکجاری لە رابردوو، بە نووسینی فەیلەسووفە سیاسییەکان نەهاتە بەرهەم، بگرە ئاکامی هەڵسوکەوتی مەسیحییە دەمارگرژەکان بوو. بەشێوەی نەریتی پێیان وابوو کە روانگە ئاشکراکانی مەسیحی دەبێ بچێتە ناخی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، بەڵام هەموو ئەم بیر و بۆچوونانە لە کاتی شەڕە مەزهەبییەکاندا لەنێو چوون. ئەو شەڕانەی کە بە دوای چاکسازیی پرۆتێستانیدا رووی داوە. بەهۆی جیاوازی لەسەر ئاینی مەسیحی، مەسیحییەکان دەستیان کرد بە کوشتاری

مەسیحییەکان و دەوڵەتە مەسیحییەکان چوونە شەڕی دەوڵەتە مەسیحییەکانی ترەوە. بەڵام بەرەبەرە خەڵک تێگەیشتن کە پێویستە لە نێوان مەسیحییەت لەلایەک و دەوڵەت و فەرهەنگ لە لایەکی ترەوە جۆرێک جیاوازی پێک بهێنرێ.

بەم جۆرە کۆمەڵگە دەیتوانی دامەزراوەی بنەڕەتی بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی پێک بێنێ کە هەموو لایەک بەبێ لە بەرچاوگرتنی بڕوا ئاینیەکانیان، لەسەری هاوڕا بن. هێندێک پشتیان بە زانیاریی مافی سروشتی بەست و هێندێکی تر بە پێشکێشکردنی لێکدانەوەی تر لە مەسیحییەت وەک دئێسم سەرقاڵ بوون. ئۆمانیزمی ڕێنێسانسیش بە ڕەخساندنی دەستڕاگەیشتن بە دەق و بیرۆکەکانی یۆنانییەکان و ڕۆمییەکانی کۆن ڕۆڵی گرینگی لەم ڕەوتەدا گێڕا.

دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە فەیلەسووف و سیاسەتوانان یارمەتییان بە پێکهێنانی ئەم جۆرە لە جیایی دەوڵەت و کڵێسا کردووە کە جێگەی سەرنجی خەڵکی ئەمڕۆیە. سیستەمێکی ئەوتۆ بۆ خەڵکانی سەدەی شازدەم بە تەواوی بێگانە بوو و بە دووریش دەزانرا ئەگەر پێیان بناسرایە، قبووڵی بکەن چونکە ئەوان هەروا پێیان وابوو کە پێویستە مەسیحییەت ئەخلاقی خەڵک و لاینگرییان لە ڕێبەرانی سیاسی بپارێزێ. ئەوان بە دوای دابڕان لە مەسیحییەت نەبوون، بگرە تێگەیشتبوون کە مەسیحییەت بنەمایەکی پێویستی بۆ دامرکاندنی پێکدادانە ئاینی و سیاسییەکانی نییە. شەڕێک کە بووە تاعوونی ئەوروپا. کەوا بوو ئەوان بە دوای پێکهێنانی چوارچێوەیەکی نوێ بۆ ئەندێشە و کردەوەکانیان بوون کە بتوانن پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ بنەمای ئاینی و نەنانەت سەرچاوە ئاینییەکان چارەسەر بکەن.

هەنگاوێکی گرینگ لەم ڕەوتەدا گەڵاڵەی فەلسەفەی سروشتی لەلایەن بیرمەندانێک وەک هوبز و گرۆتیوس بوو. هۆگۆ دو گروت، کە گرۆتیوس ناوی هۆڵەندایی ئەوە، بە دژایەتیکردن لەگەڵ فەرهەنگی بە تەواوی ئاینی هۆڵەندایی ئەو سەردەمە لە گیانیشی مایەی دانا هەتا بڵێ مرۆڤەکان لە ڕاستیدا ئازادن هەتا ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بەپێی پێداویستییەکانیان بگۆڕن. واتە خەڵک مافی خۆیانە کە یاسای خۆیان داڕێژن، دامەزراوەی سیاسیی خۆیان پێک بێنن و بڕیار بدەن کە چۆن کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ڕێک بخەن. ئەمەش بەو مانایەیە کە بە ڕاستی مرۆڤەکان دەتوانن ڕۆڵیان لە بەختەوەریی خۆیان هەبێ و ئەمە ڕژدترین ڕووبەڕووبوونەوەیەک بوو کە مرۆڤ لە بەرامبەر ئاییندا ئەنجامی دا.

ئەم فەلسەفە یاسابییە پشتی بە ئازادیی مرۆڤ بەستبوو و چەمکگەلی جیهانیی بەکار دەهێنا هەتا چەندان بیرۆکەی تایبەتی سەبارەت بەسروشتی مرۆڤ و دەوڵەت گەڵاڵە بکا. بەپێچەوانەی بیرۆکەی کڵێسای کاتۆلیک کە لەسەر بنەمای بایەخە بان سروشتییەکان و چاودێریی ناوەندیی ئیمپراتۆری سیاسی بوو، بیرۆکە نوێیەکان پڕوپاگەندەی سەربەخۆیی و دەوڵەتە نیشتمانییەکان بوو کە بانگەشەی مافی ئۆتۆنۆمی و شوێننەکەوتنی هەر جۆرە سەرچاوەیەکی ئاینی بوون. هەر دەوڵەتێک ئازاد بوو کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کە پێی گرینگە، یاسای خۆی دابڕێژی. هەر

دەوڵەتێک، مافی ئۆتۆنۆمی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دوور لە کۆنترۆڵ و دەستێوەردانی کلێسا هەیە.

چاوەڕوانی نەدەکرا کە دەوڵەتەکان لەسەر هەموو شتێک هاوڕا بووبن، ئەگەرچی مەسیحی بوون، بەڵام چاوەڕوان دەکرا کە هەموو دەوڵەتەکان بەدوای ئامانجی نەتەوەیی خۆیاندا بن، ئامانجێک کە ڕێبەرانیان بە گونجاوی دەزانن. بەتێپەڕبوونی زەمان ئەم ڕوانگەیە بەجۆرێک ڕووی لە ڕێژەگەرایی کرد کە بە پێی ئەو ڕوانگەیە، بڕیاردانە سیاسییەکان دەبێ لەسەر بنەمای ناوچەیی و لە بەرچاوگرتنی جیاوازییە فەرهەنگییەکان بەڕێوە بچێ، نەک بەپێی بنەما جیهانییەکان.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم ڕێژەگەراییی سیاسییە بەتەواوی زاڵ نەبوو، بگرە لە جیاتیی جیهانگەراییی مەسیحی، سیکۆلاریزم بە ڕوانگەی جیهانگەرایی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هاتە بەرباس. بەپێی ئەم ڕوانگانە، جیاوازییە فەرهەنگییەکان لە بەرامبەر وێکچوونەکان و یەکبوونی جۆری مرۆڤ، بێ کەڵک چاو لێ دەکران. تەواوی مرۆڤەکانی بەپێچەوانەی جیاوازییە خۆجێیییەکان، بە خاوەنی پێداویستی و حەزی بنەڕەتی، یەکسان دەزانی. لە ئاکامدا قبووڵیان کرد کە کۆمەڵێک بنەمای گشتی و جیهانیی ئابووری، سیاسی و یان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەن کە دەبێ ببێتە پێوەری نێوبژیوانی سەبارەت بەسیستەمە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان.

جیهانگەراییی مەسیحی، کە بەسەرهەڵدانی چاکسازیی پرۆتێستانی لە جیهانی مەسیحیدا زەبرێکی کاریگەری خواردبوو، سەرەنجام بەو ئاستەنگانەی کە ڕێژەگەرایی و جیهانگەرایی لە پێشیان دانابوو، لە پێ کەوت. ڕەوتگەلێک کە هەردوو، سروشتی سیکۆلاریان هەبوو پێیان وابوو دەوڵەت نە دەبێ گوێڕایەڵی کلێسایە بێ و نە ئەرکی پارێزگاری لە بایەخە بان سروشتییەکان بگرێتە ئەستۆ.

هەردوو بە دوای بە فەرمی ناسینی بایەخەکان و کردەوەکاندا بوون کە لەودا بتوانن پێویستییەکانی مرۆڤ لەلایەن دامەزراوە مرۆیی و ئازادەکان، لە چنگی دەستێوەردانی کلێسا دەربێنن.

## سیکۆلاریزم و سیکۆلاریزاسیۆن "وەلانانی ئاین لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی"

ئەگەرچی ماناکانی سیکۆلاریزم و سیکۆلاریزاسیۆن پێوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە، بەڵام یەکێک نین. جیاوازیی ئەوان لە وەڵامێکدایە کە بە پرسیاری ڕۆڵی ئاین لە کۆمەڵگە دەدەنەوە. سیکۆلاریزم بانگەشەی چوارچێوەیەک بۆ زانین، بایەخەکان و کردەوەکان دەکا کە سەربەخۆ لە ئاین بێ، بەڵام بەتەواوی ڕۆڵی ئاین لە کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەت ناکاتەوە، بەڵام سیکۆلاریزاسیۆن، ڕەوتی وەلانانی ئاینە لەم بوارانەدا.

لە چوارچێوەی ڕەوتی سیکۆلاریزاسیۆندا، دامەزراوەکان _ ڕێکخراوە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان – لە ژێر نفووزی ئاین دێنە دەرەوە. پێش لە سیکۆلاریزاسیۆن، ڕەنگە ئەم نفووزە ڕاستەوخۆ بێ، واتە بەڕێوەبەری دامەزراوەکانی کۆمەڵگە لە دەستی سەرچاوە ئاینەکان بێ. بۆ وێنە، کاتێک کە قەشەکان بەرپرسی بەڕێوەبەریی قوتابخانەکان بوون. یان ئەوەی کە نفووزی ئاین ناڕاستەوخۆ بوو، واتە بنەما ئاینەکان ئەساسی بەڕێوەبەری کاروبارەکان بێ، بۆ وێنە کاتێک کە مافی هاووڵاتیی تاکەکان بە پێی پێوانە ئاینەکان دیاری بکرێ.

نفووزی ئاین هەر جۆرێک بێ، چ ئەم دامەزراوانە بەتەواوی لە دەستی سەرچاوە ئاینەکان بێتە دەرەوە و بسپێردرێ بە ڕێبەرانی سیاسی و چ ڕەقیبی بۆ پێک بێ، سەربەخۆیی ئەم دامەزراوانە نیشانەی ڕەوتی سیکۆلاریزاسیۆنە. ئەم ڕەوتە دەرەتان بە تاکەکان دەدات کە لە سەرچاوە ئاینەکان سەربەخۆیی بەدەست بێنن و چیی تر پێویستیان بەوە نەبێ کە لە دەرەوەی چوارچێوەی کڵێسا یان پەرستگە شوێنکەوتووی سەرچاوەی ئاینی بن. یەکێک لە ئاسەوارە بەکردەوەکانی سیکۆلاریزاسیۆن جیاییی کڵێسا و دەوڵەتە. لە ڕاستیدا، ئەم ئاسەوارە بە جۆرێک وەبیرهێنەرەوەی سیکۆلاریزاسیۆنە کە زۆرجار ئەم دووە وەک دیاردەیەک سەیر دەکرێن و زۆرتر لە جیاتیی سیکۆلاریزاسیۆن باسی"جیاییی کڵێسا و دەوڵەت" دەکەن. بەڵام دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین کە سیکۆلاریزاسیۆن ڕەوتێکە کە لە ناخی کۆمەڵگەوە بەڕێوە دەچێ، لە حاڵێکدا جیاییی دامەزراوەی ئاین و دەوڵەت تەنیا پێناسەیەکی بە هەڵکەوتە کە لە بوارەکانی سیاسیدا ڕوو دەدا.

جیابوونەوەی دامەزراوەی ئاین و دەوڵەت لە ڕەوەندی سیکۆلاریزاسیۆن بەم مانایەیە کە دامەزراوەی تایبەتیی سیاسی کە بە پلەی جۆراوجۆر لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوە دەچێ _ لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئاین نامێنێ. ئەمە بەو مانایە نییە کە دامەزراوە ئاینییەکان چیی تر ناتوانن سەبارەت بە پرسە گشتی و سیاسییەکان ڕای خۆیان دەرببڕن، بگرە بەم مانایەیە کە ڕوانگەکانی ئەم دامەزراوانە نابێ بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێ یان ببێتە بنەمای سیاسەتی گشتی. لە کردەوەدا، دەوڵەت دەبێ تا ئەو جێگایە دەرەتانی هەیە بەرامبەر بەروانگە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی ئاینی، بێلایەن بێ، نە ببێتە کۆسپ لەسەر ڕێیان و نە ببێتە بەڕێوەبەریان.

ئەگەرچی ڕەوەندی سیکۆلاریزاسیۆن دەتوانێ بە هێمنی و ئاشتیخوازانە بەرەو پێشەوە بڕوا، بەڵام زۆر جار بەم جۆرە ڕووی نەداوە. مێژوو نیشانی داوە کە سەرچاوەی ئاینی کە خاوەنی هێزی مادی بووە، ئەم هێزەی بەبێ بەرگری تەسلیمی دەوڵەتی مەدەنی نەکردووە. بەتایبەتی کاتێک کە ئەم سەرچاوە ئایینیانە پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ هێزە پارێزگارە سیاسییەکان هەبێ، ئەم بەرگرییە توندتر دەبێ. لە فەرەنسا کڵێسا و دەوڵەت پاش شۆڕشێکی خوێناوی لێک جیا بوونەوە، لە ئەمەریکای لاتین ئەم جیایییە ئاشتیخوازانەتر بوو، بەڵام پاش تەنیا شۆڕشێک و پێکهاتنی دەوڵەتێکی نوێ هاتە دی.

دیارە، مەبەستی سیکۆلاریزم بەردەوام، بێلایەنانە نەبووە، هیچ کات پێویست نەبووە

سـێکۆلاریزم دژی ئاین بێ، بەڵام سـێکۆلاریزم زۆر جار پشتیوان و هاندەری ڕەوەندی سێکۆلاریزاسیۆن بووە. کەسێک دەبێتە سێکۆلاریست کە لانی کەم بوونی چوارچێوەیەک زیاد لە چوارچێوەی ئاین بەپێویست بزانێ. بەڵام چاوەڕوان دەکرێ کەسانی ئەوتۆ، لانی کەم لە پرسە دیاریکراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بڕوای بەزاڵبوونی چوارچێوەی سێکۆلاریزم هەبێ.

کەوا بوو، جیاوازی نێوان سێکۆلاریزم و سێکۆلاریزاسیۆن ئەمەیە کە سێکۆلاریزم زۆرتر بابەتێکی فەلسەفییە سەبارەت بە پێویستیی داڕشتنی کاروبارەکان، بەڵام سێکۆلاریزاسیۆن هەوڵدانێکە بۆ بەکاربردنی ئەم فەلسەفەیە، هەوڵدانێک کە لە کاتی پێویستدا پەنا بۆ هێزیش دەبا. لە کۆمەڵگەیەکی سێکۆلاریزەدا دەنگی دامەزراوە ئاینیەکان کپ ناکرێ. هەروەها ئەم دامەزراوانە دەتوانن راشکاوانە سەبارەت بە کاروباری گشتی ڕای خۆیان دەرببڕن، بەڵام دەسەڵاتیان بە تەواوی لە چوارچێوەی تایبەتیدا سنووردار دەکرێ. کەسانێک کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بەها ئاینیەکان هاوتەریب دەبین، ئەم هاوتەریبییە ئازادانە هەڵی دەبژێرن، بەبێ ئەوەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە هان یان سزا بدرێن.

## ئاین لە کۆمەڵگەیەکی سێکۆلاردا "ئاین دەتوانێ چ ڕۆڵێک بگێڕێ"

ئێستا کە سێکۆلاریزم دژی بەشداریی سەرچاوە ئاینیەکان لە شوێنە گشتییەکانە، چ ڕۆڵێک بۆ ئاین لە کۆمەڵگای سێکۆلاردا دەمێنێتەوە؟ ئاخۆ بڕیار وایە ئاین بەرەبەرە لاواز و لە گۆڕەپان بچێتە دەرەوە؟ ئاخۆ لە نەریتی فەرهەنگیدا پلەی ئاین هەتا ئاستی کۆمەڵێک نەریتی نامۆ و بێ کەڵک دادەبەزێندرێ؟ ئەمانە دڵەڕاوکێی نەیارانی سێکۆلاریزم و سێکۆلاریزاسیۆنن. ئەمانە پێیان وایە کە ئاین گرینگتر لەوەیە کە بەم جۆرە لە بازنە بچێتە دەرەوە. لێرەدا سەرنجدان بەخاڵێکی بنەڕەتی پێویستە. زۆر جار دەبیستین یان دەخوێنینەوە کە سێکۆلارەکان دەیانەوێ ئاین بکەنە ژیانێکی تایبەتی و لە چوارچێوەی ژیانی گشتی بیبەنە دەرەوە. بۆچوونێک وێنا دەکەن کە گوایە سێکۆلارەکان نایانەوێ هیچ کەس لە شوێنە گشتییەکاندا باسی ئاین بکا. ئەگەرچی ڕەنگە هێندێک لە سێکۆلارەکان بۆچوونێکی وایان هەبێ، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە ئاکامی ئەم خاڵەیە کە جیاوازیی نێوان تایبەتی/گشتی، زیاتر لە یەک مانای هەیە.

لە ڕوانگەی سێکۆلارەکانەوە، "تایبەتی"بوونی ئاین بەهەمان مانای تایبەتیبوونی ڕەوشی حیسابی بانکی خەڵک نییە. سەبارەت بە"گشتی"یش، سێکۆلارەکان بە مانای "لەلایەن خەڵک و کۆمەڵگەوە پارێزگاریکردن یان کەڵک وەرگرتن" بە کار دەبرێ. بەم جۆرە، ئۆگری بۆ وەلانانی ئاین لە "ژیانی گشتی"، پێویستی بە نەهێشتنی ئاین لە بیروڕای گشتیدا نییە، بگرە پێویستی بە نەهێشتنی پشتیوانیی گشتیی (دەوڵەتی) لە ئاینە. هەوڵدان بۆ بەتایبەتیکردن ئاین، بەمانای شاردنەوەی ئاین نییە بگرە بەتایبەتیکردنی ئەوە.

کەوا بوو دەبینین ڕەوەندی سێکۆلاریزاسیۆن یان فەلسەفەی سێکۆلاریزم بەهیچ شێوەیەک

پێویستی بە مردنی ئاین نییە. سیکۆلارەکان سەبارەت بە ئاین و رۆڵێک کە پێیان وایە دەبێ ئاین لە کۆمەڵگەدا بیگێڕێ، هەڵسەنگاندنەکان جیاوازن. زۆربەیان پێداگرانە پێیان وایە کە خراپەی ئاین زیاتر لە چاکەیەتی. ئەم گرووپە هیوادارە بەلەنێوچوونی بەربەرەی ئاین، بەڵام کەسانی زۆری تریش لە پاراستنی رۆڵی ئاین لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ئایندااران خۆشحاڵن. تەنانەت هێندێک لە سیکۆلارەکان پشتیوانی لە دامەزراوە خێرخوازییە ئاینییەکان و هەوڵە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دامەزراوانە بۆ کەمکردنەوەی هەژاری دەکەن.

ئەگەر ئاین لە کۆمەڵگەیەکی سیکۆلار لاواز بێ _ چارەنووسێک کە بە تەواوی شیمانی روودانی هەیە _ نابێ تاوانەکەی راستەخۆ ئاراستەی سیکۆلاریزم و سیکۆلاریزاسیۆن بکرێ. ئەمانە تەنیا دەتوانن هۆکارێکی رەوشێک بن کە بووەتە گوێنەدانی خەڵک بە ئاین. لە کۆمەڵگەیەکی ناسیکۆلاردا، خەڵکی شانسی کەمتریان بۆ چاوپۆشی یان وەلانانی ئاین هەیە. ئەم خەڵکانە بۆ هەر کوێ کە دەڕۆن، یان لەژێر کۆنترۆڵی سەرچاوە ئاینییەکانن یان شوێنکەوتووی بنەما ئاینییەکان کە بوونەتە بنەمایەک بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی خەڵک.

بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی سیکۆلاردا، رزگاری لە دەسەڵاتی ئاین و رێبەرانی ئاینی ئیمکانی هەیە. هیچ کەس ناچار نییە کە شوێنکەوتووی ئاین یان بەها ئاینییەکان بێ، مەگەر ئەوەی کە بۆ خۆی شتێکی ئەوتۆ هەڵبژێرێ. ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک رێبازی ئاینێک هەڵنەبژێرن، رێکخراوی ئاینی بەهۆی کەمبوونەوەی داهات و ژمارەی ئەندامانی لاواز دەبێ.

دیارە رێبەرانی ئاینی بەتەواوی مافی ئەوەیان هەیە کە لە پێکهاتنی ئەم رەوشە دڵگران بن، بەڵام دژایەتییان لەگەڵ سیکۆلار و سیکۆلاریزاسیۆنەکان هەڵگری دوو هەڵەیە. هەڵەی یەکەم، ئەوان بەرپرسایەتیی کێشەیەکی ئەوتۆ دەخەنە ئەستۆی سیکۆلارەکان. ئەوان بە جێگەی ئەوەی هەڕەشە لە سیکۆلارەکان بکەن کە بۆچی ئیزنی خەڵکیان داوە واز لە ئاین بێنن، پێویستە ئەم لایەنە تاوتوێ بکەن کە بۆچی خەڵک دەتوانن واز لە ئاین بێنن.

هەڵەی دووەم ئەوەی کە، هەر هەوڵێک بۆ پەلاماردانی سیکۆلاریزم لە بنەڕەتدا نیشاندەری قبووڵی ئەم بابەتەیە کە کاربەدەستانی ئاین تەنیا بەپشتبەستن بە هەڵبژاردنی تاکەکەسی، تایبەتی و ئازادیی خەڵک، توانای راکێشانی سەرنج و پشتیوانی ئەوانیان نییە. ئەم بابەتە دەتوانێ بەتەواوی دروست بێ، بەڵام قبووڵکردنی بۆ ئایینداران وێرانکەرە، هەرچەند وا دێتە بەرچاو کە هێشتاش رێبەرانی ئاینیی دوژمنی سیکۆلاریزم، ئاگەداری ئەم خاڵە نەبوون. ئەوان لەبەر چەند هۆیەک، ناتوانن تێ بگەن کە ئاینێک کە بە پشتیوانی یان زۆرەملێ بەسەر خەڵکدا بسەپێندرێ بایەخی نییە. ئەگەر بە ڕاستی ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە بن کە ناچارکردن و بە زۆرەملێ تەنیا رێگەی زیندوو مانەوەی ئاینە، ئەو کات قبووڵیان کردووە کە ئاین بایەخی نییە _ و ئەم بابەتە بیر و بۆچوونی سیکۆلارەکان پشتڕاست دەکاتەوە کە بۆ گەیشتن بە خێری گشتی، ئاین بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکا.

پێویست بە گوتن ناکا کە هەموو کەس سیکۆلاریزمیان پێ گونجاو نییە، تەنانەت ئەمڕۆکەش کەسانێک هەن کە نە تەنیا سیکۆلاریزم و ڕەوتی سیکۆلاریزاسیۆن بەدیاردەیەکی بەکەڵک بۆ کۆمەڵگە نازانن، بگرە ئاماژە بەوە دەکەن کە سیکۆلاریزم سەرچاوەی هەموو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، بەجێهێشتنی سیکۆلاریزم و قبووڵی بنەمایەکی ئاینی بۆ سیاسەت و فەرهەنگ، دەبێتە هۆی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیرتر، ئەخلاقیتر و لە کۆتاییدا دیسپلینی کۆمەڵایەتیی باشتر. بەڵام ئاخۆ ڕەخنەگرانی سیکۆلاریزم ڕاست دەڵێن؟

یەکێک لە باوترین ڕەخنەکان لە سیکۆلاریزم وەک فەلسەفەیەک، ڕەخنە لە پێداگریی ئەو لەسەر ژیانی ئەم جیهانە بە جێگەی ژیانی دوایی یان ڕەوشی ڕۆحی مرۆڤە. بەپێی بنەماکانی سیکۆلاریزم، کردار و بۆچوونەکانی ئێمە دەبێ زیاتر و گرینگتر لە هەر شتێک، بەپێی ئاسەوارە بەرچاوەکانی ئەم کردارانە بۆ ژیانی خۆمان و مرۆڤەکانی تر بێ.

سیکۆلارەکان حاشا لە بوونی ژیانێکی تر جگە لە ژیانی مادی ناکەن، بەڵام پێیان وایە ژیانی دوایی شایانی هیچ پلەیەکی بەرز و تێبینیی تایبەتی نییە. لە ڕاستیدا ئەم حاڵەتە کە ئەگەر ژیانێکی ئەوتۆش چاوەڕوانی ئێمە بکا، ئێمە هیچ ئاگادارییەکمان لێی نییە، بەهۆکارێکی گرینگی دەزانن کە نابێ زۆر سەرقاڵی ئەوە بین. چونکە ناتوانین بزانین کە تەنانەت خوا، ڕۆح، بەهەشت یان جیهانی دوایی هەیە یان نا، کەوا بوو ئەمانە ناتوانن ئەنگیزەیەک بۆ هەریەک لە کردار یان بڕواکانمان بێ.

دیارە ئەم ڕوانگە بەتەواوی پێچەوانەی ڕوانگە سەرەکییەکانی زۆربەی ئاینەکانی جیهانە. ئایینەکانیش حەزیان لە باشکردنی ژیانی مرۆڤەکانە، بەڵام ئەم حەزە لەگەڵ حەزی سیکۆلار یان ماتریالیستێک زۆر جیاوازە. دڵەڕاوکێی سەرەکیی ئاینەکان، سەرەنجامی ڕۆحی تاکەکەس، یان نێوەڕۆکی نامادیی ترە کە بانتر لە بوونی مادیی ئێمە سەیر دەکات. کەوا بوو پێی وایە ئەم ئەنگیزە جیهانی و مادییە ناتەواو و تەنانەت نەگونجاوە چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئامانجێکی دروست بۆ ژیان نین.

ڕەخنەگرانی سیکۆلاریزم لەم حاڵەتەدا ڕاست بڵێن یان بەپێچەوانەوە، ئەمە ڕەخنەیەکی دادپەروەرانەیە لە سیکۆلاریزم وەک فەلسەفەیەکی تاکەکەسی. بەڵام کاتێک کە سیکۆلاریزم وەک فەلسەفەیەکی سیاسی یان سیکۆلاریزاسیۆن وەک ڕەوەندێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەرچاو بگرین، ئەم ڕەخنەیە چیی تر دادپەروەرانە نییە. چونکە بە لە بەرچاو گرتنی ئەو شیمانەیەی کە ڕوانگەی ئاینێک دروست بێ، ناتوانێ چاودێریی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بنەماکانی ئەو ئاینە بەسەر هەموو هاووڵاتییان پاساو بدا. ڕەنگە خەڵک بڕیار بدەن کە لە ژیانی خۆیاندا سیکۆلار نەبن، تەنانەت ڕەنگە ئەم هەڵبژاردنە دروست بێ، بەڵام دەبێ بۆ خۆیان ئەم لایەنە هەڵبژێرن نەک

ئەوەی کە کەسانێکی تر بڕیاریان بۆ بدەن. سیکۆلاریزم وەک فەلسەفەی تاکەکەسی دەستێوەردانی هەر جۆرە بوونەوەر یان بەها بان سرووشتییەکان لە ژیانی تاکەکەسیدا رەت دەکاتەوە، بەڵام سیکۆلاریزم وەک فەلسەفەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتی دەستێوەردانی هەر جۆرە بوونەوەر یان بەها بان سروشتییەکان لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا رەت دەکاتەوە.

رەخنەیەکی تر لە سیکۆلاریزم، کە پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ رەخنەی پێشوو هەیە، ئەمەیە کە سیکۆلاریزم ناتوانێ بنەمایەکی پتەو بۆ ئەخلاقییات دابمەزرێنێ. بەگوتەی ئەو رەخنەگرانە کە ئەم رەخنەیان هێناوەتە گۆڕێ، ئەخلاقییات پێویستی بەبوونی بنەما یان بەها بان سروشتی، هەتاهەتایی و رەهاکانە و فەلسەفە ماتریالیستییەکان ناتوانن بنەمایەکی ئەوتۆ بڕەخسێنن. کاتێک کە سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پشت لە بنەماگەلی ئەوتۆ بکەن، لە چوارچێوەی ئەخلاقیشدا قسەیەکیان بۆ گوتن نییە و سیستەمێکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتی کە دوورە لە ئەخلاق تووشی بشێوی، گەندەڵی و فەوتان دەبێ.

کێشەی سەرەکیی ئەم رەخنەیە ئەوەیە کە زۆر گریمانە دێنێتەوە کە ناتوانێ راستییەکانی بسەلمێنێ. ئەگەر خوا بوونی هەبێ، ئەگەر بەها بان سرووشتییەکان بوونی هەبێ، ئەگەر ئەم بایەخانە بۆ ئەخلاق پێویست بێ و ئەگەر فەلسەفەی ماتریالیستی نەتوانێ بوارێک بۆ ئەخلاقییات بڕەخسێنێ و چەندان گریمانەی تر کە راستییەکانیان بۆ خۆی جێگەی پرسیارە، ئەوکات ئەم رەخنانە دەتوانێ راست بێ. بە داخەوە، هەریەک لەم پێش گریمانانە رەنگە بە ئاسانی هەڵەبوونیان بسەلمێندرێ و هۆکاری بەهێزمان هەیە کە بڵێین زۆربەی ئەم گریمانانە هەڵەیە. تەنیا شتێک کە بۆ رەتی ئەم رەخنەیە پێویستە، ئەمەیە کە یەکێک لەم گریمانەیە هەڵە بێ و لەبەرئەوەی کە زۆربەی ئەوانە گومانیان لەسەرە، خودی رەخنەکەش لە باشترین حاڵەتدا جێگەی گومانە.

کێشەیەکی تری ئەم رەخنەیە ئەمەیە کە تەنانەت ئەگەر قبووڵی بکەین کە تەواوی گریمانەکان بە مانا گشتییەکەی راستە، چۆن دەتوانین قبووڵ بکەین کە مانا تایبەتییەکەشی راست بێ؟ بەواتایەکی سادەتر، ئێمە ناتوانین بوونی خوایەکی گشتی، بەها بان سرووشتییە گشتییەکان قبووڵ بکەین، بگرە دەبێ بوونی خوایەکی تایبەتی، بەها تایبەتییەکان و سیستەمی ئەخلاقیی تایبەتی قبووڵ بکەین. بەڵام دەبێ چ سیستەمێک قبووڵ بکرێ و وەک بنەمای سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەکار بهێنرێ، لەگەڵ ئەوەدا کە کەسانی تر خوایەکی تر و بنەمای ئاینی تریان هەیە؟ ئەگەر نەتوانرێ وەڵامێکی دروست بەم پرسیارە بدرێتەوە، ئەوکات بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و فرەیی، سیکۆلاریزمی بێلایەن بە پێویست دەزانرێ کە هیچ سیستەمێکی ئاینی تایبەتی قبووڵ نەکا، لە سەرووی هەموو شتێک دانەنرێ و هەوڵ نەدا بەسەر هەموو لایەکدا بیسەپێنێ.

سەرەنجام، رەخنەیەکی بێ نێوەڕۆک کە دێتە بەرباس ئەمەیە کە رەوتی سیکۆلاریزاسیۆن دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک لە بنەما ئاینی و فەرهەنگییەکەی خۆی بێگانە بێ. بەگشتی ئەم رەخنەیە لەلایەن مەسیحییە پارێزگارەکان دێتە بەرباس، بەڵام موسڵمانەکان و جوولەکەپارێزگارەکانیش

رەخنەیان لە سیکۆلاریزم هەیە. لە روانگەی ئەمانەوە، لە کۆمەڵگەیەکی سیکۆلاردا، لاوازیی کۆنترۆڵی نەریتی ئاینی دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک دەرفەتی کەمتریان دەست بکەوێ هەتا بیر و بۆچوونە ئاینەکان فێر بن کە بنەمای فەرهەنگییان پێک دێنێ.

ئەم بەڵگەیە سەرنجڕاکێشە، بەڵام بێ ئاکامە. راستە کە ئەمەریکاییەکانی ئەمڕۆ زۆر کەمتر لە ئەمەریکاییەکانی سەدەی نۆزدەم لەربارەی مەسیحییەت دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئەم راستییە لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە جێگەی داخە، بەڵام ناتوانین وەک بەڵگەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی سەیری بکەین. خەڵک لە مێژووی یۆنانی کۆن یان ئاین، سیاسەت و فەرهەنگی رۆمیش کەمتر ئاگەدارن _ فەرهەنگگەلێک کە بێگومان رۆڵی گرینگیان لە پێکهاتنی تەواوی فەرهەنگی رۆئاوادا هەبووە. ئەم نەزانینە جێگەی داخە، بەڵام نابێتە هۆکارێک کە بەها ئاینیەکانی یۆنانی یان رۆمی بهێنرێتە سیستەمی سیاسی یان دامەزراوە فەرهەنگییەکانمان. ئاگەدارنەبوونی خەڵک لە مێژووی مەسیحییەت و نەریتەکانی لەبەر ئەم هۆیە جێگەی داخە نەک زۆرتر.

دیارە، رێبەرانی پارێزگاری ئاینی لەگەڵ ئەم وەڵامەدا نین. مەبەستی ئەوان بردنە سەری ئاستی سیستەمی ئاینییانە، بە راکێشانی لاینگرانی نوێ و بەهاندانی لاینگرانی ئێستا بۆ نیشاندانی وەفاداریی زۆرتر. کاتێک کە کونترۆڵ بەسەر دەوڵەت و هەروەها چاودێری بەسەر فەرهەنگی گشتی لە دەست بدەن، گەیشتن بەم مەبەستانە تا دێ دژوارتر دەبێ. ئەگەر بڕیار بێ وەک رەقیبێک لە بەرامبەر ئاین و فەلسەفەکانی تر بکەوێتە ململانێوە، شیمانەی زاڵبوونی کەمتر دەبێ. سرووشتییە، ئەوان رەوشێکی ئەوتۆیان پێ باش نییە. بەڵام لە کۆمەڵگەی سیکۆلار، لەم پێوەندییەدا رێبەرانی ئاینی کارێکی ئەوتۆیان پێ ناکرێ. ئەگەر بیروباوەڕەکانیان خوازیار پەیدا بکا، تەنیا بەهۆی سەرنجڕاکێشی خودی بیروباوەڕەکەیە. کاتێک داوای هاوکاری لە دەوڵەت یان فەرهەنگ دەکەن، لە بنەڕەتدا قبووڵیان کردووە کە بیروباوەڕەکەیان بە تەنیایی ناتوانێ سەرنجی هەموو لایەک ڕاکێشێ.

بەدڵنیاییەوە هیچ هەڵەیەک لەم بانگەشەیەدا نابینرێ کە خەڵک نابێ سیکۆلاریزم وەک بنەمای فەلسەفەی تاکەکەسییان و بنەمایەک بۆ بەرەو پێشبردنی ژیانیان قبووڵ بکەن. لە بازاری بیروباوەڕەکاندا، بەشداریی روانگە جۆراوجۆر و نەیارەکان دەستکەوتێکە، بەڵام تەنیا ئەو فەلسەفانە دەتوانن بە راستی و دادپەروەرانە خوازیاری لابردنی سیکۆلاریزم وەک گۆڕەپانێکی گشتی بۆ ململانێی ئاینەکان لەسەر بیروباوەڕی هاووڵاتییان بن، کە بەدوای زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگە و داخستنی ئەم بازاڕەدا نەبن.

سەرچاوە: وێب سایتی اخبار روز

# گلۆبالیزم*

نووسینی: محەمەد گ.

هەرچەندە زاراوەی گلۆبال (گلۆڤەر) وەک وشە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر، وەلێ گلۆبالیزم تا بڵێی نوێیە. زاراوەی گلۆبالیزم لە ساڵانی ١٩٦٠کاندا سەری هەڵدا و لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا بەچڕی دەست بەبەکارهێنانی کرا. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠کان گلۆبالیزم بوو بەوشەیەکی سەرەکی کە لەلایەن پیاوانی زانستەوە بایەخێکی زۆری پێ دەدرا. لە ساڵانی ١٩٩٠ وشەی گلۆبالیزم خرایە مەیدان و لە ڕۆژی ئەمڕۆشماندا زۆر بەچڕی بەکار دەهێنرێ. لەمەڕ ئەم بابەتە کۆمەڵێک کار و چالاکیی جۆربەجۆری وەک "کۆنفرانس، گفتوگۆ و ناڕەزایی" لە جیهاندا دێتە ئەنجامدان.

لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا گلۆبالیزم هەرچەندە خاوەن دەوڵەمەندییەکی فراوانە لە ڕووی وشەوە، وەلێ زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زۆرێک لە بوارەکاندا کۆمەڵێک مامەڵەی تەواو لێک جیاوازیان لەمەڕ گلۆبالیزم خستووەتە ڕوو. بە واتایەکی تر ناتوانرێ لەمەڕ گلۆبالیزمەوە باس لە سازش بکرێت لە نێوان بیردۆزناسان و پراکتیزەکەرانیدا. بەبەردەوامی لە لاپەڕەی بازرگانی و ئابووریی ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا کۆمەڵە بابەتێک لەبارەی گلۆبالیزمەوە (گلۆڤەرایەتی) وەشان دەکرێت و ڕادەگەیەنرێ، لە هەندێک ناوەندی دیاری دنیاشدا بەبەشدار بوون لە ئاستێکی بەرزدا پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ. لە ڕێگەی ئەو کار و چالاکییانەی لە دەوحەی قەتەر، لەجانجونی مەکسیکدا و دوبەی و داڤۆسی سویسرا بەبەشداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراو و داوودەزگا ئابوورییەکانی وەک بانکی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی ئەنجام دەدرێ، ژمارەیەکی زۆر لە سازی وەک (ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی کە کاریگەری لەسەر حکوومەتە نەتەوەییەکان هەیە، کۆمپانیای فرە نەتەوەکان

* وەرگێڕانی لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل

کە هێزە ئابوورییەکەی لە هێزی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان زیاترە، ڕێکخراو و سازییە خۆبەخشە گەردوونییەکان و ئەو گرووپانەی تر کە سنوورە نەتەوەییەکانیان تێ پەڕاندووە) سەریان هەڵداوە. ئەمە و لە کاری هاوشێوەدا لەلایەن هێزە سوپەرەکانەوە بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەی ئابووریی دەوڵەتی گلۆبالەوە کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێ. لە پاڵ بەدەرخستنی چەمکی گلۆبالیزم و ئاشکراکردنی ئامانجەکانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی واقیع، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت ئاخۆ لە سەردەمی دەوڵەتی خەلیفایەتیدا هەڵوێستێکی هاوشێوەی ئەمە ڕێگەی لە بەردەم چ جۆرە کێشەیەک دەکردەوە.

بەر لەوەی بچینە نێو باسەکەوە؛ بەبایەخەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین لە نێو قەومی موسڵماناندا بەشێک لە موسڵمانان گومانیان لەوەدا نییە کە دەوڵەتی خەلیفایەتی تاکە ڕێگەی ڕاستە بۆ موسڵمانان. وەلێ لە هەمان کاتدا پێیان وایە خۆگونجاندنیان لەگەڵ خەلیفایەتیی جیهانی ئەمڕۆمان کە لە ئەنجامی سیستەمی ئابووریی گلۆبالدا سەری هەڵداوە زۆر زەحمەت دەبێت. هەروەها لەم بارەیەوە وێڕای ئەوەی بەشێک لە موسڵمانان ئیسلام وەک ڕێگەچارە دەبین، وەلێ نائارامن لەوەی ئاخۆ لە قۆناخی گلۆبالیزمدا ئیسلام چۆن لە سەرپێ دەمێنێتەوە. هەر بۆیە سەرەتا پێویستە لە گلۆبالیزم بکۆڵینەوە و دواتر ئەوە ڕوون بکەینەوە ئاخۆ لە دنیایەکدا کە گلۆبالیزمی دەوڵەتی خەلیفایەتی باڵادەست بێت توانای مانەوەی لە ژیاندا هەیە یان نا.

## گلۆبالیزم چییە؟

وەک چۆن ئاماژەمان پێ دا وشەی گلۆبالیزم لەم سەدەیەدا لەلایەن کەسانی ئەکادیمی و زاناکانەوە ستایش دەکرێ و بەچڕی بەکار دەهێنرێ. وێڕای بەکارهێنانێکی چڕی ئەم وشەیە، کەسانێکی زۆر کەم توانیویانە گلۆبالیزم بخەنە نێو چوارچێوەیەکی هاوشێوەوە. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٢دا نێزیکەی ١٠٠٠ ڕۆژنامە، وتار و کتێب کە گفتوگۆیان لەبارەی گلۆبالیزمەوە دەکرد، وەشان دەکرا. ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕای گشتیی جیهانی هەبووە. وێڕای هەموو ئەو کار و چالاکییانەی بەچڕی ئەنجام دراون، ناکرێت لەبارەی پرسی "گلۆبالیزم چییە" باس لە هاوبیری بکرێت. سەرهەڵنەدانی بۆچوونێکی هاوبەش هێما بۆ ئەوە دەکات کە گلۆبالیزم واتەیەکی نەرمی هەیە. لەم بارەیەوە هەبوونی نێزیکبوون و شێوازی ئاماژەی ناکۆک هێما بەو ڕاستییە دەکەن کە هەر کەسە و بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆی گلۆبالیزمی هەڵسەنگاندووە. ئابووریناسە لیبراڵەکان، سۆسیالیستەکان، تەنانەت ژینگەپارێزانیش وشەی گلۆبالیزمیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی سیاسی و پێوەرەکانی خۆیاندا پێناسە کردووە.

دەمانتوانی ئەم لاپەڕانە بەپێناسەکانی یۆزەف شتیگلیتس، ئەنتۆنی گیدنس، پاوڵ کروکمان و گۆردن براون بۆ گلۆبالیزم پڕ بکەینەوە. وەلێ بەبنەماگرتنی ڕێگەیەکی وەها دوور دەکەوینەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕاستییەی کە بەفەرمانێکی لەندەن یان نیویۆرک ڕێکخراوەکانی

وەبەرهێنان و پارە دابینکردن دروستی دەکەن. بەمەش لە ئامانجی سەرەکی وتارەکەمان دوور دەکەوینەوە و وتارەکەمان دەبێت بەنووسراوێکی ئەکادیمی و دووبارەبوونەوەی بابەتێک کە چەندان جار ئاماژەی پێ کراوە. هەر بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین وشەی گلۆبالیزم کە لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا ڕووبەڕووی دەبینەوە بەشێوەیەک بخەینە ڕوو کە هەموو کەسێک ڕاستییەکەی تێ بگات.

بەشێوەیەکی گشتی گلۆبالیزم پێوەندیدارە بەو ڕووداوانەی لە بواری ئابووری، سیاسی و کولتووریدا دێنە کایەوە. لە درێژەی بابەتەکەماندا تیشک دەخەینە سەر سەرجەم ئەو ناونیشانانەی کە گلۆبالیزم لە خۆی گرتووە.

## گلۆبالیزمی ئابووری

تێربوونی بازاڕی ناوخۆ لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بەتایبەتی لە دوای تەنگژەی پیترۆڵ لە ساڵانی ١٩٧٠ و گەڕان بەدوای کرانەوە ڕووەو بازاڕی دەرەکی و زیادبوونی خەرجیی چالاکییە ئابوورییەکان، بەشێک لەو فاکتەرە ئابوورییانە پێک دەهێنن کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی قۆناغی گلۆبالیزم.

بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٨٠ بەدواوە لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای گەیاندن واتای کۆنی زاراوەی مەودا لە دنیادا بێ واتا بوو. ئەم ڕەوشە لە چوارچێوەی گلۆبالیزمدا بەپلە یەک کاری لە بازاڕەکانی دراو کردووە و ئەم کاریگەرییەش لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا زیاتر بەدی دەکرێ.

ئەمەش پێوەندی بەگەیاندن و وەبازاڕخستنی بەرهەم و پارە خەواندن و وەبەرهێنانەوە هەیە لە سەرتاسەری دنیادا. لە ڕاستیدا ئەمە واتای ئەوە دەدا کە وڵاتێک "ئابووریی نەتەوەیی" دەگەیەنێتە ئاستێک کە لە دەوڵەتێک بەهێزتر بێت و ڕووداوەکان بەرزتر لە ئاستی نەتەوەیی بەرەوپێش دەچێ.

ئەوەی لەلایەن ئابووریی گلۆبالیزمەوە پارێزگاریی لێ دەکرێت بەرهەمەکانی ئەمەریکا، ئینگلیز یان چین نییە، ئابووریی ئەڵمانیا یان کەنەدا نییە، بگرە ئامانجی پێکهێنانی ئابوورییەکی گلۆباڵە تا لە ڕێگەی هۆکارەکانی گەیاندن و گواستنەوە بتوانێت ئابوورییەکی وابەستە پێش بخات. ئەو خاڵانەی لەمەڕ گلۆبالیزمەوە باسیان لێوە دەکرێن و خوێندوومانەتەوە و گوێبیستی بووینە ئەم لایەنانە لەخۆ دەگرێ.

گلۆبالیزم بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی هەناردە بکات، دامەزراندنی کۆمپانیا و نوێنەرایەتی دان بەو کەسانەی هاووڵاتیی ئەو وڵاتەن بەبنەما دەگرێت کە دەیەوێت بەرهەمەکانی بۆ ناردەنی بکات. ئەم هەوڵەش بەبێ بوونی پێویستی کردنەوەی ڕێگەکانی بازرگانی لە بەردەم بازرگانەکە، کردنەوەی ڕێگەی بازرگانی کردنە بەکاڵاکانی. لێرەدا تەنیا متمانە بەکۆمپانیاکە خۆی دەکرێ.

## چەمکی گلۆبالیزم

هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ کرد، تەنیا مەبەست بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی گلۆبالیزم نییە، بگرە پراکتیزەکردنیشیەتی. لە ڕووی تیۆرییەوە گلۆبالیزم لە سەرتاسەری دنیادا درێژە بەباڵادەستبوونی خۆی دەدات. هەر بۆیە پێویستە بەباشی لە بنەما ڕاستەقینەییەکانی ئەم چەمکە بگەین.

## چەمکی گلۆبالیزم و ڕووە ڕاستەقینەکەی:

لە ساڵانی ١٩٩٠ بەدواوە گلۆبالیزم وەک ئاگرێکی سەرشێت ئاسا پەلی بەجیهاندا کێشاوە. وێڕای بۆچوونی هەوادار و هاندەرانی گلۆبالیزم کە گوایە ئەم چەمکە سوودبەخشە، کەچی بەڕاشکاوی دەبینرێ کە گلۆبالیزم بۆ هەموو کەسێک سوودبەخش نییە.

بەگوێرەی هەوادارانی گلۆبالیزم، "دەوڵەتی نەتەوە کە بەرهەمی شارستانییەتی وڵاتە پیشەسازییەکانە هاوشانی قۆناغی گلۆبالیزم واتای خۆی لەدەست داوە. ئیدی بازاڕی گلۆبال شوێنی سیاسەتی گرتووەتەوە، چونکە میکانیزمی بازاڕ لە حکوومەتەکان زیاتر ژیرانە کار دەکات.

لەلایەن نوێخوازە لە ڕادەبەدەرەکانەوە؛ گلۆبالیزم وەک پەیامی یەکەمین شارستانییەتی گلۆبالی ڕاستەقینە دەنرخێنرێ. بەگوێرەی بۆچوونی گلۆبالیزمگەرە لە ڕادەبەدەرەکان هەستانەوەی ئابووریی گلۆبال دەکرێت وەک بەڵگەیەکی ڕادیکالی سیستەمی نوێی جیهانی هەڵبسەنگێنرێت، هاوکات لەدایکبوونی ڕێکخراوە ئیدارییە جیهانییەکان، پەلهاوێشتنی جیهانی و تێکەڵەی کولتووری لە دنیادا، وەک بەڵگەیەکی سەرەکیی سیستەمی نوێی جیهانی و لەناوچوونی دەوڵەتی نەتەوە شرۆڤە دەکرێت. ئیدی کۆنترۆڵکردنی سنووری حکوومەتە نەتەوەییەکان ئاستەم بووە. لە کاتێکدا حکوومەتە جیهانی و هەرێمییەکان داوای ڕۆڵێکی زیاتر دەکەن، لە پاڵ ئەمەدا سەروەری و ئۆتۆنۆمیی دەوڵەتانیش لاواز دەبێ. هاوکات هاوکاری نێودەوڵەتی لە نێوان وڵاتاندا سانا بووە. لە سایەی زیادبوونی ژێرخانی پێوەندی جیهانی، گەلانی وڵاتە جیاجیاکان زیاتر هەست بەبەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بۆ لەدایکبوونی شارستانییەتێکی جیهانی هەلومەرجی گونجاو ڕەخساوە".

سەرباری ئەوەی گلۆبالیزم ڕۆڵێکی رزگارکەرانە نابینێ، دوورترین ناوچە کە پێی گەیشتبێت و کاری تێ کردبێت تەفروتووناى کردووە. گلۆبالیزم وەک ئەو ڕێککەوتنەی واشینتۆنی لێ هاتووە کە ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتی ئابووری لەخۆ دەگرێت. ئەگەر ئەو سیاسەتانە لە مۆدیلی نوێیدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا داوا لە نەتەوەکان دەکرێت پەسندی بکەن. لە ناوەڕۆکدا ئەو سیاسەتانە پێشکێش نەکردنی یارمەتی و وەرگرتنی باجێکی زۆر و کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئابووری و تایبەتکردنی سازییەکانی کەرتی گشتی و دابەزینی نرخی

دراو لەخۆ دەگرێت. تۆوەکانی گلۆبالیزم بەگونجاوترین ڕێگەچارە دەبینرێت بۆ گەورەبوون و گەشەسەندنی ئابووری. کەچی دوای ئەزموونی ٢٠ ساڵ بەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکان پێچەوانە بوون. گلۆبالیزم بۆ کۆمەڵگەی جیهان نەگەیشتووە بە ئامانجی پێشکەوتنی ئابووری بەشێوەیەکی یەکسان. بەپێچەوانەوە بووەتە هۆی گرژبوون و داڕمان. لە کاتێکدا دەڕوانینە تایبەتمەندی و بەرەنجامەکانی ئەو سیاسەتانەی لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێ داوە، شتێکی سەیروسەمەرە نییە کە مافە یەکسانەکانی دنیا لەنێو ئەو ئابوورییە شێوێنراوەدا لەناو نەچێت و بمێنێ.

## نەهێشتنی سنووره بازرگانییەکان بەرەنجامی پاڵەپەستۆ

بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە یاسای ریکاردۆ بۆ قازانجی یەکسان داوا لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان کرا سنووره بازرگانییەکانیان هەڵبگرن. بەگوێرەی ئەم تیۆرییە لە هەریەک لەم وڵاتانە بەگونجاوترین شێواز پسپۆڕی لە بواری خزمەتگوزاری و بەرهەمەکانی وەبەر دەهێنرێن و دەرەخسێنرێت و هەر هەمان ئەو وڵاتانەش هان دەدرێن بۆ هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی کە ئاستەمە بتوانن لە وڵاتەکەی خۆیان وەبەرهەمی بهێنن. ئەمە لە واتایەکدا ئەگەر ئەو وڵاتە خۆی سەرچاوەی وەبەرهێنانی هەندێک بەرهەمیشی هەبێت دەتوانێت لە وڵاتانی ترەوە هاوردەی بکات. بەکەوتنە ڕێ لەم تێڕوانینەوە هاوردەکردنی ڕستن و چنین بۆ ئەمەریکا لە وڵاتی چین لە ڕووی ئابوورییەوە ئابووریيانەترە لە وەبەرهێنانی ڕستن و چنین لە ئەو وڵاتە خۆی. لە ڕەوشێکی وەهادا پێویست بەوە ناکات ئەمەریکا دەست بەوەبەرهێنانی ڕستن و چنین بکات لە وڵاتەکەی خۆیدا.

لە هەمان کاتدا هاوردەکردنی ڕستن و چنین بۆ خودی چین و ئەمەریکا سوودبەخش دەبێت. لەبەرئەوەی:

یەکەم: لە ئەمەریکا نرخی ڕستن و چنین نزم دەبێت، هەر بۆیە بەکاربەرەکان دەتوانن بەشێکی زۆری پارەکانیان لە شتی تردا خەرج بکەن.

دووەم: چین بەهۆی ئەو پارەیەی لە ئەنجامی هەناردەکردنی ڕستن و چنین دەستی دەکەوێت داهاتی زیاد دەکات و بەم شێوەیە چین دەتوانێت بڕێکی زیاتر لە (مۆبایل، بەرهەمەکانی کۆمپیوتەر وەک مایکرۆسۆفت و بەرهەمی هاوشێوەی ئەمانە) لە ئەمەریکا بکڕێت کە لەلایەن ئەو وڵاتەوە وەبەرهەم دەهێنرێن. سەرجەم ئەو وڵاتانەی بەم سیستەمەوە خۆیان بەستووەتەوە لە چوارچێوەی ئەم سنوورانەدا دەتوانن لە مافەکانی بازرگانیی ئازاد و یاسای قازانجی یەکسان سوودمەند بن.

لە ڕووی تیۆرییەوە ئەم بیرۆکەیە وەک بیرۆکەیەکی زۆر باش دەبینرێ. وەلێ لە ڕاستیدا دووڕوویەتیی نەتەوەکانی ڕۆئاوا دەخاتە ڕوو.

تیۆری بازرگانیی ئازاد و سنوورەکانی نێودەوڵەتیی سیستەمی بازرگانیی جیهان، گەشەی

هەناردەکردنی ولاَتە تازە پێگەیشتووەکانی بەرەو دواوە پەلکێش کردووە. لە تێکڕای فرۆشەکانی ولاَتە پیشەسازییەکان بە ولاَتە پیشەسازییەکانی تر لە ١٪ ی دەبڕێرن. لە هەمبەر ئەمە هەناردەکەرانی باشووری ئاسیا لە ٨٪ی دەبڕێرن. زیاتر لەمەش ولاَتە دەولّەمەندەکان سالاَنە بڕێکی زۆر هاوکاری دەدەن بەجووتیارەکانی خۆیان. دەکرێت ئەم بڕە بەملیاران دەربڕدرێ. لەم ڕەوشەدا وەک بلّێی نەتەوە هەژارەکان بەتەواوەتی دەرفەتی رکابەرییان نامێنێ. بۆ نموونە یابان حەوت ئەوەندەی خەرجی وەبەرهێنانی برنج دەدات بەو جووتیارانەی برنج وەبەرهەم دەهێنن. بەرەنجامی ئەمەش جووتیارەکانی تر ناچار دەبن نرخی برنج دابەزێنن. بەم شێوەیەش ناهێلّن ولاَتانی تر بکەونە نێو بازاڕەوە و بەم جۆرەش نەتەوە دەولّەمەندەکان ڕێگری دەکەن لە بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی ولاَتانی تر. لەم خالّەشدا ئەمەریکا بە پلە یەک تاوانبارە. سالّی ڕابردوو دەسەلاَتی بوش ڕای گەیاند کە لە نێو ١٠ سالّدا لەو بڕە پارەیەی بۆ جووتیارە ئەمەریکاییەکانی جیا کردووەتەوە ١٧٥ ملیار دۆلار زیاتریان دەداتێ. ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سالاَنە سێ ئەوەندەی ئەو هاوکارییەی دەیدا بەئەفریقیا دەدات بەو جووتیارانەی کە کەتان وەبەرهەم دەهێنن. ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سالّی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٢ گەرەنتی هاوکاریی ٣ ملیار دۆلاری بەو جووتیارانە دا کە کەتان وەبەرهەم دەهێنن. ئەم بڕە لە هەموو داهاتی ئابووریی بورکانا فاسۆ کە نەتەوەیەکی هەژاری ئەفریقیایە زیاترە. بەپێی ڕاپۆرتی گەشەی مرۆییی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، ڕۆژانە لە بۆرسە جیهانییەکاندا زیاتر لە ١,٥ تریلیۆن دۆلار پارە دەستگۆڕکێ دەکات. بەشێکی زۆر کەمی ئەم پارەیە بەولاَتە ئیسلامییەکاندا تێپەڕ دەبێت. بۆ جاری یەکەمە لە مێژوودا بازاڕی دراوی جیهانی پێک بهێنرێت. کەچی لە بری بازاڕێکی دراوی جێگیر، سیستەمێکی ناجێگیر بنیات نراوە کە نەیتوانیوە متمانەی خاوەن سەرمایەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

هەتا ئێرە شێوەی سیستەمی ناتەندروستی بازرگانیمان خستە ڕوو. ئەم سیستەمە لە بەرژەوەندیی دەولّەمەندەکاندا بووە و کۆسپی ناوەتەوە لە بەردەم هەستانەوەی ئەو ولاَتانەی کە دەیانەوێت پێش بکەون.

### ناچارکردنی ولاَتان لە کەم خەواندنی پارە بۆ پێداویستییە سەرەکییەکان

بێجگە لە ولاَتانی ڕۆژئاوا، ولاَتانی تر بۆ ئەوەی بتوانن بازاڕی ئابووریی ئازاد پێک بهێنن و تاوەکو لە ڕێگەیەوە ئەو ولاَتانەی جێگەی باسن بتوانن هاوکاری بۆ قەرزی ولاَتەکەیان وەربگرن، داوایان لێ کرا کەمترین پارە بۆ ئابووری خۆیان بخەوێنن. بەپاشەکشێی دەولّەت، کەمبوونەوەیەکی دراماتیک لە خەرجییە گشتییەکان هاتە ئاراوە. هەروەک چۆن ئێستا شتگەلێک کە گرینگییەکی ژیانی لەخۆ دەگرێت وەک پەروەردە و تەندروستی، لە زۆرێک لە ولاَتاندا بەڕادەیەکی ترسناک خەرجییەکانی دەولّەتی بۆ کەم کراوەتەوە. سالاَنە بەشێکی زۆری بودجە بۆ دانەوەی قەرزەکان

تەرخان دەکرێ و بەشێکی زۆر کەمیش بۆ دابینکردنی پێداویستیی هاووڵاتییان دەمێنێتەوە. بۆ نموونە لە تورکیا.. ئەو هاوکارییانەی بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک نان و ئاو تەرخان کراوە لەبار براوە. بەرەنجامی ئەمەش نرخ بەرز بووەتەوە و هەژارییش رووی لە زیادبوون کردووە. ئەنجامەکەشی دەقاودەق وەک نائارامییە کۆمەڵایەتییەکەی مەکسیکا، ڤەنزوێلا، میسر، ئەندەنووسیا، ئەرجەنتین و نایجیریایە. بۆ نموونە لە ١٩٩٦دا لە ئوردن سەرهەڵدانی (نان) دەستی پێ کرد. مرۆڤەکان لە بەرامبەر زیادبوونی نرخی نان کە لە ١٢ سەنتەوە بووبوو بە ٢٣ سەنت نارەزاییان دەربڕی. نرخی خۆراکی سەرەکی ٤,٢ ملیۆن خەڵکی ئوردن بەرز کرایەوە و لە ئەنجامی ڕێککەوتنی زۆرەملێی بانکی دراوی نێودەوڵەتی هاوکاریی گەنمی پێشکێش کرا. هەرچی کاردانەوەی دەوڵەتی ئوردنیش بوو لە بەرامبەر ئەم ڕەوشە کوشتنێکی بێ ویژدانانەی ئەو کەسانە بوو کە بەرەنگاری دەوڵەت دەبوونەوە. سوپا نێردرایە ئەو ناوچانەی کە لە بەرزترین ئاستدا نارەزاییان تێدا نیشان دەدا و زیاد لە ٣٠٠ کەس دەستگیر کرا. بەشەو چوونەدەرەوە قەدەغە کرا و لە زۆر ناوچەدا ڕێگەی چوون و هاتن داخرا.

## بەتایبەتکردن (الخصخصة)

هەواڵنامەی کتێب

فاکتەری سەرەکیی گلۆبالیزم، فرۆشتنی موڵک و خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشتی بەکەرتی تایبەت، واتا بەتایبەتکردنیەتی. بەرەنجامی سەپاندنی پرۆگرامە ئابوورییەکانی بانکی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانییەوە، خزمەتگوزارییەکانی خەڵک لە زۆرێک لە وڵاتە هەژارەکانی جیهان کەوتە دەست کەرتی تایبەت. دوای ئەوەی خوێندن لە خۆڕاییەوە بوو بەپارە، گەلێک خانەوادە ناچار بوون منداڵەکانیان لەبەر خوێندن دەربهێنن. تەنانەت بۆ کۆنترۆڵکردنێکی گشتیی تەندروستی بەملیاران پارە پێویست بوو.

وێڕای ئەوەی سەلمێنراوە کە تایبەتکردن زیان بەوڵاتە هەژارەکان دەگەیەنێت، کەچی هێشتاش بانکی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی جیهانی ئەمە وەک مۆدێلێکی ئابووری پێشنیاز دەکەن. تایبەتکردنی ئاو تەنیا نموونەیەکە بۆ ئەم ڕاستییە. بانکی جیهانی لە پایەتەختی هایتی ڕای گەیاند کە ئەو ئاوەی لە تۆڕی ئاوە تایبەتکراوەکانەوە دێن، ١٠ ئەوەندنی ئەو ئاوەی کە لە کەرتی گشتییەوە دێت، گرانترە. خانەوادەکانی مۆریتانیا نیوەی داهاتەکانیان بۆ ئاو تەرخان دەکەن. وێڕای ئەمەش بانکی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهان پشتگیریی تایبەتکردنی ئاو دەکەن. لەم ڕووەوە، لەساڵی ٢٠٠٠دا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی تایبەتکردنی ئاودا قەرزی هاندەری دراوەتە ١٢ وڵاتی ئەفریقیا.

سەرەڕای ئەو زیانانەی تایبەتکردن کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان هێزی ئابوورییان زیادی کردووە. وڵاتانی وەک ئەرجەنتین، بەرازیل، شیلی و زامبیا کە هەموو شتێکیان بەدەست کەرتی تایبەتەوەیە، ڕکابەری

ئازاد بەتەواوەتی پەڕاوێز کراوە. کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان گەیشتوونەتە ئاستێکی زۆر بەهێز. تەنانەت لە خودی ئەو وڵاتانەی کە وەبەرهێنانی تێدا دەکەن، پێگەیەکی بەهێزتریان بەدەست خستووە. کاتێک کە بەراورد دەکەین دەبینین کەوا ئەو کۆمپانیایانەی خاوەن فراوانترین ئابوورین لە جیهاندا، ئەوانەن کە ڕێژەی لە ٥١٪ یان هەیە و خودی وڵاتەکەش خۆی ڕێژەی لە ٤٩٪ی هەیە. هەندێک لە کۆمپانیاکان لە ئەنجامی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بڕی قازانجیان لە قازانجی بودجەی ساڵانەی وڵاتێک زیاترە. بۆ نموونە کۆمپانیای شەلکە فرۆشی ساڵانەی نزیکەی ٦٨ ملیار دۆلارە، ئەم ڕێژەیە ٥,٢ی داهاتی وڵاتی نێجیریایە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ١١٠ ملیۆن کەسە. لە ساڵی ١٩٨٩دا لە ١٨٪ی بازرگانی بەدەست کۆمپانیا نێودەوڵەتییە گەورەکانەوە بوو. لە ١٩٩٣دا موڵکی سەرجەم کۆمپانی نێودەوڵەتییەکان ئەوەندەی چارەکی موڵکی هەموو جیهان بوو. بەدیارکەوتنی ئەم جیاوازییە مەترسیدارە بووە هۆی نیگەرانبوونی خەڵکانێک. جاک بەهرمان هەندێک لە کۆمپانیا ئەمەریکاییەکانی بەوە تاوانبار کرد کە خاوەن هێزێکن دەتوانن هەندێک لە وڵاتە ئەوروپاییەکان بکڕن. لە پاڵ هەندێک لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەتکردن، هێزی هاوبەشیش پەرەی سەند.

هەواڵنامەی کتێب

## ئەدەبی ڕۆمانتیک و هێگل

# هەوڵێک بۆ تیۆریزەکردنی سووژەی ڕۆمانتیک*

د. بەختیار سەجادی

### پێشەکی

ئەگەر ئەو پێناسە ئاشنا و باوەی ئەدەبیات ڕەچاو بکەین کە وەکو "ئاوێنەیەکی ڕاگیراو لە بەرانبەر سروشتدا" لە قەڵەمی دەدا، دەتوانین ڕەنگدانەوەی سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم لەو ئەدەبیاتەدا ببینینەوە کە دواتر بە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیک ناوزەد کرا. هەم وشەی "سروشت" لەو گوتە گێڕدراوەیەی سەرەوە و هەم گوتە گێڕدراوەکە بۆ خۆی سەرەتا لە بەستێنێکی نیوکلاسیکیدا و بە مەبەستی پێناسەکردنی سروشت و کارکردی ئەدەبیات بەکار هێنراون. لە هەر ڕووەوە، دژایەتیی توندوتیژی نێوان دیمەنی نیئوکلاسیکی سروشت و بەکارگرتنی ڕۆمانتیکیی ئەم وشەیە بە ڕادەی پێویست ڕوونە بۆ ڕاڤەکردنی جیاوازییە فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەست پێکراوەکان لە نێوان پاژی هەرە زۆری سەردەمی هەژدەمی سەقامگرتوو و فەزای شۆڕشگێڕانەی سەردەمی ڕۆمانتیکدا. هەرواکە لە لاپەڕەکانی دواییدا پێیدا خوار دەبمەوە. ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی، ڕۆحی ڕۆمانتیکی بەتەواوەتی نواندووە کە نەک هەر لە فەرەنسا بگرە هەروەتر لە ئەڵمانیا و بەریتانیای دواین ساڵەکانی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا زاڵ بوو.

جیاوازییەکانی نێوان نیئوکلاسیک و ڕۆمانتیک هێندە توندوتیژە کە دەتوانین قوتابخانە ئەدەبی و تەنانەت هونەرییەکانی تری دوو سەدەی ڕابردوو وەکو منداڵی ڕاستەقینەی یەکێک لەم دووە بزانین. بۆ نموونە، لە کاتێکدا کە ڕیالیزم و سروشتی-خوازیی سەدەی نۆزدەم لە پێوەندی دەگەڵ

---

* وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: قوتبەدین ئەحمەدی (سنە)

بابەتێتیدا objectivity گەڕانەوە بوو بۆ بنەماکانی نیئوکلاسیکی، ئەقڵانییەت و پرسیاری هەڵبژاردنی چەشنی ئەدەبی، بەڵام هێماخوازی، بزووتنەوەی پێش–رافائیلی و تەنانەت سووریالیزم هەتا ئەو جێگەیەی کە بە شێوازناسی و خەیاڵەوە پێوەندی هەیە، سەرچاوەی رۆمانتیکیان هەبوو. جیاوازییەکانی نێوان نیئوکلاسیک و رۆمانتیسیزم نابێ تەنیا بەجیاوازیی نێوان دوو تیۆری هونەری–ئەدەبی دابنرێ. ئەمانە، لە هەر رووەوە، دوو سیستەمی تیۆلۆجیکی و فەلسەفی بەتەواوەتی دژ بەیەکن کە دوو مەعریفەناسی و جیهانبینی جیاوازیان هێنایە ئاراوە.

ئەگەرچی نە جیاوازییە ئاینییە–فەلسەفییەکان و نە ئەدەبییە–هونەرییەکان لە نێوان نیئوکلاسیسم و رۆمانتیسیمدا مەراقی ناوەندیی بۆ ئەم بەشە لەم تێزە نین، بەڵام بۆ ئەوەی بەتەواوەتی تێگەیشتبێتین کە سەردەمی رۆمانتیک لە ئاکامدا دەگەڵ چ جۆرە سووژەیەکدا رێک دەکەوێ، دەبێ دواتر هەر لەم بەشەدا تا ڕادەیەک بخرێنە بەرباس. هەر بۆیە، کێشەی سەرەکی لێرەدا تەنیا ئەوە نییە کە نواندنەوەی سووژەی رۆمانتیک لە ئەدەبیاتی رۆمانتیکدا بخەینە روو. شیکاریی ژێربنەمایی، هەرچەند، تێ دەکۆشێ لەسەر سروشتمەندی و داهێنەرێتیی سووژەی رۆمانتیک بەڵگە بەدەستەوە بدا کە تایبەتمەندیی یەکێک لە قۆناغە سەرەکییەکانی نەشونمای سووژەی مۆدێرنی رۆئاوایە. ئەو بەستێنەی کە تێیدا بەڵگاندنەکانم خۆی دەنوێنێ بە زۆری بە شیعری رۆمانتیکی ئینگلیزییەوە خۆی ئەرخان دەکا ئەگەرچی بڕێک لە نموونەکان کە ئاراستە دەکرێن شیعری رۆمانتیکی فرەنسایی و ئەڵمانیایی ئەو سەردەمەیە.

## بۆچی زاراوەی سووژەی رۆمانتیکی؟

ئەگەرچی زاراوەی "رۆمانتیک" بۆ زۆربەمان بە تەواوەتی ئاشنایە، جێی سەرنجە ئاماژە بەوەش بدەین کە کارکردی ئەم زاراوەیە لە دەربڕینێکی ئەوتۆدا وەکو "ئەدەبیاتی رۆمانتیک" و "سەردەمی رۆمانتیک" تەنیا رۆنانێکی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم بوو. بەو جۆرەی ئێم. ئەیچ. ئابرامز و جەک ستیلێنگر لە پێشەکییە وردبینانەکەیاندا بۆ "چاخی رۆمانتیک" لەسەر ئانتۆلۆجی نۆرتۆنی ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا باسی دەکەن، شاعیرەکان لە سەردەمی ژیانی وۆردزوۆرسدا وەکو "رۆمانتیک" بیریان لە خۆیان نەدەکردەوە؛ ئەم زاراوەیە بەکار نەگیردرا هەتا نیو سەدە دواتر کە لەلایەن مێژوودانەرانی ئینگلیزییەوە کەڵکی لێ وەرگیردرا.[١] لە هەر رووەوە، رۆحێکی باو و زاڵ هەبوو بەسەر بەریتانیا و رۆئاوای ئەوروپای کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا. ئەم رۆحە، بەزۆری سرووشی لە شۆڕشی فرەنسا وەرگرتبوو و، بەم پێیە، ڕاپەڕینانە و ئارمانجخوازانە، ئەژمارێکی زۆری بەرهەمی ئەدەبی ئاراستە کرد کە ئێستا پێکەوە بە "ئەدەبیاتی رۆمانتیک" ناوزەد دەکرێن.

سەرچاوەی وشەی "رۆمانتیک" دەگەڕێتەوە بۆ رۆمانس کە ژانرێکی ئەدەبیی زاڵی سەدەکانی ناوەڕاست بوو. ئەورۆکە بە زۆری هەموو لێکۆڵینەوە رەخنەکارییەکان دەگەڵ ستوارت کاراندا

هاوڕان کە "ڕەگەزناسیی ریشەی وشەی ڕۆمانتیسیزم... ڕۆمانس-ە."(٢) بۆیەکە، بەرهەمی هونەری "ڕۆمانتیکی" وا دادەنرێ کە لە خۆگری بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسەکانی چاخەکانی ناڤینە. هەروەتر، لە کاتێکدا کە وشەی ڕۆمانس بەبۆنەی نازناوەتیی گشتییەوە بە پیتی گەورە نانووسرێ، "ڕۆمانتیک"، لەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستدا، بە پیتی گەورە دەنووسرێ بۆیە کە یان ئاماژە بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی یان سووژەیەکی تایبەت دەکا کە سەری هەڵدا، شکۆفایەوە و پاشان توایەوە بە چەشنێ کە زۆر هاوتەریب بوو لەگەڵ قۆناغێکی مێژوویی تایبەت لە دنیای ڕۆئاوادا کە بە زۆری بەناوی سەردەمی ڕۆمانتیک دەناسرێ.

لە ئاکامدا، باسەکەم لەسەر ئەدەبیاتی ڕۆمانتیک بە ناچار بەرەو دۆزینەوەی یەکێک لە سەرچاوەکانی دەمبا، کە ڕۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاستە. تایبەتمەندییە گرینگەکانی ڕۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکدا دەبینرێتەوە. ئەدەبیاتی ڕۆمانتیک، بە نۆرەی خۆی، بە زۆری سووژەیەک دەهێنێتە ئاراوە کە زۆر وێکچووە لەگەڵ پاڵەوانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا. هەر بۆیە، تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ڕۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەدەبیاتی ڕۆمانتیک دەتوانێ تێگەیشتنێکی باشترمان بۆ سووژەی ڕۆمانتیک دەستەبەر بکات.

بەشوێن خوێندنەوەی وتارەکەی ڕۆزالیند فیلد "ڕۆمانس لە ئینگلیزدا، ١٠٦٦-١٤٠٠" کە لە مێژووی ئەدەبیاتی ئینگلیزی سەدەکانی ناوەڕاستی کەمبریجدا هاتووەتەوە و هەروەها بەشەکانی سێزدە و چواردەی بەرگی یەکەمی مێژووی ئەدەبیاتی ئینگلیزی کەمبریج، لەو هەوڵەدا بووم هەتا تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست بە کورتی بە دەستەوە بدەم. ئەوەی کە لێرەدا ئاراستە دەکرێ ئاکامی خوێندنەوەکانی منە لەم تێبینییەدا.(٣) بەپێی ئەو سەرچاوانەی سەرەوە، ڕۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست بریتییە لە:

- توخمە باوەڕ پێنەکراوەکان
- خەیاڵی.
- گەڕانی بەردەوام و پشکاندنی سەرکەشانە.
- کەسە ئەفسانەییەکان
- چیرۆکی سەرکەشانە
- بن-واتای ئەویندارانە
- پاڵەوانی شۆڤالیە.

خوێنەرێکی ئاسایی شیعری ڕۆمانتیکی بەسانایی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە لە زۆربەی شیعرە ڕۆمانتیکییەکاندا بەدی دەکا. هەرچەند دەبێ ئاماژە بەوەش بدرێ لە کاتێکدا کە ڕەنگە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە لە ڕۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئامادە بن، پێویست ناکا وای دابنێین کە بە تەواوەتی لە نموونەی شیعرێکی ڕۆمانتیکیدا ببینرێنەوە؛ بە واتایەکی تر،

ئەگەرچی شیعرێکی رۆمانتیکی لەوانەیە لە خۆگری هەموو ئەو توخمانەی سەرەوە نەبێ، بەبێگومان هەڵگری ئەژمارێکیانە. بۆ نموونە، لە کاتێکدا شیعری زەریاوانانی کۆنی ئێس. تی. کۆلریج هەم لە خۆگری توخمە باوەڕ پێنەکراوەکانە و هەم چیرۆکی سەرکەشانەیە، قووبلای خانەکەی ئەژمارێک روخساری هەڵکەوتوو (وەکو قووبلای خان بۆ خۆی و کارەکەرە یوتۆپیاییەکەی بە داڵسیمر-سەنتووری مەجاری-ەکەیەوە) دەنوێنێتەوە. یان، ئامادەبوونی بن-واتای ئەویندارانە لە شیعرەکانی لۆرد بایرۆن ـ بەتایبەت لە بن-واتای ئەشقی قەدەغەکراودا کە زۆر نزیکە لە ئەوینی دەرباریی سەدەکانی ناوەڕاستەوە و گەڕانە بەردەوامە دەرەکی و ناوەکییەکان کە بەزۆری لە جان کیتسدا رەنگ دەداتەوە، دوو نموونەی ترن کە بەڕوونی وێکچوویییەکانی نێوان رۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست و شیعری رۆمانتیکی دەخەنە روو.

جێی سەرنجە بزانین ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوەی رۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست نەک هەر لە ئەدەبیاتی رۆمانتیکیدا بگرە هەروەتر لە ژیانی کەسەکیی شاعیرەکان بۆ خۆشیاندا دەبینرێنەوە. ئەگەر ژیاننامەی شاعیرە رۆمانتیکەکان بخوێنینەوە ـ کە تەنانەت شاعیرە فرەنسا و ئەڵمانیاییەکانیش بگرێتەوە، دەستبەجێ تێ دەگەین کە زۆربەی شاعیرە رۆمانتیکەکانی ئەو سەردەمە ژیانێکی چوونیەکیان بۆ ئەو مۆتیڤانەی کە لە بەرهەمەکانیاندا دەیانخستە روو دابین دەکرد. زۆربەیان ژیانێکی سەرسوڕهێنەر و پشکاندنێکی سەرکەشانەیان هەبووە (وەکو ژیانی وۆردزوۆرسی لاو، لۆرد بایرۆن، شێلی و تەنانەت بڕێک لە رۆمانتیکەکانی فەرەنسی وەکو شاتۆبریان)؛ بڕێکیان دەکەوتنە داوی راز و رەمزی عەشقەوە (وەکو شێلی، لۆرد بایرۆن و هۆڵدرلین-ی ئەڵمانیایی)؛ بڕێکیش خۆیانیان دەگەڵ داهێنانی خەیاڵئامێزدا رێک دەخست (وەکو ویلیام بلەیک، جان کیتز و کۆلریج) و لە ئەنجامدا بڕێکیشیان وەکو پاڵەوانانی نەتەوەیی دەهاتنە ئەژمار (نموونەی چاکیان لۆرد بایرۆنە کە بەبۆنەی هاودەردییەوە دەگەڵ سەربەخۆیی یۆنان و بەبۆنەی خەباتییەوە دژ بە تورکەکانی عوسمانی لە یۆناندا وەکو پاڵەوانێکی نەتەوەیی دادەنرێ).

هەواڵنامەی کتێب

جیاواز لە تایبەتمەندییە وێکچووەکانی ئەم دووە، پێوەندیی نزیکی نێوان سەرهەڵدانی رۆمانتیسیزم و ژیانەوەی رۆمانس لە راستیدا لە شیکارییە هەڵکەوتووەکەی ژاکلین ئێم. لاب-دا "بەهرەکانی رۆمانس" لە ئەدەبیاتی رۆمانتیکدا خراوەتە روو. ئەو وای بۆ دەچێ کە سەرهەڵدانی حەزێک لە رۆمانسی چەرخەکانی ناڤێن لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمدا بە رێککەوت نەبوو:

ئەگەرچی بیرداڕێژەرانی رۆمانس لە ١٧٦٠کان، ١٧٧٠کان و ١٧٨٠کاندا سەرچاوەی ئاشکرا بۆ ئەو راپەڕینەی کولتوورەکەیان ئەزموونی کرد بەدەستەوە نادەن ـ یان خۆ لە تێبینی گێل دەکەن ـ دەبێ بوترێ چەشنێک ئەدەبی، لە هەمان کاتدا کە تاقی دەکرایەوە، جەختی لەسەر چێژێکی میلیشیایی و هەڵسووڕانی شەڕوانانە دەکرد و سەربازە ئینگلیزییەکان چەکدار دەکران، شەڕیان دەکرد و پاشان دەگەڕانەوە بۆ ماڵ.[٤]

بە لە بەرچاوگرتنی تێبینییەکی ئەوتۆ، لەو باوەڕەدام هەتا رادەیەک ئایدیایەکی تازە بێ ئەگەر

بیر لە گۆڕانی بیچمی ئەدەبی پاڵەوانانی رۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست بکەینەوە. بەواتایەکی تر، پاڵەوان/شەڕوانی رۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست، لە ماوەی سەردەمی رۆمانتیکدا، جێگەی خۆی دا بەپرسۆنای شۆڕشگێڕانەی رادیکاڵ لە شیعردا. ئەم پرسۆنایە بەدەنگی شۆڕشگێڕانەی یان شۆڕشی فەرەنسا یان یۆنان و تەنانەت سەربەخۆیی ئەمەریکا سرووشی وەردەگرت. ئەم پرسۆنایە جار جارەش دەنگی شادومانی منداڵان بوو، کە بێ گوناه بوون و نەیاندەزانی چارەنووسیان دەبێتە چی، هەروەتر دەنگی شادومانی چینی نەدار و لێقەوماوی کۆمەڵگەش.

لە ئاکامدا، دابینکردنی شوناسێک بۆ پرسۆنای شیعرێکی رۆمانتیکی نموونەیی ئەرکێکی گران نییە. شیعری رۆمانتیک، بەپێچەوانەی شیعری زاڵی سەدەی هەژدەم، پارچەیەکی هونەری زەینی و پڕ عاتیفەیە کە دەربڕی ئارمانجەکان و هەستی خاوێنی مرۆڤانەی شاعیرە. یەکەتیی پرسۆنای شیعری و خودی شاعیرەکە روخساری تایبەتمەندی زۆربەی شیعرە رۆمانتیکییەکانە. هەر بۆیە، چاوی تیژ و بەبڕستی ئەو توێژەرەی کە لە شیکاریی چەمکی "سووژەی رۆمانتیک" دەگەڕێ، دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا، ژیانی کەسەکی و ئارمانجی رۆمانتیکەکان پشتگوێ نەخات. ئەم توێژەرە دەبێ هەروەها لە تایبەتمەندی بوونەوەی پرسۆنا بگەڕێ کە بە زۆری لە ئەدەبیاتی رۆمانتیکدا دەبینرێتەوە. توێژینەوە لە پەروەردەکردنی کەسێتیی پرسۆنای شیعرێکی رۆمانتیک یان گێڕەوەی رۆمانێک کە لەو رۆژانەدا نووسرابێ لە پێناو تێگەیشتنی ئێمەدا لە زەینییەتی رۆمانتیک سوودبەخشە.

## سروشت و داهێنەرێتیی سووژەی رۆمانتیک

سروشت هەردەم وەکو وشەیەکی کلیلی و سەرەکی لە تێگەیشتنی قوتابخانە جیاوازە فیکرییەکان و ئەدەبیاتدا هاتووەتە ئەژمار. هەروا کە پێشتر لەم بەشەدا ئاماژەم پێ دا، سروشت یەکێک لە وشە سەرەکییەکانی تیۆریی ئەدەبی نیئۆکلاسیکیی سەدەی هەژدەم بوو کە زیاتر بەمانای سروشتی مرۆڤ یان سروشتی دەستکرد بوو. لە رۆمانتیسیزمدا، لە هەر رووەوە، ئایدیای سروشت نەک هەر جیاوازە لە واتای نیئۆکلاسیکیی ئەم زاراوەیەوە بگرە هەروەتر بەرهەڵستیشی دەبێتەوە.

سروشت لە شیعری رۆمانتیکدا خەسڵەتێکی رۆحیی هەیە. سروشت، بەتەواوەتی دژ بوو بەو پێناسەیەی لە سەدەی هەژدەمدا باو بوو، لێرەدا واتە فەزای باز یان کراوە کە سروشتی رەسەن و بێ خەوشە، ئەو سروشتەی کە بەهۆی ئەقڵی مودێرنی مرۆڤەوە نەپساوە. سروشت لێرەدا وەحشییە و عاتیفی، هەروەتر، دەستکارینەکراو لەلایەن مرۆڤی شارنشینەوە، هەر بۆیە کە بێ گوناهە. سروشت لە واتای رۆمانتیکیدا، ئەو سروشتەی نییە کە لە پارکی شارێک یان لە ناو باغی کۆشکێکدا دەبینرێتەوە؛ بەڵکوو رەسەنە، تێک نەچووە و سروشتی بێ خەوشە کە دژ بە سروشتی دەستکردی شارەکان و ژیانی خۆماڵی رادەوەستێ. لەم رووەوە، سنوورێکی بەرچاو لە نێوان

سروشت و چەمکی ئاشنای سروشتی لە رۆمانتیسیزمدا بەدی ناکرێ. سروشت ئەو شتەیە کە دەبێ ببێ و بۆی هەیە ئێمەش بە ساکارێتی ناودێری بکەین.

زمانی رۆمانتیسیزم زمانێکی سروشتییە و، کە دەپەرژێمە سەر ئەم زمانە مەبەستم زمانێکی دەستکرد نییە. ئەمە زمانێکە تێیدا نیشانەیەک لە تەبایی بابەت و شێواز کە بە زۆری لە شیعری نیئۆکلاسیکدا دابین دەکرێ نییە. هەروەتر، ئەمە زمانێکە پڕ هەڵسوکەوت راست بەو جۆرەی سروشت خۆی لە وەرزە جیا جیاکاندا دەنوێنێ. باشترین شرۆڤەی ئەم زمانە، بێ مەرجیی دەربڕاوە لە پێناسەی وۆردزوۆرسدا بۆ شیعر. پێناسەی بەناوبانگی وۆردزوۆرس بۆ شیعر "لێورێژی و هەڵقوولاوی هەستی وزەمەندە "لەلایەن ئەژمارێک لە رەخنەگرانەوە وەکو پێناسەیەک راڤە کراوە کە بەڕوونی مەراق و باوەڕی وۆردزوۆرس بە پرسیارگەلێکی ئەوتۆ وەکو هەست، خەیاڵ و هەڵقوولاوی پیشان دەدات. هەرچەند، دەمەوێ تا رادەیەک تیشک بخەمە سەر لایەنی شاردراوە و کپیی ئەم پێناسەیە. نزیکایەتییەکی تەنگانە لە نێوان سروشت و ئەو وشانەی ئەم پێناسەیەی پێ هاتووەتە ئاراوە لە گۆڕێدایە. بە واتایەکی تر، هەڵبەت، سروشت هەڵقوولاوی، لێورێژی و وزەی هەیە. کەوا بوو، شیعر، وەکو سروشت، وا دادەنرێ کە تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی هەبێ. نموونەیەکی تری باوەڕی رۆمانتیکەکان بەرهەڤگری یان نزیکایەتیی شیعر و سروشتە کە دەکرێ لە وەسف یان شرۆڤەی فرەگێڕدراوەی کیتز بۆ شیعردا بەدی بکرێ، ئەو دەمەی، لە نامەیەکدا بۆ جان تەیلۆر نووسی "ئەگەر شیعر وەکو گەڵا بە ئەسپایی لە دار نەیێتە خوار لێ گەڕێ با هەر نەبێ."(٥)

هەروەتر، زمانی شیعری رۆمانتیک، وەکو سروشت، نەپساو و هەڵە هەڵنەگیراوە. ئەگەر هەڵە هەڵگیراوی یەکێک لە مەراقەکانی شاعیرێکی نیئۆکلاسیکە، ئیدی وەکو تەنیا دەستکردێک لە ڕوانگەی شاعیرێکی رۆمانتیکەوە دێتە ئەژمار. هەڵە هەڵگیراوی، شیعر لەگەڵ تایبەتمەندیی دەستکردا رێک دەخا بۆیە کە باوەڕی بە رەسەنایەتی و بەڵگەمەندی عاتیفەکانی شاعیر نییە. عاتیفە پێویستی بە هەڵە هەڵگیری نییە، هەڵە هەڵگیریش بەرهەمی عاتیفە نییە، کە شیعرەکە بێ. هەر بۆیە، هەڵەهەڵگیری لە شیعری رۆمانتیکیدا پێگەیەکی بۆ نییە.

لە ئەنجامدا، دەکرێ ئاماژە بدەینە وێکچوویی لێورێژی و هەڵقوولاوی زمان هەم لە شیعری رۆمانتیکیدا و هەم لە دەقە پیرۆزەکاندا. بە واتایەکی تر، ئایدیای وەحی لە خواناسیدا زۆر نزیکە لە ئایدیای سرووشەوە لە رۆمانتیسیزمدا. وەک چۆن پێغەمبەر بێ ئەمەک نییە بەرابەر بە وەحی و بەکتومتی و بە بێ هەڵە هەڵگیراوی ئەو شتەی کە سرووشی پێ کراوە دەیگێڕێتەوە، هەر ئەم هەلومەرجەش لە رۆمانتیسیزمدا روو دەدات: شاعیرەکە شیعرەکەی دەهۆنێتەوە، کە "لێورێژی و هەڵقوولاوی هەستی وزەمەندە" بە بێ هەڵە هەڵگیراوی. شاعیری رۆمانتیک دەچێتە ناو سروشتەوە و لە هێزی ئیلهامیی سروشت سرووش وەردەگرێ. ئەو لەوێ تۆفانێکی عاتیفی ئەزموون دەکا. پاشی دامرکان لەم دۆخە، وۆردزوۆرس گوتەنی، قۆناغی داهێنان دەست پێ دەکات. لەم رووەوەیە

کە لە ڕۆمانتیسیزمدا دەگەڵ بەرفراوانییەکی جۆراوجۆری شێوازی زمانیدا بەرەنگار دەبینەوە بەو جۆری کە دەگەڵ بەرهەمە نیوکلاسیکییەکاندا بەراورد دەکرێ. لەم گۆشەنیگایەوە زەینییەتی ڕۆمانتیک نەک هەر جیاواز بگرە هەروەتر دژ بە زەینییەتی نیوکلاسیکی بوو.

لەلایەکی تریشەوە، سروشت لە واتای ڕۆمانتیکیدا هەردەم بە سۆز، نەرمونیان و هێور نییە کە بە قسەی کیتز وایە. هەرچەند، وەحشییە و کێوی. مرۆڤ قەت بۆی نەبووە زاڵ بێ بەسەر سروشتدا. هەمان پێوەندی لە نێوان سروشت و مرۆڤی ئاقڵدا لە نێوان شاعیرێکی ڕۆمانتیک و دەسەڵاتدا هەیە. سروشتی شاعیرێکی ڕۆمانتیک کێوییە. شاعیرێکی ڕۆمانتیک دژ بە دەسەڵاتەکان، نەریتە ئەدەبییەکان و یاساکان ڕادەوەستێ؛ ئەو نەترس، عاتیفی، بەئەمەک و بوێرە. کێشەی نێوان شاعیرە ڕۆمانتیکەکان لەلایەکەوە و نەریتی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسی لەلایەکی ترەوە پیشاندەری سروشتی کێوی بوون و ڕەسەنایەتیی شاعیرێکی ڕۆمانتیکە. ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی شێلی، ژیان و عەشقی سەرسوڕهێنەری لۆرد بایرۆن و دابڕاوی و دوورەپەرێزیی ویلیام بلەیک و جان کیتز نموونەگەلێکی ئەوتۆ بەڕوونی دەخەنە ڕوو. بەڵام وۆردزوۆرس و کۆلریج چەند ساڵ بەدوای بڵاوبوونەوەی چامە غینایییەکاندا پاشی بردنە ژێر پرسیاری دەسەڵات و نەریتی ئەدەبی، دەگەڵ ڕەخنەکارییەکی توندوتیژدا بەرەنگار بوونەوە.

لە ڕۆمانتیسیزمدا تاک و داهێنانەکانی بەزۆری وەکو واتای چاک و تێگەیشتنی گشتیی قۆناغی مێژوویی کە شاعیر تێیدا دەژیت دادەنرێ. لێرەدا دووپاژێتی ڕۆمانتیکی بەهرەدار/تێگەیشتنی گشتی سەرهەڵدەدا کە لەگەڵ چەمکی ئازادی، داهێنەرانە و وزەی سروشتدا لە پێوەندییەکی نزیکدایە. بەهرەی ڕاستەقینە، لە هەر ڕووەوە، شتێک نییە جگە لە سروشت. لەم ڕوانینەدا سروشت مودێلێکە بۆ سووژەیەکی ڕۆمانتیک. سروشت، لەم واتایەدا، وەکو ڕسکانەوەیەک دژ بە پەروەردە دادەنرێ بۆیە کە ئەمە سروشتە فەرهەنگی و مەدەنی دەبێتەوە.

باشترین نموومە بۆ ڕوونکردنەوەی هەلومەرجێکی ئەوتۆ پێوەندیی نێوان وۆردزوۆرس و سروشتە کە لە یەکێک لە شیعرەکانیدا، تینترن ئابی، دەرکەوتووە. بەبیستنی دەنگی ئاو، کە لە چاوگە چیاییەکانەوە بەخوڕ دێتە خوار و بە بینینی بەردە بڵند و لێژەکان، وۆردزوۆرس لە کاتێکدا کە دابڕانێکی زۆر قووڵتر دادەهێنێ تایبەتمەندێتیی سرووشی هەستێکی ئەوتۆی وەحشی و دابڕاو دەردەبڕێ. سروشت ئەوەندە گرینگە کە هەروەها دەتوانێ وەکو یەک نا یەکێک بۆ ڕۆژە پڕ لە شانازییەکانی شاعیر لە ڕابردوودا دەور بگێڕێ. سروشت بۆ ئەو وزەیەکی شەفابەخشی هەیە:

نە بۆمە

بوورامەوە، نە شین نە ڕۆڕۆ؛ پێشکێشییەکانی تریش

وایان لێ هات؛ بۆ کەسەرێکی ئەوتۆ، دەبێ،

تۆڵەت لێ بکرێتەوە. بۆیە فێر بوومە

له سروشت بڕوانم، نەک لە ساتەکانی
جەوانیی بێ مێشکیدا؛ بەڵام دەبیستم جار جارەش
مۆسیقای خەمناک و بێدەنگیی مرۆڤایەتی.[٦]

دواتر سروشت لە دەقەکەدا، کە جار جارە بە پیتی گەورە نووسراوە و بەم بۆنەوە بووەتە خاوەن کەسایەتی، وەکو تەنیا گیانلەبەرێکی بەئەمەگ دانراوە، ئەو گیانلەبەرەی قەت خیانەتی نەکردووە و بە دڵ خۆشی ویستووە. سروشت نەک هەر بەچەشنێکی پڕشۆر شرۆڤە کراوە بگرە هەروەتر پەرستش کراوە کاتێ کە پرسۆناکە، وۆردزووۆرس، لە کۆتاییی شیعرەکەدا وەکو "پەرستشگەری سروشت" ئاماژە بۆ خۆی دەکا.

وۆردزووۆرس یەکێک لە شاعیرە رۆئاواییەکان بوو کە خولیای ئایدیای پانتێیزم بوو و خۆی پێوە خەریک کرد. سەرچاوەی پانتێیزم دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی نیئۆ–ئەفلاتوونی کە دواتر لە عیرفانی ئیسلامیشدا گەشەی سەند، پانتێیزم لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئایدیایەدایە کە سەرچاوەیەکی رۆحی بەردەوام لە سروشتدا ئامادەیە. بەم پێیە، سروشت ئیلهامییە و شاعیر لەم سەرچاوە ئیلهامییەوە سرووش وەردەگرێ. پانتێیزم، لە بەرزترین بیچمی گەشانەوەیدا، باوەڕی بە یەکەتیی داهێنەر هەیە، کە خوایە، لە گەڵ داهێنراو، کە یان سروشتە یان مرۆڤ. جێی سەرنجە ئاماژە بەوەش بدەین کە ئایدیای پانتێیزم لە رۆمانتیسیزمدا راستەوخۆ دژ بە ئایدیای خواباوەڕیی نیوکلاسیکە، کە پێشتر لەم بەشەدا خرایە بەرباس. بە واتایەکی تر، ئەگەر خواباوەڕیی بیرۆکەیەکی ئەقڵانیی خاوێن بوو کە کێشەکەی دابڕانی ئەم دنیایە لە خوا بوو، پانتێیزم بیرۆکەیەکی ئیشراقییە کە باوەڕی بە حوزووری چالاکانەی خوا لە سروشتدا هەیە. لە کاتێکدا کە سروشت لە خواباوەڕیدا بابەتییە و بێ گیان، لە پانتێیزمدا زیندوو، چالاک و سرووشییە. کە وابوو، لە کاتێکدا خواباوەڕیی ئاکامگیریی ئەقڵانی و ماتریالیستی پرسیاری هەبوونی خوایە، پانتێیزم هەتا رادەیەک ئاکامی خێرای زانیارییەکی ئیشراقییە کە باوەڕێکی نەگۆڕی سەبارەت بە ئامادەبوونی چالاکانەی خوا لە سروشتدا دەستەبەر کرد. خواباوەڕی و پانتێیزم، بە دژایەتی لەگەڵ یەک، لە کۆتاییدا دوو سووژەی جیاواز لە یەک و دژ بە یەکتریان هێنایە ئاراوە. کە وایە، سەرهەڵدانی سووژەی رۆمانتیکی پانتێیستی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمدا مانیفێستیی راستەقینەی وەڵامێکی رەخنەگرانە بوو بە ئەقڵانییەتی خاوێنی سووژەی خوداباوەڕی رۆشنگەری کە لەودەمەدا ئوسلووبی دامەزراوی ئەندێشە بوو.

یەکێک لە رەخنە گرینگەکان لەسەر سووژەی خواباوەڕی رۆشنگەری بە گشتی دەچووەوە سەر متمانەنەکردنی سووژەی رۆمانتیک بە وزە و رەسەنایەتیی ئەقڵی مرۆڤ. هەروا کە پێشتر لەم تێزەی بەردەستدا بەوردی هاتە نرخاندن، سووژەی خواباوەڕی رۆشنگەری سووژەیەکی ئەقڵانیی خاوێن بوو، ئەو سووژەیەی کە دەیویست بە چەشنێکی ئەقڵانی وەڵامێکی پاساوهەڵگر بۆ پرسیارە

خواناسانە پڕ کێشەکان دابین بکات. لە ڕۆمانتیسیزمدا، لە هەر رووەوە، بە چەشنێکی رەخنەگرانە ئەقڵی مرۆڤ خرایە بەر لێپرسینەوە و خاڵە لاوازەکانی خرایە روو.

ئێس. تی. کۆلریج، فەلسەفیترینی رۆمانتیکەکان، ویستی سروشتی ئەقڵی مرۆڤ بپشکنێ و برستی و بێ برستییەکانی بخاتە روو. ئەوەی کە کۆلریج لە ئەساسدا ئەقڵی مرۆڤی لەلایەکەوە بە بۆنەی کەموکوورییەکانەوە و لەلایەکی ترەوە بەبۆنەی ئەندێشەی خۆیەوە لەسەر پێوەندیی نێوان ئەقڵانیخوازی و پانتێیزم رەت کردەوە بابەتی ئەژمارێک لە کتێبەکان بووە. پرسیارەکانی سەرەوە لەم دواییانەدا کێشەساز بوون. ئەم کێشەگەلە بۆ خۆیان لەسەر کێشەی پانتێیزمی سەدەی نۆزدەم بوو.

لێرەدا دەبێ بە ناچار ئاماژە بدەینە لانی کەم دوو لێکۆڵینەوە لەم لێکۆڵینەوانە کە تەرخان دراون بە کێشەکانی ئەم دواییانەوە. ریچارد برێکلی، لە کۆلریج و تەنگژەی ئەقڵەکەی ئەم دواییانەیدا، تا ڕادەیەک رەخنەی لە کۆلریج و نەریتی پانتێیستییە کۆنەترەکەی گرت کە لەلایەن تۆماس مەک فارلەندەوە نووسراوە. لە کاتێکدا کە زۆرتر لە چل ساڵە تێزەکەی مەک فارلەند لەسەر دەرگیربوونی کۆلریج لە کێشەی پانتێیستی سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا بڕوا پێکراوە، کتێبەکەی ئەم دواییانەی برێکلی روانگەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە شێوە روانینی کۆلریج بۆ پانتێیزم ئاراستە ئەکا. کۆلریج و تەنگژەی ئەقڵ، بەو جۆرەی کە لەلایەن دانەرەوە ئاماژەی پێ دراوە، تێگەیشتنی مەک فارلەند لە لایەنە فەلسەفییە کلیلییەکانی کێشەی پانتێیزم و تێگەیشتنی کۆلریج لە کێشەکان ئاوەژوو دەکاتەوە.(٧)

تۆماس مەک فارلەند لە پێشدا بەڵگەی بۆ رادیکاڵ نەبوونی بۆچوونی کۆلریج لەسەر کێشەی پانتێیستی کە یەکێک لە گوتارە زاڵە رووناکبیرییەکانی سەردەمی رۆمانتیک بوو، ئاراستە کرد:

> ئەم بەبرستنەبوونە یان بەڕاستی دەیەوێ پانتێیزم وەربگرێ یان لە کانگەی دڵەوە رەتی کاتەوە کە حەقیقەتی ناوەندیی چالاکیی فەلسەفیی کۆلریجە. بۆ کۆلریج – هەروا کە بۆ هاملێت وابوو، روخسارێکی تری هێمایی لە فەرهەنگی رابردووماندا کە بەوەوە، بەو جۆرەی کە دەیزانین، کۆلریج خۆی پێ ناساند ئەم ڕاڕاییە ئاشکرایە بەر لەوەی نیازێکی بەرهەڵستکار بێ نیشانەیەکی راستەقینەیە لە یەکپارچەیی... ئەو ئەم دوو پاژێتییە پانتێیستییەی بۆ چارەسەر ناکرێ ئەگەر چاوپۆشی لە لایەنێکی گشتی لە زانیاری و ئەمەگداریی ژیانبەخشی نەکا.(٨)

مەک فارلەند لە پاشاندا باسێک لەسەر "رەتکردنەوەی پانتێیزم"ی کۆلریج دێنێتە ئاراوە کە بۆ ئەو بە تەواوەتی "پێگەیەکە دژ بە هەموو تەکووزیی بیچمە هێماییەکان کە مرۆڤێکی ئەندێشمەند، لە واقیع ئاراستەی دەکا."(٩) لەلایەکی ترەوە، برێکلی لەو باوەڕەدایە کە پێوەچوونی کۆلریج لە کێشەی پانتێیستیدا دیاریکراو و سەقامخواردوو نەبوو. ئەو قامک دەخاتە سەر ئەوەی کە کۆلریج

لە قۆناغە جیا جیاکانی پیشەی رووناکبیریدا وەڵامگەلێکی جۆراوجۆری بۆ ئەم کێشەیە ئاراستە کردووە.[١٠]

تیشکۆی گرینگی ئەم بەشە لەم تێزە لەسەر بۆچوونی کۆلریج-ە بۆ ئەقڵی مرۆڤ و نەک ئەمەکداریی ئەو بۆ پانتێیزم یان رەتکردنەوەی. ئەوەی کە زۆر روونە ئەوەیە کە پانتێیزم، بیرۆکەیەکی غەیری ئەقڵانیی کە لەلایەن ویستە عیرفانییەکانی ئاین و فەلسەفەوە گەشەی سەند، نەک هەر داکۆکیی بۆ کرا بگرە هەروەتر لەلایەن ئەژمارێک لە رووناکبیرانی رۆمانتیکەوە پێڕەوی کرا. وێڕای ئەم بابەتە، بیرۆکەی فەلسەفە لە سەردەمی رۆمانتیکدا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی؛ ئەمە نەریتی ئایدیالیستیی فەلسەفەی رۆئاوا بوو کە، لەو رۆژانەدا، بووبوو بە ئاواتی باوی رۆشنبیرە گەنجەکان. ئەم قوتابخانە فەلسەفییە کە باوەڕی بە یاسا و ریسای پانتێیزم بوو، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتوون کە لەلایەن فەلسەفەی نێئۆ- ئەفلاتوونییەوە گەشەی کرد، لەلایەن تۆماس ئاکویناسەوە بە مەسیحی کرا و لە ئاکامدا لەلایەن هێگلەوە بە چەشنێکی فەلسەفی فورموولە کرا.

ئەو سیستەمە فەلسەفییەی کە کۆلریج پەرژایە سەری و خۆی پێوە ماندوو کرد لەلایەن ئەژمارێک لە کۆلریجناسانەوە وەکو فەلسەفەی رۆح ناودێر کراوە. بۆ نموونە، داگلاس هێدڵی، لە کۆلریج، فەلسەفە و ئاینەکەیدا (٢٠٠٠) بۆ ئەو بەشەی کە پێوەندیی بە لایەنی فەلسەفی کۆلریجەوە بوو سەردێڕی فەلسەفەی رۆحیی هەڵبژاردووە. هێدڵی، لە سەرتاسەری کتێبەکەیدا، تێ دەکۆشێ سەرنجمان بۆ ئەم راستییە رابکێشێ کە کۆلریج لە نەریتی ئەقڵانیی سەدەی حەڤدەم و هەژدەمی فەلسەفەکاراندا ئەقڵانیخواز نەبوو. بگرە، کۆلریجێک ئاراستەی خوێنەرانی دەکا کە گەیشتە لووتکەی بەرزی خواباوەڕیی، ئایدیاڵیستی، و نەریتی رۆحخوازیی شاعیرە فەلسەفەکارەکان.[١١] بەو جۆرەی کە لە بەشە پێشووەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خرایە بەرباس، جیاوازییەکی زەق لە نێوان خواباوەڕیی ئەقڵانی[١] و خواباوەڕیی ئاینیدا[٢] بوو. لە کاتێکدا کە خواباوەڕیی ئەقڵانی ئاکام و تەشقی بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی بوو، خواباوەڕیی ئاینی باوەڕێکی نەگۆڕ بوو بە خوا و هێزی رەهای. بیرۆکەی پانتێیزم دەگاتە بەرزترین خاڵی خۆی کە خواباوەڕێکی ئاینی بۆی هەیە پێی بگا.

خولیای شاعیری رۆمانتیک بۆ ئایدیای پانتێیزم و بەرەنجامی مەعنەویی سەرچاوەیەکی بێ سنوور لە سرووشی بۆ مسۆگەر دەکا کە سروشتە. سەیر لەوەدایە کە سروشت لێرەدا هەم داهێنەرە هەم داهێنراو. شاعیری رۆمانتیک وەکو سروشت خەریکی هەڵسووڕانی داهێنەرانەیە.

---

1. deism

2. theism

سروشت هەستە سەرچاوەیی و عاتیفییەکان دادەهێنێ؛ هەڵسووڕانی داهێنەرانەی شاعیری رۆمانتیک ئەوسا سەرچاوەیی و عاتیفی دێتە ئەژمار. سووژەی رۆمانتیک بایەخ ناداتە نەریت و یاساکان. ئەو پێوەندیی بە داهێنەریی سروشتەوە هەیە کە سروشتییە و بێوەرە لە رێککەوتنی ئەدەبی؛ هەر بۆیە، داهێنەریی شاعیری رۆمانتیک، لە پێشدا، سروشتییە و بێوەرە لە یاسا ئەقڵانییەکان. ئەمە بەو مانایەیە کە بەرهەمی داهێنراو هونەری دەبێ بەرهەمی تۆفانی عاتیفی بێ نەک بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی. ئەمە ئاکامی مانەوە لە سروشتدایە، ناوەندی سرووش و مەعنەویت؛ ئەم کارەش لە ژینگەیەکی گەورەی شارستانیدا سەرناگرێ.

شاعیرە رۆمانتیکەکان لەو باوەڕەدا بوون کە شاعیرە نیئۆکلاسیکەکان وەکو لۆجیکزانان و ماتماتیکزانان لە پرسیاری داهێنەریی هونەرانە نزیک بوونەوە. بەو جۆرەی شێلی لە بەرهەمی بەناوبانگی رەخنەکاریی ئەدەبییەکەیدا، داکۆکییەک لە شیعر، باسی دەکا هۆندنەوەی شیعری جیاوازە لە ئوسلووبەکانی تری داهێنان.

شیعر وەکو ئاراستەکردنی هۆکار نییە، وزەیەک کە دەبێ بەپێی سووربوونی ئیرادە بەکار بگیردرێ. مرۆڤ بۆی نییە بڵێ، "شیعر دەهۆنمەوە." تەنانەت مەزنترین شاعیرانیش بۆیان ناکرێ شتی وا بڵێن: بۆیەکە زەین لە دارِشتندا وەکو خەڵووز وایە کە دەپووکێتەوە و برێک کاریگەریی نەبینراو، وەکوو بایەکی کورتخایەن، رووناکییەکی کورتماوە بە خەبەر دەکەنەوە. ئەم وزەیە لە دەروونەوە هەڵدەقووڵێ، وەکو رەنگی گوڵێک کە بزر دەبێ و ئاڵ و گۆڕی بەسەردا دێ هەروا کە باڵا دەکا و بەشە وشیارەکانی سروشتی ئێمەش بەربووری کارانە نییە نە لە بۆچووندا و نە لە رۆیشتندا.(١٢)

هەر بۆیەکە داهێنان لە واتای رۆمانتیکدا و بۆ سووژەیەکی رۆمانتیکی وەکو داهێنان لە زانستدا نییە. ئەم داهێنانە ئیشراقییە بەر لەوەی کە ئەزموونی و دەستکرد بێ رەسەنە. ئەمە سروشتییە نەک بەزۆر بە کارگرتن. بۆ خۆی دێت؛ بانگەوازی بۆ ناکەی. بۆ هەلومەرجی زەینی گرینگە نەک بۆ یاسا بابەتییەکان. هەروەها، توخمەکانی سروشتیش دەتوانێ سەرچاوەی سرووشی بۆ داهێنان بن. توخمەکانی سروشت رۆحی و سرووشین و دەتوانن لە داهێنانی خەیاڵکردی شاعیردا کاریگەر بن. لەم رووەوەیە کە چەندان ئاماژەمان بەناوی شوێنە جیاوازە جوگرافیاییەکان، بینا کۆنە هەنووکە بەجێماوەکان لە سروشتدا، گوڵەکان، هەورەکان، زەریا و رووبارەکان و باڵندەکان لە شیعری رۆمانتیکدا هەیە. لە ئەدەبیاتی نیوکلاسیکدا، هەرچەند، مرۆڤ بەدەگمەن بۆی هەیە ئاماژە بۆ حێوانێک ببینێتەوە، ئەگەر ئاماژەیەک هەبێ ناڕاستەوخۆیە، بە بۆنەوە – لەو باوەڕەدا بوون – شیعر پێگەیەک بۆ بوونەوەرە غەیری ئەقڵانییەکان نەبوو. لە رۆمانتیسیزمدا، لەلایەکی ترەوە، بوونەوەر و شتە سروشتییەکان دەورێکی باڵا و ڕێزداریان لە لەدایکبوونی خەیاڵدا هەیە. یەکێک لە نموونە بەناوبانگەکانی ئەم بوونەوەرە سروشتییانە بولبولە کە کیتسی بۆ هۆنینەوەی "قەسیدەی بولبول" دنەدا و "کڵاوکوڕە"ش بۆ شێلی کە "چوڕە" هۆنێتەوە.

## مۆتیڤەکانی شیعری رۆمانتیک: نواندنەوەی سووژەی رۆمانتیک لە ئەدەبدا

شیعری رۆمانتیک لە خۆگری ئەژمارێک مۆتیڤی فرە پات و زاڵە کە لە تایبەتمەندییەکانی سووژەی رۆمانتیکیشە. کێشەکەم لێرەدا ئەوەیە پیشان بدەم چۆن مۆتیڤە زاڵەکانی شیعری رۆمانتیک چەشنێک سووژە دەخەنە روو کە لەم تیزەی بەردەستدا وەکو سووژەی رۆمانتیک ئاماژەی پێ درا. ئەگەرچی شاعیرە رۆمانتیکەکان دەگەڵ پرسە جۆراوجۆرەکانی سووژەدا دانوستاندنیان هەبوو، دەگونجێ باس لە کۆمەڵێک مۆتیڤ بکەین کە لە بەرهەمەکانیاندا رەنگی دایەوە. لە هەر رووەوە، بەو جۆرەی لێرەدا لەو هەوڵەدام پیشان بدەم، هەموو کات مۆتیڤێکی زاڵ و جیاواز لە بەرهەمەکانی هەر کامیاندا دەدرەوشێتەوە. بە واتایەکی تر، ئەگەر هەر کام لە شاعیرە رۆمانتیکەکان بە جیاواز بخەینە بەرباس، بۆمان دەردەکەوێ لە هەر شیعرێکدا هەردەم مۆتیڤێکی دیار و دەرکەوتوو هەیە کە لە شیعرەکانی تری ئەو شاعیرەدا دووپات بووەتەوە. هەر کام لە شاعیرە رۆمانتیکەکان لە قۆناغێکی تایبەت بە پیشەی ئەدەبیاندا خولیای مۆتیڤێکی دیاریکراو بووە. ئەمە کۆبوونەوەی ئەم مۆتیڤانەیە کە لەلایەکەوە مۆتیڤە پاتەکراوەکانی شیعری رۆمانتیک و لەلایەکی تریشەوە تایبەتمەندێتیی سووژەی رۆمانتیک پیشان دەدەن.

لە پێوەندی دەگەڵ کاریگەرێتیی چڕکراوی سەرەوەی رۆمانتیسیزم لە کۆتاییی سەدەی هەژدەمدا، بۆی هەیە بڵێین کە رۆحی رۆمانتیک تەنیا بە ناوەند و گرووپە شیعرییەکانەوە تەرخان نەدرا. ئەمە بەبۆنەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و باروودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمەوە بوو کە لەلایەن زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنێکی دیاریکراوی سەردەمی رۆمانتیکەوە هەستی پێ کرا و پێڕەوی کرا. بزووتنەوەی رۆمانتیک لە راستیدا بزووتنەوەیەک بوو بۆ مرۆڤە هاوبەرژەوەندەکان؛ بزووتنەوەیەک بوو بۆ رزگاری، یەکسانی و، یەکەتیی هەموو مرۆڤەکان. کە واتە، شیعری رۆمانتیک، بە پێچەوانەی شیعری رەوتی سەرەکیی سەدەی هەژدەم، زمانی مرۆڤە هاوبەرژەوەندەکانی بەکار هێنا، یان، بەو جۆرەی کە وۆردزوۆرس دەڵێ، زمانێک بوو کە "لە راستیدا لەلایەن مرۆڤەکانەوە کەڵکی لێ وەرگیردرا."

یەکێک لەو مۆتیڤانەی کە لە بەرهەمی ئەژمارێک لە شاعیرە رۆمانتیکەکاندا رەنگی دایەوە بێ تاوانیی منداڵان و لێقەوماوییەکەی بوو لە هەلومەرجێکی پێگەیشتوودا. مۆتیڤی بێ تاوانیی منداڵان و ئەزموونی دوا بەدوای لەوانەی دەقەومێ کە قۆناغی منداڵییان لە شیعری ویلیام بلەیک دا رابردبێ بەتایبەت لە گۆرانییەکانی بێ تاوانی و گۆرانییەکانی ئەزموون دا کە یەکێک لە رەوتە سەرەکی و سەرەتاییەکانی رۆمانتیکی گرینگایەتیی منداڵ و قۆناغی منداڵییە. بلەیک لە هۆنینەوی برێک لە شیعرە بەناوبانگەکانیدا ئەم مۆتیڤەی لە بەرخۆلە، بەبر، کوڕە رەشە چکۆلەکە، کوناوەجە خاوێنکەر و ئاوازی پەرستارێکدا بەکار گرت[٣].

---

(٣) ئیتالیک نووسینەکەی لە وەرگێڕەوەیە.

شیعرێکی تر کە هەتا رادەیەک پوختە بێت و بەچەشنێکی فەلسەفی رامانی لەسەر کرابێ و پێوەندی بە هەمان مۆتیڤەوە بێ قەسیدەی ویلیام وۆردزوۆرسە: لاساییکردنەوەکانی هەتاهەتایی. بنەمای ئەم شیعرە بە بۆنەی دابڕان لە رەوتی هۆنینەوەدا بریتییە لە دوو بەشی جیاواز. بەشی یەکەم لە چوار پارچە هەڵبەستی بەرایی پێک دێ کە پیشاندەری هەستی نۆستالۆجیکی وۆردزوۆرسە بۆ هەرەتی منداڵی. بەشی دووەم، کە برێتییە لە پاشماوەی شیعرەکە، تێڕامانی فەلسەفیی قووڵی روانین و شوێن دانانی لەدەستدانی ئەم روانینەیە کە لەلایەن منداڵێکەوە ئەزموون دەکرێ. لەم شیعرەدا منداڵەکە وەکو "باشترین فەلسەفەکار،" "چاو لە نێوان نابینایاندا،" "پێغەمبەری بەبڕست،" "بەربووریکاری پیرۆز" ئاماژەی پێ دراوە. پرسۆناکە بە هیوای وەدەستخستنەوەی دۆخێکی ئەوتۆیە. لە کۆتاییی شیعرەکەدا، دەنگی پرسۆناکە، کە ئێستا پێ گەیشتووە، دەبێتە عاتیفی کە بە روونی منداڵەکەی تێدا پیشان دەدرێ.

کە دڵی مرۆڤ گڕاوی ژینە
ناسک و تەرچک پڕ لە ئەوینە
بە راوەشانی هەر گوڵێکی خەسیس
لێ رادەمێنم بۆیە خەمگینە.(١٣)

هەواڵنامەی کتێب

مۆتیڤی تری تایبەت بە رۆمانتیسیزم توخمە باوەڕ پێنەکراوەکانە. ئێس. تی. کۆلریج دەتوانێ وەکو تاقانە شاعیری رۆمانتیک لە بەرچاو بگیردرێ کە دەکرێ لە بەرهەمەکانیدا نەک هەر رەنگدانەوەی ئەم مۆتیڤە بگرە هەروەتر ئەقڵییەتی فەلسەفی بۆ هەبوونی توخمە باوەڕ پێنەکراوەکان لە شیعریدا بەدی بکەین. توخمە باوەڕ پێنەکراوەکان، لە پێش هەموو شتێکدا، پیشاندەری وزەی وێنایە. لەم رووەوەیە کە کۆلریج، تاقانە شاعیر رەخنەکاری رۆمانتیک کە وێنای مرۆڤی تیۆریزە و دەستەبەندی کرد، لە شیعردا توخمە باوەڕ پێنەکراوەکانی رەچاو کرد. سەرەڕای ئەوەش، تاقە شاعیری رۆمانتیکیشە کە بەبۆنەی کەڵک وەرگرتنی شکسپیرەوە لە توخمە باوەڕ پێنەکراوەکان ریزی لێنا و کاریگەرێتی لێ وەرگرت. بەو جۆرەی ئانیا تەیلۆر ئاماژەی بۆ دەکات تێگەیشتنی کۆلریج لە شکسپیێر زۆرتر بەبۆنەی کەڵک وەرگرتنی ئەوەوە بوو لە توخمە باوەڕ پێنەکراوەکان و بەتایبەت پشتبەستنی بە وێنا.

کۆلریج هەست بە کەڵک وەرگرتنی قووڵی بەکارگرتنی توخمە باوەڕ پێنەکراوەکانی شکسپیر ناکا چونکە ئەوان "ژیانی ناوەکیی سروشت" ئاشکرا دەکەن... بە پێچەوانە بەبۆنەی هۆکاری دژ بەمە هەستیان پێ دەکا. ئەوان لە باتیی پیشاندانی ژیانی سروشت، رزگاری وێنا لە سروشتیان پیشان دا.(١٤) (ئیتالیک نووسینەکەی لە وەرگێڕەوەیە)

سروشت و جۆرەکانی وێنە و هەروەها کارکردیشی لەلایەن کۆلریجەوە دەستەبەندی و بەچەشنێکی فەلسەفی تیۆریزە کرا. ئەمە لە بەشی چوارەمی ژیاننامەی ئەدەبییەکەیدا بوو کە

کۆلریج ئاماژەی بە جیاوازیی نێوان وێنە و خەیاڵ دا. بە خستنە بەرباسی زاڵێتیی پێگەی شیعری وۆردزوۆرس، کۆلریج بەم شێوەیە ئاماژەی بە جیاوازیی نێوان وێنە و خەیاڵ کرد.

تێرامانی لە پەساو نەبڕاوە لە پێشدا بەرەو گومانکردن هانی دام و (رامانێکی زۆرتری شیکاری وزەکانی مرۆڤ، سەرنجە شیاوەکانیان، کارکردیان و، ئەو کاریگەرییانەی گومانەکەمیان پێ گەیاند و بە باوەڕی پتەویان گەیاند) کە خەیاڵ و وێنە دوو وزەی هەڵبڕاو و بەچەشنێکی بەربڵاو لێک جیاوازن، لە باتیی بوون، بەپێی باوەڕی گشتی، یان دوو ناو بە یەک واتاوە، یان زۆر دوورتر، رادەی بەرزتر یان خوارتری یەک یا هەمان وزە.(١٥)

کۆلریج دەیویست هەتا جیاوازییەکانی تری ئەم دوو زاراوە لە لاپەڕەکانی تری هەمان بەشدا راڤە بکا. ئەمە، لە هەر رووەوە، لە بەشی سێزدەمدا بوو کە گەڕایەوە سەر ئەو کێشەیەی کە بەوەوە بەناوبانگترین سەرنجەکانی لەسەر خەیاڵ ئاراستە کرد. بە خۆبواردن بۆ لە بەرچاونەگرتنی خەیاڵ لانی کەم وەکو فاکتەرێکی کەمتر لە پشت هۆنینەوەی شیعری هونەری رەسەنەوە، ئەو بەڵگەمەندی کرد کە خەیاڵ زۆر نزیک بوو لەو شتەوە کە بە "بیرگەی ئاسایی" ناودێرمان کرد. لەلایەکی ترەوە، ئەمە دەوری "وێنە" بوو کە لە تیۆرەکەیدا زۆرتر بوو بە ناوەندی. کۆلریج لەو باوەڕەدا بوو کە دوو جۆر وێنەی جیاواز لە ئارادایە کە بە پێشێین و پاشێین(٤)

ناودێریانی کرد. شاعیران، لە باوەڕی ئەودا، وێنەی پاشێینیان پێ دراوە کە بۆی هەیە بەوێنەی داهێنانیش ناوزەد بکرێ. کۆلریج دەنووسێ:

بە لای منەوە وێنەی پێشێین هۆکاری سەرەتایی و وزەی زیندووی تێگەیشتنی مرۆڤە و، وەکو دووپاتبوونەوەیە لە زەینی سنوورداری هەڵسووڕانی نەبڕاوەی داهێناندا لەو بێکۆتاییەی منی تێدا دەژیم. وێنەی پاشێین وەکوو دەنگدانەوەی وێنەی پێشێینی دەزانم کە دەگەڵ ویستی وشیاردا دەژیت، کەچی لە چەشنی هۆکارێتیدا دەگەڵ وێنەی پێشێیندا ئەم ئەوە و، تەنیا لە رادە و پلە و پایە و ئوسلووبی هەڵسووڕاندا جیاوازن.(١٦)

وێنە وەکو لایەنی بەرچاوی کەسێتی سووژەی رۆمانتیک دادەنرێ. وزەی داهێنەرانە و سەرئاسایی وێنای مرۆڤ دەبوو لە شیعری رۆمانتیکدا کاریگەریی هەبا. خولیا و باوەڕی سووژەی رۆمانتیک بوو بە وێنا، ئەوەندە بەرچاو هەست پێ کرا کە بۆی هەیە بڵێین سەردەمی رۆمانتیک

(٤) یەکەمین و دووەمین، بەرایی و دوایی، سەرەتایی و کۆتایی، سەرەکی و لاوەکی، لە پێشدا و لە پاشدا و... هتد، ئەو هاوتا و هاوسەنگانەی ترن کە دەکرێ بۆ Primary and Secondary و لە باتی پێشێن و پاشێن دابنرێ. کەچی، بەلای منەوە پێشێن و پاشێن نەک هەر شیاوتر و گونجاوترە بگرە هەروەتر دۆخ و واتایەک دێنێتە ئاراوە کە دەگەڵ ڕاڤە و نواندنەوەی دەوری هەر کامەیاندا دێتەوە بۆیە کە بەرودوای ئاکار، کردووە و قۆناغی ڕووداوێک دیاری دەکات کە وەکو زنجیرەیەک وایە و ئەمیان بەبێ ئەویان تەواو نییە. —و—

دواین سەردەم بوو کە تێیدا باوەڕێکی راستەقینە بەبێ خەوشی، داهێنەری و هەڵگری تایبەتمەندیی وێنای مرۆڤ بوو. هەروا کە هارۆڵد بلووم لە پێشەکییەکەیدا بۆ کۆمەڵی خەونبین: "خوێندنەوەیەک لە شیعری رۆمانتیکی ئینگلیزیدا، دەنووسێ، بلەیک لە ئێوارەی یەکشەمۆیەکدا چرای ژیانی کوژایەوە؛ ١٢ی ئاگۆستی، ١٨٢٧ و، باوەڕی پتەو بە سەربەخۆیی وێنای شاعیرێک لەگەڵ ئەودا کۆچی دوایی کرد."(١٧)

مۆتیڤێکی گرینگی تری شیعری رۆمانتیک کە دەگەڵ ئەو رۆژەدا دەهاتەوە ئازادیی رزگاری بوو. ئازادی چەندان پێناسەی هەیە و واتاکەی لێرەدا نابێ ببەستریێ بە ئازادیی سیاسییەوە. لە کاتێکدا کە یەکێک لە کاربردە زاڵەکانی چەمکی ئازادیی رزگاری لە دیکتاتۆریی سیاسی بوو، کاربردەکانی تری برێتی بوو لە رزگاری لە زەختە کۆمەڵایەتییەکان، رزگاریی لە داخراوییە ئایینییەکان و رزگاری لە بەزۆری یاسا ئەدەبییە نیئۆکلاسیکییەکان. ئازادیی مۆتیڤێکە کە لە شیعری رۆمانتیکدا رەنگی دایەوە، لە پێش هەموو شتێکدا، بەچەشنێکی دراماتیک. بەم بۆنەوەوەیە کە دەبێ بڵێین شیعری رۆمانتیک بۆ خۆی نموونەیەکی چاکە لە بەرهەمێکی هونەریی کە بێوەرە لە یاسا نیئۆکلاسیکییەکان. ئەمە لە سەردەمی رۆمانتیکدا بوو کە شیعری ئازاد بەراستی گەشایەوە و شێوازی دەربڕینی خۆی بینییەوە.

سووژەی رۆمانتیک نەک هەر حەزی لە چەمکی ئازادی دەکرد بگرە هەروەتر خۆی پێوە ماندوو کرد. بە لای سووژەی رۆمانتیکەوە ئازادی گرانتر بوو لە یاسا، زەخت و داخراوی. ئەگەر سەرنج بدەینە چاوپۆشیی شکسپیر لە، بۆ نموونە، سێ یەکەییەکانی شێوە ئەرەستوویی، هەروەها کەڵک وەرگرتنی لە ناسازیی مێژوویی دەتوانین وای دابنێین کە ئەو یەکێک لە یەکەمین سووژە رۆمانتیکییەکانی سەردەمی مۆدێرن بووە. لە هەر رووەوە، شکسپیر ئەمجارەش دیسان بەچەشنێکی ناتەباییی مێژوویی لێ رادەوەستێ بۆیە کە سەردەمی رۆمانتیک بەزۆری دوو سەدە بەشوێن مەرگی ئەودا سەری هەڵدا.

زۆربەی شاعیرە رۆمانتیکەکان پەرژانە سەر چەمکی ئازادی هەم لە ئاستێکی تیۆریک و هەم لە ئاستی کردەوەییدا. برێکیان بیرداڕێژەرانی رادیکاڵ بوون و، بەرەنگاری ئەژمارێک لە زەختە سیاسی و ئایینییەکان بوونەوە. بۆ نموونە، بڵاوبوونەوەی ئەشێییەتی لادینی شێلی و دەرکردنی لە زانکۆ و هەڵاتنی لەگەڵ ئەویندارەکەیدا بۆ ئیرلەند نموونەگەلێکی دەرکەوتوون لەم روانینەدا. سەرەڕای ئەوەش، شیعرەکەی لە دژایەتی دەگەڵ جۆرجی سێیەمدا کە بەم دێڕە بەناوبانگەوە دەست پێدەکا "پادشایەکی پیر، نابینا، شێت، بڵح و مردوو" لەنێو زۆربەی دەقە سرووشگرتووەکانی گوتاری سیاسی یەکەمین دەیەکانی سەدەی نۆزدەمدا بوو.

یەکێک لە نموونە بەرچاوەکانی رەنگدانەوەی چەمکی ئازادی لە شیعری ئەم چاخەدا قەسیدەی شێلییە بۆ بای زریان. پێرسۆنای ئەم شیعرە مرۆڤێکی ئارمانجخواز و رادیکاڵە کە یارمەتیدەرە و وزەی سرووشت بۆی دەکرێ لە ئەنجامدا ئازادی بۆ مرۆڤ دابین بکات. لێرەدا سرووشت وەکوو

هاندەر و رزگاریبەخشێکە کە لەلایەن پێرسۆناکەوە بانگهێشتن کراوە هەتا دیکتاتۆرییەتەکان بڕووخێنێ. سروشت نەک هەر دەتوانێ مرۆڤ لە کۆتی خۆف و مەترسیی شارەکان و گەندەڵیی ژیانی رۆژانە و دەستکردیی ژیاری مۆدێرن رزگار کات بگرە هەروەتر دەتوانێ راگەیەنەری ئازادی بێت. ئەم شیعرە تاکبێژییەکی درێژخایەن و رێژەییە کە لەگەڵ بای زریاندا دەدوێ؛ پێرسۆناکە داوای لێ دەکا هەڵکات و دیکتاتۆرە ستەمکارەکان بڕووخێنێ. پێرسۆناکە، بە دوای شرۆڤەکردنی هێزی با و کاریگەرێتیی لەسەر هەورەکان، گەڵاکان و شەپۆلەکان لە کۆتاییی شیعرەکەدا هیوای خۆی بەچەشنێکی راستەوخۆ دەردەبڕێ. ئەو داوا لە با دەکا هەمان هێز کە ئەو هەیەتی بەویشی بدات؛ هەروەها داواشی لێ دەکا قسەکانی بۆ هەموو شوێنێک ببا و بڵاوی کاتەوە.

مەهێڵە بیرەکانم بمرن، بە جیهاندا بیانگەڕێنە
وەکو گەڵا ژاکاوەکان لە پەرژینان دەربهێنە
لە پشکۆیەکی کوژاوەوە ودمی نوێ بچێنە

و، بەسیحری ئەم شیعرە ژیانی نوێ بڕوێنە
دەبا باوەشێن بێ بووڵەمرِ و سکڵەکانی!(١٨)

ئەمە شیعرێکی نموونەییی رۆمانتیکە نەک هەر بەبۆنەی بانگێشتنییەوە لە سروشت بگرە هەروەتر بە بۆنەی ئارمانجخوازبوونییەوە. دەنگی شیعرەکە لە ئاستێکی باڵادا یارمەتیدەر و گەشبینە. پێرسۆناکە بە هیوای رزگاریی دوایی مرۆڤە کە بە یارمەتیی با مسۆگەر دەبێ؛ ئازادییەکی ئەوتۆ بە شیعریش مسۆگەر دەبێ کە پشکۆ دامرکاوەکان هەڵدەئایسێنێ. تێمی ئارمانجخوازی شیعرەکە دەربڕینی خوازەی کۆتایی لە دواین کۆپلەی شیعرەکەدا دەبینێتەوە:

ئەی با،
کە زستان بێت، بڵێی بەهار هێندە دوور بێت؟(١٩)

وەڵام بۆ ئەم پرسیارە تیۆریکییە روونە: بەهار زۆر دوور نییە. بەهار لێرەدا خوازەیەکە بۆ کاتێ کە تێیدا ئازادی لە هەموو شوێنێکدا هەیە. بەکورتی، شیعرەکە، کە ئازادیی مۆتیڤی سەرەکییە، لە رۆح و تێمدا سیاسییە.

متمانە و باوەڕی سووژەی رۆمانتیک بە هێزی وێنا یارمەتیدەرە بۆ عەشقی سووژەی رۆمانتیک بە ئازادی. بە واتایەکی تر، جارجارە ئەمە وێنایە کە دەتوانێ سووژە لە یاسا رزگار کات. بەم بۆنەوەیە کە نزیکایەتییەکی تەنگانە لە نێوان تیۆرییەکانی هۆنینەوەی رۆمانتیک لەلایەکەوە و پێوەندیی سووژەی رۆمانتیک دەگەڵ ئایدیای ئازادی لەلایەکی ترەوە. پی. دەبلیو. کەی. ستەوِن زانای بەسالاچووی رۆمانتیسیزم پێوەندیی نێوان هۆنینەوەی رۆمانتیک و ئازادی بەم چەشنەی

خوارەوە دەخاتە بەرباس:

> لە رووی پێویستبوونەوە پەرژاینە سەر تیۆری وێنە بۆیە کە داهێنانی ئیشراقی واتە ئەم باوەڕە کە شیعر بەبێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەیەکی پێشووتر دێتە نووسین... بۆ رۆمانتیکەکان، لە بەرهەمهێنانی شیعردا، قەت توخمێکی توێژینەوەیی یان هەڵبژاردن لە رووی لێکدانەوەوە پێگەیەکی نەبووە. گەڵاڵەی وشیار و مەبەستی وشیار بە هەموو هاوکاتی چارەهەڵنەگری هونەرەوە پاژێکی پێداویست لە ئارادا نەبووە.[٢٠]

سەربەخۆیی، کە پێوەندییەکی دوولایەنەی بە ئازادییەوە هەیە، مۆتیڤێکی تری شیعری رۆمانتیکە. رەنگە باشترین نموونە لێرەدا شیعر و ژیانی لۆرد بایرۆن بێ، کە لە شاعیرە رۆمانتیکەکانی ترپێوەندییەکی زۆرتری بە چەمکی سەربەخۆییەوە هەبوو. شێلی و لۆرد بایرۆن شیعری رادیکاڵ و سیاسییان نووسی و بانگەشەی مەرگیان بۆ دیکتاتۆرەکان و دامەزراندنی سیستەمێکی یەکسانخوازی حکوومی بەرز کردەوە. بەم چەشنە، ریچارد کرۆنین ژێر ناوی "گەڕان بە دوای کۆماری خاوێن"دا بۆ سیاسەتی شیعری رۆمانتیک-کەی (٢٠٠٠) هەڵبژارد. شیعری رۆمانتیک لە سروشتیدا ئەوەندە سیاسییە کە تەنانەت شاعیرێک وەکو ویلیام بلەیک کە بەچەشنێکی ئاسایی وەکو شاعیرێک دادەنرێ کە پێوەندیی بە مۆتیڤی منداڵەوە هەیە و ئاوازە بێگوناهەکانی هۆنیوەتەوە لە روانینی کرۆنیندا شاعیرێکی سیاسییە:

> بۆی هەیە زەماوەندی (بەهەشت و جەهەنەم) هەوڵی بلەیک بێ بۆ قانیعکردنی هاوپەمانە سیاسییەکانی کە هاووڵاتیی نەتەوەیەکن، هەموو رۆڵەی شادین، کەچی بەو ناسینەوەیە لە گۆ دەچێ کە تەنانەت لە رێکخستنی هەوڵێکی ئەوتۆدا لەوانەیە بلەیک تەنیا لە نووسینی مانیفێستی حزبێکدا سەرکەوێ کە تاقە ئەندامی حزبەکە ئەوە. زەماوەندەکە بەئاهەنگی تێکڕای دەستەی بێژەرانەوە کۆتاییی پێ دێ؛ بە سروودی رزگاریەوە، ئەو کێشەیەی کە بەوە دەست پێ دەکا بۆی هەیە بەربوورییەکی راستەقینەتر بێ. لەوێ مرۆڤە دادگەرەکە لە ئەرکی سازدانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەردا هاوتایەک نابینێتەوە کە دەگەڵ ئەودا هاوبەرژەوەند بێ.[٢١]

ئەگەرچی شێلی و لۆرد بایرۆن زۆر جار وەکو سیاسیترین شاعیرە رۆمانتیکەکان دادەنرێن، دەتوانین نموونەگەلێکی روونتر لە شیعری سیاسی لە بەرهەمی شاعیرانی تری رۆمانتیکیدا وەکو وۆردزوۆرسی لاو ببینینەوە. هەرچەند، جیاوازیی نێوان شێلی و لۆرد بایرۆن و شاعیرانی تری رۆمانتیک ئەوەیە کە شێلی و لۆرد بایرۆن ژیانی خۆتاراو (دوورکەوتنەوە لە وڵات)یان هەڵبژاردبوو؛ ئەوان، لەم ئاستەدا، لە یەکەمین شاعیرانی دنیای مودێرندا بوون کە بڕیاریان دا پیشەی ئەدەبی و سیاسەتوانییان لەناو وڵاتی خۆیاندا درێژە پێنەدەن. هەروا کە ریچارد کرۆنین دەڵێ، "سەیرە کە دوو شاعیری ئینگلیزی لە ١٨١٩دا کە بەزۆری و بەچەشنێکی راستەوخۆ سیاسەتی ئینگلیزیان وەڵام دایەوە لە دەرەوەی وڵاتدا نووسییان." لە رۆژگاری ئەورۆکەیدا چەندان نموونەی ئەم شاعیرانە

هەن کە ژیانی تاراوگەیی یان خۆتاراویان هەیە. ئەگەر چاوێک بخشێنینە سەر ژیاننامەی زۆرینەی شاعیرانی بەناوبانگی رۆهەلاتدا، دەسبەجێ بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەیان بەبۆنەی زەخت و گوشاری سیاسیی زاڵ بەسەر نیشتمانەکەیاندا ژیانی خۆتاراویان پیشە کردووە. کە واتە، شێلی و لۆرد بایرۆن پێشەنگی شاعیرانی سەدەی بیستەمیش بوون.(٢٢)

سەرەڕای ئەوەش، قارەمانی بایرۆنی، وێڕای ئەوەی کە ژیانێکی تایبەت و شازی کەسەکیی هەبوو، لە ناو گەلدا قارەمانێکی شۆڕشگێڕ بوو. ئەگەرچی، قارەمانی بایرۆنی و قارەمانی سێتانیکی، لە جان میلتوندا سەرچاوەی جیاوازیان هەیە، هەردووکیان لە ئارمانەکانیاندا سەربەخۆییان هەبوو. لە کاتێکدا رۆخساری سێتانیکی لە بەهەشتی ونبوودا لە پێگەی بالا و بەرزی مرۆڤ یاخی دەبێ و، بەم پێیە، بڕیاریدا ئیدی بە خواوە بەند نەبێ، لۆرد بایرۆنیش خۆی تەرخاندا بە ئامانجی سەربەخۆیی یۆنانەوە لە ژێر سەیتەرەی تورکەکانی عوسمانیدا. ئێستا ئەو لە یۆناندا وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی یادی لێدەکرێ.

مۆتیڤی تری شیعری رۆمانتیک بە گرینگایەتیی بالاوە بۆ رۆمانتیکەکان پرسیاری جوانی، سروشتیی جوانی و چەشنەکانی جوانییە. بۆ خستنە بەرباسی پێوەندیی ئەم مۆتیڤە بە سووژەی رۆمانتیکەوە چەند نموونەیەکم لە شیعر و ئایدیای جان کیتز هەڵبژاردووە. جان کیتز نەک هەر لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا بگرە هەروەتر لە ئەدەبیاتی دنیاشدا کەم وێنەیە و لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و، شیعرە بەرزەکانیشی لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا نووسیوە. خاڵی بەرچاوی تر سەبارەت بە کیتز ئەوەیە کە ناوڕژێتە سەر گوتاری زاڵی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە کە شاعیرە هاوچەرخەکانی پێوە چوون. جوانی، نەمرییەکەی و پێوەندیی بە دنیای مادییەوە یەکێک لە مۆتیڤەکانی شیعری کیتز پێک دەهێنێ. باشترین و پێوەندیدارترین شوێن بۆ تێگەیشتن لە پێناسە و گرینگایەتیی جوانیی بارودۆخی ناوەندیی جوانیی لە زەینییەتی رۆمانتیکدا شیعری جان کیتز و هەروەها نامەکانییە، ئەو شوێنەی کە تێیدا ئایدیای خۆی لەسەر هونەر، جوانیناسی و داهێنان دەربڕیوە.

بەخستنە بەرباسی "ئاکسیۆم"ەکانی لە نامەیەکدا، کیتز ئاماژە بەوە دەکا کە "هەستکردن بە جوانیی شیعر قەت نابێ نیمە و ناتەواو بێ."(٢٣) لێرەدا کیتز مەبەستی ڕاپەڕاندنی تەواوەتیی شیعرێکە وا دادەنرێ هەستێک لە جوانی لە خوێنەردا مسۆگەر دەکات. بەپێی تێبینییەکی ئەوتۆ و تایبەتمەندییە شێوازناسانەکانی شیعری کیتز دەبێ بڵێین کە ئەو یەکێک لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی هونەر بۆ هونەر بوو کە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمدا سەری هەڵدا.

ئایدیای کیتز لەسەر جوانی و سروشتی جوانی لە کۆتاییی "قەسیدەی گوڵدانی زینەتیی یۆنانی"دا هاتووەتە ئاراوە. لە پێوەندیی دەگەڵ پرسیاری نەمریی هونەر لەم شیعرەدا، لە راستیدا نموونەیەکی هەتاهەتاییی هونەرمەندانە، گەلاڵەکراوی شیعری داڕشتووە. یەکێک لەلایەنە سەرەکییەکانی تیۆری هونەریی کیتز بە گشتی و ئەم شیعرە بەتایبەتی جەختی ئەوە لەسەر نرخی

نەمریی جوانیی هونەری کە بەرامبەر بە جوانیی فیزیکی ڕادەوەستێ:

ئەو دەمەی ئەم بەرە پیری بەبا دەدەن،
تۆ دەمێنی و، پەژارەی ئەوان
کەچی خۆمان، هەڤاڵێک بۆ مە، بۆ ئەو کەسەی گۆرانیی بۆ دەڵێیتەوە،
دەرفەتە بیزانن جوانی حەقیقەتە، ڕاستییە،
دەبیزانن
ئەمەیە هەمووی ئەو شتەی دەبێ ئێوە بیزانن.(٢٤)

ئەو دێرانەی سەرەوە بابەتی کێشەی بەربڵاوی ڕەخنەکاران بووە. لەم ڕووەوە، بەو بۆنەوە خاڵی سەرەک تیۆری هونەریی کیتز و ئایدیای ئەو لە سەر جوانی بێتە ئاراوە، دەبێ تیشک بخەینە سەر دوو خاڵ: یەکەم، جوانی، کە لە ڕوانگەی کیتزەوە، وەکو حەقیقەت وایە بۆیە هەم نەگۆڕە، هەم سەقامخواردوو، هەمیش بایەخی نەمریی هەیە. کەواتە، جوانیی بەرهەمێکی هونەری دەبێ نرخی نەمریی هەبێ. خاڵی دووەم و گرینگتر ئەوەیە کە جوانی بۆ خۆی حەقیقەتە؛ واتە، "جوانیی حەقیقەتە." ئەم تێبینییە دواییەیە کە ئایینی جوانیی کیتز ئاشکرا دەکا. لەلایەکی تریشەوە، بە خواربوونەوە بەسەر شەقڵی زەق لە نێوان شیعر و حەقیقەتی میتافیزیکی لە بیروڕای کیتزدا، ئالبێرت ئێس. جێرارد لەمەوە ئەم شیعرە دەخوێنێتەوە:

"قەسیدەی گوڵدانی زینەتیی یۆنانی" ئاکامی ئەم تێکۆشانە ماندووییەناسانەیەی سەرکەوتنە لە ئاستی سەرەوەتری یەکگرتندا. تێیدا، لێکئاڵانی سروشت و هونەر، حەقیقەت و جوانی، بەهۆی زۆرتر لە یەک هاوشێنی جوانیناسانەی لێک دژەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاکامێکی سەرکەوتووانە. شیعرەکەی برێتییە لە پەڕینەوە بەسەر ڕامانی غەیری فەلسەفیی بیچم و وزە لەبارەکاندا.(٢٥)

کە وابوو، جیاوازییەک لە نێوان هونەر و ئەو شتەی بە دەستکرد ناوی دەبەین لە ئارادایە؛ لێرەدا پێناسەیەکی نوێش بۆ بەرهەمی هونەری پێشکێش دەکرێ. هونەر ڕەسەنە و سرووشگر، لە کاتێکدا شتی دەستکرد دەستکردییە و تێپەڕ. تیۆری هونەریی کیتز ئەو تیۆرەیە کە تێیدا سەربەخۆیی جەختی لەسەر دەکرێ. بۆ کیتز بەرهەمێکی هونەریی قەوارەی خۆبژێوی هەبوو، ئەوەی کە ئامراز نەبێ بەڵکو ئامانج بێ.

بۆ کورتکردنەوەی ئەم بەشە، دەبێ بڵێم بێگوناهیی هەڕەتی منداڵی، وێنە، توخمە باوەڕ پێنەکراوەکان، ئازادی، سەربەخۆیی و جوانیی مۆتیڤە گرینگەکانی شیعری ڕۆمانتیکن. ئەم مۆتیڤانە نەک هەر لە شیعری بەرەی ڕۆمانتیک بگرە تەنانەت لە کەسێتیی سووژەی ڕۆمانتیکیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئارمانجخوازی، کە تایبەتمەندیی تایبەتی دەنگی پێرسۆنایە لە زۆربەی شیعرە ڕۆمانتیکەکاندا، لایەنێکی گرنگی زەینییەتی ڕۆمانتیک پێک دەهێنێ. سووژەی ڕۆمانتیک، کە لە

شیعری رۆمانتیک و ئوسلووبی ژیاندا نوێندرایەوە، سووژەیەکی شۆڕشگێڕ بوو، بەتایبەتی ئەو سووژەیەی کە رەخنەکاری هەلومەرجی سیاسیی کۆمەڵایەتی باو بوو. لە ئەنجامدا، دەبێ بڵێم سەرهەڵدانی سووژەی رۆمانتیک بەرهەڵستکارییەکی راشکاوانە دژ بە سووژە رێک کەوتووە هەنووکەییەکانی ئەو سەردەمە واتە سووژەی خواباوەڕی رۆشنگەری بوو کە سووژەیەکی زاڵ بوو.

## سووژەی رۆمانتیکی بە جیهانیکراو

ژان ژاک رۆسۆ چەند دەیە بەر لە شۆڕشی فرەنسا، بانگەوازی کەموکووڕیی ژیانی مودێرنی شارستانییەتی هەڵدا. رۆسۆ یەکێک لەو یەکەمین فەلسەفەکارانە بوو کە، بەپێچەوانەی زۆربەی فەلسەفەکارانی مودێرنیتە، کێشەکەی کاریگەرێتیی نەرێکارانەی رەوتی شارستانییەت بوو کە جیهانی رۆئاوا دەبوو بچووبایاتە ناخیەوە. ئەو یەکێک لە پێشەنگەکانی فەلسەفەکارانی مودێرن بوو کە قسەی لەو بەرەنجامە نەخوازراوانەوە کرد کە بۆی هەیە میتۆدە ئەقلانییەکانی مرۆڤ پێکی بێنێ. ماوەیەکی زۆر پێشتر لە بلەیک و وۆردزوۆرس، ئەو جێگەی رێز نەبوونی شارستانییەتی دەربڕی کە مرۆڤی داگەناندووە. ئەو، هەروەها، لە پەرستشگەرانی دیمەنی لادێیی، گوندەکان و منداڵان بوو.

کاریگەرێتیی رۆسۆ لەسەر سەرهەڵدانی رۆمانتیسیزم بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ جەختی ئەو لەسەر رەسەنایەتیی سروشت و حەزکردنی لە سروشتیبوون چونکە بەرەنگاری دەستکردیبوون دەبووەوە. کاریگەرێتییەکەی ئەوەندە بەرچاو بوو کە تەنانەت ژیانی دەسپێکی هەیوولا لە فرانکنشتاینی مێری شێلیدا پێ دەچێ لەلایەن رۆسۆوە پێشنیاز و داکۆکیی لەسەر کرابێ. پاول ئەی. کانتۆر لە بوونەوەر و داهێنەر: ئوستوورەسازی و رۆمانتیسیزمی ئینگلیزیدا، دەنووسێ:

> وەکو مرۆڤی سروشتیی رۆسۆ، هەیوولاکە ژیانی خۆی لە دۆخێکی دوور لە خەڵک و دابڕاودا دەست پێدەکا، بۆ خۆی لەناو دارستاندا دەژیت و تەنیا بەرێککەوت دەگەڵ بوونەوەرانی تردا پێوەندیی هەیە... تەبا دەگەڵ تێڕامانی رۆسۆ لەسەر ئەوەی کە مرۆڤی سروشتی گۆشت بژیوە، هەیوولاکەش گیا بژیوە... وەکوو رۆسۆ، ئەویش جار بەجار بەهیوای ئەم دۆخە رەسەنەوەیە: "بەخ، کە بۆ هەتاهەتا لە دارستانەکەمدا مابوومەوە، نە بەناسراوی، نە بەهەستکراوی بەبرسێتی، تینوویەتی و نە بەگەرماوە!"[٢٦]

رۆسۆ لە پشتی لەدایکبوونی بزووتنەوەی رۆمانتیکەوە فەلسەفەکارێکی سرووشگرتوو بوو. ئەگەرچی ئەقلانیخوازی و ئەزموونخوازی نەریتە زاڵە فەلسەفییەکانی سەدەی حەڤدەم و هەژدەم بوون، رۆسۆ سیستەمی ئەندێشەیەکی نویێ هێنایە ئاراوە کە بەدوای مەرگیدا گەشەی سەند. بەپێچەوانەی ئاواتی زاڵی ئەندێشەی سەدەی هەژدەم کە داکۆکیی لە ئایدیای پێشکەوتنەوە دەکرد، رۆسۆ بەزۆری پەرژایە سەر بیرۆکەی بەراییخوازی. ئێم. ئەیچ. ئابرامز بە ئاماژە هەم بە لایەنی

فەرهەنگی و هەم لایەنی زەمەنمەندیی بەراییخوازی، دەنووسێ کە بەراییخوازێک ئەوەیە کە:

> ئەو کەسەیە کە پێگەیەکی بانتر بۆ ئەو شتەی "سروشتی"یە دادەنێ (کە لە واتایدا پێشتری تێدایە بۆ، یان سەربەخۆیە لە فەرهەنگی مرۆڤ، هۆکار هێنانەوە و راوێژدا) لە باتیی ئەو شتەی "دەستکردی"یە (کە لە واتای ئەو شتەدا مرۆڤ بە ئەندێشە، هەڵسووڕان، یاسا و رێسا و ئاراستەکردنێکی ئاڵۆزەوە سەرکەوتووە).(٢٧)

پێوەندیی بەراییخواز بەسروشتیبوونەوە یەکێک لە لایەنەکانی زەینییەتی رۆمانتیکمان وەبیر دەهێنێتەوە کە پێشتر لەم بەشەی ئەم تێزەدا خرایە بەرباس. سووژەی رۆمانتیک دەیویست چاوپۆشی لە شتی دەستکرد بکا و بپەرژێتە سەر سروشتیبوون. کە وابوو، هاندەرێکی تری فەلسەفی بۆ جەختکردن لەسەر سروشت بۆ سووژەی رۆمانتیک بابەتی ئاینیی بەراییخوازیی سەدەی هەژدەم بوو. ساکارێتیی تایبەتمەندیی بێدەنگی ئەو بەرهەمانەیە کە لەلایەن شاعیرانی رۆمانتیکەوە هۆنراونەتەوە. دەبێ ئاماژە بەوەش بدرێ کە ئەم تایبەتمەندییە لە هەندێک بەرهەمی ئەدەبی بەر لە شۆڕشی فرنساشدا بەدی دەکرێ. نموونەیەکی باش مەکتەبی شیعری ئینگلیزیی گۆڕستانە لە سەدەی هەژدەمدا کە وەکو یەک نا یەکێک بۆ رەوتی سەرەکیی تیۆری نیئۆکلاسیکی دەوری گێڕا. "بزووتنەوەی ئەدەبی رۆمانتیکی ئەڵمانیایی پاش شۆڕشی فرەنسا" شەپۆلی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم لە ئەڵمانیا زۆر لە فەزای پێش رۆمانتیکی بەریتانیای هەمان کات دەچوو.

شۆڕشی فرەنسا وەکو ۆناغێک دێتە ئەژمار کە دەکرێ گەشانەوەی ئەو رۆحەی تێدا بەدی بکەین کە رەخنەگری نورم و ریسا باوەکان هەم سیاسی کۆمەڵایەتی و هەم ئەدەبی بوو. لەو رووەوە کە لەم بەشە لە لێکۆڵینەوەدا بەچەشنێکی شیکارانە دواتر ئاوڕی لێ دەدەمەوە، هێگل شۆڕشی فرەنسای وەکو بەرەنجامی خۆوشیاریی ئازادی زانی. ئارمانەکانی شۆڕش لە سێ رەنگی ئاڵای فرەنساییدا نواندرایەوە؛ ئازادی، یەکسانی و یەکەتی. ئەم ئامانجانە دەبوو خێرا سنووری وڵاتە رۆئاواییەکان دەرباز کەن. هەرچەند، ئەمە رۆحەکە بوو کە بەئەڵمانیا و بەریتانیادا بەتایبەت بڵاوەی کرد نەک شۆڕش. ئەمە بابەتێکی تەوساوییە کە رۆمانتیسیزم نزدیک بە چوار دەیە بەدوای شۆڕشدا دەبوو لە فرەنسادا گەشە بکات و، ئەمەش ئەو دەمەی بوو کە ویکتۆر هۆگۆ پێشەکییەکی بۆ شانۆنامەکەی کرۆمویڵ نووسی کە لەلایەن زۆرێکەوە وەکو مانیفێستی فرەنایسی بۆ رۆمانتیسیزم دادەنرێ. بەچەشنێکی سەرسوڕهێنەر، رۆمانتیسیزم وەڵامی خێرای خۆی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا دیتەوە. جێی سەرنجە بزانین پێشەنگی رۆمانتیسیزمی فرەنسایی، ویکتۆر هۆگۆ، چوار ساڵ بەدوای ئەوەی کە ویلیام وۆردزووۆرس و ئێس. تی. کۆلریج پێشەکییە بەناوبانگەکەیان بۆ چامە غینایییەکان نووسی لەدایک بوو. هەرچەند، پێش زەمینەی رۆمانتیسیزمی فرەنسایی لە زۆر لایەنەوە وەکو ئەوەی ئینگلیز وایە و هەردووکیان لە زاڵنەبوونی تیۆری ئەدەبیی نیئۆکلاسیکی پاژی دووەمی سەدەی حەڤدەم و بەشی هەرە زۆری سەدەی هەژدەمدا چاویان بە ژین پشکووت. جان پۆرتێر هۆستن لە خوێندنەوەی شێواز و تێم لە شیعری

ڕۆمانتیکی فرەنساییدا قامک لەسەر ئەوە دادەنێ کە ئەگەرچی ڕۆمانتیسیزم لە پێشدا بە چەشنێکی رەسمی لە ١٨٢٠ەکاندا هاتە ئاراوە، هەنووکە بڕێک نموونەی شیعری لە گوتاری ئەدەبی فرەنسایی پاژی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا ئامادە بوو:

> بەر لەوەی هۆگۆ و بیۆڤی پیرۆز یەکەمین ڕاگەیاندنی خۆیان سەبارەت بە شێوازی شیعری لە کۆتاییی ١٨٢٠ەکاندا بڵاو کەنەوە، فرەنساییەکان هەنووکە دەستیان کردبوو بەقسەکردن لەسەر چەشنێکی ڕۆمانتیکی کە بەبابەتی جۆراوجۆرەوە پێناسەیان دەکرد، کە، لە کاتێکدا پێداویستی نوێبوون نەبوو، لە ڕەوتی بێخەوشیی نیئۆکلاسیزمدا بەدی نەدەکرا. یەکەمین شیعری هۆگۆ بە ژانری ڕۆمانتیکەوە نموونەیەکی باشمان بۆ دەستەبەر دەکا.(٢٨)

هەتا چوارەمین دەیەی سەدەی نۆزدەم ڕۆمانتیسیزم لە ئەدەبیات و هونەری فرەنساییدا بەزۆری خۆی وەکو یەکێک لە بزووتنەوە زاڵەکان هێنابووە ئاراوە.(٢٩) ڕۆمانتیسیزم لە فرەنسا بەشوێن مەرگی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا گەشەی سەند. ڕۆمانتیسیزم لە هێماخوازیی فرەنساییدا گەیشت بە تەشقی خۆی کە لە نێوان و پاژی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا لەلایەن چارلز بودلێر و ستێفان مالارمەوە ڕابەری کرا. ڕۆمانتیسیزم لە بەریتانیادا چەندان قوتابخانەی لێبووە وەکو بزووتنەوەی پێش ڕافائێلی، هێماخوازیی ئینگلیزی و، هونەر بۆ هونەر.

سووژەی ڕۆمانتیک دەبوو ئاتلانتیک بپێوێ و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا خۆی ببینێتەوە. ئێدگار ئالێن پۆ و ناتانییەل هۆسرۆل پێگەیان لە بەناوبانگترینی ئەو ڕوخسارانەیە کە پێوەندییان بە ڕۆمانتیسیزم و زەینییەتی ڕۆمانتیکەوە هەیە. مەکتەبی فراژیخوازی ڕاڵف واڵدۆ ئێمێرسۆن و هێنری دەیوید تۆرۆ سەرچاوەی ڕۆمانتیکیی هەبوو. ئەگەرچی شاعیرێکی تری ئەمەریکایی هێنری وادسورز لانگفێڵەو، لە ڕۆحی ڕۆمانتیکیی ئەو ڕۆژانە سرووشی وەرگرت، ئەمە واڵت ویتمەن بوو کە بوو بە کردەوەگەر و بانگەشەکاری ڕاستەقینەی ڕۆمانتیسیزمی ئەمەریکایی و هێماخوازیی سەدەی نۆزدەم.

ڕەنگە فرێدریک نیچە دوایەمین سووژەی گرینگ و بەڕاستی ڕاشکاو و بەتەواوەتی کردەییی ڕۆمانتیک بێ. خولیای قووڵی نیچە بۆ بنیاتەکانی ڕۆمانتیسیزم لە تایبەتمەندیخوازەیی زمانی عاتیفیی بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. نیچە شۆڕشگێڕترین فەلسەفەکاری مودێڕن بوو. ئەگەر شۆڕشی فرەنسایی سیستەمی سیاسیی زاڵی سەدەی حەڤدەم و هەژدەمی ئاڵ و گۆڕ کرد، گوتاری فەلسەفیی نیچە فەلسەفەکارانی مەزنی سەدەی حەڤدەم و هەژدەمی خستە بەررەخنەکارییەوە. کەواتە، زۆر سەیر نییە کە زانایەک وەکو لێسلی بریسمەن لە کتێبێکدا بەناوی سەرچاوەکانی ڕۆمانتیک لە سەرەتای هەر بەشێکدا بەچەشنێکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ نیچە دەکات. کتێبەکە برێتییە لە حەفت بەش بە حەفت شاعیری ڕۆمانتیکەوە؛ هەموو بەشەکان بەگوتەیەکی گێڕدراوە لە نیچەوە دەست پێ دەکا.(٣٠)

# هێگل و رۆحی رەها: سووژەی رۆمانتیکی تیۆریزەکراو

ئەگەرچی فەلسەفەی جۆرج ویلهێلم فریدریک هێگل (١٧٧٠–١٨٣١) بەبۆنەی هەوڵ و تێکۆشانییەوە بۆ پەرەپێدانی ئەندێشەی مرۆڤ لە رادەیەکی باڵادا ڕێزی لێگیردرا و هەروەها بۆ کاریگەرێتی لەسەر ئەندێشەی مودێڕن، بە گشتی و لەسەر مارکس، بەتایبەتی، بە ئامرازی زانرا، لەم تێزەی بەردەستدا وام بەباش زانی ئەو بەشە لە سیستەمە فەلسەفییەکەی بخەمە بەرباس کە بەندە بە فەلسەفەی پێشێنیانییەوە و پێوەندیدارە بەدەقە کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانەوە کە تێیدا فەلسەکەی خۆی هاتە ئاراوە. بە واتایەکی تر، تیشک دەخەمە سەر ئەو بەشە لە سیستەمی فەلسەفییەکەی کە پێوەندی بە هەلومەرجە مێژووییەکانەوە هەیە و بۆ ئەوان لە کانگەی دڵەوە وەڵامی دایەوە، بەم بۆنەوە، ناچمە سەر ئامادەبوونی ئەو لە ئەندێشەی پاژی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەدەی بیستەمدا. لە کاتێکدا ئایدیای "لاکان"م لە سەر پرسی شوناس خستە بەرباس دەبوو بەشێکی بەرچاوی ئەم تێزەی بەردەستیشم بە هێگلەوە تەرخان بدابایە، بەڵام بۆ ئێستا هەر ئەوەندە بەسە کە باس لە فەلسەفەکەیەوە بکەین کە پێوەندی بە سووژەی رۆمانتیکەوە هەیە. بە تەواوەتی نەخستنە بەرباسی هێگل، تا ئەو جێگەیەی کە دەوری لە لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانەدا پێوەندیی بە زەینییەتی رۆمانتیکەوە هەیە فەلسەفەکەی لێرەدا دەخرێتە بەرباس.

یەکەمین خاڵ بۆ دەربڕین لێرەدا ئەوەیە کە هێگل لە زاراوەی "سووژەی رۆمانتیک" کەڵک وەرناگرێ. لە هەر رووەوە، بەپێی پێناسەی ئەم زاراوەیە کە لەم لێکۆڵینەوەی بەردەستدا ئاراستە کرا بۆ خۆی دەتوانێ بەچەشنێکی گونجاو سووژەی رۆمانتیک بێ. بەکاریگەرێتی وەرگرتن لە شۆڕشی فرەنسا، هێگل بەشێکی گرینگ لە سیستەمی فەلسەفییەکەی بەپێی تێڕامانەکانی لەسەر شۆڕشی فرەنسا دابین کرد. ئایدیاکانی لەم بابەتەوە تەنانەت ئەمڕۆکەش گوتەی سەرزارە و وەکو شتێکی حاشاهەڵنەگر بۆی دەڕوانن. هەروەتر، پەرژاندنی فەلسەفیی هێگل بۆ چەمکی ئازادی ئەو دەکاتە پێشەنگی لیستەی دوور و درێژی فەلسەفەکارانی مودێرن کە پێوەندییان بەم چەمکەوە هەیە. ئەگەرچی "کانت"یش پێوەندیی بە چەمکی ئازادییەوە هەیە، فەلسەفەی ئەخلاقەکەی بە رادەی پێویست کاریگەر بوو بۆ ئەوەی کە ناوی لە لیستەی فەلسەفەکارانی لیبرالیستدا بسڕێتەوە. بەم بۆنەوەیە، لە کاتێکدا هێگل هەرچەند جارێک وەکو فەلسەفەکارێکی سیاسیش ئاماژەی پێ دەدرێ، کانت بەزۆری وەکو فەلسەفەکارێک بەس بە پێوەندیی سیاسی کەمترێکەوە دەناسرێ. سەرەڕای ئەوەش، هێگل لە ئەساسدا لەسەر هونەر و ئەدەبیاتنووسی، کەچی کانت ئەگەرچی لەم بەستێنەدا میتۆدە تیۆریکە رەسەنەکانی ئاراستە کرد لە کردەوەدا کەمتر پێوە چوو. بە کورتی، لە کاتێکدا کە لە بەشە پێشووەکانی ئەم تێزەی بەردەستدا "کانت"مان وەکو فەلسەفەکاری سەرەکی لە پشت دامەزرانی تەواوەتی سووژەی خوداباوەڕی رۆشنگەریی سەدەی هەژدەمەوە لە بەرچاو گرت، ئێستا گونجاوە قسە لە هێگلەوە بکەین کە وەکو فەلسەفەکارێکی سەرەکی نەک هەر لە

هەوالنامەی کتێب

هەلومەرجی رۆمانتیک کاریگەریتیی وەرگرت بگرە هەروەتر هەلومەرجێکی ئەوتۆ و بەرهەمی ئەم هەلومەرجە واتە سووژەی رۆمانتیکی بەچەشنێکی فەلسەفی تیۆریزە کردەوە.

تا ئەو جێگەیەی کە پرسی پێوەندیی ئازادی بە شۆڕشی فرەنساوە گرێ درابێ، هێگل لەو باوەڕەدایە کە شۆڕشەکە قۆناغێکە تێیدا سووژە خۆی ناس کرد بۆیە کە ئەو خۆوشیاریی ئازادییەکەیەتی. شۆڕشەکە ئامانجی مێژوو بۆ هێگل دیاری دەکا. ئامانجی مێژوو بە لای هێگلەوە بە شۆڕشی فرەنساوە دەست پێ دەکات بۆیە کە مانیفێستی خۆ-وشیاری ئازادیی سووژەیە.

هێگل لە ئاستێکی بالادا بیر لە دەورێک دەکاتەوە کە مارتین لووتر لە پەرەپێدانی پێوەندیی مرۆڤ بەئازادییەوە گێڕای. چاکسازی(٥)، بۆ ئەو، یەکێک لە قۆناغە سەرەکییەکانی مێژووی رۆژئاوا دێتە ئەژمار. ئەمە لە چاکسازیدا بوو کە مرۆڤی رۆئاوایی بە هەستێک لە ئازادییەوە ورووژا. چاکسازی رزگاری بوو لە کۆتی کلیسا. بەم پێیە، کێشەی مرۆڤی مۆدێڕن بۆ ئازادی سەرچاوەکەی لە چاکسازیدایە. ئەم دێرانەی خوارەوەی هێگل کە لە ئایدیای هێگل بۆ ئازادی "ئالان پاتان"دا (١٩٩٩) هاتووەتەوە باوەڕی هێگل بەدەوری ناوەندیی چاکسازی لە ئازادیی رۆحدا پیشان دەدا:

> هەر کەسە دەبێ ئەرکی ئاشتیی خۆی راپەڕێنێ. ئەمە، واتە هەڵدانی ئالای نوێ، دواین ئالا کە بە دەوریدا گەلان کۆ دەبنەوە، ئالای رۆحی ئازاد... بۆیە، کە کات، ئەرکێکی تری نەبووە و ئێستاش نییەتی جگە لە پڕاوپڕکردنی دنیا لەم پرەنسیپە... ئەمە ناوەڕۆکی پێویستی چاکسازییە: چارەی مرۆڤ لە ئازادیی خۆیدایە.(٣١)

لە هەر رووەوە، ئاوڕدانەوەی هێگل لەسەر چاکسازی تەنیا بەبۆنەی پێوەندیی چاکسازی بە ئازادیی رۆحەوە نەبوو، بگرە بە بۆنەی دەورێکەوە بوو کە وەکو دژسانییەک، ئانتی تێزێک بۆ یۆنانی کۆن گێڕای، کە لەلایەن هێگلەوە وەکو دژسانییەک رەچاو کرا. شۆڕشی فرەنسا، کە لە ئایدیای هێگلدا، سەنتێزی بەرەنجامی ئەم دووە بوو، ئازادیی وەکو ناوەندی ئارمانجەکانی دانابوو.

لەلایەکی تریشەوە، کپترین وێکچوویی لە نێوان هێگل و سووژەی رۆمانتیکدا دەورێکی ناوەندییە کە ئەوان بەسروشتی دەدەن. دەوری ئیلهامیبوونی سروشت بۆ رۆمانتیکەکان وەکو مەبەستی هێگلە لە سروشت و کاریگەرێتیی لەسەر ئەو. هێگل خولیای ئایدیای سروشت بوو. ئەو بەشی دووەمی پرۆژەکەی ئەنسیکلۆپێدیای زانستە فەلسەفییەکانی تەرخاندا بە فەلسەفەی سروشتەوە. بەخوێندنەوەی قسەکانی هێگل لەسەر فەلسەفەی سروشت، بەم ئاکامە خێرایە دەگەین کە باسەکانی هێگل لەسەر سروشت خواربوونەوەی فەلسەفەییە بەهەمان بیرۆکانەیدا کەس بۆی هەیە لە ئاین و بەچەشنێکی زەقتر لە پانتێیزمدا بیبینێتەوە. راستییەکەی ئەوەیە بڵێین کە فەلسەفەی هێگل لەسەر سروشت شتێک نییە جگە لە رامانێکی فەلسەفی لەسەر ئەم وتە باوە

(٥) راپەڕینی ئاینی سەدەی شازدەم.

"سروشت نموودی خوایە." ئەو وزە ئیلهامییەی کە لەلایەن هێگلەوە بۆ سروشت دیاری کراوە ئاماژەیە بە هەڵسەنگاندنی سروشت وەکوو دیمەنێک کە لەوێدا "رۆح،" یان بەپێی ئاین "خوا،" ئاشکرا دەبێ:

> ئەگەر خوا هەموو شتێکە و بێ کەمایەسی، بۆچی خۆی بە ئەویدیی خۆی ئاشکرا دەکا؟... فەلسەفەی سروشت بۆ خۆی سەر بەم رێبازی گەڕانەوەیە؛ بۆیە ئەمە ئەوە کە بەسەر دابەشبوونی سروشت و رۆحدا سەردەکەوێ و لە رۆح دڵنیا دەبێ کە ورە بە زانیاری گەوهەرەکەی لە سروشتدا دەبەخشێ.[٣٢]

کە وابوو، فەلسەفەی هێگل لەسەر سروشت، لە پێش هەموو شتێکدا، فورمووڵەکراوی ئایدیای رۆمانتیکە لەسەر سروشت. ئەمە لە بناغەوە راڤەیەکە لەسەر روانگەی پانتێیستی بۆ سروشت؛ بەشوێن ئەم قۆناغەدایە کە هێگل دەست دەکات بە ئاراستەکردنی هەڵسەنگاندنی سروشت و پێوەندیی نێوان سروشت و رۆح. ئەگەرچی بۆی هەیە لە چاوخشاندنێکی خێرادا جێی سەیروسەمەرە بێ، هێگل لەو باوەڕەدا بوو کە ئاین و فەلسەفە وێکچوونیان زۆرە بۆیە کە بابەتی سووژەی هەردووکیان خوایە. فەلسەفەی هێگل، زۆرتر لە هەر فەلسەفەیەکی تر، نزیکترە بە خواناسییەوە.

قسەکانی هێگل سەبارەت بە سووژە و زەینییەت و پێوەندیی ناسکاربەرناس بەزۆری دەگەڵ وەڵامی سووژەی رۆمانتیکی بۆ ئەوان چوونیەکە. لەلایەکی تریشەوە، بزووتنەوەیەکی رۆمانتیکیش لە فەلسەفەی ئەڵمانیای سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا لە ئارادا بوو. بەو جۆرەی فرێدریک بەیزێر لە رێزنامەی ئەم دواییانەی هێگلدا ئاماژەی بۆ دەکا، فەلسەفەی هێگل و نرخە بنەڕەتییەکانی فام ناکرێن مەگەر کار تێکردنی رۆمانتیسیزم لەودا ببینینەوە:

ئارمانجە سەرەتاییەکانی هێگل دوور لە رۆمانتیسیزمی سەرەتایی ئەڵمانیاوە پێ گەیشت، دەورەیەک کە جارجارە بە فرۆڕۆمانتیک ناوزەد دەکرێ. ئەم بزووتنەوە رۆشنبیرانەیە لە جێنا و بێرلیندا لە ١٧٩٧ بۆ ١٨٠٢ گەشەی سەند... هەڵەیە ئەگەر دەگەڵ روخساری "هێگل"دا جیاواز هەڵسوکەوت بکرێ، گوایە بەبێ رۆمانتیکەکان لێ تێ دەگەین، یان گوایە ئەو لە بنەڕەتەوە دژ بەوان بوو. ئەمە بۆ هێگل–ی سەرەتا ناسازیی مێژووییە؛ بەڵام بۆ هێگل–ی دواینیش چەوتە، کە قەت بە تەواوەتی خۆی لە کاریگەرێتیی رۆمانتیک رزگار نەکرد.[٣٣]

لەلایەکی تریشەوە، میتۆدی هێگل لە دۆزینەوەی شوناسی سووبژە–ئوبژەدا کە لەژێر کاریگەرێتیی لایەنگرانەی شێلینگدا بوو لەگەڵ بنەماکانی پانتێیزم کە لە سەرەوە هاتە نرخاندن لە نزیکایەتییەکی تەنگانەدا بوو. بەواتایەکی تر، ئەگەر پانتێیزم واتە یەکەتیی داهێنەر و داهێنراو، بزووتنەوەی ئایدیالیزمی رەهایش باوەڕی بەیەکبوونی چەمکە لێکدژەکان لە بەستێنی رەهادا بوو. هەرچەند، لەم ئاستەدا هەندێک جیاوازی لە نێوان شێلینگ و هێگلدا بوو. لە کاتێکدا کە شێلینگ لە شوناسی سووبژە–ئوبژەی هەمیشەیی دەگەڕا، هێگل پێیوابوو کە شوناسێکی ئەوتۆ لە نێوان

سووبژە و ئۆبژەدا تەنیا یەکێک لە ساتە گرینگەکانی ڕەهایە:

> بەپێی شێلینگ، ئارمانگەرێتیی ڕەها ئەو بیرۆکەیە کە ئارمان و واقیع، زەینی و بابەتی لە ڕەهادا یەکێک و هەر هەون... هێگل ڕایگەیاند کە ڕەها نەک هەر ئەم ئەوێتیی سووبژە–ئۆبژەیە بگرە هەروەتر ئەم ئەوێتیی ئەم ئەوبوونی سووبژە–ئۆبژە و نائەم ئەوێتیی سووبژە–ئۆبژەیە.(٣٤)

لە ئەنجامدا، ئەگەرچی هێگل کێشەکەی هەبوونی دۆخێکە بۆی هەیە نائەم ئەوێتیی سووبژە–ئۆبژەی تێدا بێ، دواتر بەم ئاکامەش دەگا کە دۆخێکی ئەوتۆ، ئەگەر تەنیا دەگەڵ دژەکەیدا ئەم ئەو بێ کە ئەم ئەوێتیی سووبژە–ئۆبژەیە، دەتوانێ بەشێک لە بەستێنی ڕەها پێک بێنێ کە سووژە بۆی دەکرێ ئەزموونی بکا. کەواتە، دەمەوێ لێرەدا ئەم بابەتە بخەمە روو کە هەلومەرجی سووژەی هێگلی، ناسراو بە ڕەها، لە پێوەندییەکی نزیک دەگەڵ بیرۆکەی ڕۆمانتیکی پانتێیزمدایە. ئەگەر چەمکی ڕەهای هێگلیی سووبژە و ئۆبژە لێک نزیک دەکاتەوە و، پاشان دەبنە ئەم ئەو بیرۆکەی ڕۆمانتیکی خواگەرێتیی سەرەکیی پانتێیزم پێوەندی بە یەکبوونی خوا، داهێنەر، و سروشت، داهێنەرەوە هەیە.

کە وابوو، "ڕۆحی ڕەها"ی هێگلیی هەلومەرجی تیۆریزەکراوی فەلسەفی بوو کە لەوێدا سووژەی ڕۆمانتیکی هونەری–ئەدەبی بە دوایدا دەگەڕا پێی بگا. هەرچەند، هێگل و شێلینگ لەو باوەڕەدا بوون سووژە بۆی نییە بەدۆخی یەکبوونیی تەواوەتی دەگەڵ سروشت یان ڕەهادا بگا. ئەم ئەوێتی سووبژە–ئۆبژە، ئەگەر بیر لە ئۆبژە وەکو سروشت بکەینەوە، تەنیا لە بەستێنی ڕەهادا گونجاوە.

پێشتر، لەم بەشەدا، بە خستنە بەرباسی تایبەتمەندییە گرینگەکانی سووژەی ڕۆمانتیک، هەروەها لام لەلایەنی ڕۆحی سروشت لە واتا ڕۆمانتیکییەکەیدا کردەوە. دەبێ ئاماژە بەوەش بدرێ کە وشەی ڕۆحی، جگە لە پێوەندیی ماناداریێتیی زاڵی بە ڕۆحگەرێتییەوە، هەروەتر بەمانای هەر شتێک لە ڕۆحە یان پێوەندیی بە ڕۆحەوە هەیە. ئەگەر ڕۆح لە ڕەهادا بەلاڕێدا بچێ، لە واتا هێگلییەکەیدا گرینگایەتییەکەی دەدۆڕێنێ. بەم پێیە، دەمەوێ نیشانی بدەم ڕۆحی کە لە سەرەوە وەکو تایبەتمەندی هەم سروشت و هەم سووژەی ڕۆمانتیک کەڵکی لێ وەرگیردرا بەبۆنەی باوەڕی بە پانتێیزم، باوەڕی بە بەیەکبوون دەگەڵ سروشتدا هەیە ـ هەروەها ئایدیای ڕۆحی ڕەهامان وەبیر دێنێتەوە. کەواتە، سووژەی ڕۆمانتیک لە دوو واتادا ڕۆحییە؛ یەکەم، ئەو ڕۆحییە بە بۆنەی باوەڕی پتەوییەوە بەچەمکەکانی ئازادی، بێگوناهی و بەرابەری و پێوەچوونی بەرۆحگەرێتییەوە؛ دووەم، ئەو ڕۆحییە بەبۆنەی ئاواتییەوە بۆ ڕۆحی ڕەها. بە واتایەکی تر، سووژەی ڕۆمانتیک ڕۆحییە، بۆیە کە دەیەوێ ئەو بەستێنەی ئەزموون بکا کە ڕۆحی هێگلی حەز دەکا پێی بگا.

لەلایەکی تریشەوە، مایکل ئینوود، لە وتارەکەیدا، "جی. دەبلیوو. ئیف. هێگل: دیاردەناسیی ڕۆح،" دەپەرژێتە سەر بەرگی سێیەمی بەرهەمە ناوەندییەکانی فەلسەفە و ئایدیای خۆی دەردەبڕێ و دەنووسێ:

هێگل لەو باوەڕەدایە کـە ڕەها دەگـەڵ زەیندا ئەمـئـەوە. بـەڵام زەین نەگـۆڕ نییـە؛ لە زەمەندا گەشە دەسـتێنێ. زەینی کەسێک، کە دڵنیا لە هەسـتە، کەسێک کە بەسـانایی ئاماژە بەقەوارەی هەسـت پێکراو دەکا، دەگەڵ ڕەهـادا ئەمئەو نییە... زەین چاودێرێکی سەرئاوی و ئازاد نییە کە بەرهەڵستی هەر شتێک بێتەوە ئاگای لێ بێ و هـەر شتێک ئەزموونی دەکا تێپەڕی کات.(٣٥)

ئەو وتانەی سەرەوە لایەنی زەینیـی بەرهـەمەکانی سووژەی ڕۆمانتیکمان بیر دەخاتەوە. شیعر و هونەری ڕۆمـانتیک زەینییـە. هەردەم ژێدەر یان سەرچاوەیەک لە شیـعردا بۆ شـاعیر هەیە. دووپات بوونەوەی "من" لە شـیـعرێکی ڕۆمـانتیکدا زۆر بەرچاوتر دەبێ ئـەگەر بیر لە فەوتانی تەواوەتی لە تیـۆری هونـەر و ئـەدەبیاتی نیئوکلاسیکیدا بکەینەوە. شیـعری ڕۆمانتیک پێوەندیی بە عـاتیفـە، ملمـلانێ، ئەرک و فـرمـانی کـەسـەکی یەکـەم کەسـەوە هەیە. بـەم بۆنەوەیە کـە ئەژمـاری شـیـعـرە ڕۆمـانتیکییـە ئینگلیزییـەکان کە وەرگێڕدراونەتە سـەر زمانـەکانی دیکە لە ئاسـتێکی بەرزدایە لە کاتێکدا کە تەنیا چەند شیعرێکی نیئوکلاسیکی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی دیکە.

لە هـەر ڕووەوە، فـەلسـەفـەی هێگل بەتەواوەتی سـروشتی سـووژەی ڕۆمـانـتیکی نەخستـووەتە ڕوو. بۆ نموونـە، لە کـاتێکدا سـووژەی ڕۆمـانتیک باوەڕی پتـەوی بە هەسـتەکانی هـەیە و، لە ئاکامیـشـدا، شـێـوەڕوانینێکی نابەدڵ بۆ تەئویلی ئەقـڵانی هـەل و مـەرجێکی زەینیی ئەوتۆ بە دەسـتـەوە دەدات، هێگل لەو هـەوڵەدا بپـەرژێتـە سـەر چەمکەکـان و بەچەشنێکی فـەلسـەفی هەسـتـەکـانی سـووژەی ڕۆمـانـتیک لێک بداتەوە کـە لە لایەن خۆیەوە بـە "تواندنەوەکان" ناودێر کراوە. جیـاوازی لـە نێوان ئایین-ناسی و فـەلسـەفـەدا دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکـانیان. لە کاتێکدا هـەردووکیـان پێوەندییـان بە ڕەهاوە هـەیە، ئایین-ناسی بە وزەی مەعریفەی ئیشراقی و هەستەوە هەڵدەسەنگێنێ و فەلسەفەش، بە نۆبەی خۆی، بە فورمووڵە کردنەوەی بەڵگاندنیی یان گوتەیی ڕاڤەی دەکات.

هێگل لە سـەر هونەر و ئـەدەبیات بەڕادەی پێـویست شـتی هـەبوو کـە بیڵـێی. ڕوانگەی لە سـەر هونەر، بە گـشـتی، بەزۆری بە "ئەندێشـەگـەرانە" ناوزەد کـراوە. مـایکڵ ئەیچ. مـیـتـایس لـە "هێگل سـەبارەت بە هونەری ئوبژە"کـەیدا چووەتە سـەر کۆبوونەوەی ١٩٧٤ی ئەنجومـەنی هێگلی ئەمریکی کـە لە زانکۆی جـورج تـاوندا گیـرا و لەو باوەڕەدایە کـە هەندێک ڕەخنەگر وەکـوو دەبڵـێـوـ. ئی. شتەینکراوس بەتـایبەت لە "جێگای هونەر و سیستەمی هێگڵ"ەکەیدا، و ئێڵ ڕۆزانتەین لە "بناغە مێتافیزیکییەکانی تیۆری تراژێدی بە لای هێگل و نیچـەوە،" کێشەکەیان ئەندێشـەگەرانە بوونی بۆچوونی هێگل بووە بۆ هـونەر.(٣٦) ئەمـــە واتە هێگل باوەڕی "بە بەرهـەمـێک هەیە لە پێـشـدا هونەرییـە بۆیە کـە حـەقیـقـەت دەردەبڕێ." ئەمە بەو مـانایە نییـە کـە هونەر، بە ئەدەبیـاتیـشـەوە، ئامرازێکە بۆ دەربڕینی حـەقیقـەت؛ لە هـەر ڕووەوە، ئەمە بەو مانایەیە کە هونەر ئوسڵووبی خۆدی حەقیقەتە. نابێ تەنیا وەکوو ئامرازێک بۆ دەربڕینی حەقیقەت لە بەرچاو بگیردرێ. ئەمە بۆ خۆی و لە خۆیدا مـەبەستـە. واتە دەبێ بڵێین کە هونەر بۆ خۆی ئوسڵووبێکی حەقیقـەتە. ئایدیای هێگل لە

سەر هونەر پێناسەی کیتزمان بۆ جوانی وەبیر دێنێتەوە کە پێشتر لەم بەشەدا خرایە بەرباس. لەم رووەوەیە کە سووژەی رۆمانتیک، زۆرتر لە هەر سووژەیەکی تر، دەپەرژێتە سەر گەلێک پرسی ئەوتۆ وەکو بیچمی شیعر، یەکەتیی ئۆرگانیک، خوازە و، سەربەخۆیی وێنای مرۆڤ.

بەرهەمی گرینگی هێگل لە رەخنەی هونەریدا لێدوانێکی دەسپێکە لەسەر جوانیناسی. بە رەتکردنەوەی "پێگەی هەڵە... کە هونەر دەشێ وەکو ئامرازێک راژەی ئامانجە ئەخلاقییەکان بکا،" هێگل لەو باوەڕەدایە کە بەرهەمی هونەری نابێ تەنیا وەکوو ئامێرێک بۆ فامکردنی ئامانجێک لە بەرچاو بگیردرێ. ئەم پێناسەیە برێتییە لەو شتەی ئامانج وەکو پێشگریمانەیەک بۆ بەرهەمێکی هونەری دای دەنێ. "بە دژایەتیی دەگەڵ ئەمەدا،" دەنووسێ:

> پێویستە بمانەوێ کە هونەر ئەرکی ئاشکراکردنی حەقیقەتی لە بیچم و شێوازی هونەریی هەستئامێزدا هەیە... کە وابوو، لەم نواندنەوە و ئاشکراکردنەدا، لە خۆیدا، ئامانجی خۆی هەیە. بۆ مەبەستەکانی تر، وەکو فێرکاری، خاوێنبوونەوە، گەشەسەندن، وەدەستهێنانی پارە، تێکۆشان بۆ ناوبانگ و شانازی، لە واتایەکی راستەقینەتردا شتێکی نەبێ لەگەڵ بەرهەمی هونەریدا جێبەجێ کا و چەمکەکەی دیاری نەکات.(٣٧)

بیر و بۆچوونێکی ئەوتۆ لەسەر هونەر، بۆ نموونە، دەگەڵ روانگەی کۆلریج دا بۆ هونەر، وێک چووە. ئەگەر تیۆری هونەری–ئەدەبیی نیئۆکلاسیکی هەتا رادەیەک پشتی بە تێبینییەکانی هۆراس لەمەڕ ئەدەبیاتەوە بەست کە "شادومانکردن و راهێنان" بوو، تیۆری رۆمانتیک بۆ هونەر بەرهەڵستی فێرکارگەرێتییەکی ئەوتۆ دەبێتەوە. بە واتایەکی تر، ئەگەر پێشتر ئەدەبیات وەکو ئامرازێک بۆ مەبەستێک دادەنرا، لە تیۆری هونەری–ئەدەبی رۆمانتیکدا بۆ خۆی وەکو مەبەست لە بەرچاو دەگیردرا.

لە ئەنجامدا، بەراوردی هێگل بۆ هونەر لەلایەکەوە و زانستە ئەزموونگەرەکان و مێژوو لەلایەکی ترەوە بووتیقا–ی ئەرستۆمان بیر دەخاتەوە، ئەو بەستێنەی ئەو تراجیدی و مێژووی پێکەوە بەراورد کرد و بەڵگەی بۆ بەرزتربوونی پێگەی تراجیدی لە چاو حەماسە یان مێژووەوە ئاراستە کرد. ئەگەرچی هەم ئەرستۆ و هەم هێگل باوەڕیان بە مەزنایەتی و بەرزتربوونی پێگەی هونەر بوو، بەڵام هۆی ئەقڵانی و فەلسەفییان جیاواز بوو. هێگل باوەڕی بە مەزنایەتیی هونەر بوو نەک بەهۆی "ئەگەرێتیی شیاوبوون"یەوە، بگرە بە هۆی "ئاستی باڵای تێگەیشتن"ییەوە:

> هونەر یەکەمین ئامرازی دەربڕینی مەعریفەی رەها بووە... لە کاتێکدا ئەوان (زانستە ئەزموونگەرەکان و مێژوو) بۆ دنیای سنووردار بەرتەسک مانەوە، هونەر سنوورەکانی بەزاند و، لە چاونووقانێکدا، بەتێپەڕکردنی رووداوەکانی سروشت و مێژوو نەمر مایەوە... لە کاتێکدا فامکردن تەنیا ئاکارێکی دەرهەستە و دژ بەناسک خەیاڵی، هونەر بۆی هەبوو دنیای واقیع بگرێتەوە و فامکردن دەگەڵ ناسک خەیاڵیدا ئاشت بداتەوە.(٣٨)

## بەرەنجام

سووژەی رۆمانتیک یەکێک لە سووژە گرینگ و کاریگەرەکانی دنیای مودێرنی رۆئاوایە. بە رەخنەگرتن لە سووژەی خوداباوەڕی رۆشنگەری لە ئاستێکی سەرەوەدا، سووژەی رۆمانتیک لە شۆڕشی فرەنسادا سەری هەڵدا و بەزوویی بەریتانیا، ئەڵمانیا و تەنانەت ئەمەریکاشی گرتەوە و بوو بە سووژەی زاڵ. خولیای ئەم سووژەیە بۆ چەمکەکانی ئازادی، بێگوناهی و بەرابەری لە جیهانبینیدا ئارمانجخواز و لە جەوهەردا شۆڕشگێڕ بوو. پانتێیزم و ئایدیای مەعنەوییەتی بەرانبەر بە سروشت لە بیچمدانی کەسایەتیی سروشتی و مەعنەویی سووژەی رۆمانتیکدا دەوری ناوەندیی گێڕا. بەباوەڕ بە وزەی خەیاڵ و سرووش و هێنانە ئارای بەرهەمە مەزنە هونەری و ئەدەبییەکان، سووژەی رۆمانتیک گەیشتە ئاستێکی باڵا و رەسەن لە داهێناندا. لە ئاکامدا، دەکرێ بیرۆکەی هێگڵ بۆ رۆحی رەها وەکو فورمووڵەکردنەوەیەکی فەلسەفیی یەکێک لە ساتەکانی سووژەی رۆمانتیک بخوێنرێتەوە؛ هەروەتر، بیرۆکەی رەهای هێگل بەرهەستی کردنەوەی تیۆرێکی ئەو بەستێنەی بوو سووژەی رۆمانتیک بەدوایدا دەگەڕا ئەزموونی بکا.

هەواڵنامەی کتێب

سەرنج و سەرچاوەکان:

1- The Norton Anthology of English Literature, Vol. I., M. H. Abrams et al (eds.), 6th ed., New York: W. W. Norton, 1993, p. 4.

2- Stuart Curran, Poetic Form and British Romanticism, New York: Oxford University Press, 1986, p. 129. .

3- See Rosalind Field, "Romance in England, 1066-1400" in The Cambridge History of Medieval English Literature, ed David Wallace, Cambridge: Cambridge University Press, 1999, pp. 152-76 ; The Cambridge History of English Literature, Vol. I, ed. A. W. WARD et al, Cambridge: University Press, 1907, Chapters XIII-XIV.

4- Jacqueline M. Labbe, The Romantic Paradox: Love, Violence and the Uses of Romance 1760-1830, London: Macmillan Press Ltd., 2000, p.14.

5- The Norton Anthology of English Literature, Vol. I., M. ,H .Abrams et al (eds.) , 6th ed., New York: W. W. Norton, 1993, p. 833.

٦- هەمان سەرچاوە، ل. ١٣٨.

7- Richard Berkeley, Coleridge and the Crisis of Reason, New York: Palgrave Macmillan, 2007, p.1.

8. Thomas McFarland, Coleridge and the Pantheist Tradition, Oxford: Clarendon Press, 1969, p. 107.

٩- هەمان سەرچاوە، ل. ١٢٧.

١٠- برێکلی بەپێی چوار رەخنەکاریی گرینگەوە بەڵگاندنەکانی مەک فارلێن رەت دەکاتەوە. "چوارەمین و

ڕەنگە بەرچاوترین گرفت ئەمەیە کە بە تێگەیشتن لە کێشەی پانتێیزمی زاراوەی بووناسانە مەک فارلێن بەتەواوەتی چاوپۆشی لە بابەتی ناوەندیی کێشەکە کردووە: بارودۆخی ئەقڵ." کۆلریچ و تەنگژەی ئەقڵ، ل. ٤

11- See Douglas Hedley, Coleridge, Philosophy and Life, Cambridge: Cambridge University Press, 2000, pp. 21-9.

12-. Percy Shelly, A Defence of Poetry, in Donald H. Reiman and B. Powers, eds., Shelly's Poetry and Prose, New York: Norton, 1977, pp. 503- 4.

13- The Norton Anthology of English Literature, Vol. I., M. H. Abrams et al (eds), 6th ed., New York: W. W. Norton, 1993, p. 193,

14- Anya Taylor, Magic and English Romanticism, Athens: University of Georgia Press, 1979, p. 81.

15- S. T. Coleridge, Biographia Literaria, Volume I (1817), London: The Scolar Press, 1971, pp .86 -7.

١٦- هەمان سەرچاوە، ل. ٢٩٥- ٦.

17- Harold Bloom, The Visionary Company: A Reading of English Romantic Poetry, London: Faber and Faber, 1961, p. xiii.

18- The Norton Anthology of English Literature, Vol. I. , M. H. Abrams et al (eds), 6th., New York: W. W. Norton, 1993, p. 678.

١٩- هەمان سەرچاوە.

20-. P. W. K. Stone, The Art of Poetry 1750-1820, London: Routledge and Kegan Paul Ltd., 1967, p. 117.

21- Richard Cronin, The Politics of Romantic Poetry: In Search of the Pure Commonwealth, London: Macmillan Press Ltd., 2000, p. 60

٢٢- هەمان سەرچاوە، ل. ١٥٦,

23- The Norton Anthology of English Literature, Vol. I., M. H. .Abrams et al (eds.), 6th ed., New York: W. W. Norton, 1993, p., 833.

٢٤- هەمان سەرچاوە، ل. ٧٩٤,

25- Albert S. Gerard, English Romantic Poetry: Ethos, Structure, and Symbol in Coleridge, Wordsworth, Shelly, and Keats, Berkeley: University of California Press, 1968, pp.231- 2

26- Paul A-.Cantor, Creature and Creator: Myth-making and English Romanticism, Cambridge: Cambridge University Press, 1984, p.121.

27. M. H. Abrams, A Glossary of Literary Terms, 6th ed ., Fort Worth: Harcourt Brace Collect Publishers, 1993, p.169.

28- John Porter Houston, The Demonic Imagination: Style and Theme in French Romantic Poetry, Loui-

siana State University Press, 1969, pp. 43- 4.

٢٩- بزووتنەوەیەکی دیکەی زاڵی ئەدەبی و هونەری لە فرەنسا، لەم سەردەمەدا، واقیعخوازی بوو کە بە زۆری دەگەڵ رۆمانتیسیزمدا هاوتەریب بوو؛ ئەمە بە پێچەوانەی بەستێنی ئینگلیزی بوو کە تێیدا واقیع خوازی بەزۆری بە شوێن دامرکانی رۆحی رۆمانتیکدا گەشەی سەند.

30- See Leslie Brisman, Romantic Origins, Ithaca, Cornell University Press, 1978.

کتێبەکە بریتییە لە چوار بەش لە سەر کۆلریج، کیتز، بایرۆن، شێلی، دێرلی، بلەیک و وۆردزوۆرس بە دوای یەکدا. ئەگەرچی ئەو باسەی لە هەر بەشێکدا ئاراستە کراوە لە خۆگری لایەنێکی جیاوازە لە ئەندێشەی رۆمانتیک، تێکڕای بەشەکان بە پرسیارگەلێک لە نیچەوە دەست پێ دەکات.

31- Hegel, The Philosophy of History, trans. J.Sibree, New York: Dover, 1956, pp.416- 7.

Hegels Philosophy of Nature, Nicolin and Poggeler (eds), 32-

trans., A.V. Miller, Oxford:Clarendon Press, 1970, p.14.

33- Frederick Beiser, Hegel, New York: Routledge, 2005, pp. 34-5,

٣٤- هەمان سەرچاوە، ل. ٦١.

35- Michael Inwood, "G. W.F. Hegel: Phenomenology of Spirit," in John Sand (ed.), Central Works of Philosophy, Vol III, London: Acumen, 2005, p 47.

36- Michael H. Mitias, "Hegel on Art Object," in Warren E. Steinkraus and Kenneth I . Schmitz (eds.), Art and Logic in Hegels Philosophy, New Jersey: Humanities Press Inc., 1980, p. 67. For essays named by Mitias see W. E.Steinkraus, "The Place of Art in Hegel's System," Pakistan Philosophical Journal, Vol. X, No. 2. Jan- June, 1972, p.43 and L. Rosenstein, "Metaphysical Foundations of the Theories of Tragedy in Hegel and Nietzsche," Journal of Aesthetics and Art Criticism, Vol. XXVIII, No 4, 1972.

37 -G. W. F Hegel, Introductory Lectures on Aesthetics, trans. Bernard Bosanquet London:.Penguin Classics, 11993, p.61

38- Frederick Beiser, Hegel, New York: Routledge, 2005, p. 291.

هەواڵنامەی کتێب

### فەرهاد شاکەلی:

## قەیرانی هەرە گەورە و دەردی بێدەرمانی ئەمڕۆی شیعری کوردی "و ئەدەبی کوردی بە گشتی" زمانە

هەڤپەیڤین: سەلاح حەسەن پاڵەوان

فەرهاد شاکەلی لە دیمانەیەکی تایبەتدا باس لە پرسەکانی زمان و کولتووری کوردی دەکات و پێی وایە کە ئێمە زمانێکی ستانداردمان هەیە و سالانێکە دروست بووە و بیری بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بیرێکە دژی فەرهەنگ و زمانی کوردییە، دژی شارستانی و ناسنامەی نەتەوایەتی و نیشتمانیی کوردە، تەنانەت پێی وایە ئەم بیرە بیری کەمالیزمە، هەر لەم چاوپێکەوتنە باس لەو بەیانە شیعرییە دەکا کە خۆی و لەتیف هەڵمەت لە هاوینی ١٩٧١دا رایان گەیاندووە و بە بەشێکی دادەنێ لە مێژووی شیعری و مێژووی کەسایەتی و مێژووی داهێنانی هەردووکیان، باسیش لە جیاوازیی شیعری و میتافۆری شیعر دەکا.

هەروەها مەسەلە فیکری و فەلسەفییەکان دەورووژێنێ و باس لە ئەزموونەکانی خۆی دەکا لە بواری چیرۆکنووسی و ئەو بۆچوونە فیکرییانەی کە هەیەتی لەبارەی هزر و لێکدانەوەی سیاسی و باسکردنی مەسەلە هەستیارەکانی رۆشنبیریی کوردی، هەروەها ئەزموونی چیرۆکی کوردی لای نووسەرانی وەک لەتیف حامید و ئەحمەد شاکەلی و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.

شاکەلی لە دەرەوەی وڵات دەژی و خاوەنی چەندان کتێبە لە بوارە جیاجیاکانی شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان، لەو کتێبانە، دەرزیئاژن، ژێ، بۆنی تاریکی، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە، چەندان کتێبی تر.

* پێش ئەوەی باس لە (فەرهاد شاکەلی)ی ئێستا بکەم، حەز دەکەم ئاوڕێک لە فەرهاد شاکەلیی حەفتاکان بدەمەوە، کاتێ لەگەڵ لەتیف هەڵمەت بەیانی شیعری نوێی کوردیتان راگەیاند. ئاخۆ ئەو نوێکردنەوە شیعرییە بۆ تۆ مێژووە؟ ئەگەر مێژووە دڵنیای لە ئەنجامەکانی بۆ ئەو کاتەش و ئێستاش مێژووە یان بەگومانەوە لێی

دەڕوانی؟ ئەو مانیفێستە وابزانم کۆمەڵە حەز و ئاواتێکی ئەدەبیی سەرەتایی بوو، کەمتر لەگەڵ دەق و ئەزموونتان دەهاتەوە و یەک ئاست دەبوون. ئەم دوو نووسینەی لەگەڵ چاپی دووەمی کۆشیعری (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی) و (ژێ) بڵاوت کردەوە، هەست دەکرێ ئەلتەرناتیڤی ئەو مانیفێستە سەرەتاییە، لەو دوو نووسینەدا بنەماکانی شیعر و شاعیریەتیی خۆت بە ڕوونی دەرخستووە دەکرێ لەم بارەوە بۆمان بدوێیت؟

– هەر شتێک لە ڕابوردوودا ڕووی دابێت، دەتوانێ ببێتە مێژوو. (ئێستا)یش هەر دەکرێ ببێتە مێژوو. مێژوو چییە؟ تۆ، ئێستا، واز لە زانستی مێژوو بێنە! مەبەستم ئەو بەشەی زانستەکەیە کە خەریکی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ڕووداوەکانەوە و هەوڵ دەدات لەسەر ئەو شیکردنەوانە تیۆریی تازە هەڵچنێت و دەرئەنجامی تازە ڕابگەیێنێت. لەوە بترازێت، مێژوو کۆمەڵە ڕووداوێکە بەسەر یەکدا کەڵەکە بوونە و هەر کەسێک لە لایەکەوە تێی دەڕوانێت.

بەڵێ، ئەو بەیانە شیعرییەی من و کاک لەتیف هەڵمەتی هاوڕێم لە هاوینی ١٩٧١دا بڵاومان کردەوە بەشێکە لە مێژووی شیعری و مێژووی کەسایەتی و مێژووی داهێنانی هەردوومان، هەروەها بەشێکیشە لە مێژووی ئەدەبی کوردی. بەڵام ئێستا، دوای نزیکەی چل ساڵ چۆنی دەبینین، یا من چۆنی دەبینم؟ ئەوە باسێکی دیکەیە و دەکرێ قسەی لەسەر بکەین.

بەیانی "شێتەکان: سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە" تەنیا نوختەیەکی بچووکە، نوختەیەکی گەش و ورشەداری سەرەتای ژیانی ئەدەبیمە. من ئەو کاتە هەمووی دوو سێ ساڵێک بوو دەستم بە نووسین کردبوو. بەڵام هەرگیز لەو نوختەیەدا نەوەستاوم و ژیانی ئەدەبیم بە دیار ئەو تێکستەوە قەتیس نەبووە. دوای ئەو بەیانە، ئەوە نزیکەی چل ساڵە دەنووسم و بڵاو دەکەمەوە. ئەگەر ئەوسا ڕووبەری نووسین و بەرهەمەکانم تەنیا زمانی کوردی و تەنیا کوردستانی عیراق بووبێت، ئەمڕۆ ئەو ڕووبەرە هەم سنووری زمانەوانی و هەم سنوورە جوگرافییەکەیشی زۆر لەوە فراوانترە.

ئەو سەرنجەی جەنابت ڕاستە؛ ناکرێ مانیفێستی "شێتەکان..." لەگەڵ دوو نووسینی "بە جامی ئەوینێک گیان مەستە و تەن وێران" و "پرۆژەی ئاشکرای کوودەتایەک"دا بەراورد بکرێن. ئەوەی یەکەم هەڵچوونێکی گەنجانەیە کە نەک تەنیا گومان لە دەوروبەر دەکات، بەڵکە گومان لە خۆیشی دەکات، بەڵام ئەم دووە زیاتر دڵنیابوونیان پێوە دیارە، چونکە ئەنجام و بەرهەمی ئەزموونێکی دوورودرێژی نووسین و وردبوونەوە و دەستوپەنجە نەرمکردنن لەگەڵ زمان و ئێستێتیک و تەکنیکدا.

* فەرهاد شاکەلی ناسرابوو بەوەی کەسێکی یاخییە لە تەوژمە باوەکانی شیعر و ژیان و بیر و ئەدەب، ئاخۆ ئەو فەرهادەی ئێستاش ئەو یاخیبوونەی تێدایە یان گۆڕانکارییەک لە توانای شیعریدا ڕووی داوە؟ حەزیش دەکەم بزانم هەوڵە نوێیەکانی

شیعرت چ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەوانەی پێشتر هەیە؛ چ وەک فۆرم و ناوەڕۆک و چ وەک زمانی شیعری؟

– یاخیبوون دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر دەرببڕدرێت. لە هەر تەمەنێکدا و لە هەر پلەیەکی زانیاریدا هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتی و هەڵوێستە ئیپیستیمۆلۆگییەکانمان شێوەی جیاواز وەردەگرن، ئەگەرچی لە ناوەڕۆکدا هەر ئەو وزە و گوڕم و هێزە دەروونی و عەقڵییەن کە هەر لە بنەڕەتدا لەناو مرۆڤدا، لێرەدا باسی تاکەکەس دەکەم، هەن و هەبوون. من ئەو یاخیبوونە، ئەو تەوژمەم لە تەمەنێکی کرچوکاڵدا بە بەیانێکی شیعری یا بە نووسینی دیوانی ''پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی'' دەردەبڕی. لە بەهاری ١٩٧٤دا بەوە دەرمبڕی کە خوێندنی زانستگە و کار و دڵداریم بە جێ هێشت و چووم، بووم بە پێشمەرگە. لە هاوینی ١٩٧٥دا بەوە دەرمدەبڕی کە لە ناوجەرگەی بەغدای بەعسدا کاری سیاسەتی کوردایەتیم دەکرد و دواتریش بە پێ سنووری ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتم دەبڕی. ئەمڕۆ کەمتر پەنا دەبەمە بەر دەربڕینی فیزیکی. بەڵام هەوڵ دەدەم بە ناوەڕۆکێکی فکری و بە شێوەیەکی ئێستێتیکی، بێزاریی خۆم بەرانبەر هەموو یاسا و ڕێسا ناڕەوا و دزێوەکانی ئەم دنیایە دەرببڕم.

لە سەرەتاکانی ژیانی شاعیریمدا جۆرە شێوازێکم بە کار دەبرد کە لە شێوازی سوریالیستەکانەوە نزیک بوو. ئەمەیش هەروا لەخۆوە نەهاتبوو، لە لایەکەوە یاخیبوونی خۆم بوو بەرانبەر شێوە باوەکانی شیعری کوردی، بەڵام لە لایەکی دیکەوە کارکردی ئەو کتێب و نووسراوانە بوو لەو ساڵانەدا دەمخوێندنەوە. دواتر بە هۆی نزیکبوونم لە مارکسیزمەوە شێوازی نووسینم گۆڕانی بەسەردا هات. ئەمەیش سێ چوار ساڵێکی خایاند. کە چوومە ئەورووپا تووشی جۆرێک کاسبوون، جۆرێک وڕبوون و ماتی و بێدەنگی هاتم؛ هەرچییەکم دەنووسی بە دڵم نەبوو، هەرچییەکم بە بیردا دەهات هەوڵم دەدا نەیخەمە سەر کاغەز. ئەوەیش کە دەمخستە سەر کاغەز هەر زوو لێی پەشیمان دەبوومەوە و دەمدڕی و لەناوم دەبرد. سێ چوار ساڵێک دواتر، وردەوردە بەرەو ئەم شێوازە شیعرییە چووم کە لە چوار دیوانی دوایینمدا دەکرێ بخوێنرێتەوە و لێی بکۆڵرێتەوە.

جیاوازیی شیعری ئێستام لەگەڵ شیعری قۆناغەکانی پێشوودا هەم لە ڕووی فۆرم و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆرن و پێویست ناکات من لێرەدا لێیان بدوێم. بەڵام زمان، زمانی شیعری، لایەنێکی گرنگە و سەرنجی زۆر خوێنەر و لێکۆڵەرەوەی ڕاکێشاوە. ئەو زمانەی من لە شیعردا بە کاری دەهێنم، لە زمانی شاعیرانی دیکە ناچێت. نە من وەک هیچ شاعیرێکی کورد دەنووسم، نە هیچ شاعیرێکی کوردیش وەک من دەنووسێت. ئەمە نە خۆهەڵکێشانە و نە کەمنرخاندنی کەسی دیکە. کە باسی زمانی شیعری دەکەم، مەبەستم تاکەتاکەی وشە (ڤۆکابولێر) نییە، بەڵکە مەبەستم ئەو پێکەوەگرێدانەیە کە سوود لە هەموو بنەما ڕێزمانییەکان و سوود لە هەموو وزە دەنگییەکانی

وشە وەردەگرێت و لەگەڵ جوانترین و قووڵترین لایەنە ئێستێتیکی و زمانەوانییەکانی تەسەووفدا ئاوێتەی دەکات. من زمان تەنیا وەک دیاردەیەکی ڕووتی ئێستا تەماشا ناکەم، بەڵکە وەک هەبوویەکی زیندوو کە مێژوویەکی هونەریی هەیە، وەک ئامرازێکی مۆسیقایی، کە نەخشێکی فەرهەنگی و جوانکارانەی هەبووم، دەیبینم.

ئەوجا من نامەوێ وشە وەک کەرەستەیەکی یەکتوێژە و یەکمەودا بخەمە کار. دەزانم ئەمە ئەرکێکی یەکجار سەختە و بە هەموو کەسێک ناکرێ. لە پلەی یەکەمدا ئەگەر تۆ زانیارییەکی قووڵی زمانەوانیت نەبێت و ئەگەر شارەزای مێژووی هونەریی زمانی کوردی (یا زمانەکەی خۆت) نەبیت، ئەو مەودا جۆربەجۆرانە نادۆزیتەوە و کەشفیان ناکەیت. هەر بە کەشفکردنی مەودای وشەکانیش شیعری جوان و بەرز دروست نابێت، بەڵکە ئەوە شێوەی بەکارهێنانەکەیە دەیکاتە ئافەریدەیەکی تازە و بۆندار و ڕەنگدار کە لە هەموو ڕوویەکەوە تازەیە، بەڵام ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی و هونەرییشی هەیە. دەکرێ لەم ڕووەوە زۆر شتی دیکە بڵێم، بەڵام ڕەنگە ئێرە جێگەی نەبێت.

* ئاخۆ پاش تەوژمەکەی ئێوە شیعری کوردی گەیشتە کوێ، شیعری کوردی چەند هەنگاوی پێشکەوتووانەی ناوە؟ دەکرێ ناوی چەند کەسێکمان پێ بڵێی لەم زەمەنەشدا هەر بەهەناسەی داهێنان دەنووسن؟

– شیعر کاڵایەکی بازرگانی یا پلەیەکی سیاسی نییە کە بە هەڵکشان و داکشانی ژمارە و ئامار بپێورێت. ئەو نەوەیەی ئێمە وەک ژمارەی شاعیران هێندە زۆر نەبووین. پێم وایە لەو ساڵانەدا نزیکەی ٣٠ تا ٤٠ کەسێک شیعریان دەنووسی، بەڵام لەوانە هەمووی ٦–٧ کەسێک وەک شاعیر مانەوە. ئەگەر ژمارە بکەینە پێوانە، لە هەشتاکان بە دواوە ئەوانەی شیعریان نووسیوە و خۆیان وەک شاعیر پێشکەش کردووە، یا خۆیان بە شاعیر زانیوە، دەگاتە ٤٠٠ تا ٥٠٠ کەسێک. لەم ژمارەیە ئەگەر ١٠ تا ١٢ شاعیری باشیان لێ بمێنێتەوە، دەبێ بڵێین شیعری کوردی زۆر پێش کەوتووە. من دەتوانم ئێستا ناوی پازدە شاعیر بهێنم، کە هیوایەکی زۆرم پێیانە و بە هۆی بەرهەمەکانیانەوە هەست دەکەم بەهرەدار و داهێنەرن، بەڵام چی پێشکەش دەکەن و چەند برِ دەکەن؟ با چاوەڕوان بین!

دەستگاکانی ڕاگەیاندن و گەلێ هۆکاری دیکەی سیاسی و فەرهەنگی کارێکی وای کردووە کە دەیان ناو وەک ڕووناکبیر و نووسەر و شاعیری گەورە بەسەر خوێنەری کورد و بەسەر فەرهەنگی کوردیدا سەپێنراون، بەڵام من بە شێوەی خۆم دەیانخوێنمەوە و بە لامەوە گرنگ نییە، ئەو دەستگا و مەستگایە چی دەڵێن. ناوی وا هەیە ئەمڕۆ ڕووبەرێکی گەورەی لە فەرهەنگی کورد داگیر کردووە، کاتێ کە من دەیخوێنمەوە، دەبینم نەک شاعیری پلەی یەکەم و دووەم نییە، بەڵکە شاعیری پلەی پێنجەمیش نییە. بە پێچەوانەی ئەوەیشەوە ناوی وا هەیە کە لە هەشتاکان یا نەوەدەکاندا

بەرهەمیم خوێندووەتەوە، ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەک باس ناکرێت و کەس هەر نازانێت هەبووە، بەڵام من پێم وایە بەو بەرهەمانەوە کە ئەودەم نووسیونی و بەرچاوم کەوتوون، ئەو کەسە شاعیرێکی چاکە (یا چاک بووە).

میتافۆر (وێنەی شیعری) کۆڵەکەیەکی یەکجار گرنگی تێکستی شیعرییە. میتافۆر بە زمان، بە وشە دروست دەکرێت و پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزکاو و فرەلایەنەی هەیە. کۆکردنەوە و ڕیزکردنی وشە لە خۆیانەوە میتافۆر دروست ناکەن، بەڵکە پێوەندییە ڕێزمانی و فۆنەتیکییەکان، پێوەندییە مێژوویی و ئێتیمۆلۆگییەکان، پێوەندییە فکری و هەستکارییەکان و مەنتیقێکی تایبەتی کە حوکمی پێوەندیی وشەکان دەکات و بەرانبەر یەکدی ڕایاندەگرێت، ئەمانەن کە بنەڕەتەکانی میتافۆر هەڵدەچنن. کەواتە هەر لەنگییەک لەم بنەڕەتانەدا دەبێتە هۆی لەنگیی میتافۆر. من شاعیری کورد دەناسم، لەناو خەڵکدا وەک شاعیرێکی چاک و ڕووناکبیر و مۆدێرن باس دەکرێت. بەڵام من کە بەرهەمەکەی دەخوێنمەوە، دەبینم سادەترین بنەماکانی زمانەکەی خۆی، کە ڕێزمانە، نازانێت و بە هەڵە بە کاری دەبات. لە جێگایەکدا کە دەبێ پۆستپۆزیسیۆن هەبێت، ئەو دایناتێت، کەچی لە جێیەکدا کە پێویست بە پۆستپۆزیسیۆن ناکات، ئەو (دا)یەکی درێو قوت دەکاتەوە. ئەمە هەر وەک نموونە باس دەکەم، ئەگەرنا دەیان هەڵەی لەم بابەتەم بەرچاو کەوتوون. شاعیرێکی وەها، نەک دیوانێک، بگرە ئەگەر (شانامە) و (کۆمیدیای یەزدانی)یش بە کوردی بنووسێت، من پێی ناڵێم شاعیر، ئەوجا با هەرچی ڕەخنەگری هەر چوار پارچەکەی کوردستانە کۆنگرەیەک ساز بدەن و بڕیارێک دەربکەن و بڵێن (فلانی) شاعیرێکی گەورەیە. بڕیارێکی وەها و هاوبیرییەکی لەو چەشنە هێندەی سەرەدەرزییەک کار ناکاتە سەر بۆچوون و نرخاندنەکەی من.

لەم ڕۆژانەدا شیعرێکی تازەم دەنووسی. لە جێگەیەکدا شتێکی وەهام نووسیوە: "... دەشکێنین لەوێ جامی شەراب". ئەگەر یەکێک شارەزای شیعری کوردی و تا ڕادەیەکیش شیعری فارسی و ڕۆژهەڵاتی نەبێت، نازانێت ئەم میتافۆرە لە کوێوە هاتووە و بۆ لەوێدا نووسیومە. ئەمە بەشێکی کەمە لە بەیتێکی مامۆستا هێمنی شاعیر کە دەڵێ:

دێم و دەشکێنم لەوێ جـــامی شـــەراب

مـــاچی شـیـرین نایەڵێ تامی شـــەراب

من تەنیا وێنەی یەکەمم بە کار هێناوە. وێنەی دووەمم بە کار نەهێنا، چونکە لە لایەکەوە شیعرەکەی منی پێ بێهێز دەبوو، لە لایەکی دیکەیشەوە خوێنەرێکی وریا و هۆشیار و شارەزا، خۆی پاشماوەی بەیتەکەی هێمن دەبەستێتەوە بە میتافۆری شیعرەکەی منەوە و چێژێکی تەواوی لێ وەردەگرێت، واتە خوێنەریش لە داڕشتن و بنیاتنانی شیعرەکەدا بەشداری دەکات، بەشدارییەک کە هێز و توانستی خۆی لە بیرەوەریی زمانەوانی و فەرهەنگیی خوێنەرەوە وەردەگرێت.

ئەم زمانە پڕ لە ڕەمز و فرەلایەن و فرەتوێژە لای شاعیرانی کلاسیکی کورد زۆر پێش کەوتبوو.

ئەوان هەم سوودیان لە سامان و گەنجینەی شیعری فارسی و عەرەبی وەردەگرت، هەم لە سیمبۆل و دەربڕینەکانی قورئان و ئەدەبی تەسەووف. شاعیرێکی وەک وەفایی کاتێک دەڵێت: "بە جوابی لەن تەرانی (لن ترانی) چ بکەم جەرگم براوە"، سیمبۆلێک لە قورئانەوە وەردەگرێت و بۆ مەبەستێکی عاشقانەی خۆی بە کاری دەهێنێت. وەفایی لەم وێنەیەدا پلەی خۆشەویستییەکەی تا ڕادەی خواپەرستی بەرز دەکاتەوە، چونکە کە مووسای پەیامبەر داوای بینینی خودای کرد، خودا پێی وت ناتوانی بمبینیت. وەفایی خۆی دەخاتە جێی مووسا و خۆشەویستەکەیشی وەک خودایەک دەبینێت. من نازانم ئەمەی بۆ عەشقێکی سۆفییانە نووسیوە یا بۆ ژنێک؟ بۆ هەر کامیانی نووسیبێت، پێم وا نییە گوناهێکی کردبێت. عەشق هەر عەشقە و سەرچاوەی هەموویشی ئەو عەشقەیە کە سەرتاپێی گەردوونی گرتووەتەوە. دەمویست بڵێم ئەگەر خوێنەر شارەزای قورئان یا چیرۆکی مووسا نەبێت، لەو شیعرە ناگات. ئەگەریش تێبگات لە پلەیەکی نزمدا چێژی لێ وەردەگرێت، چونکە پێی وایە ژنێک بە وەفاییی شاعیری وتووە "نەخێر، ڕێگەت نادەم بمبینیت!". ڕەنگە خوێنەرێکی وەها ئەوەیشی پێ سەیر بێت بۆچی ئەم ژنە بە عەرەبی وەرامی شاعیری داوەتەوە؟

هەر لەو شیعرەی خۆمدا کە ئێستا باسم کرد و پێشتریش لە شیعری دیکەدا، من سیمبۆلی یووسف و زوڵەیخام بە کار هێناوە، بۆ ئەوەی ناچار بم چیرۆکەکەیان بگێڕمەوە. خوێنەرێکی شارەزا و خوێنەوار کە شیعرەکە دەخوێنێتەوە یەکسەر بیری دەچێت بۆ ئەو چیرۆکە و لە چوارچێوەی تێگەیشتن و داڕشتنەوەی شیعرەکەدا جێگەی دەکاتەوە. کاری ڕەخنەگری لێهاتوویش ئەوەیە ئەو پێوەندییە ئاشکرا بکات و بەرچاوی خوێنەر ڕووناک بکاتەوە. لەم جێیەدا دەبێ ئەوە باس بکەم کە هاوڕێیانی نووسەر کاک حەمەسەعید حەسەن و کاک پشکۆ نەجمەددین، کاتێ لەسەر دیوانی پێشووترم (هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز) نووسیبوویان، زۆر هۆشیارانە و شارەزایانە ڕەمزەکانیان دەستنیشان کردبوو و پاژە پێکهێنەکانی زمانی شیعرەکانیان لێک دابووەوە.

قەیرانی هەرە گەورە و دەردی بێدەرمانی ئەمڕۆی شیعری کوردی (و ئەدەبی کوردی بە گشتی) زمانە، زمانی کوردی. من ئێستا باسی ئەو لایەنانەی زمانی کوردی ناکەم کە دەگەڕێنەوە بۆ ڕێزمان و ڕێنووس و سینتاکس، بەڵکە باسی لایەنی جوانی و هونەریی زمانەکە دەکەم. زمانی شیعریی ئەمڕۆ زمانێکی بێپێز و یەکتوێژەیە، زمانێکە لە دەیان لایەنی جوانیی مێژوویی و فکری بێبەشە، زمانێکە کەلەپچەی کراوەتە دەست و کۆت و پێبەندی لە پێ کراوە و بواری ڕاکردن و هەڵپەڕینی لێ ستێنراوەتەوە. بە زمانێکی وەها شیعری گەورە و تێکستی گەورە نانووسرێت. دەوڵەمەندیی زمان هەر ئەوە نییە وشە و زاراوەی زۆرت هەبێت. ئەوەیان ڕەنگە بۆ نووسینی وتارێکی زانستی، بۆ لێکۆڵینەوەیەک یارمەتیت بدات، بەڵام بۆ نووسینی تێکستێکی ئەدەبیی داهێنەرانە، شیعر یا چیرۆک، دەبێ زمان لە ڕوویەکی دیکەوە دەوڵەمەند بێت. دەبێ وشە و

دەربڕینەکان هێندە بارگاویی خەیاڵ و فانتازی و لایەن و توێژ بن کە بێن بە هانای بچووکترین بیرەوە، بتوانن وێنەی ڕەنگدار و بۆندار دروست بکەن. بەشێکی گەورەی ئەم بێهێزییەی زمانی کوردی تاوانی ئەو نووسەر و شاعیرانەیە کە نەیانتوانیوە وزە نەپەنی و شاراوەکانی زمانی کوردی بدۆزنەوە و بە کاری ببەن. لەناو شاعیر و نووسەرانی ئەمڕۆی کوردستاندا کەمینەیەکی یەکجار کەم دەستەڵاتیان بەسەر زمانی کوردیدا دەشکێت و دەتوانن بە شێوەیەکی بەرز و هونەرمەندانە بیخەنە گەڕ.

* فەرهاد شاکەلی لە شیعرەوە ڕووی کردە زمان و لە زمانەوە بۆ فیکر لەم سێ تەوەرەدا لە کوێدا خۆت بە تەواوی دەبینیتەوە و لە کام بەشیان هەست دەکەی بە تەواوی لە ماڵی خۆتدای؟

– زۆر چاکە کە دنیای زانست و داهێنان وەک دنیای ڕاستەقینەی بەرچاو نییە. لە دنیای زانستدا کەس بەرۆکت ناگرێ داوای ناسنامە و بەڵگەی پەڕینەوە و هاتوچۆت لێ بکات. پیاو خۆی دەبێ بزانێت، ئایا دەتوانێ سەر بەو دنیایەدا، بەو سەرزەوینەدا بکات یا نە.

شیعر هەر لە منداڵییەوە لەگەڵمدا بووە و پێکەوە گەورە بووین. زمانیش بە ڕاستی هەر لە تەمەنی لاوێنییەوە حەزم لێ بووە، بەڵام ئەو دەوروبەرەی من تێیدا ژیاوم، ئەو پەروەردەیە و ئەو سیستێمی خوێندنەی ئێمە وەک منداڵی کورد هەمانبوو، بە هیچ جۆرێک بۆ فێربوونی زمان هاندەر نەبوون. من درەنگێ لە هەندێ لایەنی تەکنیکیی زمان و فێربوونی زمان تێگەیشتم. ئەگەر زووتر، ئەگەر لە تەمەنێکی گەنجتردا، ئەو زانیاری و هۆشیارییە زمانەوانییەی ئێستام هەبووایە، خۆمم فێری ١٠–١٢ زمانی تازە دەکرد. زمانەوانی، یا زمانناسی، شتێکی دیکەیە. زمانناسی زانستی پێکهاتەی زمانە، هەر زمانێک بێت. پێت دەڵێت زمان چۆنە و بنەما و قانوونەکانی کارکردن و گەشەکردنی چۆنن و چین؟ پێت دەڵێت سیستێمی بەشە جیاوازەکانی چۆنە.

هەواڵنامەی کتێب

لە سەرەتای هەشتاکاندا، لە زانستگەی ئوپسالای سوێد، دەستم کرد بە خوێندن و لێکۆڵینەوەی زانستی. بێجگە لە سێ زمانی زیندووی ئێرانی (فارسی، بەلووچی و تاجیکی)، هەندێ لە زمانە کۆنەکانی ئێرانیشم خوێند (فارسیی باستانی، پەهلەوی، پارسی و ئاڤێستا). ئەمە یارمەتییەکی زۆری دام بۆ تێگەیشتن لە پایە و ڕەگوڕیشەی زمانی کوردی و وشەی کوردی. هەر ئەو خوێندنە وای لێ کردم لەگەڵ زمانناسیدا ئاشنایەتییەکی زیاتر پەیدا بکەم. پێشتریش شارەزای دیالێکتی کرمانجی بووبووم. ئەم زانیارییانە زەوینەیەکی باش بوون بۆ من تا لەبارەی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردییەوە بگەمە کۆمەڵێ بۆچوون کە دەکرێ ئەو بەرەڵایی و ئاژاوەیەی لە زمانی کوردیدا تەشەنەی کردووە، چارەسەرێکی بۆ دابنرێت.

دواتر هەر بە هۆی کاری زانستییەوە لەگەڵ تەسەووفدا ئاشنایەتیی زانیاریم پەیدا کرد، ئەگەرنا پێشتریش بە هۆی بنەماڵەکەمانەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ تەسەووفدا هەر هەبووە. ئەم جارە دەستم

کردە خوێندنەوەیەکی قووڵ و چڕوپڕ لەبارەی مێژووی تەسەووف، بنەماکانی، ناودارانی، ئەدەبی تەسەووف و گەلێ لایەنی دیکەی تەسەووفەوە. تۆ کە تەسەووف بخوێنیتەوە، بتەوێ و نەتەوێ، لەگەڵ فکر و فەلسەفەدا ڕووبەڕوو دەبیتەوە، چونکە تیۆریی وەحدەت ئەلوجوود (وحدة الوجود)ی ئیبن عەرەبی (١١٦٥–١٢٤٠) کۆڵەکەیەکی گرنگی تەسەووفە و تیۆرییەکی قووڵ و فرەلایەنەی فەلسەفەیە. ئەوەیش بوو بە سەرەتای ئاشنابوونم لەگەڵ فکر و فەلسەفەدا بە شێوە زانیاری و تیۆرییەکەی.

لێرەدا دەبێ ئەوەیش ڕوون بکەمەوە کە من نە بیریارم و نە فەیلەسووفم، نە فکر و فەلسەفەیشم ڕۆژێ لە ڕۆژان بە شێوەیەکی سیستێماتیک و بەرنامەڕێژ خوێندووە. من وەک خوێنەرێک کە حەزم لە فێربوونە، فەلسەفە دەخوێنمەوە و هەوڵی تێگەیشتنی دەدەم. ڕاستییەکەی من دژایەتییەک لەنێوان سێ بواری شیعر و زمان و فەلسەفەدا نابینم. بە پێچەوانەوە، ئەو سێیە لە زۆر ڕووەوە تەواوکەری یەکترن. ئەگەر مەسەلە خۆشەویستی بێت، باوەڕ بکە هەر سێ بابەتەکەم خۆش دەوێن، بەڵام شیعر لە دووەکەی دیکە لە ڕۆحمەوە نزیکترە.

* "دەرزیئاژن" و "زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا" پڕن لە هێرش بۆ سەر بارودۆخی زمان و ڕێنووسی کوردی، لە وتارەکانی نێو ئەو کتێبانەتدا جۆرێک لە ڕەهایی هەیە لە بابەتی ڕەفزکردنەوە و هاوردنی خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو ئەو کارە زمانەوانییانەی کەسانێک لەم سەردەمەدا پێوەی سەرقاڵن، ناڕازیبوونی تۆ لەم بارودۆخە زمانەوانییەی ئێستە لە کەیەوە سەری هەڵداوە و چۆن بەو بەرەنجامە گەیشتی؟

– تەنیا کتێبی دووەمیان لەبارەی زمانەوە نووسراوە. بابەتەکانی "دەرزیئاژن" پێوەندییەکیان بە زمانەوە نییە. بەڵام کتێبی "زمانی کوردی..."یش پڕ نییە لە هێرش، بەڵکە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە بە ئامانجی پێشاندانی هەلومەرجی داتەپیوی زمانی کوردی و ئەو قەیرانانەی بەرۆکیان گرتووە و ئەوجاریش هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی پرۆسێسی گەشەکردنی زمانی کوردی بە شێوەی دیاکرۆنیک و سینکرۆنیک. ئەگەر بە باشی کتێبەکە بخوێنینەوە دەبینین باسی کاری زمانەوانیی هیچ کەسێکی ئەم سەردەمە ناکات.

نووسین و لێکۆڵینەوەکانی کتێبی "زمانی کوردی..." لە کات و سەردەمی جیاوازدا نووسراون. ئەوەی کۆیان دەکاتەوە ئەو مەترسییەیە کە هەندێک کەسی یەکجار کەم هەستی پێ دەکات و بەشی زۆرینەی بەناو خوێنەوار و ڕووناکبیری کورد هەر ئاگایشی لێ نییە و ناشتوانێت تێی بگات. ئەو مەترسییە، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە لە دڵی مندا دروست بووە، بەڵام لە سەرەتاوە هەر هەستێکی خۆڕسک و غەریزی (Instinctive) بوو. دواتر بە هۆی کاری زانستییەوە لە لایەنی جیاوازی کێشەکە ورد بوومەوە و گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ئەمە خەتەرێکی یەکجار گەورەیە و

هەڕەشەیەکی ڕووخێنەرە لە زمان و فەرهەنگی کورد.

تێکچوون و هەڵوەشانەوەی زمانی کوردی خۆی لە خۆیدا ناوەڕۆکی ڕاستەوخۆی نیگەرانییەکەی من نییە، چونکە ئەو دیاردەیە دەرئەنجامی جۆرێک بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتە کە زیان بە سەرتاپێی کۆمەڵی کوردەواری دەگەیێنن. ئەو بیرکردنەوەیە دەکرێ ناوی جۆراوجۆری لێ بنرێت: بێگانەپەرستی، خۆنزمبینی، خۆکەمبینی، خۆبچووکبینی، گرێی ڕۆژاوا یا هەرچییەکی دیکە. نووسەری ئێرانی جەلال ئال ئەحمەد پەنجا ساڵ لەمەوبەر ناوی نابوو (غرب زدگی). منیش پێی دەڵێم (ڕۆژاواپەرستی)، کە دیارە لە پشت ئەمەیشەوە بیرێکی دیکە هەیە بووەتە هۆی ئەوەی کەسانێک وەها بیر بکەنەوە.

لە بەشێکی زۆری نووسینە زمانەوانییەکانمدا من زیاتر نیگەرانی ئەوەم کە دەستەڵاتی سیاسیی کورد لە کێشەی زمان تێنەگەیشتووە و تا ئێستا وێنەیەکی تەواو لەبارەی ڕەوشی زمانی کوردییەوە لە بیرکردنەوەیاندا نەچەسپیوە. من پێم وایە ناکرێ مەسەلەیەکی وەها گرنگ و چارەنووسسازی وەک زمان بە جێ بهێڵین بۆ ڕێککەوت و وا بزانین لە خۆیەوە چاک دەبێت و کێشەکانی چارەسەر دەکرێن. زمانیش، وەک کاروباری ئابووری و عەسکەری و پیشەسازی و سیاسی، دەبێ نەخشەی بۆ دابنرێت، دەبێ ئامانجە کاتەکی و ئامانجە ستراتێگییەکانی دیاری بکرێن و کاریان بۆ بکرێت. ئێمە دەبێ سیاسەتێکی فەرهەنگی و سیاسەتێکی زمانەوانیمان هەبێت، ئەگەرنا ئەو داهاتووەی بەرەو ڕووی دەچین، ناکرێ داهاتوویەکی ڕووناک بێت.

هەواڵنامەی کتێب

* ڕێنووسی کوردی بە هەموو گرفتەکانیەوە کۆمەڵێک بەرهەمی باشی پاش ڕاپەڕینی بەرهەم هێنا، ئاخۆ ئەو گرفتە ڕێنووسییانەی باسیان دەکەیت هیچ لە جوانی و داهێنانی ئەو بەرهەمانە کەم دەکەنەوە؟

– ئەم پرسیارە دوو بابەتی تێکەڵ بە یەکدی کردوون کە زۆر پێوەندیداری یەکتر نین و ڕەنگە بگونجێ بە جیا باس بکرێن؛ بابەتی داهێنان و بابەتی ڕێنووس. ڕاستە داهێنان لەبەر ڕێنووس پەکی نەکەوتووە. نەک ئێستا کە ڕێنووسی کوردی هەندێ بنەما و قانوونی بۆ دانراون، بەڵکە لەو سەردەمانەیشدا کە ڕێنووسی کوردی لەگەڵ ڕێنووسی فارسیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، دیسان شاعیرانی کورد داهێنانی خۆیان هەر پێشکەش کردووە. بەڵام ئەمە ئەو تیۆرییەیە کە بە شێوە میللییەکەی پێی دەگوترێت: ئاشی نەزان خوا دەیگێڕێت. ئێمە ناتوانین زمان و بنەماکانی ڕێنووس و ڕێزمان بە جێ بهێڵین و بڵێین: دەی لێ گەڕێ، خۆی چاک دەبێت! ئەرکی زمانزانەکان و دەستگا پەروەردەیی و زانستییەکان ئەوەیە زمان بخەنە سەر ڕێگەیەکی ڕاست، بۆ ئەوەی خەڵک بە ئاسانی فێری ببن و خوێندەواری و زانیاری بە ئاسانی بڵاو ببێتەوە. ئێمە کە باسی زمان و گرنگیی قانوونەکانی زمان دەکەین، بیر لە چل پەنجا، یا دووسەد سێسەد نووسەر و داهێنەر ناکەینەوە، بەڵکە بیر لە نیو ملیۆن منداڵ دەکەینەوە کە لە پاییزدا بۆ یەکەم جار دەست بە خوێندن

دەکەن. بیر لە یەک میلیۆن خوێندکار دەکەینەوە کە لە پلەی جۆراوجۆری سیستەمی پەروەردەدا خەریکی خوێندن و خۆپێگەیاندنن.

ئێمە ئەگەر لە ماوەی ئەم هەژدە ساڵەی ڕابوردوودا سیاسەتێکی فەرهەنگی و زمانەوانیی ڕاستمان هەبووایە، ئێستا هەزاران کەسمان دەبوون کە بە کوردییەکی جوان و پاراو و ڕاست بیانتوانییایە بنووسن و بخوێننەوە و قسە بکەن. ئێستا نووسین بە کوردی دەگەیشتە پلەیەکی بەرز لە ڕووی زانستی و هونەرییەوە. ئێستا ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکانی ئەم وڵاتە ئاوەها پڕ نەدەبوون لە هەزاران و میلیۆنان هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس. ئێستا کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی کوردستان وەها نەدەبوونە هۆی (تیکچوونی میزاجی کوردەواری)ی نەتەوەیەک. ئێستا کتێبی خوێندنگەکان، لە هەموو پلەیەکدا، ئاوا سەقەت و نارێک نەدەبوون. ئێستا لەناو وەزیر و جێگرەکانیان و بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا و لەناو بەرپرسە گەورەکانی دەستەڵاتدا چوار پێنج کەس دەبوون بتوانن بە کوردییەکی ڕەوان و لە پلەیەکی باڵادا قسە بۆ دەستگاکانی ڕاگەیاندن بکەن و زۆر شتی دیکەیش...

* زمانی ستانداردی کوردی زمانێکە جێگەی هەموو شێوە جیاوازەکانی تری زمان دەگرێتەوە، بە ڕای تۆ دروستبوونی زمانی ستاندارد تا ڕادەیەک شتێک نییە نێزیک بێت لە خەیاڵ؟ زەمینەکانی هاتنە دیی ئەو خەیاڵانە زۆر سەختن، ئەمە بە چی دەبێتە واقیع؟

– نازانم ئەو پێناسەیەی لە سەرەتای پرسیارەکەتدا هێناوتە هیی کێیە؟ بەڵام هێندەی من بزانم نە زمانی ستانداردی کوردی و نە هیچ زمانێکی ستاندارد جێگەی شێوەزارەکان ناگرێتەوە و ئەوە بەشێک نییە لە ئەرک و لە تایبەتێتیی زمانی ستاندارد.

ئەگەر بە نیازی ڕوونکردنەوە، زمان لەگەڵ کۆمەڵدا بەراورد بکەم، دەتوانم بڵێم زمانی ستاندارد وەک دەوڵەت وایە. تۆ لە وڵاتێکدا ڕەنگە دەیان پارێزگا و ناوچە و خێڵ و تیرەت هەبن، بەڵام دەوڵەتی ناوەندی ئەو ڕێکخستنەیە کە ویستی هەموویان لە قەوارەیەکی کارگێڕی و سیاسیی یەکگرتوودا کۆ دەکاتەوە، دەبێتە نوێنەری هەموویان، ئەوانیش خۆیان بە بەشێک لەو دەوڵەتە دەزانن و بەشێک لە سەربەخۆییی خۆیان لەپێناوی یەکێتیی وڵات یا نەتەوەدا واز لێ دەهێنن بێ ئەوەی هەبوونی دەوڵەت ببێتە هۆی توانەوە یا لەناوچوونیان. زمانی ستاندارد شێوەی هەرە باڵا و ڕێکخراو و پێشکەوتووی زمانی نەتەوەیەکە، سەر بە هیچ ناوچە و خێڵ و تیرە و شێوەزارێک نییە، بەڵام هەموویشیان لە پەیدابوون و گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنیدا بەشدارییان کردووە و هەموویشیان بە هیی خۆیانی دەزانن، بێ ئەوەی زمانی ستاندارد ببێتە هۆی لەناوچوون و توانەوەی شێوەزارەکان.

دەزانم ئێستایش بەشێکی ڕووناکبیر و خوێنەواری کورد لەوە نەگەیشتوون، کە ئێمە زمانێکی



هەواڵنامەی کتێب

ستانداردمان هەیە و سالآنێکە دروست بووە. ئێمە زمانێکی ستانداردمان هەیە کە سەر بە هیچ ناوچە و دیالێکتێک نییە، بەلآم هەموویشیان لە دروستبوونیدا بەشدارییان کردووە. ئێمە کاتێک بە زمانی ستاندارد دەنووسین یا قسە دەکەین، تۆ ناتوانی بڵێیت ئەمە زمانی فلآنە ناوچە، یا فلآنە دیالێکتە. ئێستا ئەم نووسینەی من کە بە زمانی ستانداردی کوردی نووسیومە، لە هیچ شار و ناوچەیەکی کوردستاندا و لەناو هیچ خێڵ و تیرە و بنەماڵەیەکدا وەها قسە ناکرێت. بەلآم هەر کەسێکی کورد کە پلەیەکی خوێنەواریی هەبێت یا ئاشنای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بێت، دەتوانێ تێی بگات. بەشێکی یەکجار زۆری نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە ماڵ و شار و ناوچەی خۆیاندا بە شێوەی تایبەتی خۆیان دەدوێن، بەلآم کاتێک دەنووسن، کاتێک داهێنانەکانیان بە زمانی کوردی دادەڕێژن، کاتێک شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە و لێکۆڵینەوە دەنووسن و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا یا بە شێوەی کتێب بلآویان دەکەنەوە، بەم زمانە ئەدەبییە ستانداردە دەنووسن و ئەم زمانە ستانداردە بە زمانی خۆیان دەزانن.

کەواتە ئێمە زمانێکی ستانداردمان هەیە و تا ڕادەیەکی باش گەشەی کردووە و جێی خۆی کردووەتەوە. هەنگاوێکی گرنگ و پێویست لەم ڕووەوە ئەوەیە دەستەلآتی سیاسی ئەم زمانە بکاتە زمانی ڕەسمیی حوکومەتی کوردستان و دەستگا ڕەسمییەکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی پەروەردە و بەو شێوەیەیش سنوورێک بۆ ئەو بەرەلآیی و ئاژاوەیەی سەرتاپێی زمان و فەرهەنگی کوردی گرتۆتەوە، دابنێت. بڕیارێکی وەها تەنیا هەر قەیران و کێشەکانی فەرهەنگ و زمان چارەسەر ناکات، بەڵکە هاوکاتیش دەبێتە هۆی بتەوبوونی هەستی نیشتمانپەروەری و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی.

* بۆ ئەوەندە دژی گۆڕینی ئەلفوبێی ئێستەی بۆ لاتینی، ئاخۆ ترسەکەت لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێ؟ ترسی زمانەوانییە یا سیاسی یا شتی تر؟ لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زانکۆ و لەگەڵ هەندێ کەسانی بواری ڕاگەیاندن و زمانەوانی جەختیان کردووەتە سەر پێویستیی گۆڕینی ئەلفوبێی ئێستە بۆ لاتینی، هەروەها ئەو کەسانە ئەم گۆڕینە بەپێویست دەزانن بەهۆی هەندێ گرفتی تەکنیکی لە ڕووی بەکارهێنانی نۆرم و فۆرمەکانی زمان لە ئێستەدا، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

– بیری بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بیرێکە دژی فەرهەنگ و زمانی کوردییە، دژی شارستانەتیی کوردە، دژی ناسنامەی نەتەوایەتی و نیشتمانیی کوردە. بیری بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بەرهەمی بیرکردنەوەی کورد خۆی نییە، بیرکردنەوەیەک نییە بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانەکە یا پڕکردنەوەی پێویستییەکانی، بەڵکە بیری کەمالیزمە، بیرێکە سەرچاوەیەکی ئیمپەریالیستیی هەیە و بەشێکە لە هێرشی سیاسی و فەرهەنگیی

ئیمپەریالیزم بۆ تێکشکاندنی کەسایەتیی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و بۆ شێواندنی ناسنامەی نەتەوایەتی. ئەوانەی بیری بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینییان هێناوەتە ناو گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە، لەپێناوی خزمەتکردن و پێشخستنی زمانی ئەو نەتەوانەدا ئەم کارەیان نەکردووە، بەڵکە بۆ مەبەستێکی سیاسی و ئیدیۆلۆگی، وەک بەشێک لە هەڵمەتێکی سیاسی و فەرهەنگیی ئیمپەریالیستانە، دەیکەن. ئێمەی کورد بە هۆی ئەلفوبێی کوردییەوە، بە هۆی ئایینەوە، بە هۆی فەرهەنگەوە، بە هۆی جیۆگرافیا و مێژووەوە بەشێکین لە شارستانەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی و ئێرانی و بە هیچ شێوەیەک ناتوانین و نابێت دەستبەرداری ئەو پێوەندییە ژیاری و شارستانەتییە ببین. ئەلفوبێی لاتینی هەموو ئەو پێوەندی و خزمایەتییە و هەموو بنەماکانی ناسنامەی نەتەوایەتیمان هەڵدەوەشێنێتەوە و هیچیش لە جێگایاندا دانامەزرێنێت.

ئەگەر بەکارهێنانی لاتینی دەرگایەک بێ بۆ تێکەڵبوون بە دنیای پیشەسازی و تەکنیک و زانستی پێشکەوتوو، دەبوو بەشێکی زۆری گەلان و زمانان و وڵاتانی دنیا (چین، تایلاند، کۆریا، یۆنان، ئیسرائیل، ئەتیووپیا، جاپان، ئەریتیریا، عەرەب، ئێران، ئەرمەنی، بەنگلادێش، پاکستان، هیندستان، گورجستان... هتد) لە نەتەوە هەرە دواکەوتووەکانی دنیا ببوونایە، چونکە ئەمانە هیچیان ئەلفوبێی لاتینی بە کار ناهێنن، بەڵام دەزانین وا نین. هەندێک لەو نەتەوانە، بۆ نموونە جاپان، لە ڕووی تەکنیک و زانستەوە ئەوەندە پێشکەوتوون کە شان لە شانی ئەورووپا و ئەمەریکا دەدەن. لە لایەکی دیکەیشەوە ئەگەر ئەلفوبێی لاتینی ئەو دەرمانەیە کە هەموو دەردێک چارە دەکات، خۆ زمانی وەک سواحیلی و سۆمالی (دوو زمانی ئەفریقایین) بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسن، بەڵام نە بوون بە ئەورووپایی و نە پێش کەوتن و نە لە دەردەکانیان ڕزگاریان بوو.

کورد ئەلفوبێیەکی هەیە کە نزیکەی هەزار ساڵە پێی دەنووسێت و بە کاری دەهێنێت. ئەم ئەلفوبێیە لەم ماوە دوورودرێژەدا و لە ئەنجامی ئەزموون و وردبوونەوەی نووسەران و زمانزانانی کورددا گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە؛ گەشەی کردووە، ڕێک خراوە و کێشەکانی چارەسەر کراون. ئەم ئەلفوبێیە گەنجینەیەکە هەموو بەرهەمی عەقڵ و هۆش و ئاوەز و بیرکردنەوە و داهێنانی مرۆڤی کوردی لە خۆیدا هەڵگرتووە و پاراستووە. ئێستا دەبێ چ هۆیەکی گەورە و گران هەبێت تا ئێمە بێین هەروا سووک و ئاسان دەسبەرداری ئەو ڕابوردووە ببین و هەموو گەنجینەی عەقڵ و هۆش و بیرمان بفەوتێنین و لە سفرەوە دەست پێ بکەین؟ بۆچی؟ لەپێناوی چیدا دەبێ ئێمە ئاگر بەر بدەینە هەموو سامانی هۆشەکی و عەقڵانیی خۆمان؟ بۆچی دەبێ ئەلفوبێی کوردی واز لێ بێنین لەپێناوی ئەلفوبێیەکی لاتینیدا کە پڕە لە هەڵە و ناتوانێت دەنگەکانی (فۆنێمەکانی) زمانی کوردی دەرببڕێت؟

من نازانم ئەو مامۆستایانەی جەنابت قسەت لەگەڵ کردوون کێن و بۆچی وا بیر دەکەنەوە؟ بەڵام دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم ئەو کوردەی پێی وایە دەبێ ئێمە واز لە ئەلفوبێی کوردی بهێنین و دەست بکەینە بەکارهێنانی ئەلفوبێی تورکی لاتینی یەکێکە لە دوو کەس: یا لە کرۆکی باسەکە

تێنەگەیشتووە و ناتوانێت هەموو لایەنەکانی ببینێت و لێک بداتەوە، یا کەسێکە لە باسەکە گەیشتووە، بەڵام چونکە مێشکی شۆردراوەتەوە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ خزمەتی ئەو پرۆژە ئیمپەریالیستییە دەکات. کەسێک بە ڕاستی کوردیزان و زمانناس و نیشتمانپەروەر و هۆشیار بێت، دژی بەکارهێنانی ئەلفوبێی تورکی لاتینی بۆ زمانی کوردی دەوەستێت و بەرگری لە ئەلفوبێی کوردی و فەرهەنگ و زمان و شارستانەتیی کورد دەکات.

لە کتێبی "زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا" بە دوورودرێژی ئەم باسەم شی کردووەتەوە و لێی کۆڵیومەتەوە، ئیدی پێویست ناکات لێرەدا بەڵگە و بەڵگەکارییەکان دووبارە بکەمەوە.

* کتێبی "کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە" برێتییە لە کۆمەڵێک نووسین و ئاخاوتنی فەرهەنگی و سیاسیی ئەمڕۆ و دوێنێی کولتووری کوردی، لە ٥ بەشی کتێبەکەتدا زۆر مەسەلەی گرینگت وروژاندووە، لە هەندێ لەو وتارانەدا باست لە فەلسەفەی کوردەواری کردووە، ئاخۆ ئێمە بە ڕاستی خاوەنی فەلسەفەیەک و مێژوویەکی فەلسەفیی تایبەت بە گەلی کوردین، یاخۆ بوونی فەلسەفەی تایبەت بە ئێمە وەهمە؟

– با جارێ پێشەکی لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین کە فەلسەفە بە دوو مەعنای جیاواز بە کار دێت. واتایەکی سادە و گشتیی فەلسەفە ئەو کۆمەڵە بیروباوەڕ و نەریت و فەرهەنگەیە کە کۆمەڵگەیەک یا تاکەکەسێک دەیکەنە ڕێنوێنیی ژیانی خۆیان و ڕێگای ژیانی خۆیانی پێ ڕۆشن دەکەنەوە، یا دەیکەنە پێوەرێک بۆ لێکدانەوە و تەفسیرکردنی مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ژیان. بەم مەعنایە هەموو کۆمەڵگەیەک و ڕەنگە هەموو تاکەکەسێکیش فەلسەفەی تایبەتی خۆیان هەیە. تەنانەت کۆمەڵگە هەرە دواکەوتووەکانیش فەلسەفەیەکی خۆیان هەیە. واتای دووەمی فەلسەفە ئەو زانستەیە کە کۆمەڵێ بنەمای خۆی هەیە و مێژوویەکی هەیە و دەکرێ وەک هەر زانستێکی دیکە بخوێنرێت. هیچ پێویستیش ناکات بڵێین ئەوەی فەلسەفە دەخوێنێت فیلۆسۆفە یا دەبێتە فیلۆسۆف. دیارە هەم لە پرسیارەکەی تۆدا و هەم لە کتێبەکەی منیشدا فەلسەفە بەم مەعنایەی دووەمی باس کراوە.

لە دنیای ئەمڕۆدا ناتوانین بڵێین هەر نەتەوەیەک و هەر گەلێک فەلسەفەی خۆی هەیە. تەنانەت لە ڕابوردوویشدا کە باسی فەلسەفەی نەتەوە یا وڵاتی جیاواز کراوە، مەبەست ئەوە بووە کە کۆمەڵێ باوەڕ، یا کۆمەڵێ سیستێمی فکری لە ڕووبەرێکی جیۆگرافیی دیاریکراودا، یا لەناو نەتەوەیەکدا دەستی پێ کردووە، بەڵام دواتر هەموو بیرە فەلسەفییەکان بوونەتە سامانی مرۆڤایەتی. لەو بوارەدا باس لەوە دەکرێت بیریاران و فیلۆسۆفانی نەتەوەیەک یا وڵاتێک چەند بەشدارییان لە سامانی گشتیی فەلسەفە و فکری مرۆڤایەتیدا کردووە. تیۆرییەکی یەکجار گرنگی فەلسەفەی ئیسلامی، بۆ نموونە، تیۆریی (وەحدەت ئەلوجوود: وحدة الوجود)ی ئیبن عەرەبییە، کە لە

ئەندەلوسی سپانیا لە دایک بووە و لە وڵاتانی میسر و سووریا و تورکیا ژیاوە. ئەمڕۆ نەک تەنیا لە دنیای ئیسلامی، بەڵکە لە ڕۆژاوایش هەزاران کەس هەن کە باوەڕیان بە تیۆرییەکەی ئیبن عەرەبییە. دەیان هەزاریش هەن کە دەیخوێنن و لێی دەکۆڵنەوە. سەرچاوەی هەرە کۆن و گرنگی فەلسەفە، وەک دەزانین، یۆنانستانە. بەڵام ئەمڕۆ ئەوەندەی فیلۆسۆف لە ئاڵمانیا یا فرانسا یا هیندستان هەیە، سەدیەکی ئەوە لە یۆناندا نییە. فەلسەفەی کۆنی یۆنانی، ئێستا سامانی هەموومانە، هەر کەسێک لەم دنیایەدا پێی خۆش بێت دەتوانێت بیخوێنێت و فێری ببێت.

ئێمە کە باسی مێژووی بیر یا مێژووی فەلسەفە لای کورد دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە بزانین کورد، یا بیریار و فیلۆسۆفی کورد، ئەگەر هەبن، تا چ ڕادەیەک بەشدارییان لە دەوڵەمەندکردنی فەلسەفە و فکردا کردووە. پێم وایە هەردوومان لەسەر ئەوە کۆکین کە شتێک نییە ناوی فەلسەفەی کوردی بێت. گریمانەی پێش ئەو ئەنجامگرییە ئەوەیە بڵێین کورد فیلۆسۆفی نەبووە، واتە کورد بەرهەمهێنی فەلسەفە نەبووە، بەڵکە مەسرەفکار، خەرجکاری فەلسەفە بووە. هەندێ جار لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستانەوە دەگوترێ زەردەشت کورد بووە، یا سوهرەوەردی کورد بووە. ئێمە بەم قسانە، وەک سوێدییەکان دەڵێن،– عاقڵتر نابین. بۆچی دەبێ زەردەشت کورد بووبێت؟ سوهرەوەردی ڕێی تێ دەچێت کورد بووبێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نییە کە کوردیی زانیبێت. تەنانەت ئەگەر وایشی دابنێین توانیویەتی بە کوردی قسە بکات، بەڵام یەک دێڕ و یەک وشەیشی بە کودی نەنووسیوە. ئەو فەلسەفەی بە فارسی و بە عەرەبی زانیوە و خوێندووە و نووسیوە. ئیتر بۆچی دەبێ فەلسەفەی سوهرەوەردی موڵکی کورد بێت؟ ئەو فیلۆسۆفێکی موسڵمانی ئێرانییە. هیچ گرنگیش نییە سەر بە کامە نەتەوە بووە. سەیر ئەوەیە ئەو سوهرەوەردییەی دەمانەوێ بە زۆر بیکەینە کورد، بە فەرمانی دەستەڵاتدارێکی کورد، بە فەرمانی سەلاحەددینی ئەییووبی کوژراوە.

من لەو لێکۆڵینەوەیەدا، کورد و مێژووی بیر، هەوڵم داوە وەرامی ئەو پرسیارە بدەمەوە ئایا کورد تا چ ڕادەیەک ئاشنایەتیی لەگەڵ فەلسەفەدا هەبووە؟ ئەو کوردە خوێندەوار و ڕووناکبیرانەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا باس کراون، هیچ کەسێکیان فیلۆسۆف نەبووە، بەڵام شارەزای هەندێ بیر و تیۆریی فەلسەفی بوونە، بە پلەی جیاواز و جۆراوجۆر. بەداخەوە ئەو لێکۆڵینەوەیە تا سەرەتای سەدەی بیستەم دەگرێتەوە. حەزم دەکرد لەسەری بڕۆم تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.

* ئاخاوتەیەکی سیاسی یا فەرهەنگی و فیکریمان هەیە کە لەنێو خەڵکدا تەشەنەی کردبێت و بووبێتە هۆی بزاوتن و هۆشیارکردنەوەی گەلەکەمان؟ یاخۆ تا ئەم ساتەش بە دەست جوینەوەی گوتارە سواوەکانی نیو سەدەی پێش ئێستەوە دەتلێینەوە؟

– داڕشتنی پرسیارەکە هەستێکی وەهام پێ دەدات کە مەبەستت ئیدیۆلۆگی یا سیستێمێکی فکریی پتەو و ڕێکوپێک بێت بۆ بەجۆشهێنانی خەڵک و دواتریش بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی

کۆمەڵگەی کورد.

لە سەردەمی شەڕی ڕزگاریخوازانەدا، کە زۆرجار لە ئەنجامی داگیرکردن و چەوسانەوەی نەتەوایەتیدا دەست پێ دەکات، ئاخاوتەی فکری و فەلسەفی نەخشێکی ئەوتۆی نییە. جەماوەر و خەڵکی چەوساوە بیر لە شێوە و ناوەڕۆکی پاشەڕۆژ ناکەنەوە. ئەوان پێش هەموو شتێک دەیانەوێ ڕزگار بن و وڵاتەکەیان ئازاد بکەن. تۆ دەبینی لەو سەردەمانەدا ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی زۆرترین خەڵک لە خۆیان کۆ دەکەنەوە، ئەوانەن کە لە ڕووی پارە و چەک و تفاقی لۆگیستیکییەوە دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوون، یا ئەوانەی کە سەرکردەی خاوەنکاریزمایان هەیە، یا پشتیوانییەکی دەرەکیی پتەویان هەیە. کەچی ئەو ڕێکخراوانەی خۆیان بە وردەکاریی ئیدیۆلۆگییەوە خەریک دەکەن، ئەگەرچی ڕەنگە بەرنامەیەکی ڕوونتریشیان هەبێت، ناتوانن لەناو خەڵکدا تەشەنە بکەن و جەماوەر لە خۆیان کۆ بکەنەوە، تەنانەت ئەو جەماوەرەی کە ئەمان پێیان وایە بۆیان دەبنە باشترین ڕێبەر و پارێزەر. لە شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٦١-١٩٧٥) یەک پارتی و یەک سەرکردە هەبوو، بەڵام لە شۆڕشی تازەدا (١٩٧٦-١٩٩١) پارتی و گرۆی سیاسی زۆر بوون. لە هەموویان بەهێزتر پارتی و یەکێتی بوون، ئەگەرچی هیچ یەکێکیان بەرنامەیەکی فکری و ئیدیۆلۆگیی ڕوونی نەبوو. لەو شۆڕشەدا چوار گرۆی سیاسی هەبوون کە لە ڕووی فکر و بەرنامەوە لەوانی دیکە ڕێکوپێکتر بوون؛ کۆمەڵەی ڕەنجدەران، حیزبی کۆمونیستی عیراق، پاسۆک و بزووتنەوەی ئیسلامی، کەچی ئەمانە هەرگیز نەیانتوانی خەڵکێکی زۆر بە لای خۆیاندا ڕابکێشن. ڕەنگە لەناو ئەو چوارەدا کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەوانی دی زیاتر سەرکەوتنی بە دەست هێنابێت و چووبێتە ناو خەڵکەوە، بەڵام ئەو سەرکەوتنەیان ئەنجامی فکر و بەرنامەکەیان نەبوو، بەڵکە ئەنجامی ئەوە بوو کە لەگەڵ مام جەلال و لەگەڵ یەکێتی بوون.

ئەمڕۆ، کە لە زۆر ڕووەوە لە سەردەمی شەڕی ڕزگاریخوازی جیاوازە، ئێمە سنوورێک یا هێڵێک نابینین پارتی و ڕێکخراو و گرۆ سیاسییەکان لە یەکدی جیا بکاتەوە. جیاوازیی فکری هەر ئەوە نییە لەسەر کاغەز یا لە بەرنامەی حیزبدا چەسپێنرابیت، بەڵکە کۆی هەموو کردار و خەبات و بۆچوونەکانی حیزبێک دیاری دەکات. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ نموونە، خۆی بە پارتێکی سۆسیالدیمۆکرات دادەنێت، بەڵام بۆ منێک کە لە سوێد دەژیم و بەشێکی درێژی تەمەنی خۆمم لە سێبەری سیستێمێکی سۆسیالدیمۆکراتدا بردووەتە سەر، زۆر زەحمەتە ئەوە بسەلمێنم کە یەکێتی حیزبێکی سۆسیالدیمۆکراتە. یەکێتی هیچ لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان سۆسیالدیمۆکراتتر نییە و من جیاوازییەکی فکری لەنێوان ئەو دوو هێزەدا نابینم. نە پارتی و نە یەکێتی، هیچیان بەرنامە و نەخشەیەکی ڕوونیان نییە بۆ دامەزراندنەوە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستانی عیراق، هیچ فەلسەفەیەکی سیاسیی دامەزراویان نییە، هەرچییەکیش دەڵێن و دەنووسن تەنیا هەندێ ئیجتیهادی تاکەکەسییە.

دوو فکر، دوو ئیدیۆلۆگی، لە کوردستاندا دەیانتوانی، یا دەتوانن، بەرنامە و نەخشەی ڕوونیان

بۆ پاشەڕۆژی کوردستان هەبێت؛ مارکسیستەکان و ئیسلامیستەکان. بەڵام لە کوردستانی ئەمڕۆدا ڕێکخراوێکی مارکسیستی نییە. هێزە ئیسلامییەکانیش دوو نوختەی لاواز لە پێکهاتەی فکری و ڕێکخستنیاندا هەیە: لە لایەکەوە پەرتەوازەن، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەوەندەی خۆیان بە شتە بچکۆلەکانەوە خەریک دەکەن، چواریەکی ئەوە خۆیان بۆ باس و مەسەلە گرنگ و چارەنووسسازەکان_ تەرخان ناکەن. ڕەنگە سۆسیالیزم وەک سیستێمێکی فکری و وەک مۆدێلێک بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بتوانێت لە کوردستاندا پێگەیەکی هەبێت، بەو مەرجەی لە ڕووی تیۆرییەوە کاری بۆ بکرێت. لە کوردستاندا ئاخاوتەی فکری و فەرهەنگی نەبووەتە بزوێنەری کۆمەڵگە و جەماوەر. بەڵام نایشکرێ بڵێین ئاخاوتەکانی ئەمڕۆ هەر ئەوانەی پەنجا ساڵ لەمەوپێشن. نەخشەی فکری و سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستان لە زۆر ڕووەوە گۆڕاوە. ئێستا هەر ئەوە بەش ناکات بە ئاخاوتەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی یا ژێردەستەیی، کۆمەلانی خەڵک ببزوێنرێن، دەبێ ئاخاوتەیەکی ڕوونتریان پێشکەش بکرێت، دەبێ بەرنامەیەکی کۆنکرێت بخرێتە بەر دەستیان، دەبێ پێویستییە ماددی و ڕۆحییەکانیان بکرێتە بنەڕەت بۆ داڕێشتنی نەخشە و بەرنامەکانی داهاتوویان.

* ڕووناکبیر و دەسەڵات دوو تێرمی زۆر جیاوازن، ڕووناکبیر خاوەنی ستراتیج و شێوازی کارکردنێکە کە جیاوازیی لە دەسەڵات هەیە، سنووری ئاخاوتەی سیاسی و ئاخاوتەی فەرهەنگیی ڕووناکبیران چۆن دەبینی، ئاخۆ ڕووناکبیر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە تەواوی تەسلیم بە دەسەڵات نەبووە؟! یان ڕوویەکی سپیی بۆ خۆی هێشتووەتەوە؟

– لەبارەی ئەم بابەتەوە، ڕووناکبیر و دەستەڵات، زۆر گوتراوە و زۆر نووسراوە. سەدان و هەزاران لێکۆڵینەوەی قووڵ لەو بارەیەوە نووسراون و بڵاو کراونەوە. کێشەکە لە زۆر کاتدا و لە زۆر جێگەی ئەم جیهانەدا هەر یەک شێوەی هەیە. من خۆیشم لە نووسینەکانمدا چەند جارێک لێی دواوم. پێم وایە چاکترە ئەم باسە بە جێ بهێڵین بۆ کاتێکی تر.

* لە وتارێکتدا دەڵێی ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی فەرهەنگییە، ئاخۆ ئەو هەموو شۆڕشە فەرهەنگییانەی کە لە دنیادا ڕوویان داوە هەر هەموویان بوونەتە مایەی سەرکەوتن؟ ئەگەر وەڵامەکە بە ئەرێ بێت، ئاخۆ شۆڕشی فەرهەنگی لە چین لەسەر دەستی ماوتسی تۆنگ نەبووە هۆی هەژارکردنی گەلی چینی و لەناوبردنی ملیۆنان خەڵکی چین، یان تۆ مەبەستت لە شێوە شۆڕشێکی نوێیە؟

– لێتی ناشارمەوە، من کە باسی شۆڕشێکی فەرهەنگی دەکەم، میکانیزمێکی ڕوونم لە بیردا نییە و نازانم شۆڕشێکی وەها چۆن جێبەجێ دەکرێت. شۆڕشی فەرهەنگیی ماوزەدۆنگ و شای ئێران (!) و موعەممەر قەززافی هەر هەموو لە سەرەوە، لە ناوەندی دەستەڵات خۆیەوە جاڕ دراوە و

ئەنجامەکەیشی تەنیا بەهێزکردنی دەستەڵات، پتەوکردنی ناوەند و پلیشانەوەی خەڵک بووە.

ئەو شۆڕشە فەرهەنگییەی من مەبەستمە لە ڕێگەی دەستەڵاتەوە جێبەجێ ناکرێت. لەوەیە هەندێ تاکەکەسی ناو دەستەڵات، ئەگەر بە چاوێکی دووربینانە تەماشای داهاتوو بکەن، بتوانن نەخشێکیان لەو پرۆسێسەدا هەبێت. ڕووناکبیران، بەڵام تەنیا ڕووناکبیرانی جیددی، دەتوانن کاری بۆ بکەن. هیوای من ئەوەیە کە چەمکە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگەکەمان، ستراتێگیی نەتەوایەتیمان و تێگەیشتنمان لە مێژوو و لە شارستانەتی لە بنجەوە گۆڕانیان بەسەردا بێت. ئەم گۆڕینەی من باسی دەکەم ئەوەندەی ڕێنیسانسە، ئەوەندە شۆڕشی فەرهەنگی نییە. هەر لەبەر ئەوەیش پێم وایە ڕۆڵی کەسانی خاوەنبیر، کەسانی بیریار، ڕۆڵێکی بنەڕەتییە. ڕوویەکی دیکەی ڕێنیسانسێکی وەها ئەوەیە کە ڕووداوێکی درێژخایێنە، کاتێکی زۆری دەوێت، ڕەنگە ژیانی دوو نەوەی پێویست بێت.

هەندێ نەتەوە سەرکردەیەکی گەورەیان تێدا هەڵدەکەوێت و دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕینێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی فکری و سیاسی و ستراتێگییاندا. مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣–١٩٧٩) پیاوێکی ژیر بوو، سەرکردەیەکی دووربین بوو. بارزانی لە ماوەی پانزدە ساڵدا کوردی بەرەو ئەوە برد بیکاتە نەتەوە. ئەمە پرۆژەیەکی یەکجار گەورە بوو. بەڵام پانزدە ساڵ ماوەیەکی کەمە. ئەگەر بارزانی پانزدەساڵی دیکە پێشەوای کورد ببووایە، دڵنیا بە ئێستا جیاوازییەکە جیاوازیی زەوی و ئاسمان بوو. کێشەکە ئەوەیە دوای کۆچی مەلا مستەفای بارزانی هیچ هێز و ڕێکخراوێکی سیاسی نەیتوانی درێژە بە پرۆژەکەی ئەو پیاوە بدات. من ناڵێم بارزانی بیریار یا فیلۆسۆف بوو، بەڵام دەتوانم بڵێم پیاوێکی ژیر و سەرکردەیەکی مێژووکردی دووربین بوو.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان (ئێستا باسی کوردستانی عێراق دەکەم) نە پرۆژە و نە ستراتێگییەکی وەهای هەیە، دەبێ هیوایەکمان بەوە هەبێت کە بە هۆی بزووتنەوەیەکی فکرییەوە، بە بەشداریی ڕووناکبیرە جیددی و دووربینەکان، ئامانجێکی وەها بە دی بهێنرێ و پرۆژەیەکی وەها جێبەجێ بکرێ.

* پرسیارێک زۆر لە نووسەران و ڕووناکبیران وروژاندوویانە و تۆش لەنێو وتارێکتدا بەناونیشانی "ئەدەبی کوردی لە تاراوگە" ئاماژەت پێ کردووە، ئەو پرسیارەش پرسیاری بوونی ئەدەبی تاراوگەیە، تۆ پێت وایە لە ڕووی فیزیکی و جیۆگرافیاییەوە جێگەیەکی گرینگ بۆ ئەدەبی تاراوگە هەبێت، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو ئەدەبە لە ڕووی فۆرم و داهێنانەوە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەدەبی ناتاراوگەدا؟

– ئەم پرسیارەیشم لە نووسینێکمدا بە درێژی وەرام داوەتەوە.

* کولتووری کوردی بەدەست ململانێی نوێگەرییەوە دەناڵێنێ، ئەو نوێگەرییەی لە

بنیاتی ڕۆشنبیریی کوردیدا ڕوو دەدات بنیاتێکی شلۆقە، شیمانەی دارمانی زۆری هەیە، کێ لەم شلۆقییە بەرپرسیارە؟

– فەرهەنگ، وەک زۆر کایەی دیکەی ژیانی نەتەوەیەک و وڵاتێک، دەبێ بەپێی ستراتێگی و بەپێی نەخشەیەکی دووربینانە کار بکرێ بۆ پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی. وەک چۆن نەخشەی درێژخایێن بۆ ئابووری، بۆ کاروباری عەسکەری، بۆ پێوەندیی دیپلۆماتیک، بۆ ئاودێری و کشتوکاڵ دادەنرێت، دەبێ ئاوهایش نەخشە بۆ فەرهەنگ دابنرێ، ئەگەرنا فەرهەنگ لە خۆیەوە پێش ناکەوێت.

من ئەوە سی ساڵ زیاترە لە وڵاتێکی وەک سوێددا دەژیم و دەبینم چۆن کار بۆ فەرهەنگ و زمان دەکەن. دەیان دەستگا و دامەزراو و ناوەندیان هەیە بۆ ئەم ئامانجە. من خۆیشم ڕاستەوخۆ کارم لەگەڵ کردوون و لەو دەستگا و ناوەندانەدا پرسیان پێ کردووم و وەک ڕاوێژکار گوێیان لێ گرتووم.

لە کوردستانیشدا دەستگا و ناوەند زۆرن: زانستگەکان، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی فەرهەنگ، ڕاگەیاندنی پارتییەکان، ئەکادیمیای کوردی، یەکێتیی نووسەران و زۆر جرِ و جانەوەری دیکەیش. بەڵام ئەم دەستگایانە هیچ هاوئاهەنگییەک لەناویاندا نییە، چونکە دەستەڵاتی سیاسی ستراتێگی و نەخشەیەکی لەو بوارەدا نییە و بیری لێ نەکردووەتەوە. ئەنجامەکە ئەو ئاژاوە و گەڕەلاوژەیەیە کە دەیبینین.

ئەم نەخشە و نەخشەکارییەی من لێرەدا باسی دەکەم هیچ پێوەندییەکی بە تاکەکەسی داهێنەرەوە نییە. داهێنەر نابێتە بەشێک لە نەخشە و پلانی دەستەڵات. داهێنەر بۆ خۆی دەوڵەتێکە، دەستەڵاتێکی سەربەخۆیە و دەزانێت چۆن کاری خۆی ببا بە ڕێوە.

زەوینەی فەرهەنگیی ئێمە زەوینەیەکی لەرزۆکە؛ لە لایەکەوە چونکە پێوەندییەکی بتەوی لەگەڵ ڕابوردوودا نەماوە، لە لایەکی دیکەیشەوە لەبەر ئەوەی نەخشەیەکی زانستانە بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی لە ئارادا نییە. ئێستا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنیکییەوە، تەکنیکی زانیاری، هێرش و داگیرکردنی فەرهەنگی لە هێرش و داگیرکردنی عەسکەری و سیاسی خێراتر ڕوو دەدات.

* کۆمەڵە چیرۆکێکت چاپ کردووە بەناوی (بۆنی تاریکی)، چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ لە سوێد بوو، چاپی دووەمیشی ساڵی ٢٠٠٠ لە کوردستان. بە بیانووی چیرۆکی (قەحپە و شەهید) ئەم کتێبە لە کتێبخانەکان کێشرایەوە. کێشانەوەی ئەم کتێبە چ بیانوویەکی تری لە پشتەوە بوو بێجگە لەو بیانووەی سەرەوە؟

– من نازانم جەنابت ئەم دەنگوباسەت چۆن و لە کوێوە دەست کەوتووە. باوەڕ بفەرموو لە ماوەی دە ساڵی ڕابوردوودا ئەمە دووەم جارە گوێم لەم باسە دەبێت و نایشزانم ڕاستە یا نە؟ هەرچۆنێک

بێت بە لامەوە گرنگ نییە و ساڵانێکی دوورودرێژیشە بە سانسۆر و بە دژایەتیی نافەرهەنگی ڕاهاتووم. ئێستاکەیش لە هەندێ جێگەی کوردستان و لای هەندێ دەستگای فەرهەنگی، ناو و بەرهەم و هەموو باسێکی من قەدەغەیە. خوێندکاری کورد دەناسم ویستوویەتی نامەی ماستەر یا دۆکتۆراکەی لەسەر شیعری من بکات، بەڵام ڕێگەیان پێ نەداوە. خوێندکار دەناسم دۆکتۆرنامەی لەسەر شیعری تازەی کوردی نووسیوە، بەڵام بە هیچ جۆرێک ناوی منی نەهێناوە. ڕۆژنامە دەناسم کتێبی منیان بە دیاری بۆ بردوون، تەنیا وەک هەواڵێک بنووسن کتێبێکی فلانە نووسەر بڵاو کراوەتەوە، ناوی وەهایە و ئەوەندە لاپەڕەیە، کەچی یەک وشەیان لەسەر نەنووسیوە. خۆ هەر حیزبی بەعس نییە کە ڕەوتاری فاشیستانەی هەبوو، کوردیش دەزانێت فاشیستانە ڕەوتار بکات.

کتێبی ''بۆنی تاریکی'' بۆچی لە کتێبفرۆشییەکان کێشراوەتەوە، باوەڕ بکە نازانم و ئاگادار نیم. زۆریشم پێ سەیرە ئەگەر شتێکی وا ڕووی دابێت، چونکە ئەو چیرۆکانە هیچ شتێکی وەهایان تێدا نییە دژی هێزێکی سیاسی نووسرابێت یا زیان بە لایەنێک بگەیێنێت. ڕەنگە تاکە لایەنی زیانبەخشی ئەو کتێبە ئەوە بێت کە من نووسیومە.

* (بۆنی تاریکی) کۆمەڵە چیرۆکێکی گرینگە لە بواری چیرۆکی کوردیدا، کەچی زۆر بەبێدەنگی ڕۆیشت، ئەوەی من ئاگەدار بم تەنیا (جەبار جەمال غەریب) نووسینێکی لەبارەوە نووسی، ئەم بارە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

– من هیچ ڕوونکردنەوەیەکی مەنتیقیم لا نییە. لەبارەی کۆمەڵەچیرۆکی ''بۆنی تاریکی''یەوە نامەوێ هیچ بڵێم، بەڵام تۆ خۆت لە پرسیاری پێشووتدا وەرامێکی ئەم پرسیارەت داوەتەوە: بێدەنگکردن لەو چیرۆکانە لەبەر ئەوەیە کە نەگەیشتوونەتە دەست خوێنەری کورد. کتێبەکە هەمووی کراوە بە عەرەبی، ئەگەرچی هێشتا چاپ نەکراوە. هەندێ لە چیرۆکەکان کراون بە تورکی، ئیتالیایی، سوێدی و ئینگلیزی. چاپە ئیتالییەکەی وەک کتێب چاپ کراوە و لەسەریشی نووسراوە. هەر لەبارەی چاپەکەی ئیتالیاوە ڕانانێکی باش لە ڕۆژنامەی (الحیاە)دا بڵاو کرایەوە. هیوادارم بتوانم جارێکی دیکە کۆمەڵەچیرۆکی ''بۆنی تاریکی'' لە کوردستان بڵاو بکەمەوە و بیگەیێنمە دەستی خوێنەری کورد.

* ئەم شاعیرانەی خوارەوە لەناو ئەدەبی کوردیدا بە پلەی یەکەم شاعیرن و ناوە ناوە چیرۆکیشیان نووسیوە و چیرۆکی گرینگشیان هەیە وەک (سەلاح شوان، دڵشاد مەریوانی، سەلام محەمەد، فەرهاد شاکەلی... تاد)، ئاخۆ بیروڕای ڕەخنەییت لەبارەی ئەم حاڵەتەی نووسینە چییە؟ هەردوو شیعر و چیرۆک دوو ژانری هونەریی سەربەخۆن، ئاخۆ هیچیان دەبێتە ئەلتەرناتیڤی ئەوی تر؟

– بە ڕاستی من خۆم بە چیرۆکنووس نازانم و چیرۆکنووسیش نیم. لە پێشەکیی کتێبی ''بۆنی

تاریکی"یشدا ئەوەم نووسیوە. هەندێ هەست و هەڵچوون، هەندێ ئەزموونی مرۆڤ هەن کە لە چوارچێوەی شیعردا جێیان نابێتەوە، ناچار دەبێ دەفری دیکەیان بۆ بدۆزینەوە. منیش هەر وام کردووە.

ئەگەر شاعیر چیرۆک بنووسێت، یا چیرۆکنووس شیعر بنووسێت، هیچ شتێکی سەیر نییە. ڕاستت دەوێ ئێستا ئەو سنوورە ئەستوورەی نێوان شیعر و پەخشان نەماوە. داهێنان وەک لافاو وایە، کە هات، "کە دەکا هاژە لەسەردا"، خۆی ئاوەڕۆ بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و پرس بە کەس و بە هیچ دەستەڵاتێک ناکات.

لەناو نووسەرانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتیشدا زۆر هەن کە لە دوو یا سێ بواردا دەنووسن. من خۆم پێم وایە نووسەر هێندەی بتوانێت، چاکترە لە بواری کەمتردا بنووسێت. بەڵام ئەم خۆ سنووردارکردنە ئاسان نییە، بە تایبەتی بۆ نووسەرێکی کورد کە لە لایەکەوە ئاگاداری ئەدەب و فەرهەنگی پێشکەوتووی دنیایە و لە لایەکی دیکەیشەوە دەبینێ فەرهەنگی زمانەکەی خۆی چەندە پاشکەوتووە و چەندە پێویستی بەوەیە دەوڵەمەند بکرێت.

* لەناو ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردیدا ئاماژە بە سێ گرووپی ئەدەبی دەکرێ:

یەکەم: گرووپی (ڕوانگە) کە پێک هاتووە لە جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی، شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی.

دووەم: گرووپی (کفری) کە پێک هاتبوو لە لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی.

سێیەم: گرووپی (پێشڕەو) کە پێک هاتبوو لە جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵا، سەباح ڕەنجدەر، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەڕاج، عەباس عەبدوڵا یوسف.

هەریەک لەو گرووپانە وا هەست دەکەیت کۆکراوەی شارێکن و بەشێوەی جیاجیاش دژایەتی کراون، بەڵام لە ئەنجامدا گرووپ ناتوانێ ببێتە هێز و پاڵپشتێک بۆ داهێنان. (داهێنان) هێزی ڕۆحی تاکە. ئاخۆ گرووپ زیان بەداهێنان دەگەیەنێ، یان بەپێچەوانەوە؟

– ئەو نەخشە ئەدەبییە دەبوو گرۆی نووسەرانی بادینانیشی تێکهەڵکێش بکرایە، تا وێنەکە تەواوتر بێت. ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستە. فاکتۆری جیۆگرافی ڕۆڵێکی ئاشکرای هەبوو لەم بوارەدا. ئەگەر من و لەتیف هەڵمەت هەر لە منداڵییەوە، یا لە سەرەتای لاوێتییەوە یەکدیمان نەناسیایە، نەدەبووینە هاوڕێی وەها نزیک و دواتریش بەیانی شیعریمان پێکەوە دەرنەدەکرد. ئەوانی تریش دیارە هەر وەها بوونە.

لە کوردستانی سەرەتای حەفتاکاندا پێوەندیی ئەدەبی و فەرهەنگی لەناو شار و ناوچەکانی کوردستاندا زۆر گەرم و ڕێکوپێک نەبوو. ئەگەر باری فەرهەنگیی ئەو سەردەمە ئاسایی ببووایە، دەبوو دروستبوونی گرۆ و تاقمە ئەدەبییەکان بەپێی نزیکیی بیرکردنەوە، بەپێی تێگەیشتنی

هونەری و ئێستێتیکی بێت، نەک لەسەر بنەمای ناوچە و شار و هاوڕێتی.

هەبوونی گرۆی ئەدەبیی جۆراوجۆر و بڵاوکردنەوەی بەیانی ئەدەبی و مانیفێستی شیعری دیاردەیەکی ئاسایی و باوە لە هەموو جیهاندا، بە تایبەت لە تەمەنی لاوێنیدا و لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا . بەڵام نە گرۆی ئەدەبی و نە بەیانی شیعری، نووسەر و شاعیر و داهێنەر دروست ناکەن. لەوەیە هەندێ جار گرۆ و خۆبەستنەوە بە گرۆوە ببێتە بارگرانییەک بۆ نووسەری داهێنەر.

لە ڕۆژاوا کە گرۆی ئەدەبی دروست دەبێت، لە پێش هەموو شتێکدا نزیکیی بیر و ڕوانینی ئەدەبی و ئێستێتیکیی ئەندامەکانی گرۆیەکەیە، یا ئەو سەکۆیە، ئەو تریبیۆنەی پێکەوە دایدەمەزرێنن، دەبێتە هۆی یەکگرتنیان. بەڵام بەزم و ڕەزمی گرۆ و گرۆکاریی وڵاتی ئێمە لەسەر ئەو بنەڕەتانە هەڵنەچنراون.

* ئەو شێوازەی کە لەتیف حامید، سەدرەدین عارف، ئەحمەد شاکەلی لە چیرۆکی کوردیدا هێنایانە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی، زۆر بەڕوونی خۆیان لە چیرۆکی پێش خۆیان و دەوروبەریان جیا کردەوە، ئاخۆ بۆچی ئەوان بەردەوام نەبوون؟ یاخۆ بۆ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کەفوکوڵیان نیشتەوە و بەرەو نەمان چوون، دەکرێ ئەم چیرۆکانەی بەم شێوازە نووسران وەک داهێنانی قۆناغێکی دیاریکراو ئاماژەیان پێ بدرێ؟

– ئەو سێ چیرۆکنووسە لە بواری تازەکردنەوەی چیرۆکی کوردیدا لە پێشەنگەکانن. ئەوان پێش چیرۆکنووسەکانی دیکە هەستیان بەوە کردبوو کە دەبێ چیرۆکی کوردی بە شێوەیەکی تر بنووسرێت و دەبێ جیاواز بێت لە بەرهەمی نەوەکانی پێشوو. بە ڕاستی من کەمتر ئاگاداری چیرۆکەکانی سەدرەدین عارفم، بەڵام چیرۆکەکانی خوالێخۆشبوو لەتیف حامید و ئەحمەد شاکەلی بۆ ئەو سەردەمە نیشانەی هۆشیارییەکی تەکنیکیی پێشکەوتوو بوون. من پێم وایە ئەو دووە ئەوەندەی بایەخیان بە فۆرم، بە تەکنیک دەدا، زۆر لەوە کەمتر بە لای ناوەڕۆکدا دەچوون. تۆ دەبینی فۆرمێکی، بۆ کاتی خۆی، یەکجار تازەبابەتیان لە چیرۆکێکدا بە کار هێناوە، بەڵام ناوەڕۆکیان بە جۆرێ سەرکوت کردووە کە خوێنەر کەمجار دەتوانێ تا کۆتایی لە خوێندنەوەی بەردەوام بێت. سیمبۆڵ و نیشانەیان هێندە بە چڕی بە کار دەهێنا کە هیچ ڕووناکییەک نەدەگەیشتە پێچەڵپێچەکانی ناوەڕۆک.

بەداخەوە لەتیف حامید لە تەمەنی لاوێتیدا کۆچی کرد، هێشتا سەرەتای ژیانی بوو، وەک نووسەرێک هێشتا سەرەتای داهێنان و بەخشینی بەرهەمی بەرز و جوان بوو. دووەکەی دیکەیش هەر زوو لە نووسین و بڵاوکردنەوە دوور کەوتنەوە. ئەو سێیە ئەگەر پانزدە بیست ساڵێکی دیکە بەردەوام ببوونایە، دڵنیام کاری بەرزیان پێشکەش دەکرد.

* لە یەکێک لە نووسینەکانتدا گوتووتە ئەدەبی کوردی چیرۆکی جوانی تێدایە و لە ئاست ئەدەبی گەلاندایە، ئاماژەشت بە چیرۆکێکی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دابوو، ئاخۆ پێوانەی تۆ بۆ بەجیهانیبوونی ئەدەب چییە؟

– بەجیهانیبوون لە دنیای ئەمرۆدا هێندەی مەسەلەیەکی سیاسی و ئابوورییە، نیو هێندە هونەری و ئێستێتیکی نییە. سەرمایەداری و ئیمپەریالیزمی رۆژاوا ئەدەب و هونەر وەک هەر کالایەکی دیکەی بازار تەماشا دەکەن و هەوڵ دەدەن بنەما و قانوونەکانی بازرگانیی بەسەردا بسەپێنن. بەشێکی فراوانی ماسمیدیا (دەستگاکانی ڕاگەیاندن)ی رۆژاوا لە ڕووی ئیدیۆلۆگی و هەڵسەنگاندنەوە، هەڵوێستێکی ڕەگەزپەرستانەیان بەرانبەر ئەدەب و هونەری نائەورووپایی هەیە و بە چاوێکی سووک تەماشایان دەکەن. ئەو ناوانەی لە رۆژاوا گەورە پێشان دەدرێن، زۆرجار شایانی ئەو ڕێزلێنانە نین. تەنانەت خەڵاتی نۆبێل هەندێ جار دەدرێ بە کەسانێک کە هەرگیز پێوەری هونەری و ئەدەبی نەکراوەتە بناخە بۆ هەڵبژاردنیان. دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم ئەوانەی خەڵاتی نۆبێل وەردەگرن لە نیوە زیاتریان لەبەر هۆی دیکەی نائەدەبی و ناهونەری خەڵات دەکرێن. کەواتە جیهانی و ناجیهانی دەکرێ لە ڕوانگەی جیاوازەوە تەماشا بکرێن.

ئەم ڕاستییەی من لێرەدا باسی دەکەم نابێ وا لێک بدرێتەوە کە ئەدەبی بەرز و چاک و جوان نییە، بێگومان هەیە، بەڵام کەمجار ئەوانن کە بازاڕی ڕەگەزپەرستانەی رۆژاوا ڕووناکییان دەخاتە سەر. من کە باسی ئەدەب و داهێنانی بەرز دەکەم، کە باسی پلەیەکی جیهانی دەکەم، کۆمەڵێ پێوەری دیکەم لە بەرچاو گرتووە. بێگومان لە ئەدەبی کوردیدا تێکستی بەرز و جوان هەن، شیعریش و پەخشانیش، کە دەکرێ لەگەڵ تێکستە بەرز و بەناوبانگەکانی دنیادا بەراورد بکرێن.

کاک ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دۆستێکی خۆشەویست و چیرۆکنووسێکی هێژایە. ڕەنگە ڕەخنەم لە هەندێ بەرهەمی هەبێت، بەڵام ئەوە جێگەی خۆی هەیە کە ئێرە نییە. چیرۆکی "لە رۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا" یەکێکە لە چیرۆکە هەرە سەرکەوتووەکانی نووسەر، بگرە یەکێکە لە تێکستە بەرز و جوانەکانی ئەدەبی کوردی. بیست ساڵێک لەمەوپێش ئەو چیرۆکەم تەرجەمەی زمانی سوێدی کرد و کردبوومە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن لە بەشی کوردیی زانستگەی ئوپسالا. تێکستە کوردییەکە و وەرگێڕانە سوێدییەکەیشی، هەردوویان دەخوێنن. ئەو چیرۆکە هەم بە تەکنیکێکی زۆر هونەرمەندانە نووسراوە، هەم ناوەڕۆکێکی جوان و بەرز و مرۆڤانەی هەیە. گەورەترین کارەساتی کوردستانی عیراق دەگێڕێتەوە، بێ ئەوەی یەک نیشانە، یا یەک وشەی سیاسی بە کار ببات، بێ ئەوەی بچووکترین ڕوونکردنەوە بداتە خوێنەر بە مەبەستی ڕاکێشانی بەزەیی، یا سەرنجی. پێشەکی و پاشەکیی چیرۆکەکە یەک تێکستە، تەنیا دوو سێ ڕستەیەکی لێ گۆڕیوە. بەڵام بەو گۆڕینە بچووکانە دوو دنیای جیاواز، دوو باری لەیەکنەچووی وێنا کردوون: ئاوەدانی و وێرانکردن، ژیان و مردن.

نموونەیەکی دیکەی بەرز لە چیرۆکی کوردیدا "لەپێناوی ئافرەتا"ی مامۆستا عەلائوددین سەججادییە. ناوەڕۆکی چیرۆکەکە تازە نییە، بگرە هەندێ شتی تێدایە کە لە نرخی چیرۆکەکە دادەشکێنن، بەڵام تەکنیک و زمانی چیرۆکەکە یەکجار بەرزن و دەکرێ زۆریان لەبارەوە بڵێین. لە دوو سێ جێگەدا تەکنیکێکی سایکۆلۆگیی بە کار بردووە کە بۆ ئەو سەردەمە هەر بە ڕاستی دەگمەنە. نموونەی دیکەیش هەن، چ شیعر و چ چیرۆک.

* هەموو نووسەرێک بەشێوازیی تایبەتیی خۆی بەرەو هەقیقەت دەڕوا، ئەو هەقیقەتەی خۆی تێی دەگات و وێنای کردووە. ئاخۆ داهێنان لە ناو هەقیقەتدا لەدایک دەبێت؟ یان ئەو هەقیقەتە چییە کە تۆ لە ڕێگەی نووسینەوە کۆششی بۆ دەکەی؟

– نەک تەنیا هەموو نووسەرێک، پێم وایە هەموو کەسێک، هەموو مرۆڤێک بۆ ڕاستی دەگەڕێت. ڕەنگە ئەوەی بە لای تۆ و منەوە ڕاستییە، بە لای کەسێکی دیکەوە ڕێک پێچەوانەکەیەتی. ڕاستی چەمکێکی یەکجار ڕەها و موتڵەقە، بەڵام تێگەیشتنی کردارێکی ڕێژەیی (نسبی) و سنووردارە. ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕاستیی ڕەهای دەزانین، دوای دە ساڵی دیکە نرخی خۆی دەدۆڕێنێت.

گەیشتن بە ڕاستی سەرکەوتنێکی گەورەی ڕۆحی و مەعنەوییە، خەبات و پڕووکانێکی تەواوی پێویستە. ئەگەر دۆزینەوەی ڕاستی کارێکی هێندە ئاسان ببووایە کە زۆربەی خەڵک بە کەمترین کۆشش و هەوڵدان پێی بگەیشتنایە، پێم وایە ژیان و بەردەوامیی ژیان هیچ تامێک و هیچ نرخێکی نەدەبوو. من نازانم ئەزموونی کەسانی دیکە چۆنە و چییە، تەنیا دەتوانم باسی هەندێ لایەنی ئەزموونی خۆم بکەم. لە کاتێکدا بۆ ڕاستی دەگەڕێین و ئەوپەڕی هەڵپە و پەلەقاژەمانە بۆ گەیشتن. لە کاتێکدا، وەک شێخ نووری دەڵێ: "بە کێوی سەختی ژیانا، بە پێ، بە چنگەڕنێ" خەریکین هەڵدەزنێین، چەندە تووشی دەرد و ئازار و پڕووکان دەبین، دە هێندەی ئەوەیش خۆشیمان پێ دەگات، خۆشییەکی ڕۆحی، نەک ماددی. ئەو گەڕانە، ئەو گەشتە، زۆرجار دەبێتە ئیلهامبەخشی هونەر و داهێنانێکی ڕەسەن، دەبێتە سەرچاوەی بیری ڕێکخستنەوە و دامەزراندنەوەی ئەم دنیایە، نەک هەر ئەم دنیایە، ئەم گەردوونەیش. تۆ کە بە ئەوپەڕی هێز و وزە و توانستەوە ڕێگات گرتووەتە بەر، لە ناوەوەی خۆتدا جیهانێک هەیە داڕووخاوە و داری بەسەر بەردیەوە نەماوە. تۆ لە جیهانێکی فکری و ڕۆحیی وەهادا دەژییت، کە کەلاوەیەکە، وێرانەیەکە، جهانێکە تووشی بوومەلەرزەیەکی سامناک هاتووە، بەڵام تۆ دەتەوێ سەرلەنوێ دروستی بکەیتەوە، دەتەوێ دیسان دایبمەزرێنیتەوە، بەڵام بەگوێرەی مەرجە هونەری و فکری و زمانەوانی و جوانیناسییەکانی خۆت. تۆ دەتەوێ مەملەکەتێک جاڕ بدەیت، هەموو قانوونەکانی خۆت داتنابن، دەتەوێ چەمک و زاراوەکانی خۆت تێیدا سەردەست بن. بەشێکی یەکجار گەورەی هونەر و داهێنان، بە هەموو بوارەکانیەوە، دەربڕینی ئەو سەفەرە و ئەو جەزرەبە و پڕووکانەیە. شاکارە گەورەکانی دنیای نووسین بەشێکن لەو گەشتنامەیەی مرۆڤ، لەو "سیاحەتنامە" پانوپۆڕەی هەمووومان لە نووسینیدا بەشداری دەکەین.

کێشەیەکی گەورە ئەوەیە چۆن بزانین ئەوەی پێی گەیشتووین ڕاستییە، حەقیقەتە؟ چۆن بتوانین تێبگەین ئەو جێگایە، ئەو نوختەیە، ئەو ڕاستییە دواهێڵی سنوورە و ئیتر لەوە بە دواوە چۆڵەوانییە و پێویست ناکات بۆ هیچی دیکە بگەڕێین؟ دڵنیابوونی موتڵەق یەکجار دەگمەنە.

من لە نووسینی دیکەمدا نموونەیەکم هێناوەتەوە کە ڕەنگە شایانی ئەوە بێت لێرەیشدا دووبارەی بکەمەوە. مووسا، درووودی خودای لێ بێت، پەیامبەر بوو، هەڵبژاردەی خودا بوو، دەیان نیشانە و بەڵگەی لە خوداوە پێ گەیشتبوو، کەچی هەر دەیویست خودا خۆی پێشان بدات. خودا لێی دەپرسێت: بینینی منت بۆ چییە؟ باوەڕت نەهێناوە؟ [أولم تؤمن؟]. مووسا دەڵێ: بەڵێ، باوەڕم هێناوە، بەڵام با دڵنیا بم [قال بلي، ولكن ليطمئن قلبي]. ئەو پێداگرتنەی مووسا ناباوەڕی نەبوو، گومان نەبوو، بەڵکە لاوازیی مرۆڤ بوو بەرانبەر گەورەییی بێسنووری خودا. کەچی ئیمامی عەلی، درووودی خودای لێ بێت، فەرموودەیەکی یەکجار بەرز و جوانی هەیە، دەڵێ: ئەگەر پەردەی سەر ڕازەکانیش هەڵدرێتەوە، دڵنیاتر، یا باوەڕدارتر، نابم. ئەوە ئیتر ئەوپەڕی بڕوا، ئەوسەری ئیمانە.

* دەروێش عەبدوڵای شمشاڵژەنی ناو شیعرەکانی گۆران و (قالە مەڕە)، چ هەستێکت پێ دەدەن لە حاڵەتی خرۆشانی نووسین و چرکەساتی ورووژانی شیعریت؟

– تۆ پرسیاری مۆسیقام لێ دەکەیت (نەک میووزیک، بە زمانی ئەولادی ئەم عەسرە!). بە ڕاستی من سالانی منداڵی و سەرەتای لاوێنیم لە دێیەکی بچکۆلەی وەک (شاکەل)دا و لە ناوچەیەکی هەژار و دواکەوتووی وەک گەرمیاندا و لەناو بنەماڵەیەکی ئایینپەروەردا بردووەتە سەر. لەو ناوچەیەدا و لەو سەردەمەدا گۆرانی زیاتر دەبیسترا، نەک مۆسیقا. گۆرانی بە شێوەیەکی زیندوو لە زەماوەندەکاندا دەبیسترا. (هۆرەی جافی) لەو ناوچەیە زۆر باو بوو. دەنگخۆش و گۆرانیبێژیش هەبوون، بۆ نموونە هەورامی، کە بە میوانی، یا بە هۆی کارەوە، ڕێیان دەکەوتە لای ئێمە و گۆرانییان دەگوت. جاروباریش شمشاڵژەن و ڕەبابەژەن دەهاتنە ئەو ناوچەیە.

بە هۆی پەیدابوونی ڕادیۆوە بواری گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی فراوانتر بوو. ئەودەم هونەری کوردی و عەرەبی پێکەوە کاریان تێ دەکردین. من تا تەمەنی شانزدە سالان زۆرم پێ سەیر بوو کە خەڵک حەزیان لە گۆرانییەکانی (حەسەن زیرەک) بوو. بەڵام لەو تەمەنەدا چێژی گوێگرتنم گۆڕا.

ئێستا ئەوە سیوسێ ساڵە لە ئەوروپا دەژیم. ئەگەرچی جاروبارێک گوێ لە مۆسیقای ئەوروپاییش دەگرم، بۆ نموونە یۆنانی، بەڵام گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەشێکی یەکجار گرنگ و وزەبەخشی ژیانمە. مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیم بە گشتی پێ خۆشە: فارسی، عەرەبی، هندی، تورکی، چینی، بەڵام ئەوەی هەرگیز لێی بێزار نابم، هەرگیز ناتوانم لێی دوور بکەومەوە گۆرانی و مۆسیقای کوردییە. هەر ئەم حەزە بوو بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ هەندێ لە هونەرمەندە گەورە و ناسراوەکانی کوردستاندا ببینە دۆست و ئاشنا. زۆرجار لە کاتی کارکردندا، لە کاتی نووسیندا، گوێ لە مۆسیقا دەگرم. بەڕاستی مۆسیقا، وەک شیعر و وەک جوانی، زمانێکە ڕۆحی مرۆڤ

دەدوێنێت. گۆران زۆر جوانی دەربڕیوە کە داوا لە دەروێش عەبدوڵڵا دەکات: "دە ئەی دەروێش، سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کڵۆڵم کە!" مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی پێی وایە نەی، شمشاڵ، چیرۆک دەگێڕێتەوە و ئەوەی دەیڵێ "ناڵەی جودایی"یە: بشنو از نی چون حکایت میکند! واز جداییها شکایت میکند.

لە کوردستانی ئەمڕۆدا هونەری مۆسیقا و گۆرانی برەوێکی باشی هەیە و ناوچەیەکی فراوانی ژیانی خەڵکی گرتووەتەوە، بەڵام ناتوانم بڵێم هەر لەبەر ئەوەی کوردییە، ئیتر هەمووی چاکە و هەمووی خۆشە. بەشێکی یەکجار زۆری ئەو گۆرانی و مۆسیقایەی لە کوردستان بەرهەم دەهێنرێت هیچ پێوەندییەکی بە هونەر و بە چێژی کوردییەوە نییە. بەڵام خۆشبەختانە کۆمەڵێ هونەرمەندی گەورە و لێهاتوو هەن توانیویانە چێژی کوردانە بپارێزن و هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردی پێش بخەن.

شیعری کلاسیکی کوردی پڕە لە باسی مۆسیقا و گۆرانی و دەنگی خۆش. هەندێ لە شاعیرەکان بە جۆرێک باسی مۆسیقا دەکەن، تۆ دەزانیت مەسەلە تەنیا حەزکردن نییە، بەڵکە لە شارەزایی و لێزانینەوە قسە دەکەن. لە "مەم و زین"دا، ئەحمەدی خانی وەک مۆسیقازانێک ناوی ئامێرەکان و پلە جیاوازەکانی دەنگ و پەردە دەهێنێت و تێرمەکانی مۆسیقا باس دەکات. مەلای جەزیری، نالی، مەولەوی، گۆران و زۆری دیکەیش ئەوەمان تێدەگەیێنن کە چەندە هۆگری مۆسیقا و دەنگی خۆش بوونە.

مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی نەک هەر لە شیعرەکانیدا باسی مۆسیقا دەکات، بەڵکە لە ژیانی ڕۆژانەیدا گوێی لە مۆسیقا گرتووە و زۆرجاریش ڕووی داوە کە لەگەڵ مۆسیقادا کەوتووەتە سەماکردن، ڕاستەوخۆ شیعری داناوە و بە دەنگ خوێندوویەتیەوە و خەڵکەکەیش شیعرەکانیان نووسیونەوە. لە هەندێ شیعردا مەولانا هێندە ئالوودەی مۆسیقایە کە لە باتیی وشە، لە باتیی ڕستەی ئاسایی، تەنیا کۆمەڵێ دەنگی ڕیز کردووە بۆ هاوئاهەنگیی کێشە عەرووزییەکان.

# پرسی کورد لە کارەکانی جیمس ئەڵدریچ*

نووسینی: خالید هەمزە

پەخشانەکانی "جیمس ئەڵدریچ" لە نێوان خوێنەرانی رووسیادا ناسراوە، زۆربەی رۆمانەکانی لە سەردەمی یەکەتیی سۆڤیەت لە چاپ دراون، وەک یەکێک لە پێڕەوانی "ریالیزمی سۆسیالیستی" بەتەواوی ئەم تێرمە لە نووسینەکانیدا هەست پێ کراوە هەرچۆنێک بێت، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە گەنم و زیوان لە یەکتر جوودا بکەینەوە و ئاوڕێک بدەینەوە و واز لە ئایدۆلۆجیا و رابردوو بهێنین و بە رێگەیەکی نوێتر تیشک بخەینە سەر بەرهەمی نووسەری مۆدێرنی ئینگلیزی.

دوای خوێندنەوەی ڕۆمانە بەناوبانگەکانی وەک "بابەتی شەرەف "matter of honor"، من نامەوێ ئەو بمرێ "I do not want him to die "، دەربەدەری کۆتایی " Last Exile " و پاڵەوانانی بیابانی ئاسۆیێ "Heroes of Desert Horizons"، دیپلۆمات "Diplomat"، لەگەڵ رۆمانی چیا و چەکەکان "Mountains & Weapons" هەستم کرد ئەو ڕەخنانەی لەو بابەتانەی سەرەوە گیراون تەنیا لە رۆحی کارەکان چڕ بووەتەوە، لە کاتێکدا کرۆکی ئیلهامی نووسەرەکە بە تەواوەتی جیاوازە.

ئەگەر ورد بڕوانینە پەخشانەکانی "ئەڵدریچ" دەردەکەوێ کە ئەو کەسە بەشێوەیەکی گشتی، بە کردار گرنگیی بەخاڵێک داوە، ئەو خاڵەش بریتییە لە پێوەندیی نێوان نەتەوە داگیرکەرەکان (ئینگلیزەکان) و داگیرکراوەکان، ئەوانەی کە لە ئێستادا خەریکی بنیاتنانی ژیانی خۆیانن، نووسەر بەشێوەیەکی سروشتی خۆی قوڵ کردووەتەوە لەمەڕ چارەنووسی "نەتەوە بچووکەکان" و پرسیارکردن سەبارەت بە چارەنووسی مرۆڤ لە مێژوو و کێشەی بەریەککەوتنی داوونەریت و کولتوورەکان. گەشەکردنی ئەم تێمایە لەلایەن گەشەکردنی داهێنانەی نووسەر ئەڵدریچەوە بوو،

* وەرگێڕانی لە رووسیاییەوە: تایسیا لۆبۆڤیچ و بۆ کوردیش: بەشدار هەمزە جەلال

ئەو نووسەرەی جۆرێک مۆرکی ڕۆمانی سیاسی لە پەخشانەکانیدا دەردەکەوت.

لە ڕوانگەی ئەم کێشەیەوە نووسەری ئەم وتارە لەگەڵ "ئەڵدریچ" دەستی بە نامەگۆڕینەوە کردووە، ئەمەش بووە هۆی ئاشکراکردنی گەلێک دان پێدانانی سەیر و سەمەرە، لە وەڵامدانەوەی نامەیەکی نووسەر ئەم نووسینەی تۆمار کردووە "بیری قووڵبوونەوە لەبارەی کێشەکانی رۆهەڵاتی دەریای ناوەڕاستەوە کارێکی پڕ شانسە، لەبەرئەوەی باشترین ئەو شتانەی کە لەلایەن منەوە نووسراون بەشێوەیەک لە شێوەکان لەسەر ئەو ناوچەیەیە، ئێستەش داهاتووی میللەتانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ دەست تێوەردان بەدەست خۆیانە، خۆیان بڕیاردەرن سەبارەت بە دەست تێوەرنەدانی هێزی هاوپەیمانان لەو ناوچەیەدا. لێرەدا ئەو بابەتە شتی زیاتر هەڵدەگرێ لەوەی کە نووسیومە.

بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر داهێنانەکانی "ئەڵدریچ"، باشترین شتێک کە جێگەی سەرنجی من بێت یەک بابەتە، ئەو بابەتەش ئەمەیە " چارەنووسی خەڵکی کوردستان و رەنگدانەوەیەتی لە نووسینەکانی نووسەر"، لەم بارەیەشەوە من زۆر سوودمەند بووم لەو نامەگۆڕینەوانەی کە لەگەڵ نووسەردا ئەنجامم دا، ئەو بیرۆکانەی کە لە نامەکانیدا خستبوویە روو یارمەتیی منیان زۆر دا، یارمەتیمیان دا بۆ ئەوەی بتوانم تێگەیشتنێکی نوێم هەبێت سەبارەت بە کار و بەرهەمەکانی، هەروەها بە بڕوای من خەڵکانێکی تر هەن کە سوودمەند دەبن لە نووسینەکانیدا.

نووسەر سەردانی کوردستانی عێراق و ئازەربایجانی ئێران و کوردەکانی سووریای کردووە بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاشنابوون و خستنە سەری بیرۆکە بۆ سەر ڕۆمانەکانی "دیپلۆما" و" چیا و چەکەکان" و هەروەها لە ڕۆمانە چاپنەکراوەکەی بەناوی "ئەو رۆژەی کە بەسەرچوو".

ئاخۆ بۆچی گرینگیدان بەپرسی کورد مەسەلەیەکی گرینگ بوو لای نووسەر؟ دیسان وەڵامی ئەم پرسیارەشم لەو نامانە دەست کەوت کە لەگەڵ نووسەردا دەمانگۆڕییەوە، ئەویش هەمان پرسیار دەکات لەبەرچی پرسی کورد؟ پێم وایە هەر لە یەکەمین چاوپێکەوتنم لەگەڵ کوردان ئەو کاتە زانیم کە من لەسەر ئەوان دەنووسم. پاشان دوای ئەوەی لەبارەیان و لەبارەی خەباتیانەوە زۆرتر فێر بووم، فێر بووم کە چۆن ئەوان بە درێژاییی سەدەکان هەوڵیان داوە خۆیان بگونجێنن و لەبارەی کولتووره دەوڵەمەندەکەیانەوە، ئەو کاتە بۆم روون بووەوە کە چۆن دەبێ زیاتر لە کێشەکەیان قووڵ ببمەوە.

من باوەڕم وایە، کێشەکانی نەتەوەی کورد بەتەواوەتی لە کارەکانی نووسەردا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بەجۆرێک بەشێوەیەکی ئاشکرا لە نووسینەکان بە دیار ناکەون، نووسەر لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی وەک "پاڵەوانی بیابانە ئاسۆیەکان" و" چیا و چەکەکان" بە تەواوتی رەگی داکوتاوە لە تیشک خستنە سەر بابەتی نەتەوە بچووکەکان سەبارەت بە جیاوازیی کولتوور و ئاڵۆزیی کێشە سیاسییەکانیان لە ناو نووسینەکانیدا. لێرەدا ئەڵدریچ دەیەوێت بە تەواوەتی قووڵ بێتەوە لە

راستیی بارودۆخی نەتەوەی کورد لەو رۆمانەی کە بەنیازە بینووسێ بەناوی "Now, at the end" ئەو رۆمانانە سێیەنەیەکە سەبارەت بەکێشەی کورد واتە رۆمانێکی سێ بەشە. لەم نێوەندەدا نووسەر دەیەوێ سەبارەت بە کارەکتەری نەتەوەی کورد و کولتورەکە و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بنووسێ. لێرەدا نووسەر هەموو بزووتنەوە ئازادیخوازەکان کە بۆ رزگاری تێ دەکۆشن بە بزووتنەوەی ئازادیخواز لە قەڵەم دەدات بەبێ جیاوازی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتە زۆر هەڵدەگرێ چونکە دوژمنەکانیان لە نەتەوەی جۆراوجۆرن. خەڵکی کورد خەڵکێکی شەڕکەر و بەجەرگە بەڵام هەر زوو ژیانیان لە چیاکان گواستەوە و لە چوارچێوەی خێڵ کۆ بوونەتەوە، نووسەر کوردەکان بە نەتەوەیەکی یەکگرتوو و مێژوو درێژ و خۆبەخت ناوزەند دەکات. هەر ئەمەشە بووەتە هۆی پەیدابوونی شەڕی درێژخایەن لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەریاندا. بەشێوەیەکی گشتی ئەو کوردانەی کە لە شار و شارۆکەکان دەژین بە کەسانی هێمن و رووخۆش ناو دەبرێن، بەڵام کەسانێک هەن لەوانەیە لەو کوردانە بترسن کە لە چوارچێوەی خێڵەکی دەژین، ئەوەش لەوانەیە هۆکاری خۆی هەبێ. کوردەکان لە نێوان خۆیاندا کێشەی زۆریان هەیە کە دەبێت ئیشی لەسەر بکرێ، هەروەها جیاوازییەکانی نێوان ژیانی خێڵەکی و شارستانییەکان تا ئێستا رەنگی داوەتەوە تەنانەت لە کایە سیاسیەکانیشیاندا، بەڵام هەرکە باس دێتە سەر پرۆسەی رزگاری یان ئازادیخوازی ئەوا یەکسەر هەموو دەبن بەیەک بەبێ دروستکردنی هەر کێشەیەک سەبارەت بەو بابەتە، بەڵام پرسەکان بەجۆرێک ئاڵۆز بوون کە گەیشتووەتە ئاستی ڕەخنە لەو کێشانەی کە هەیە". ئەمەش لەو نامەیەدا ئاماژەی پێ کراوە کە لەساڵی ١٩٩١ بۆ منی نووسیبوو.

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە ئەم جۆرە کێشانە کێشە قووڵە مەنهەجییەکانی "نەتەوە بچووکەکان" تەنیا یەک جار لە نووسینەکانیدا نەهاتووە، بگرە چەند جارێک خراوتە ڕوو. پێ دەچێت لە ڕۆمانی یەکەمی کە کوردی تێدایە "دیپلۆماتیک " پاڵەوانێک لە شێوەی نوێ دروست کرابێت، ئەو پاڵەوانە پاڵەوانێکی رۆشنبیر و راستگۆیە کە لە نێوان کۆمەڵێک کێشەی نەتەوەکەیدا راست دەبێتەوە، بەبەرزی دەردەکەوێ لە کوێ؟ لە نێو کێشەکانی وەک گەندەڵیی هێزە سیاسییەکان و سیستەمی داگیرکاری بەهەموو شێوەکانیەوە، هەروەها بە تەنیا ئەرکێکی سەخت و مەحاڵ دەخەنە سەر شانی خۆیان " Correction daffy world"، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتەی کە ئەو هەستی پێ دەکات تەنیا پرسێکی مرۆڤایەتی نییە، بگرە یەکێکە لە گەورەترین مەودا کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە. پاڵەوانی خاوەن ئەو بڕیارە سەرکەوتووانەی کە جێگەی گومانن لە دوو مەیداندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە مەیدانی تاکەکەسی و لە مەیدانی سیاسی. لەلایەکی ترەوە ئەو بابەتە پێوەندیی بەلایەنی فەلسەفی هەیە کە بەجۆرێک بە بابەتە کلاسیکییەکان ئاشنایە کە رەش و تاریک دێتە پێش چاو و ئاستەمە بخرێتە پاڵ "ریالیزمی سۆسیالیستییەوە".

بەڵام هەردوو ڕۆمانی "دیپلۆماتیک " و "چیا و چەکەکان " نووسران، پاش نێزیکەی ٢٠ ساڵ نووسەر جارێکی تر بابەتی لەسەر کورد نووسیوەتەوە. بێگومان ئەمەش زۆر گرینگە، ئەو باس لە باری ئایدیۆلۆجی و ڕەوشتی نووسەر دەکات، هەروەها بەهەمان ڕادەش باس لە تایبەتمەندیی پرسە هونەرییەکانی دەکا.

لێ گەڕێ با بگەڕێینەوە سەر ئەو بەڵگە گونجاوانەی کە لە نامەکانیدا هاتووە... لە ڕاستیدا، ئەڵدریچ پلانێگی داڕشتووە بۆ نووسینی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی "..... من بەرگی سێیەمم تەواو کرد، لەو شوێنە دەست پێ دەکات کاتێک من مارگریگۆریم لەناو چیاکاندا بەجێ هێشت، ئەو نەمردبوو بگرە لەلایەن تەهاوە رزگار کرابوو لەو کاتەی کە بە سەختی بریندار بووبوو، تەها بردی بۆ ناو سوپای عێراقی، لەوێ لەلایەن دوکتۆرێکی کوردەوە چارەسەری بۆ کرا، بەڵام لە دواییدا لەلایەن سوپاوە بە دیل گیرا و پاشان تەها هەر خۆی خۆی ئازاد کرد. لەو کاتەی مارگریگۆم گەڕانەوە بۆ نێو چیا لەلایەن ئافرەتێکی کوردەوە چاودێریی دەکرا ناوی ئاردیلا بوو.

لەو کاتەدا خێزانەکەی لە پاریس نیشتەجێ بووبوون، بەبێ ئەوەی بزانن ئاخۆ ماوە یان مردووە! دوای ڕاوێژکردنێکی زۆر کوڕەکەی مارگریگۆر ئەندرۆ لە ڕێگەی سووریاوە سەردانی عێراقی کرد هەر لەو کاتە لەلایەن دووباسۆڤ گیرا و ئەویشلای خۆی دەستبەسەری کرد، لە هەمان کاتدا مارگریکۆر خوێنی لەبەر دەڕۆی. مارگریگۆر چاک بووە و گەڕایەوە بۆ بەریتانیا، بەڵام لەوێ هەواڵی پێ گەیشت کە کوڕەکەی دیار نەماوە. پاشان نووسەر دەیەوێ باسی چارەنووسی ئەندرۆ و ئاردیلۆمان بۆ بکا کە خۆشەویستییەک لە نێوانیاندا هەبوو. لە کۆتاییدا، مارگریکۆرس گەڕایەوە بۆ عێراق چاوی بەسەرکردەی کورد "بارزانی" کەوت بەمەبەستی یارمەتیدانی بۆ ئەوەی بۆ ئێران بپەڕێتەوە. مارگریکۆرس بەڵێنی بە دوو باسدا کە خۆی بدات بەدەستەوە لە بری ئازادکردنی کوڕەکەی.

ئەو کتێبە بە دیمەنێک بەکۆتا دێ ئەو دیمەنەش لەو کاتەدا دەست پێ دەکا کە پاڵەوانی چیرۆکەکە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تەورێز بەبێ هۆشی دەمێنێتەوە و هاوسەرەکەی، کاتێ چاوەڕێی دەکات بۆ ئەوەی بە ئاگا بێتەوە. ئەو بەهێواشی بە ئاگا دێتەوە و ژنەکەی لێی دەپرسێ: ئاخۆ لە پێناوی ئازادیی کوردستان هەر بەردەوامە لە شەڕکردن، ئەویش سەری ئەرێ ڕادەوەشێنێ. چیرۆکەکە کۆتاییی پێ دێت لەسەر پێداگریکردن لە پێناو وەدەستهێنانی مافی کورد لە ناوچەکەدا.

ئەوە کورتەیەک بوو لەو کتێبەی کە پێی دەگوترا "ئەو ڕۆژە تەواو بوو" کە لە بەریتانیا بەچاپ گەیەنراوە. ئێستا ئەو خەریکی لە چاپدانی کتێبێکە بەناونیشانی "دنیا ئاژاوەیە" بەڵام ئەو ڕۆمانە پێ ناچێ وەکو من سەرنجی زۆر لە دەزگا بڵاوکەرەوەکان بۆ خۆی رابکێشێ. (نووسەر لە نامەکانی لە مێژووی ١٩-٩-١٩٩٢ ئاماژەی پێ کردووە).

رووداوەکـان بـەردەوام دەبن لـە گـێـڕانـەوەی چیـرۆکـەکـە و لەگـەڵ دیاریکردنی بـارودۆخی کاراکتەرەکـان. لە کۆتاییدا، نووسـەر بە فـاکتـەرە سـەرەکی و گرینگەکان کۆتا بەنووسـینەکەی دەهێنێ ئەوانەی کە دەبێت هەڵوەستەیان لەسەر بکات.

پێشنیـازە پێشـینەکان ئاماژە بەجیهانی هـونەری ئەڵدریچ دەکەن بە سوودمـەندبوونی لە ئاڵۆزیی سیاسیی نەتەوە بچووکەکان ئەوانیش لە رووی سیـاسی و نەتەوەیی و چڕکردنەوەی بابەتەکان لە رووی "کولتووری بیانی" کار لە یەکترەکانی نێوان نەتەوە و گرووپەکاندا. ئەمـانەی کە لە سـەرەوە ئامـاژەمـان پێ دان هـەموویان تیشک دەخـەنە سـەر جیـهانی داهێنانی هونەری نووسـەر سـەبارەت بەتازەگەرایی و دەست خستنە سـەر کێشەکان لە نێوان نەتەوە بچووکەکاندا بەتایبەتی کێشە ئاڵۆز و بەئازارەکانی نەتەوەی کورد.

مێژوو دەری خستووە کە چارەنووسی نەتەوە بچووکەکان بەسـتراوە بەچارەنووسی بەشـەکانی تری دنیـاوە، ئەم مـەسـەلەیەش دادەنرێ بە رۆحی بابەتەکـانی ئەڵدریچ، کـە بەجـۆرێک بە کلیلی مرۆڤایەتی و پابەندبوون بە یەکسانی دادەنرێ.

## جیمس ئەڵدریچ

لە ١٠ تـەمـووز/ یۆلیـۆ ١٩١٧ لەدایک بووە، هەروەهـا بەدەسـتـهـێنەری خـەڵاتی هەڵۆی دەریای هێـزەکـانی ئوسـتـرالیـایە، ئەڵدریچ لە وایت هایلس کـە ناوچـەیەکـە لە ناوچـەکـانی بەندیگۆ لە ڤیکتۆریای ئوستراليا لەدایک بووە، ساڵی ١٩٣٨ رووی کردووەتە لەندەن، هەروەها چەند ساڵێک لە قـاهیـرەی پایەتـەختی مـیسـر ژیاوە، نووسـینی زۆرە لەسـەر ناوچـەی خـۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کوردسـتـان، بەدەسـتـهێنەری چـەندان خـەڵاتی نێودەوڵەتی و ناوخـۆیییە لە بـواری رۆژنامـەوانی و نووسین، لە بەرهـەمە بەناوبانگەکانی: دیپلۆمات، هەڵۆی دەریا، راوچی، هیوادارم ئەو نەمرێ، تۆمی برام، پێشنیاز، چیرۆکی راستەقینەی لیللی ستابیک، قاهیرە و چەندان بەرهـەمی تر.

# ماڵئاواییکردن لە سەرکەوتن*

نووسینی: کێیت پاول

"شەڕەکان جارێک کۆتاییان پێ دێ بەسەرکەوتن یان بە شکست
خواردن، لە دوایدا ئاڵۆزییەکان دەست پێ دەکەن"

هەواڵنامەی کێڕ

مێنکێن، نووسەرە ئەمەریکاییە چڕوچارە گزژەکەی کۆتای سەدەی بیستەم، ئەو کاتە ناوبانگی دەرکرد کاتێ کە گوتی "شەڕ وەک خۆشەویستی وایە، دەستپێکردنی ئاسانە بەڵام کۆتا پێهێنانی قورسە"، پێش ساڵانی ١٩٤٥ هەندێ شت هەبوون بووبوون بە پێوەرێک بۆ هەڵگیرسانی شەڕ و کۆتا هێنانیان پێ دیاری دەکرا، ئەوانیش نارەزای دەربڕین بوو لەلایەن گرووپە شەڕکەرەکانەوە دژ بەیەکتری لەسەر خاک و زەویوزار و خاوەنداریەتی، لە دواییدا شەڕیان دەکرد بە پێوەرێک بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە لەسەری ناکۆک بوون، شەڕ ئەو کاتە دەستی پێ دەکرد کاتێ کە پاشا و گەورەکان نەدەگەیشتنە هێچ چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی نێوانیان. لەو نێوەندەدا شەڕ دەبووە ئامرازێک بۆ دیاریکردنی لایەنی براوە و لایەنی شکست خواردوو.

لێرەدا، کاتێک کە سوپای ئەمەریکا هێزەکانیان لە عێراق و ئەفغانستان دەکێشنەوە، ئەستەمە بپرسین " ئاخۆ شەڕەکە چۆن سەرکەوتنی بە دەست هێنا!!" لە کاتێکدا ئێمە زۆربەی وەڵامەکەی دەزانین ئەویش "نەخێر"ە، لە جێی ئەمە **پەیج فۆرتنا** کە یاساناسێکە لە بواری توێژینەوەکانی سەبارەت بەدەرهاوێشتەکانی سەرکەوتن لە شەڕەکاندا لە زانکۆی کۆڵۆمبیا دەڵێت "هەر لە دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووەمەوە، شەڕەکان نیوەی زیاتریان کۆتاییان پێ هاتووە بەڵام بەبێ یەکلاییکردنەوەی جیاوازییەکان، کە زۆربەیان لە شەڕی ساردەوە دەستیان پێ کردووە لە نێوان دەوڵەتاندا پاشان دوای کۆتاهاتنی شەڕی سارد شەڕەکان شێوازیان گۆڕا بۆ شەڕی ناوخۆ.

* وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەشدار هەمزە جەلال

بۆ بەراوردکردنی زیاتر بەپێی راپۆرتی ئەکادیمیای پێوەندییەکان سەبارەت بە دەرهاوێشتەکانی شـەڕ لە ٥٠٪ ی شـەڕەکـان لە نێـوان سـاڵانی ١٨١٦ –١٩٤٦ ڕوویان داوە بێ بەدەسـتـهـێنانی سەرکەوتن.

هەموو ئەوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ماناکانی سەرکەوتن خـۆی لە خـۆیدا گـۆڕانی بەسـەردا هاتووە، تەنانەت ڕێبازەکانی سەربازیش گـۆڕاون لە بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی سیاسەت بە جۆرێک بڕیارە سیاسییەکان و سەربازییەکان سەریان کێشاوە بۆ "لەیەک نەگەیشـتنێکی بەسـتـوو"، کـە ئەمـەش دەری دەخـات کـە شـەڕەکـان یان دەبێ لە بازنەی ڕاگرتنی شەڕ بخولێنەوە یان لە خاڵێکدا چەق ببەستن یان دووبارە سەر هەڵبدەنەوە، بێ وازهێنان لە شەڕ، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی نۆرمەکان سەبارەت بەسەرهەڵدانی شەڕوشۆڕ کـە پێشـتـر بابـەتێک بوو بەڕێگەی سـەربازی چارەسـەر دەکرا، بەڵام لە ڕۆژگاری ئێسـتـادا، ئەو ڕێگەیەش بە هەڵپەسـراوی مـاوەتەوە بۆ کـۆتاهـێنانی ئاڵۆزییـەکـان. لێـرەدا فـرۆنتـا، ئامـاژە بەو راستییە دەکات کە " لە بواری سەربازیدا هەندێ لایەن لە چاو لایەنی بەرامبەر سەرکەتنی زۆریان بەدەست هێناوە، بەڵام ئەو هۆکارە لە ڕوانگەی سیاسیدا بە سەرکەوتن لە قەڵەم نادرێ، بۆ نموونە چ جۆرە سەرکەوتنێک لە عێراق یان ئەفغانستان بە دەست هاتووە؟ لە کاتێکدا ژمارەیەکی بەرچاو لە گـرووپە گـەریلاکـان یان چەکـدارەکـان هەروەک چۆن سـەرنەکـەوتوون هەر ئاوەهـاش ئەوان نەدۆڕاون! بۆیە ئەم بابەتە لە ڕوانگەی سەربازییەوە زۆر ئاستەمە بە سەرکەوتن لێک بدرێتەوە، بۆیە ئارامیی سیاسی بە باشترین ڕێگە هەژمار دەکرێت بۆ وەدیهێنانی ئاشتی لەم ناوچانەدا.

هەندێ لە شارەزایانی زانستی سیاسی ڕەخنە لە هێزە ئاشتیپارێزەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان دەگرن بە گوێنەدان بەو گۆڕانکارییارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان. هەندێ لە پسپۆڕان ڕەچاوی ئەو پشت تێکردنەی هێزە ئاشتیپارێزەکانیان کردووە لە ناوچە هەرێمیەکاندا سەر دەکێشێت بۆ سەرەتاکانی دەستپێکی شەڕ دوای بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری لە هەندێ ناوچەدا وەک بەشێک لە پایەی ئابووریدا، بەڵام خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرج زۆر کەم بووەتەوە لە ڕۆژگاری ئێستادا، ئەگەر وا بێت ئاخۆ ئەمەش پێی دەگوترێت سەرکەوتن لە شەڕدا؟ دوای ئەوە چ شتێک لەم ناوچانە ڕوو دەدات؟ لێرەدا ئێمە ڕووی پرسیارمان ئاراستەی سیاسەتوانەکان دەکەین سەبارەت بەم بابەتانە. هەرچۆنێک بێت ئێمە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانمان بە ٧ پۆل دەهێنینەوە بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو ڕووداوانەی کە لە ساڵانی رابردوو ڕوویان داوە.

فرۆنتا ئاماژە بە دوو هۆکار دەکات کە پێویستە باس بکرێت بۆ ڕاگرتنی شەڕ، یەکەمیان نەبەزاندنی ئەوی تر و دووەمیش ڕازیکردنی لایەنی ترە بۆ ڕاگرتنی شەڕ. فرۆنتا سەبارەت بەخاڵی دووەم دەڵێت، هەموو لایەنەکان پێویستە بەسەر "تەمی شەڕ"دا زاڵ بن بە جۆرێک دەبێت سازش لەسەر ئەو بابەتانە بکەن کە لە یەکتریان نیزیک دەکاتەوە تاکو بڕوایان بە یەکتر پتەو بێت و هێرش نەکەنە سەر یەکتری.

هەرچۆنێک بێت لە شەڕی کۆریا هیچ هێزێکی ئاشتیپارێز بەدی نەدەکرا، تا شەڕەکە کۆتای هات ملیۆنان خەڵکی سادەی کردە سووتەمەنی، تا لایەنەکان گەیشتنە ڕێککەوتنێک بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە، تا وای لێ هات هێزە هاوپەیمانەکان وڵاتەکەیان دابەش کرد بۆ دوو بەش و هێڵی ٣٨یش بوو بەسنوورێکی نائاسایی لە نێوان کۆریای باکور و باشووردا. پەیمانی راگرتنی شەڕ لە نێوان هەردوو کۆریادا بۆ ماوەی دەیان ساڵ نەبووە هۆی بەدیهێنانی ئاشتی لە هەردوو وڵات بەجۆرێک لایەنەکان نەیانتوانی کێشە سیاسییەکانیان یەکلایی بکەنەوە، بەڕادەیەک نەیانتوانی هێزەکانیان لەسەر سنووره هاوبەشەکان دوور خەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو لایەن بەردەوامن لە تاوانبارکردنی ئەوی تر. لەم نێوەندەدا ئەمەریکا بوو بە لایەنی شەڕکەر دژ بە کۆریای باکور، بەبێ بەستنی هیچ ڕێککەوتننامەیەک لە نێوانیاندا.

لێرەدا کێشەکان وەک خۆیان دەمێننەوە، بەبێ بەدیهێنانی هیچ گۆڕانکارییەک، ئەو گۆڕانکارییەی کە دەبێتە هۆی هەڵکشان بەرەو ئاشتی. لێرەدا فرۆنتا لایەنەکان بەرەو ئاشتی هان دەدا، لەوەتەی هێزە بێلایەنەکان هەڵساون بە یارمەتیدانی لایەنە شەڕکەرەکان بۆ زاڵبوون بەسەر تەمی شەڕ و بەدیهێنانی ئاشتی لە ڕێگەی دانوستاندنەوە. لە دوای کۆتاهاتنی شەڕی جیهانی دووەم هێزە ئاشتیپارێزەکان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە شەڕی ساردی نێوان وڵاتاندا، بەمەبەستی پێگەیاندنیان لە رووی سایکۆلۆجییەوە، بۆ ئەوەی بڕوا بەیەکتر بکەن و دانوستاندن لەگەڵ یەکتریدا بکەن. هەرچۆنێک بێت، لە دوای شەڕی جیهانیی دووەم، فۆرمێکی نوێ لە کێشەکان دەستی پێ کرد ئەویش سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیە کە هەموو هاوکێشەکانی بۆ لای خۆی راکێشا.

## نموونەیەکی تر لەسەر گیرخواردنی سیاسی
## لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین

نەگونجانی هێزە سیاسییەکان تەنیا پشت بەقەبارەی سەربازی نابەستێ، بگرە پێوەندیی بەلایەنی سیاسیشەوە هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەلاکەوتنی هێزی سەبازی تەنیا بەس نییە بۆ دروستبوونی کێشە سیاسییەکان. لە شەڕی عەرەب-ئیسرائیلدا، ئیسرائیلیەکان بۆ زیاتر لە هەشت جار هەستاون بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی، ئەو شەڕانەش بریتی بوون لە شەڕی سەربەخۆی ساڵی ١٩٤٨. شەڕی سینا ساڵی ١٩٥٦. شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧. شەڕی بەیەکداچوونی ساڵی ١٩٧٠، هەروەها شەڕی ڕۆژی گەورە ساڵی ١٩٧٣، لەگەڵ شەڕی داگیرکردن لە ساڵی ١٩٨٢، شەڕی دووەمی لبنان ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ ئابلووقەی غەزە ٢٠٠٨، ئەمانە هەمووی روویان دا، ئەگەرچی جیاوازیی دەسەڵاتی سەربازی و سیاسی لە نێوان هەردوو هێزەکەدا بەدی دەکرا بەڵام هاوکێشەی جوگرافیای ئیسرائیل هەروەک ساڵی ١٩٤٨ بە شەڕانگێزی بەدی دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاڵۆزییەکان ڕەنگیان لە نێوان پێوەندییە گشتییەکاندا داوەتەوە، وەک ئەوەی لە

شەڕەکان دەبینران بۆ نموونە: ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی شەڕ لە نێوان ئیسرائیل و حەماس لە دوای ساڵی ٢٠٠٩دا لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسرائیل هەستا بەپێکانی ئامانجەکان بە کەمترین قوربانیدان، بەڵام ئەگەر حەماس وەک هێزێک، هەروەک خۆی بمێنێ، کێ دەتوانێ بڵێ حەماس لەناوچووە!! لەلایەکی ترەوە بەدەستهەڵگرتنێکی کاتی لە حوکمکردنی غەزە لە کاتێکدا ئیسرائیل خۆی باش ئەم ڕاستییە دەزانێ کە ئەو وەستانە دەبێتە مایەی هەڵگیرسانی شەڕ بۆ ئیسرائیل، بەڵام لە هەمان کاتدا بە هەوڵێک بۆ پێدانی کات لێک دەدرێتەوە بۆ ئەوەی حەماس دووبارە خۆی کۆ بکاتەوە.

هەر لەبەر ئەمەشە، هێزە سیاسییەکان لە هەموو کاتێکدا پشت بە هێزی سەربازی نابەستن، یاخۆ لایەنە سیاسییەکان لە هەموو بارەکاندا هێزە سەربازییەکان ڕاناسپێرن بگرە ئەوان دووبارە هێزە سەربازییەکانیان لە شەڕە یەکلاکەرەوەکان بەکار دەهێنن، بەڵام لە بەرامبەردا هێزە تێکدەرەکان تەکتیکی نوێ بەکار دەهێنن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە هێزی سەربازی و سیاسییاندا هەیە، بۆیە لە دواییدا ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکردایەتیی هەردوولا پەنا بەرنە بەر دانوستاندن و واژۆکردنی ڕێککەوتننامە لە نێوانیاندا.

هەرچۆنێک بێت ئەو جیهانە هەموو شتێکی فڕێ داوە تەنیا نان و دین نەبێ کە تێیدا نوقم بووە، لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە کۆبوونەوەکان، ئاگربەستەکان، ئامانجە سەربازییەکان، پێکدادان و کارە تیرۆریستیەکان، هێزە ئاشتیپارێزەکان، داگیرکاری و وەدەرنانەکان ئەمانە هەموویان جێبەجێ کران بەڵام کێشەکان هەر بەردەوامن، لەبەرئەوەی ئیسرائیل نەیتوانی لەگەڵ ئەو ئاشتییەدا بێت کە فەلەستینییەکان لەگەڵیدا بوون، هەروەها بەپێچەوانەوە فەلەستینییەکانیش نەیانتوانی بڕیار بدەن دابنیشن و دانوستاندن بکەن.

## نموونەیەکی تر: چین و تبت، تورکیا و ئێران و عێراق و کوردستان

لەو کاتەی شەڕەکان لە ڕێگەی دانووستانەوە کۆتاییان پێ دێ، ئەوا بێگومان هەوڵەکان لە ڕێگەی لایەنی سێیەمەوە دەبێ، ئەو لایەنی سێیەمە لایەنە ناکۆکەکان دەهێننە سەر مێزی دانوستاندنەکان، لایەنی سێیەمیش بریتین لە وڵاتانی دراوسێ و نێوەندە سیاسییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان. نموونەی ئەم مۆدێلەشمان لە سلڤادۆر بینی. دوای ١٠ ساڵ لە شەڕی ناوخۆ، نەتەوە یەکگرتووەکان توانیان هێزە یاخیبووەکان بهێننە سەر مێزی دانوستاندن تا لەگەڵ حکوومەتی سلڤادۆر دانوستاندن بکات، ئەمەش پاش ئەوە رووی دا کاتێک کە ئەو وڵاتە پشتیوانی ئەمەریکای لە دەستدا بوو بەهۆی شەڕی ساردەوە. پاشان هێزەکان لە جنێڤ بۆ گەیشتن بە ئەجندایەک لە یەکتر نزیک بوونەوە، لە پاشاندا نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناو سلڤادۆر دەستیان بە کارەکانیان کرد. هەرچۆنێک بێ، دوای واژۆکردنی گرێبەستێک تەقەی چەکەکان بێدەنگ بوو بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕ و سەقامگیربوونی ئاشتی بۆ ماوەی سێ ساڵ لەو وڵاتەدا. بۆ ئەو مەبەستە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیان کرد بە ڕێکخستنی هەڵبژاردنێک و

پرۆسەی ریفرۆمخوازی لەو وڵاتە دەستی پێ کرد. ئێستا سلڤادۆر بە یەکێک لەو وڵاتانە هەژمار دەکرێ کە ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر کێشاوە، ئەوەشی حوکمڕانی دەکا سەرکردەی پێشووی هێزە یاخیبووەکانە.

لەوەتەی شەڕی سارد لە نێوان وڵاتاندا بەکۆتا هاتووە، دانوستاندنەکان بوونەتە هۆکارێک بۆ وەستاندنی شەڕی ناوخۆ، هەرچەندە لە سەدا هەشتای کێشەکان لە رێگەی شەڕەوە یەکلایی بوونەتەوە، بەڵام ئەوەی کە لە سلڤادۆر رووی دا شتێکی ناوازە بوو هەروەها بەبێ شکاندنی یاسای دانوستاندنەکان بوو، لەم وڵاتە بە پێچەوانەی ئەو دانوستاندنانەی کە لە سوودان رووی دا کاتێ کە دانوستاندنەکان نەگەیشتنە ئەنجام و بووە هۆی شکاندنی پەیمانەکان و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان ساڵی ١٩٨٣ بۆ ٢٠٠٥.

لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بەو راستییە بکەین کە شەڕی ناوەخۆ لە نێوان ساڵی ١٩٤٠- ١٩٩٠ بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردبوو، بەڵام شەڕەکان بۆ ماوەی دەیەیەک وەستان و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٤دا دەستیان پێ کردەوە. بەگوێرەی بارباره واڵتەر لێکۆڵەوەی سیاسی لە زانکۆی کالیفۆرنیا و سان دیگۆ، شەڕە ناوخۆییەکان بەهۆی دانوستاندنەکان و رێککەوتنەکان لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٩٠دا کۆتاییان پێ هات. لە پاشان ئەم رێکەوتنامانە تێک شکان و شەڕەکان جارێکی تر دەستیان پێ کردەوە. لێرە دوو خاڵ هەیە سەبارەت بە شەڕی ناوخۆ کە دەمانەوێ ئاماژەی پێ بدەین، یەکەمیان ئەو وڵاتانەی کە شەڕی ناوخۆیان تێدا روو دەدات، زانیاریی باشیان نییە سەبارەت بە شەڕی ناوخۆ گەر هەشبێ، ئەوا زۆر کەمە، دووەمیان لایەنەکان کەمتر بیر لە دانوستاندنەکان دەکەنەوە، بگرە شەڕ دەکەنە ئامانجێک بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی و ئارامی لە وڵاتەکانیاندا.

بەڵام میشیل دۆلی سیاسەتوان لە زانکۆی کۆڵۆمبیا و راوێژکاری پێشووی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی عەنان دەڵێت، بەپێی ئامارێکی تۆمارە نێودەوڵەتییەکان شکاندنی دانوستاندنەکان لە هەموو بوارێکدا بە خراپە ناشکێتەوە چونکە هەندێ لە لایەنەکان لە رێگەی شەڕەکان لە راستیی رێککەوتننەکان تێ دەگەن، کە ئەمەش دەبێتە مایەی وەستاندنی شەڕەکان، چونکە ئەو دانوستاندنانە فۆرمێکی نوێ دەدەنە کێشەکان لە پێگەیەکی نوێتردا. هەروەها خەڵک باوەڕیان وایە دەستوەردانە دەرەکییەکان بۆ ئاشتی هیچ بنەمایەکی راستیان نییە ئەگەر هەشبێت، ئەوا بە شێوەی هەڕەمەکییە، چونکە ئەوان باوەریان وایە کە دانوستاندنەکان هەرەسیان پێ هاتووە، بۆ نموونە لە کۆنگۆی دیموکرات و سۆماڵدا لە کاتێکدا کە هێزە نێودەوڵەتییەکان بەبێ هاریکاریی ناوخۆ هەوڵیان دا کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵام زۆربەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان وەکو هێزی ئاشتیپارێز و دانوستاندن و وەگەڕخستنی یاسا لەم نێوەندەدا بووەتە هۆی هێنانە دیی ئاشتی و ئارامی بە رێژەی لە سەدا ٨٦، بۆ نموونە هەوڵە ناوازەکانی سوێد دوای تێپەڕبوونی شەڕی ناوخۆ لە رێگەی هەوڵەکانی ئاشتی و دانوستانەندکان هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی لە

شەڕی ناوخۆوە بۆ ئاشتیی سەرتاسەری لە وڵاتدا.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی سیاسەتوانان ستانفۆرد و جیمس فارۆن، کێشەکان قۆناغ بە قۆناغ کاڵ دەبنەوە تاکو دەگەنە رادەیەک کە چی تر پێیان ناوترێ شەڕی ناوخۆ، بەڵام توندوتیژییەکان لێرە و لەوێ هەر بەردەوام دەبن، لەوانەش هێرشکردنە سەر پۆلیس، لێدانی بەرپرسەکان و کارمەندە باڵاکانی حکومەت و زیادبوونی تارماییەکانی شەڕ، هەر چۆنێک بێت کردەوە خۆکوژییەکان ئەگەرچی لە کەمبوونەوەدا بوون، بەڵام لەم دواییانەدا ئەوانیش سەریان هەڵدایەوە. هەرچۆنێک بێ، وەکو ئەوەی کە لە کۆلۆمبیا روویان دا کاتێک هێزە جوداخوازەکان لەوپەڕی بێ هێزی بوون تا ئەو ڕادەیەی کە زۆربەی چاودێرەکان پێیان وا بوو ئیتر شەڕ بەکۆتا پێ هاتووە، بەڵام گرژییەکان بەرە بەرە دەستیان پێ کردەوە و کەس چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە بەم شێوەیە سەر هەڵبداتەوە.

نموونەی تر هەن لەسەر ئەو بابەتەی سەرەوە ئەوانیش وەک: شەڕی یەکەمی کەنداو و جەزائیر و کەمبۆدیا و مۆزەنبیقن.

پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر، تارماییەک کەوتە نێوان ستراتیجیی هێزی سەربازیی بەریتانیاییەوە کە دەبوو بەزووترین کات بەرگری لە وڵاتی مالاوی بکات، وەک ئەوەی کە ئێستا لە عێراق و ئەفغانستان ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەرچۆنێک بێ بارودۆخەکە نادیار بوو کاتێک ژاپۆن لە شەڕی دووەمی جیهانیدا بوو بە پاشکۆی مالاوی. ئەوە بوو بەریتانیا ناچار بوو کۆلۆنێلێکی سەربازی رەوانەی مالاوی بکات بۆ ئەوەی برەو بە لایەنی ئابووری و کۆنترۆڵی سیاسیی ئەو وڵاتە بدات، ئەگەرچی لە سەرەتادا ڕووبەڕووی چەند بەرپەرچدانەوەیەک بوون لەلایەن هێزە کۆمۆنیستەکانەوە لە ئەنجامدا چەندان کوژراو و برینداریان لێ کەوتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بەریتانیاییەکان سەرکەوتوو بوون لە هێورکردنەوەی بارەکە و ناچارکردنی هێزە بەرهەڵستکارەکان بۆ دانانی چەک و گەڕانەوەی سەروەری بۆ خەڵکی مالاوی.

بەڵام هاوکێشەکان لە بەرەکانی شەڕ لە عێراق و ئەفغانستاندا بە شێوەیەکی بەرچاو ئاڵۆز بوون، لەبەر کەمبوونی هەلی سەرکەوتنی هێزەکانی بەریتانیا، ئەگەر بێتو ئەمەی لەوێ روو دەدات بەراوردی بکەین لەگەڵ شەڕی مالاوی لەبەرئەوەی ئەو هێزە کۆمۆنیسیۆنەی کە بەرهەڵستی هێزەکانی بەریتانیایان دەکرد، سەر بە نەتەوەی چینی بوون کە لە ناوەوەی مالاوی جێگەی متمانە نەبوون. لە لایەکی ترەوە مالاوی دەورە درابوو بە زەریا کە ئەمەش وای لە هێزە بەرهەڵستکارەکان کردبوو نەتوانن بە ئاسانی چەک و تفاق بگوێزنەوە بۆ هێزەکانیان یاخۆ لە رێگەی سنوورە فراوانەکانەوە دزە بکەن وەکو ئەوەی کە لە پاکستاندا دەبینرا. بەڵام لە راستیدا بەهێزترین خاڵ بۆ ئاساییکردنەوەی بارەکە، ئەویش کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی ژیاری خەڵکی مالاوی بوو لەبەرئەوەی خەڵکەکە بە باڵادەستی هێزە بەریتانیاییەکانیان نەدەزانی لە ناوچەکەدا، بۆیە زۆر ئاسان بۆ کۆنترۆڵکردنیان. ئەمەش پاش ئەوە سەری هەڵدا کاتێک کە هێزە بەریتانیاییەکان دەستیان

بەسەر کۆگای دابەشکردنی برنج لەو وڵاتەدا گرت و بەهیچ جۆرێک نەیاندەهێشت بارەکان بۆ ئەو گوند و شارۆکانە بڕۆن کە یارمەتیی هێزە بەرهەڵستکارەکانیان دەدا، ئەمەش وای کرد کە هێزە کۆمۆنسیۆنەکان کەمتر دەستیان بەم خواردنانە بگات بەرەنجامەکەی ئەوە بوو کە هەلی بەرهەڵستکردنیان لەم ناوچانەدا کەمتر بووەوە و چونکە گەریگەری زۆری هەبوو بەسەر تاکتیکی شەڕیان، بەڵام ئەو ستراتیجییە جێگەی متمانە نییە لە شەڕەکانی ئەمڕۆدا.

چ جۆرە سەرکەوتنێک لە عێراق و ئەفغانستاندا بە دەست هاتوون؟ لێرەدا هەندێک ئامانج هەر ئێستا بەدەست هاتوون لە شەڕەکاندا, بۆ نموونە لەگەڵ هەر پرۆسەیەکی دیموکراتیدا بازاڕێکی ئازادی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لەلایەکی ترەوە چۆنیەتیی بەرگریکردن و بەخششەکانی ئەمەریکا وا دیارە کە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێ. هەرچۆنێک بێت ئێمە دەتوانین بڵێین کە سەرکەوتن لە عێراق بە دەست هاتووە ئەگەر لە کەمترین ئاستیش بێت، چونکە شەڕی داگیرکاری عێراق بووە هۆی لەناوبردن و لابردنی ڕێژیمی سەدام لەسەر دەسەڵات، بەڵام زۆر شت ماوە کە روو دەدەن لە نێوان شەڕ و هێنانە دی ئاشتی لەم وڵاتەدا. هەرچۆنێک بێ بەدەستهێنانی ئاشتی شتێکی ئەوەندە ئاسان نییە. لە سەردەمانی زوو ئەگەر هاتوو وڵاتێک داگیر بکرایە ئەوا زۆر قورس بوو بۆ وڵاتێکی دەرەکی یان دراوسێ دەستی بخستایە ناو کایەی سیاسیی وڵاتە داگیرکراوەکە، بەڵام لە کاتی ئێستادا شەڕەکان شێوازیان گۆڕاوە و سەرکەوتن ئەستەم بووە، ئەمەش لەبەرئەوەی هێزە داگیرکەرەکان ستراتیجییەتی شەڕەکانیان گۆڕیوە ئەگەر بێتو بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕۆژانی رابردوودا.

لەلایەکی تردا، بەتیشک خستنە سەر سنوورەکان و ناسینیان، ئێمە دەتوانین پێناسەی سەرکەوتن بکەین. شێوازی بیرکردنەوەی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا "جۆرج بوش" بە تەواوەتی گۆڕانی بەسەردا هات دوای هێرشەکەی ١١ی سێپتێمبەر ئەویش گۆڕین و لابردنی ئەو رێژیمانە بوو کە لە چوارچێوەی سنوورێک خۆیان مەڵاس دابوو و بووبوونە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئەمەریکا. عێراق و ئەفغانستان راستییەکانیان شاردەوە سەبارەت بە سەرکەوتن چونکە تا ڕادەیەک سەرکەوتن بەدەست هات ئەویش بە پێکانی هەندێک لە ئامانجەکان. لێرە بەدواوە حکوومەتی ناوەندیی عێراق چی تر ئەو هێزەی نییە و هەرچۆنێک بێت هاوپەیمانییەکان لێرە و لەوەێ دەبینرێن بەڵام ئەوان دەتوانن بۆ ئامانج سەرەکییەکان کار بکەن. بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە لە ئەفغانستان شتێکی ئاوا ئاسان نییە، بەڵام ئەمە دەکرێ لە سایەی شوێن پێهەڵگرتنی یارمەتیە سەربازییەکان لە هەمان کاتیشدا لەوانەیە شەڕی ناوەخۆ یان کەوتنی تالیبانی لێ بکەوێتەوە. هەرچۆنێک بێت، هێزە هاوپەیمانەکان ناتوانن کاتێک دیاری بکەن بۆ راگەیاندنی سەرکەوتن لە ئەفغانستان و گەڕانەوەیان بۆ وڵات. بەڵام ئەزموونی هێزە رۆئاواییەکان دەتوانن سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنن لەم وڵاتەدا.

# "فەیس بووک"
# پایەتەختی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەر ئینتەرنێت*

توێژینەوەیەکی بەشی پێوەندی، زانیاری و ڕاگەیاندنی زانکۆی میشیگان– ئەمەریکا

## پێشەکی

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە زیاتر وەک دنیایەک بۆ دۆزینەوەی هاوڕێ دێنە دانان، کەناڵێکن تا بەکاربەری ئینتەرنێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ئاسان بتوانێ ژیانی تایبەتی خۆی بخاتە ڕوو، بۆچوونەکانی بلاو بکاتەوە، تێکەڵ بەکۆمەڵە و ناوەندە ئەلیکترۆنییەکانی سەر ئینتەرنێت بێ و ڕێگەیەکی ئاسان بۆ پێوەندیکردن بەدنیای دەرەوە بدۆزێتەوە.

پێوەندییەکانی لەو شێوەیە دەرفەتی زیاتر بەناسینی بەرامبەرەکەت دەدا، بەتایبەت کە لە تۆڕێکی وەک FaceBookدا زۆربەی زانیارییەکان بەردەست کراون و تەنانەت ئەگەر لەسەر هێڵی ئینتەرنێت نەبی، لایەنی بەرامبەر دەستی بەزانیارییەکانت دەگا. هەروەها ئەندامانی فەیسبووک دەتوانن بەیەکەوە گرووپ و کۆمەڵەی تایبەت پێک بێنن و لە حەز، بەرژەوەندی و خواستەکانی یەکتری تێ بگەن و سوود لە یەکتری وەربگرن.

فەیسبووک (پەڕتووکە وێنە) هێزێکی تەکنەلۆجیای ئینتەرنێتییە کە توانای دروستکردنی چەندان پردی لە نێوان بەکاربەران و ئەندامانی ئەو تۆڕە ئەلیکترۆنییەدا هەیە و بەڕێگەیەکی پێوەندی دێتە دانان لە نێوان ئەوانەی لەسەر هێڵن و ئەوانەی لەسەر هێڵ نین، واتە ئەندامێک داتاکانی جێگیر دەکا و دواتر هەموو ئەندامانی تر دەستیان پێ دەگا، جگە لەوەی دەتوانی سەرجەم ئەندامانی ئەو تۆڕە بەسەر بکەیەوە. دەکرێ بلێین پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەرچەندە لاواز بوونە، بەلام لەسەر فەیسبووک هەر ماون، واتە فەیسبووک تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە و

* وەرگێڕانی: هاوار بازیان

بەپایەتەختی جڤاکیی سەر ئینتەرنێت دێتە ناسین، هاوکات رەخنەی زۆر لەو تۆڕە دەگیرێ.

## مێژووی FaceBook

ئەو تۆڕە سالّی ٢٠٠٤ هاتە دامەزراندن، سالّی ٢٠٠٧ خاوەنی ٢١ ملیۆن ئەندام بوو (بەپێی نوێترین ئامار ئێستە نێزیکەی ٥٠٠ ملیۆن ئەندامی هەیە)، رۆژانە پتر لە ملیارێک و ٦٠٠ ملیۆن جار دەکرێتەوە و بووەتە شوێنی چالاکیی کۆمپانیا و راگەیاندنەکان. بەشێوەیەکی تێکرا هەر ئەندامێکی فەیسبوک رۆژانە لانی کەم ٢٠ خولەک خەریکی ئەو تۆڕەیە کە زۆربەیان قوتابی و خوێندکاری زانکۆن.

## تایبەتمەندییەکان

وەک ئاماژە کرا فەیسبووک تۆڕێکی کۆمەلآیەتییە و مەبەستی باشترکردنی تەندروستیی گشتی، کەمکردنەوەی تاوان و هێنانە ئارای بازاڕێکی ئابووریی گونجاوترە. پردێکە بۆ گواستنەوەی ئەزموون و پرسە کۆمەلآیەتییەکان و کاراکردنی ئەندامان، چونکە لە ئەنجامی نەبوونی تۆڕی لەو شێوەیە، کێشە کۆمەلآیەتییەکان سەر هەلّدەدەن، بەشداریی خەلّکی سیڤیل لە پرسگەلەکاندا کەم دەبێتەوە و هێزی شاراوەی تاک لەناو ئەندامانی جڤاگدا بێ سەروشوێن دەبێ و نایەتە بەرهەم. هەرچەندە شیمانە دەکرێ ئەو تۆڕە بۆ مەبەستی نەرێنیش بەکار بێ، بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی ئەندامانی فەیسبوک بەدوای لایەنە باشەکانی ئەو خزمەتگوزارییەدا دەگەڕێن.

توێژەرانی بوارەکە جەخت دەکەنەوە گرینگیی پێوەستێ (لینکە) پێشنیازکراوەکانی ئینتەرنێت کە بەپێی ناونیشانی ئەلیکترۆن، بەکاربەر ئاراستەی شوێنێکی تر دەکات بەرەو سستبوون دەڕوا، چونکە بەهاتنی فەیسبووک بەکاربەران زیاتر بەدوای بینینی یەکتریدا دەگەڕێن، چونکە زانیارییەکانی ئەندام و بەکاربەری ئەو تۆڕە لە وێنە و لیستی تایبەتدا پۆلین کراوە و بینینی هەر لیستێک پردێکی نیزیکبوونەوەی زیاتری ئەندامانی لێ دەکەوێتەوە و بینەرانی زانیارییەکان ئاگەداری تایبەتمەندییەکانی لایەنی بەرامبەر وەک وردەکاریی ژیان، رابردوو و تواناکانی دەبن و رابردوو و ئێستەی بەکاربەر لەو تۆڕەدا بەتۆمارکراوی هەلّگیراوە و بەئاسانی دێتە بینین.

## ئاراستەی کار و ئامانجەکانی FaceBook چین؟

١- پەرەپێدانی پێوەندییە کۆمەلآیەتییەکان مەبەستی سەرەکیی ئەو تۆڕەیە کە پتەوبوونی پێوەندیی هاوڕێتی و مالّباتی لێ دەکەوێتەوە، ئەندامی تۆڕ هەست بەپالّپشتییەکی دەروونیی بەهێز دەکا. بەرەنجامی ژمارەیەک توێژینەوەی پێشووتر ئاشکرای دەکەن تەنیا بەتاقیکردنەوەی بەکارهێنانی تۆڕێکی کۆمەلآیەتی وەک فەیسبووک بۆ ماوەیەکی کەم هەست بەجۆرێک

گیرۆدەبوونی دەکەین. ئینتەرنێت لە نێزیککردن و ئاوێتەکردنی پێوەندییەکانی خەڵک ئاسانکارییەکی باش دەکا و ئەوانەی پەنا بۆ ئەو تۆڕە دەبەن زۆر بەسانایی دەتوانن خەڵکانی هاومەبەست و هاوڕای خۆیان بدۆزنەوە کە بەهۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی بەردەوامی ژمارەی ئەندامانی فەیسبووک دادەنرێ. بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت زیاتر حەز دەکەن لە تۆڕێکی بەربڵاو و لە پەنا خەڵکێکی زۆردا ئامادەی سەر هێڵی ئینتەرنێت بن و لە بە تەنیا مانەوەیان لەسەر ئینتەرنێت بێزارن. هەرچەندە تا ئێستە دیار نییە بۆچی کاتێک ئەندامی فەیسبووک خۆی لەسەر هێڵ ئامادە نییە، بەکاربەرێکی تر دەتوانێ چێژ لە داتا و زانیارییەکەی ئەو وەربگرێ، بەڵام شیمانە دەکرێ ئەو شتانەی پێشتر لەسەر تۆڕەکە تۆمار کراون و دەستی هەمووانی پێ دەگات هۆکاری سەرەکی بێ لەوەی بەکاربەرێکی تر چێژ لە بەسەرکردنەوەی ژوورەکانی فەیسبووکی ئەندامێک وەربگرێ و هەست نەکا کە خاوەن ماڵ هەر لە ماڵ نییە.

٢- هەوڵدان بۆ گۆڕینی ژیان و ڕوانینی بەکاربەر، بەشێوەیەک کە هەموو کەسایەتییەکەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو تۆڕە. فەیسبووک کار لەسەر هەندێک لایەنی تایبەتی بەکاربەر دەکا، بۆ نموونە باری کەسایەتی، رازیبوونی لە ژیان و ڕێزگرتن لە ڕێگەی دەوروبەری بەکاربەر بۆ فەیسبووک بەگرینگ دادەنرێ و بەو پێیە لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەدا بەهای ماناکی پێ دەدرێ. قوتابییانی کۆلێج پێویستییان بەتۆڕێکی پێوەندی هەیە، بەتایبەت کە قۆناغی ئامادەییان جێ هێشتووە و کۆمەڵێک هاوڕێیان لە دەست داوە و بەدوای ناوەندێکدا

دەگەڕێن تا خواستە دەروونییەکانیان دابین بکەن، بۆ ئەو مەبەستە پەنا بۆ دامەزراندنی تۆڕێکی پێوەندی دەبەن. ئەوانەی روو لە تۆڕێکی وەک فەیسبووک دەکەن پێویستە جگە لەناو، سەرجەم زانیاری و وردەکارییەکانی خۆیان وەک رەگەز، تەمەن، نەتەوە، باری دارایی، خوێندن، ناونیشانی تایبەت و چەندان وردەکاریی تری تایبەت بۆ تۆڕەکە ئاشکرا بکەن کە دواجار ژمارەیەکی تایبەتی پێشکێش دەکرێ، بەو شێوەیە بەکاربەران ئاگەداریی کەسانی دەوروبەیان دەبن و دەزانن چۆن و لەگەڵ کێ پێوەندی گرێ بدەن. بۆیە ٩٤٪ی ئەندامانی فەیسبووک لە نێوان قۆناغی ئامادەیی تا کۆتای زانکۆدان و دەرچووی زانکۆ نین.

بەپێی توێژینەوەیەک دەرکەوتووە ئەندامانی فەیسبووک لەسەر تۆڕەکە زیاتر بەدوای کەسانێکدا دەگەڕێن کە پێشتر دەیناسن و گوێبیستی ناوی بوونە، بەشێکی تر بەدوای هاوپۆلی و هاوشانەکانی خۆیاندا دەگەڕێن و هەندێکی تر خەریکی دۆزینەوەی کەسانی دەوروبەری خۆیانن و ژمارەیەکی تر لەگەڵ هاوپۆلییەکانی خۆیاندا پێوەندی دەبەستن.

٣- گوێگرتن و بایەخدان بەرەخنە و گلەییی بەکاربەرانی ئینتەرنێت بەشێکی تری هێڵە گشتییەکانی فەیسبووکە، ئەندامانی ئەو تۆڕە کە لە پێوەندیدان، هاوکات دەتوانن سکاڵا دژی یەکتری تۆمار بکەن و بەشی کاربگێڕیی ماڵپەڕەکە ئاگەدار بکەنەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا

هەواڵنامەی کتێب

فەیسبووک گوێ لە هەست و بۆچوونی ئەندامانی دەگرێ.

٤- ئێستە فەیسبووک نێزیکەی ٥٠٠ ملیۆن بەکاربەر و ئەندامی هەیە کە گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتیی دنیایە. هەر ئەندامێکی ئەو تۆڕە هاووڵاتیی وڵاتێکە و بەو شێوەیە فەیسبووک سێیەم گەورە وڵاتی دنیایە کە ٢٥٪ی ئەو ڕێژەیە لە بەشی داهاتی فەیسبووکدا خاوەن ئەژماری بانکی و داراین کە لانی کەم مانگانە جارێک سەردانی دەکەن و بەکاری دەبەن، واتە دەکرێ فەیسبووک بەخاڵێکی گۆڕان لە ئاستی نێودەوڵەتی بێتە دانان کە هیچ سنوورێک ناناسێ. هەفتانە زیاتر لە ملیارێک وێنەی نوێ لەلایەن بەکاربەر و ئەندامانی ئەو تۆڕەوە دەخرێتە سەر فەیسبووک و بەو شێوەیە بووەتە گەورەترین کۆگەی وێنە لە دنیادا.

هاوکات ڕەخنەی زۆر لە چۆنیەتیی کاری فەیسبووک دەگیرێ کە گوایە بەڕێوەبەرانی ئەو تۆڕە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتیان لەگەڵ کۆمپانیا و ناوەندەکانی تر ڕێک کەوتوون و دانوستاندنی جۆراوجۆری ئابووری و بازرگانی دەکەن، بەڵام ستافی بەڕێوەبەری فەیسبووک بەردەوام ئەو تۆمەتە ڕەت دەکەنەوە.

گەیشتن بەئەنجامی کۆتای توێژینەوە لەبارەی پرسێکی ئەلیکترۆنی وەک فەیسبووک وەک بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانی نابێ، چونکە بەردەوام کێشە و پرسیاری نوێ دێتە ئاراوە و لەلایەن بەکاربەر و ئەندامانی تۆڕەکەوە دەخرێتە ڕوو. بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە لە نێوان ناوەندی تۆڕەکە و بەڕێوەبەرانیدا بەردەوام پێوەندیی هەیە. بۆ ئەو مەبەستە پێوەندییەکی باش لە نێوان تۆڕەکە و قوتابییانی ئامادەیی ئەندامدا هەیە و ئاگەداریی دوا گۆڕانکاری و ڕووداوی پێگەی خۆیان لەسەر تۆڕەکە دەکرێنەوە. ڕێگە نادرێ دۆخی پێوەندیی نێوان ئەندامانی فەیسبووک کاڵ بێتەوە و لە ڕێگەی ئیمەیل و پەیامی ئەلیکترۆنیی گەرموگوڕیی قوتابییانی سەر تۆڕەکە دێتە پاراستن و هەوڵ دەدرێ کۆمەڵگەی ئینتەرنێتیی زانکۆ و خوێندنگەکان نەیەتە هەڵوەشان. لێک نێزیکبوونەی سەر تۆڕەکە دەکرێتە بنەمایەک تا ئەندامان پێوەندییەکی پتەو بنیات بنێن و بتوانن پێوەندییەکانیان بخەنە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

Reference:

http://jcmc.indiana.edu/vol12/issue4/ellison.html

# پێڕست


واتە کۆواری چمکەکانی سەردەمە. بەدران ئەحمەد حەبیب ........ 3

دوژمنکاریی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان – عێراق. د. مونزیر ئەلفەزڵ. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
سەباح ئیسماعیل ........ 5

کورد لە عێراق لە نێوان فیدراڵی و کۆنفیدراڵیدا. د. مارف عومەر گوڵ ........ 9

جیاوازیی نێوان خێڵی عەرەب و خێڵی کورد لە ڕووی سیاسییەوە. حەمەفەریق حەسەن ........ 13

سیاسەتی چین بەرامبەر کورد. یتزاک شیچۆر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: رابەر یونس ........ 19

موجاهیدینی خەڵق لە عێراق، گرێکوێرەی سیاسەت. لە نووسینی جێرمیا گۆلکا، لیدیا، هەنسڵ،
ئیلیزابێس وێڵک، جودیس لارسن. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید ........ 26

قەرەبووکردنەوەی عێراقییە زیانمەندەکانی شەڕ و تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو. د. مونزیر ئەلفەزڵ.
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 32

ئەزموونی ئاینی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی خواییدا چ دەگەیەنێ؟. نووسینی:
مایکل پیتەرسون، ویلیام هاسکو. وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 43

ئاینی زەردەشتی یەکەم دیاریی کوردە بۆ مرۆڤایەتی. توێژینەوە و وەرگێڕانی دەقەکان: مامکاک ........ 71

خزانی تورکیا بەرەو ئیسلامییەت بۆ ئەوبەرخاڵی بێ گەڕانەوە. لە نووسینی ئەندروو ستانیچ ........ 84

کرانەوەی نەوەی عوسمانییە نوێیەکان. هێمن جەمال عەساف ........ 91

سەرکەوتنی نموونەی تورکیایی موعجیزە نییە پێشڕەوییەکانی تورکیا لە چاوی عەرەبەکانەوە.
نووسینی: فەهمی هوەیدی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 95

ئیسلام لە ئەوروپا. توێژینەوەیەکی پەیمانگەی کۆچ و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەناسنامە
سەر بەزانکۆی ئەمستردام. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان ........ 107

گلۆبالیزم. نووسینی: محەمەد گ.. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل ........ 127

ئەدەبی ڕۆمانتیک و هێگل هەوڵێک بۆ تیۆریزەکردنی سووژەی ڕۆمانتیک. د. بەختیار سەجادی.
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: قوتبەدین ئەحمەدی (سنە) ........ 135

فەرهاد شاکەلی: قەیرانی هەرە گەورە و دەردی بێدەرمانی ئەمڕۆی شیعری کوردی "و
ئەدەبی کوردی بە گشتی" زمانە. هەڤپەیڤین: سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 167

پرسی کورد لە کارەکانی جیمس ئەڵدریچ. نووسینی: خالید هەمزە.
وەرگێڕانی لە رووسیاییەوە: تایسیا لۆبۆڤیچ و بۆ کوردیش: بەشدار هەمزە جەلال ........ 192

ماڵئاوایکردن لە سەرکەوتن. نووسینی: کێیت پاول. لە ئینگلیزییەوە: بەشدار هەمزە جەلال ........ 197

"فەیس بووک" پایەتەختی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەر ئینتەرنێت. توێژینەوەیەکی بەشی پێوەندی،
زانیاری و ڕاگەیاندنی زانکۆی میشیگان– ئەمەریکا. وەرگێڕانی: هاوار بازیان ........ 204